حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان- بەشی کۆمەڵناسی

# پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی

## (توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیی شیکارییە لە هەرێمی کوردستان)

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسیدا

لە لایەن

توانا خسرو عبداللە

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د. کەژاڵ حسێن محمد

٢٧٢٠ک ٢٠٢٠ز ١٤٤١هـ

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار ( توانا خسرو عبداللە ) بە ناونیشانی ( پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی- توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیی شیکارییە لە هەرێمی کوردستان) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( کۆمەڵناسی ) ، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. کەژاڵ حسێن محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێککەوت: / / ٢٠٢٠

بەپێی ئەم پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: د. کەژاڵ حسێن محمد

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێککەوت: / / ٢٠٢٠

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار( توانا خسرو عبدالله ) بەناونیشانی ( پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی- توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیی شیکارییە لە هەرێمی کوردستان ) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی ( کۆمەڵناسی ) پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: د. صباح أحمد النجار

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێککەوت:     /     / ٢٠٢٠

واژۆ:

ناو: د. عزالدین عبدالصمد رسول

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێککەوت:     /     / ٢٠٢٠

واژۆ:

ناو: د. کاوە محمد حسێن

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێککەوت:     /     / ٢٠٢٠

واژۆ:

ناو: د. کەژاڵ حسێن محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێککەوت:     /     / ٢٠٢٠

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی- پەسەند کرا.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د إبتسام إسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت:     /     / ٢٠٢٠

# بڕیاری شارەزای زمانەوانی

ئەم نامە/ تێزەی خوێندکار ( توانا خسرو عبدالله ) بە ناونیشانی ( پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی – توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیی شیکارییە لە هەرێمی کوردستان ) پێداچونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە، ئەو هەڵانەشی کە تێیدابوو ڕاستکراونەتەوە بەوەش نامە/ تێزەکەی لە ڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ

ناو:

ڕێککەوت:

- ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

دایک و باوکی ئازیزم، دوو مرۆڤی ماندوو ، بەڵام هێشتا ئامادەی قوربانیدانن.

خێزانەکەم

ئەوانەی لە کاتی نوسینی ئەم نامەیەدا

یارمەتیدەربوون، تا ئەوپەڕی بەخشین و

ئارامگرییان، تا کارەکە بە پایان گەیشت..

سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ:

- د کەژاڵ حسین سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی، کە وەک مامۆستا و سەرپەرشتیار ماندوو بوو لەگەڵ توێژینەوەکەدا.
- د. عالیە فرج مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی، کە هاوکاری زۆری کردوین.
- د. ئارام علی فرج مامۆستا قوڵ و هێمنەکەی بەشی کۆمەڵناسی، کە بە تێبینیەکانی نامەکەی دەوڵەمەند کرد.

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشکەش | أ |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پێڕستی بابەتەکان | ت – ح |
| پێشەکی | 1-3 |
| بەشی یەکەم:- چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە | 4-19 |
| باسی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە | 5-8 |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە | 5-6 |
| دووەم: گرنگی توێژینەوەکە | 6-7 |
| سێهەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە | 7-8 |
| چوارەم: بەربەستەکان | 8 |
| باسی دووەم/ چەمکەکانی توێژینەوەکە | 9-14 |
| یەکەم: پەیوەندی | 9 |
| دووەم: ئایدیۆلۆجیا | 9-12 |
| سێهەم: گۆڕان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی | 12-14 |
| باسی سێهەم/ توێژینەوەکانی پێشوو | 14-19 |
| یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکان | 14-17 |

| | |
|---|---|
| دووەم: گفتوگۆی توێژینەوەکان | 17-19 |
| **بەشی دووەم:- ناساندنی چەمکی ئایدیۆلۆجیا** | **20-49** |
| یەکەم: مێژووی گەشەکردنی چەمکی ئایدیۆلۆجیا | 21 |
| ١- ئایدیۆلۆجیا لە شارستانی یۆنانی و ئیسلامی و قۆناغی ڕۆشنگەری | 21-26 |
| ٢- تێڕوانینی کۆمەڵناس و بیریاران بۆ چەمکی ئایدیۆلۆجیا | 26-37 |
| دووەم: پۆلێنکردنی ئایدیۆلۆجیا | 37-39 |
| سێهەم: تایبەتمەندی ئایدیۆلۆجیا | 39-44 |
| چوارەم: وەزیفەی ئایدیۆلۆجیا | 44-49 |
| **بەشی سێهەم:- گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی** | **50-79** |
| یەکەم: پوختەیەک لە بارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە | 51-53 |
| دووەم: چەمکە پەیوەستەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی | 54-57 |
| سێهەم: تیۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی | 57-59 |
| یەکەم: تیۆرە حەتمییەکان( النظريات الحتمية) | 59-60 |
| دووەم: تیۆری گەشەسەندن( نظرية التطور ) | 60-61 |
| ١- تیۆری هێڵی ( النظرية الخطية ) | 61-64 |
| ٢- تیۆرە بازنەییەکان ( النظريات الدائرية ) | 64-66 |
| سێهەم: تیۆری ماتریالیزمی مێژووی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی | 66-70 |
| چوارەم: ڕێچکەی پراگماتیزم و گۆڕانی کۆمەڵایەتی | 71-73 |

| | |
|---|---|
| 73-76 | پێنجەم: فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی |
| 76-79 | شەشەم: ئایدیۆلۆجیا وەک فاکتەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی |
| 80-107 | بەشی چوارەم:- ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەلایەتی |
| 81-85 | یەکەم: پاساوەکانی بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆجیا |
| 86-90 | دووەم: کۆتایی ئایدیۆلۆجیا یان گەڕانەوەی هەمیشەیی |
| 90-95 | سێهەم: ئیشکالیەتی ڕەهابوون لە ئایدیۆلۆجیادا |
| 95-97 | چوارەم: پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەلایەتی |
| 98-107 | پێنجەم: ڕەوشی ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان و کاریگەرییەکانی |
| 108-142 | بەشی پێنجەم:- ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە |
| 108 | باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە |
| 109-112 | یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە |
| 112 | دووەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە |
| 113 | سێهەم: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری |
| 113-114 | چوارەم : بوارەکانی توێژینەوەکە |
| 114 | پێنجەم: ئاکاری توێژینەوەکە |
| 114-142 | باسی دووەم : خستنەڕووی زانیاری چاوپێکەوتنەکان و شیکردنەوەیان |
| 143-148 | **بەشی شەشەم:- ئەنجامەکانی توێژینەوەکە** |

| | |
|---|---|
| 144-145 | یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە |
| 146 | دووەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە |
| 147-148 | سێهەم: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە |
| 149-157 | سەرچاوەکان |
| 158 | پاشکۆ |
| أ-ب-ت | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی |
| A-B-C | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی |


## خشتەی هێڵکارییەکان


| **لاپەڕە** | **ناونیشان** | **ژ** |
|---|---|---|
| 24 | پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفە و بیروباوەڕ | 1 |
| 28 | ڕوانگەی کارل مارکس بۆ کۆمەڵگە و ئایدیۆلۆجیا | 2 |
| 34 | تێڕوانینی ئاڵتۆسێر بۆ ئەرکی ئایدیۆلۆجیا لە کۆمەڵگە | 3 |
| 76 | فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی | 4 |
| 95 | پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیا و واقیع | 5 |

## پێشەکی :

ئایدیۆلۆجیا وەکو سیستمێکی بیری و بابەتێک بۆ مامەڵەی ڕۆژانە مێژوویەکی دێرینی لەگەڵ کۆمەڵگاکاندا هەیە. هەڵبەتە بیرکردنەوە و تێڕامان لە سروشتی مرۆڤەکانە و پێدانی واتاش بە شتەکانی دەوروبەر هەوڵێکی بێوچان و بەردەوامی مرۆڤ و کۆمەڵگایە. ئایدیۆلۆجیا وەک چەمکێکی لێتوێژراو لە کۆمەڵناسی مەعریفی و سیاسیدا پێگەیەکی گرنگی لە ناو زۆرێک لە توێژینەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هەیە، چونکە لە مێژوودا ئایدیۆلۆجیا توانیویەتی گۆڕانکاری گەورە و بونیادیی دروست بکات. لەگەڵ ئەوەشدا چەمکەکە پێناسە و تێڕوانینی جیاوازی بۆ کراوە و هەرگیز لەسەر سەکۆی یەک پێناسە خۆی راناگرێت. ئەمەش بۆ ئەو ئاڵۆزی و ئیشکالییەتە دەگەرێتەوە کە لە چەمکەکەدایە، بۆیە هەندێک وەک نەسەقێک لە بیرو تێگەیشتن سەیری دەکەن، خەڵکانی تریش وەک پرۆگرامێکی بەدەستهاتوو بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا و گروپەکان وەسفی دەکەن ، لەسەرو ئەمانەشەوە گروپێکی دیکەش ڕاستەوخۆ چەمکە بە بیری مارکسییەوە گرێدەدەن.

توێژینەوەکە هەوڵی دیاریکردنی ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا لە ناو کۆمەڵگا و سیستمەکەیدا دەدات، کە بەشێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، یاخود ئایدیۆلۆجیا ڕەنگدانەوەیەکی تەواوەتی هەیە لە ناو سیستمە کۆمەڵایەتیەکەداو بە ناوەڕۆک و سروشتەکەشی ڕەنگی پێکهاتە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات.

خاڵی جەختکردنی هەر ئایدیۆلۆجیایەک دروستکردنی گۆڕانە، گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی باشتر و خوازراوتر، بەستنەوەی ڕابردووە بە ئێستا و تێکۆشانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگای ئاییندەیەکی باشتر، بەڵام لێرەدا پرسیار لەسەر چۆنێتی و شێواز و سنورەکانی ئەو گۆڕانکارییەیە، کە ئایدیۆلۆجیاکە دەیەوێت دروستی بکات، لە کوێوە دەست پێدەکات، بە چی دەست پێدەکات، چی دەگۆڕێت؟ ئایا تا چەند ئایدیۆلۆجیاکە واقیعییە، تا چەند هەڵقوڵاوی داخوازی و پێداویستییەکانی کۆمەڵگایە، ئایا دۆخە پێکهاتەییەکەی ئایدیۆلۆجیاکە، تا چەند لەگەڵ دۆخی گەشەسەندویی یان دواکەوتویی کۆمەڵگادا دێتەوە؟ ئایا ڕەسەنبوون و ناوخۆیی بوونی ئایدیۆلۆجیا و هاوردەکردنی ئایدیۆلۆجیا چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت لەسەر جۆری ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی، کە دروستی دەکات؟

توێژینەوە لە ئایدیۆلۆجیا لە ژێر کاریگەری گۆڕانە کۆمەڵایەتیە خێراو هێواشەکاندا بەهایەکی زانستی هەیە، چونکە کاتێک ئایدیۆلۆجیا هەوڵی گۆڕانێکی دیاریکراو دەدات، دواتر ئەو جۆرە گۆڕانەش دووبارە کاریگەری لەسەر فۆرمە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆجیا دەبێت، ئەگەر ئایدیۆلۆجیا دۆخیکی کاتی و شوێنی دیاریکراو بەرهەمی هێنابێت، ئەوا دەبێت کەمترین گۆڕانی کۆمەڵایەتی

جێکەوتی لەسەر ئەو ئایدیۆلۆجیایە و کۆی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەش هەبێت، لە کاتێکدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی پڕۆسەیەکی حەتمی و بەردەوامە و هەرگیز مرۆڤ و کۆمەڵگاکان لە دۆخێکی جێگیردا نامێننەوە و دەگۆڕێن و گەشەدەکەن. کەواتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرسیار لەسەر چییەتی ئایدیۆلۆجیا دروست دەکات، کە بۆچی ئایدیۆلۆجیایەک بۆ ماوەی دەیان ساڵ پابەندی پرنسیپەکانییەتی و داوای ئیلتیزام کردنی بێ قەیدو مەرجی کۆمەڵگا دەکات، ئەگەر ژیانی بیری و مادی و کۆمەڵایەتی ئێمە هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدا بێت ؟

لە لایەکی ترەوە فاکتەرێکی کارا لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا یارمەتیدەرە بۆ چەقبەستوویی و بە دۆگمابوونی ئایدیۆلۆجیا، ئەویش بوونی ئەو ژمارە زۆرو گەورەیەی بەپیرۆزکردنە، کە لە هەناوی کۆمەڵگادا هەیە، کە هەندێکییان هۆکاری مێژووییان هەیە و هەندێکی تریان هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابورییان لە پشتەوەیە، کە هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی ئەو پیرۆزییانەش هەم کارێکی گرانە و هەم توێژینەوەی وردی دەوێت، بۆیە دۆگمابوونی بیر مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر کۆمەڵگا و خودی ئایدیۆلۆجیاش دروست دەکات، چونکە ڕووەو مامەڵەی ناعەقڵانی و ناواقیعی و توندوتیژو خۆ بەخاوەنزانینی ڕاستی ڕەهای دەبات، لە کاتێکدا ڕاستێتی لەدایکبووی کات و شوێنە. بێگومان ئەم دۆگمە ڕێگری لە گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگادەکات، ئەم پڕۆسەی بەپیرۆزکردنە بە تایبەت لە ڕەهەندی سیاسیدا کاتێک سەرهەڵدەدات، کە چین و ئایدیۆلۆجیای زاڵ و سەردەست لە دەسەڵاتدا توانای خزمەتکردنی ڕاستەقینە لە دەست دەدات، بۆیە ڕاستەخۆ پەنا بۆ شێواندنی ئایدیۆلۆجی دەبات و ناو و هێما و دروشمی گەورە بۆ خۆی دادەتاشێت، تا بتوانێت شکستەکانی خۆی پێ دابپۆشێت. ئەم پڕۆسەیەش بە یارمەتی کەمی هۆشیاری و هۆشیاری چینە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامدەدرێت و سەردەکەوێت.

ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لەو گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر شێواز و فۆڕمی ئایدیۆلۆجیاکاندا هاتووە لە هەرێمی کوردستان و شێوازی کارکردنی ئەو ئایدیۆلۆجیا جیاوازانەیە لە هەرێمی کوردستان، کە ئایا ئاراستەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان چ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیاکان؟ پاشان تا چەند پرنسیپی ئایدیۆلۆجیاکان و مامەڵەکردنیان لە گۆڕەپانی سیاسی و واقیعی کۆمەڵایەتیدا یارمەتیدەرە بۆ گۆڕانی ئەرێنی و پێشکەوتن یاخود بە پێچەوانەوە چ کاریگەرییەکیان لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بە شێوازی نەرێنی هەبووە ؟

پاشان هەڵسەنگاندنی ئەو ئایدیۆلۆجیایانە بەهەر سێ جۆرە دیارەکەیانەوە وەک (ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی و مارکسی و ئیسلامی سیاسی ) لە هەرێمی کوردستان و لە چوارچێوەی فۆڕمە ئایدیۆلۆجیەکانیاندا مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ، هەروەها توێژەر مەبەستێتی بەراوردێک لە نێوان ئەو

تایبەتمەندی و پۆلێنکردنە تیۆرییەی ئایدیۆلۆجیا و خودی فۆڕم و شێوازی کارکردنی ئایدیۆلۆجیاکانی هەرێمی کوردستاندا بکات.

شایانی تێبینییە ئەم توێژینەوەیە ، توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە و بە میتۆدی دیالێکتیکی و چۆنایەتی و وەسفی دەیەوێت پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەربهێنێت ، فۆڕمەکانی ئەو پەیوەندییە لە چوارچێوەی لایەنی تیۆری ولایەنی پراکتیکیدا شرۆڤە بکات.

بۆیە توێژینەوەکە پێکدێت لە پێنج بەشی سەرەکی، کە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی لە خۆدەگرێت، بەشی یەکەم لە چوارچێوەی لایەنی تیۆریدا پێکدێت لە چواربەش و بەشی یەکەم پێکدێت لە کێشەی توێژینەوەو گرنگی و توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە، دیاریکردنی چەمک و زاراوەکانی توێژینەوەکە، کە دیارترین چەمکەکانی بریتین لە ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی . هەروەها هەر لە بەشی یەکەمدا توێژینەوەکانی پێشوو و گفتوگۆکردن لەسەریان خراوەتەڕوو.

هەرچی بەشی دووەمە ناساندنێکی پوختی چەمکەکە و مێژووی گەشەکردنی ئایدیۆلۆجیا لە ڕوانگەی شارستانی ئیسلامی و یۆنانی و سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە خراوەتەڕوو، پاشان تێڕوانینی کۆمەڵناسە کلاسیکەکان و مارکسیەکان بۆ چەمکەکە نیشاندراوە، هەروەها ئایدیۆلۆجیا لە ڕووی پۆلێنکردن و تایبەتمەندی و وەزیفەوە خراوەتە ڕوو.

دواتر لەبەشی سێیەمدا بە وردی باسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی وەک تیۆری حەتمی و تیۆری گەشەسەندن ( تیۆری هێلی و بازنەیی ) و تیۆری ماتریالیزمی مێژووی و ڕێچکەی پراگماتیزم و فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کراوە.

پاشان لە بەشی چوارەمدا چەند باسێکی گرنگی تایبەت بە ئایدیۆلۆجیاو خراوەتەڕوو، وەک پاساوەکانی بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆجیا و شیکردنەوەی گوتەزای کۆتایی ئایدیۆلۆجیا ، هەروەها ئیشکالییەتی ڕەهابوون لە ئایدیۆلۆجیادا و دواتر دەرهێنانی پەیوەندی دیالێکتیکیانەی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پاشان بە وردی باسی ڕەوشی ئایدیۆلۆجیا کراوە لە هەرێمی کوردستان.

هەرچی بەشی پێنجەم و کۆتاییە، کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، ڕێکارەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، کە بریتین لە میتۆدی توێژینەوەکە و کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە، پاشان بوارەکانی توێژینەوەکە و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری نمایشکراوە، دواترهەڵدراوە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان وشیکردنەوەیان بخرێتەڕوو، هەروەها لە دواتردا ئەنجامی توێژینەوەکە و گرنگترین ڕاسپاردە و پێشنیازەکان خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم:- چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

باسی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

سێیەم:ئامانجەکانی توێژینەوەکە

چوارەم: بەربەستەکان

باسی دووەم/ چەمکەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: پەیوەندی

دووەم: ئایدیۆلۆجیا

سێیەم: گۆڕان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی

باسی سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکان

دووەم: گفتوگۆی توێژینەوەکان

## بەشی یەکەم:- چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

ئایدیۆلۆجیا وەك چەمکێکی مەعریفی ئاڵۆزی کایەی کۆمەڵناسی مەعریفە و کۆمەڵناسی سیاسی بە درێژایی مێژوو، تا ئێستاش خاوەنی مشتومڕێکی گەورەیە، هەر گروپ و کۆمەڵێك بە پێی خواست و بەرژەوەندی خۆی پێناسەی دەکات، لە شێوازی ژیانی پراکتیکیدا بەرجەستەی دەکات. بۆیە ڕاڤەیەکی زانستی بێلایەنانەی ئەم بابەتە و نیشاندانی سەرجەم ڕەگەزەکانی و ئەو گەشەسەندنە مێژووییەی، کە ئەم چەمکە بە خۆیەوە بینیویەتی کارێکی پێویستە.

گەشەکردنی بیری مرۆیی و بەرجەستەبوونی شارستانییەتە گەورەکان ئاکامێکی حەتمی ئەو ململانێ ئایدیۆلۆجییەن، کە لە نێوان بیریارو کۆمەڵناسان و تیۆرە نوێیەکانیاندا سەریهەڵداوە. سەدەی نۆزدەش کە بەسەدەی سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆجیا ناوزەددەکرێت تێیدا چەندین تێزی نوێی بیریی سەریهەڵدا لە پێناو دەستکۆتاکردنی هەژموونی بیری میتافیزیکی و بە تایبەت ( ئیمانوێڵ کانت ) کاتێك واخۆی نمایشکرد، کە زەنگی مەرگی میتافیزیکی لێدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیروباوەڕە بنەڕەتییە ئایدیۆلۆجییەی بیریارانی سەدەی نۆزدە، تا ترۆپك بەرجەستەیان کردبوو(ئایکن، ۱۹۷۱:٥-٦).هەربۆیە دەتوانین بڵێین لای زۆرێك لە کۆمەڵناسان بیرێك هاتە کایەوە لە چوارچێوەی فۆرمێکی هۆشیاریدا، کە پێی وابوو نەك تەنها بیری گەورە بیریاران سروشتێکی ئایدیۆلۆجی هەیە، بەڵکو هەر لە سەردەمی ( ئۆگست کۆنت )ەوە گرنگی کاری ڕەخنەی فەلسەفی زیاتر پەیوەست نەبوو بە( زانست )ەوە، بەڵکو پەیوەست بوو بەو هۆکارە ئایدیۆلۆجییەی کە هەر یەکێك لەو تێزانە پێشکەشی دەکرد.

بۆیە دیارترین کێشەی توێژینەوەکەش بریتییە لە دەرخستنی پەیوەندی نێوان هەردوو چەمکی ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە ئایا ئایدیۆلۆجیا گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، یاخود دەبێتە بەربەست لەبەردەمیدا؟ ئایا سروشتی ئەو ئایدۆلۆجیایە چۆنە، کە دەتوانێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی فەراهەمبکات؟ هەروەها توێژینەوەکە ئەو خواستەی دەبێت، کە ئایا ئایدیۆلۆجیا لە چ زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیدا زیاتر توانای گۆڕانکاری دەبێت و بە پێچەوانەشەوە لە چ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا گۆڕانکاری دەبێتە پرۆسەیەکی قورس، لە کاتێدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی حەتمیە و هەر ڕوودەدات.

لەگەڵ ئەو کێشــەیەی لەســەرەوە خــرایە ڕوو تــوێژینەوەکە چەنــد پرســیارێکی دەبێــت پەیوەســت بە ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەوانیش:

١-ئایا ئەو بانگەشەیەی ئایدیۆلۆجیا بۆ خاوەندارێتی ڕاستی ڕەها( الحقیقة المطلقة )دەیکات کێشەی بۆ چەمکەکە و زۆرێك لە بیریاران دروست نەکردووە؟

٢-پەیوەست بە هەرێمی کوردستانەوە ئایدیۆلۆجیا وەک بابەتێکی هزری نامادی گۆڕانێکی هێواشی هەیە بەراورد بە بابەتە مادییەکانی کۆمەڵگا وەک ( ولیام ئۆگبێرن ) ڕایگەیاند(قنوص،٢٢٩:٢٠٠٠)، ئایا ئەو گۆڕانە هێواشەی ئایدیۆلۆجیا دەتوانێت لەسەردەمی نوێدا چارەسەر و مامەڵەی پێویست لەگەڵ ئەو گۆڕانە خێرایەدا بکات، کە لە کوردستاندا ڕوویانداوە؟

٣-ئایا ئەو بوونە ئایدیۆلۆجییەی لە کوردستان بە ( ناسیۆنالیستی و مارکسی و ئیسلامی ) یەوە هەیە لە ڕووی بونیادو وەزیفەوە چۆنەو کاریگەرییان تا کوێیە؟

٤- ئایا ململانێی ئایدیۆلۆجی وسیاسی لە هەرێمی کوردستان توانیویەتی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی فرەیی و یەکترقبوڵکردن فەراهەمبکات، یاخود بەپێچەوانەوە کۆمەڵگای کوردستانی زیاتر بەرەو دۆخی چەقبەستویی بردووە؟

٥- ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان توانیویانە لەژێر کاریگەری داخوازییەکانی تاك و گرووپە کۆمەڵایەتیەکاندا گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی دروستبکەن یاخود بە پێچەوانەوە؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

پێویستە توێژینەوە پێ بە پێی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان هەنگاو هەڵگرێت و زیادەیەکی نوێی بەسوود بە زانست و کەس و کۆمەڵگاکان بگەیەنێت، بەشدارێکی کارابێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی، کە لە کایەکانی ژیاندا ڕووبەڕوی مرۆڤ بوونەتەوە، لەلایەکی ترەوە پێویستە توێژینەوەکان گەشە بە میتۆد و میکانیزمەکانی خۆیان بۆ شیتەڵکردنی ئەو ناڕۆشنییانە بدەن، کە بە شێوەیەکی نەرێنی چواردەوری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیانداوە( عقیل،١٦:٢٠١٠). بۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵێکی زانستییە بۆ ڕوونکردنەوە و تێبینیکردنی بابەتێکی وەك ئایدیۆلۆجیا، کە لە هەر سەردەم و کاتێکدا هەڵگری ئاڵنگاری و سروشتێکی تارادەیەك ئاڵۆزە.

## گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەم چەند خاڵەدا دەخرێتە ڕوو:

١- جەختکردن و تیشکخستنەسەر سروشتی پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیاو ڕەهەندی ڕەهایی چەمکی ئایدیۆلۆجیا، کە بەدرێژایی مێژوو بەشێکی دانەبڕاوبووە لێی .

٢- نیشـاندانی پەیوەنـدی ئایـدیۆلۆجیا بە چەمکەکـانی پاراسـتنی مـرۆڤ و یەکترقبـوڵکردن و ڕێزگرتنــی جیاوازی و پلورالیزمەوە، چونکە لەسـەدەی ڕابردوو ململانێیەکـی تونـد لەنێـوان ئایـدیۆلۆجیا لە لایەك و خواستی مرۆڤ بۆ ئاشتی لەلایەکی تر هەبوو، بەڵام جەنـگە جیهـانییە گەورەکـان و شـەڕە هەرێمـی و ناوخۆییەکان، تارادەیەکی زۆر توانای ڕووبەڕووبونەوەی مەترسیەکانی ئایدیۆلۆجیای لاواز کرد.

٣- شـرۆڤەی ئـەو ڕەهەنـدە پیـرۆزییەی، کە ئایـدیۆلۆجیا لە بەرجەسـتەکردنی خۆیـدا دەسـتیان بـۆ دەبـات وەك( سروشتی مەعریفە و ئەخلاق و بەهاکان )، کە سەرجەمیان پەیوەستن بە گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە و دواجـار لەم نێوەنـدەدا ئایـدیۆلۆجیا دۆخێکـی نـیمچە ئایینیـانە وەردەگرێـت و بـۆ میتـۆدی زانسـتی وبـابەتی ملـکەچ نابێـت. ئەم ڕاسـتییەش هەر سـاتێك ئەگەری دروسـتکردنی مەترسـی لەسـەر بـوونی مـرۆڤ و کۆمەڵگاکان دەخولقێنێت.

٤- ڕونکـردنەوە و تێبینیکردنـی ئەو فـرە تێـڕوانین و پێناسـەیە، کە لە لایەن کۆمەڵناسـانەوە بـۆ چەمکـی ئایدیۆلۆجیا کراوە، دیارە بە جیاوازی دیدگا زانستییەکان خودی پێناسە و بوونەکەشی دەگۆڕێت.

٥- ئەم تـوێژینەوەیە کـاریگەری دەبێت لەسـەر دووبـارە هەڵسـەنگاندن و پێداچوونە بە شێوازو بونیـادی ئایــدیۆلۆجیاکان، کە لە کوردســتان ڕۆڵیــان هەیە، هەروەهــا پرســیاری شــێلگیرانە لەســەر ڕادەی پابەندبوونی ئایدیۆلۆجیاکان بە پرنسیپەکانی بیرو کارکردنیانەوە دروستدەکات، پاشان یارمەتیدەر دەبیت لە زیاتر ناسین و تێگەیشتن لە دۆخی ئایدیۆلۆجیا لە هەرێمی کوردستان و شێوازی کارکردنیان.

### سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەك بۆ ئەوەی بەهایەکی زانستی هەبێت پێویستە ئامانج و مەبەستێکی دیـاریکراوی هەبێـت. ئامـانجی ئەم تـوێژینەوەیەش ئەو هۆکـارەیە کەوا لە تـوێژەر دەکـات هەسـتێت بە ئەنجامـدانی، تـوێژینەوەی بـاش کە بـابەتێکی نـاخودیە و بەهـا و دەلالەتێکـی زانسـتی هەیە و ڕووە و جێبەجێکردنــی ئامانجەکانی هەنگاو هەڵدەگرێت، پاشان ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆجیا دەبێتە هۆی ڕوودانـی گــۆڕانی کــۆمەڵایەتی یــان بە پــێچەوانەوە گۆڕانکاریەکــانیش ڕۆڵیــان هەیە لە دووبــارە داڕشــتنەوەی سروشت و بونیادی ئایدیۆلۆجیا.

٢- نيشاندانی ناوەڕۆك و شيكردنەوەی مێژووييانەی چەمكی ئايديۆلۆجيا، هەروەها گرنگترين ئەو گۆڕان و گەشەكردنەی، كە لە مێژوودا بەسەر چەمكەكەدا هاتووە.

٣- زانينی چييەتی ڕەهەندی ڕێژەيی بوون لە نێو ئايديۆلۆجياكاندا، جا ئەو ئايديۆلۆجيايە خۆسەپێن بێت ياخود نا.

٤- تێگەيشتن لە ڕۆڵی فۆرمە ئايديۆلۆجيەكانی وەك( ماركسی و ناسيۆناليستی و ئيسلامی )، كە بونەتە هۆی گۆڕانی كۆمەڵايەتی ياخود بە پێچەوانەوە.

٥- زانينـــی ڕۆڵ و كـــاريگەری بـــاهۆزی خێڵەكـــی و تێگەيشـــتنە لۆكاڵييەكـــان لە فۆڕمەلەبـــوونی ئايديۆلۆجياكانی هەرێمی كوردستان.

## چوارەم: بەربەستەكان :

گرنگە ئەوەش بگوترێت لە كاتی ئەنجامدان و نوسينی ئەم توێژينەوەيەدا توێژەر ڕووبەڕووی چەندين ئاستەنگی زانستی و مەيدانی بووەوە لەوانە:

١- كەمی توێژينەوەی پێشوو بۆيە توێژەر هەوڵيدا لە چوارچێوەی پەراوێزی چەند توێژينەوەيەكی جياوازدا سوود وەربگرێت، كە هەندێک بابەتی تايبەت بە بابەتی ئێمەی تێدابوو.

٢- كەمی سەرچاوەی زانستی لەسەر چەمكەكە بە ديدگايەكی تيۆريانەی زانستی كورديانە و تەنانەت بە زمانی عەرەبيش سەرچاوەكان كەمبوون.

٣- زۆری تيۆرە كۆمەڵناسيەكان و ڕاجيايی پێوەرەكان و پۆلێنبەندييان بۆی ، ئەمەش پێويستی دەكرد لەسەر توێژەر خوێندنەوەی زۆر فراوانتر بۆ بابەتەكە بكات.

٤- لاوازی كتێبخانەی زانكۆكان و كتێبخانە كورديیەكان لەم سەرچاوە پێويستانە، ئەمەش وای لە توێژەر كرد لەسەر توێژەر كە پشت بە وەرگێران ببەستێت.

## باسی دووەم/ چەمکەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: پەیوەندی:(Relationship )

لە ڕووی چەمکەوە پەیوەندی نێوان دوو شت یان دوو دیاردەیە، کە گۆڕان لە یەکێکیاندا ئەویتریان ناچار بە گۆڕان دەکات، بنەمای پەیوەندی ( مبدأ ) یەکێکە لە بنەماکانی بیرکردنەوە، چونکە کردەی هزری لە خۆیدا هەوڵێکە بۆ پەیوەستکردنی هەریەکێك لە لایەنەکان( طرف )بەوانی ترەوە(زرارقة،٣:٢٠٠١)، هەروەها مەبەست لێی پەیوەندی ئاڵوگۆڕپێکراوە لە نێوان دوو گۆڕراو یان زیاتر، بەشێوازێك یەکێکیان زیاتر یان کەمتر کاریگەری لەسەر گۆڕراوەکەی تر دادەنێت( الحجاب،٢٠٠٤:٤٣). پەیوەندیی بوونی ئەو چوارچێوەیەیە کە لە نێوان واتای بنەڕەتی و واتای هاوشێوە لە زانستی بەیاندا هەیە.

هەروەها پرۆسەیەکە بەهۆی دوو گۆڕاوەوە دروست دەبێت، چەند کاریگەری لەسەر یەکێکیان هەبێت ئەوەندەش لەسەر ئەوی تریان هەیەتی، بەئەندازەی ئەو گۆڕانکاریەی لە نێوانیاندا هەیەو گۆڕانکاریەکان بەبێ یەکتری دروست نابن، لەم کاتەدا ئەو دووگۆڕاوە، کە ئاڵوگۆریان لە نێوانیاندا هەیە پەیوەندی و پەیوەستێك لەنێوانیاندا دەیانبەستێت بەیەکەوە (مارشاڵ،٢٠١١:٣٧٢).

## پێناسەی ئیجرایی ( الإجرائی) پەیوەندی:

بەپشت بەستن بەو پێناسانەی سەرەوە، کە بۆ چەمکەکە کرا، دەتوانین بڵێین پەیوەندی بەو پەیوەندییە دیالێکتیکیە دەگوترێت، کە لەنێوان دوو بابەت یان کەس یان شتدا هەیە بەشێوەیەك پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکارییانە و کاریگەرییانە لە نێوانیاندا هەیە، یاخود ئەو چوارچێوەیەیە کە ڕۆڵ و گرنگی و پێگەی بابەتێك یان شتێك بە بەستنەوە و گرێدانەوەی بەبوونی بابەت و لایەنێکی ترەوە دەردەخات.

## دووەم: ئایدیۆلۆجیا: (Ideology)

زاراوەی ئایدیۆلۆجی لە تێکەڵاوی دوو وشەی idea و logos پێکهاتووە، یەکەمیان بە واتای ئەندێشەیە و دوەمیشیان، تا ڕادەیەك بە واتای زانایی و ئاگادارییە. دەگوترێت لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا لە لایەن فەیلەسوفی فەرەنسی دێستو دو ترەیسی (Destutt+ de Tracy) بە واتای زانستی بیروبۆچونەکان، بە مەبەستی شرۆڤەی سەرچاوە و چۆنێتی گۆڕانی ئەندێشەکان هاتۆتەدی( ئامێدیان، ٢٠١٣:٤١) .

وشەی ئایدیۆلۆجیا نزیکەی دووسەد و پەنجا ساڵی پڕکردۆتەوە، لە ڕۆژگاری شۆڕشی فەرەنسی و پاش شۆڕشەکەوە ئەم وشەیە پەرەی سەند و ئەو دەمە و ئێستاش بەم واتایە هاتوە: بیروڕاگەلێگە دەشێت ببنە ڕێنموو بۆ کردەوەی سیاسی، بیروڕا دەربڕینن دەربارەی شائامانجی سیاسەت و هەم ڕێبازی گەیشتن بەو شائامانجانە (لاشۆن،٧:٢٠١٠)، هەروەها لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە زمانی فەرەنسیدا بە واتاای زانستی بیر (الافکار) دێت، دواتر ئەڵمانەکان وەریانگرتووە و واتایەکی تریان بۆ داناوە، بۆیە تەنانەت لە زمانە بنەرەتیەکەشیدا جۆرێك لە ئاڵۆزی و ناڕوونی بە ناساندن و تێگەیشتنەکانی ئەم چەمکە هەیە. چەمکەکە بە هەمان گوزارە، ئایدیۆلۆجیا (Ideology )گواستراوەتەوە بۆ زۆرینەی زمانە جیهانییەکان و هەمان بەکارهێنانی هەیە، هەربۆیە تا ئێستا و لەلایەن چەندین کۆمەڵناس و فەیلەسوفەوە پێناسەی جیای بۆکراوە(عروي،٩:١٩٩٣).

پاشان ( کارل مارکس) خوێندنەوەی نوێی بۆ چەمکەکە کرد لە پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیاو دژیەکیە کۆمەڵایەتییەکان، کە بە دوو واتا خستییە بەر شرۆڤەکردن، کە هەندێکجار وەهم یان هۆشیاری ساختە و ناواقیعی بوون دێت، هەروەها بە واتای کۆمەڵێک بیرووبۆچوون دێت، کە لە ئەنجامی بەرژەوەندی ماددی چینێکی تایبەت یان گروپێکی دیاریکراو دروست دەبێت ,Lois, Cameron&Greg,2006 ) (69: پاشان دەڵێت: ئایدیۆلۆجیا نەسەقێکی تەواوکارە لە بیروبۆچوون، کە لە دەرەوەی مرۆڤە و هاوکات مرۆڤیش بە خۆیەوە پابەند دەکات ( جوهری و ئەوانی تر ،٢٠١١: ١١٨)، هەروەها( مارکس ) پێی وابووە خودی هۆشیاری چینایەتی و ئایدیۆلۆجیا تەنها ڕەنگدانەوەی بنەمای ماددی کۆمەڵگایە. بەلایەنی کەمەوە سێ بیری بنەڕەتی پەیوەستە بەم داڕشتنەوەی مارکسەوە بۆ چەمکی ئایدیۆلۆجیا ئەوانیش: یەکەم: ئایدیۆلۆجیا نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینی باڵادەست دەکات، دووەم: ئایدیۆلۆجیا ڕەنگدانەوەیەکی هەڵگەڕاوەی داڕنراو لە حەقیقەتە، سێیەم: ئایدیۆلۆجیا خاوەن بونێکی سەربەخۆو داخوازی پەیوەستبونی تاکەکانی کۆمەڵگایە ( مارکس و ئەنگڵز،٦٤:٢٠١٧).

تێگەیشتنی ( لینین ) یش بۆ چەمکی ئایدیۆلۆجیا هەروەکو زانا و کۆمەڵناسەکانی تر لە ڕووی بنەماوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کاری هزر( بە چەکی بیروباوەڕی دەزانێت ) ئەگەرچی وەکو بەکارهێنان وبەرجەستەبونیش تەواو هاوڕای مارکسەو پێی وایە، کە ئایدیۆلۆجیا بابەتێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە( جاسور،٨٤:٢٠٠٨).

پاشان سمیر أیوب لەکتێبی ( تأثيرات الايديولوجيات فى علم الإجتماع ) دەڵێت: ئایدیۆلۆجیا کۆمەڵە تەرزێکە( أنماط ) لە قەناعەتی سیاسی، کە لە دیدگایەکی پێوانەییەوە لە ژیانی سیاسیدا دەردەکەوێت، کە ئەم دیدگایانە هەمیشە هەڵوێست و وێستگە دیاریکراوە گرنگەکان دەربارەی سروشتی مرۆڤ و

پەیوەندییەکانی نێوان کەسەکان و دەوڵەت و کۆمەڵگا و مەبەست و ئامانجە سیاسیەکان بە شێوەی گشتی دیاریدەکات( ایوب،٣٢:١٩٨٣).

کۆمەڵناس وفەیلەسوفی ئەڵمانی( کارل مانهایم ) لە نێو ئەو تەنگژە سیاسی وکۆمەڵایەتی و قەیرانە داراییەی، کە وڵاتانی ئەوروپای گرتبویەوە( نێوان هەردوو جەنگی جیهانی) بۆیەکەمجار چەمکەکە دەخاتە نێو چوارچێوەیەکی زانستی وشیکارێکی ورد بۆ بنەڕەتەکەی دەکات و توانی بە دابەشکردنی ئایدیۆلۆجیا بۆ هەندەکی و هەمەکی( الجزئي والكلي ) ڕەخنەی ئەو ئایدیا نیمچە زاڵ وتەواو توندوتیژانەی، کە ئەوروپای گرتبویەوە بکات، بۆیە لە کتێبەکەیدا بە ناوی ( الايديولوجيا واليوتوبيا ) دەڵێت: واتای هەندەکی دەستەواژەی ئایدیۆلۆجیا مەبەستێکی ناواخنانەی هەیە، چونکە چەمکەکە ئاماژەیە بۆئەوەی کاتێک ئێمە هەڵوێستێکی گوواتاکارییانە دەربارەی بیرو تێگەیشتنێك وەردەگرین، کە بەرانبەرەکەمان( الخصم ) بۆمان پێشنیازدەکات، ئەم تێڕوانینە هەندەکییە کاتێك ڕوونتر دەبێتەوە کاتێك بەراوردی بکەین بە تێگەیشتن و وێناکردنی هەمەکی زۆرتر (الايديولوجيا الكلي) گشتگیری دەستەواژەی ئایدیۆلۆجیا ، کە لە حاڵەتی دووەمیاندا ئاماژەیە بۆ ئایدیۆلۆجیای سەردەمێك یان ئایدیۆلۆجیای گروپێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی دیاریکراو- وەك ئایدیۆلۆجیای چینێك – کە زیاتر مەبەستمانە خەسڵەت و ڕەگەزەکانی پێکهاتەی گشتی عەقڵیەتی سەردەمێك یان گروپێك ڕوون بکەینەوە(مانهایم،١٩٨٠: ١٢٩).

لە ڕوانگەی (ئالفن گۆڵدنەر)ەوە ئایدیۆلۆجیا نەسەقێکی هزری عەلمانی وعەقڵانییە، ئایدیۆلۆجیا تەنها بابەتێکی فیکری وتیۆری نییە، کە تەنها بەرگری لە واتا و بیرەکان بکات بە شێوەیەکی عەقڵانی، بەڵکو پەیوەستە بە جێبەجێکردنیشەوە ( رشوان،٨:٢٠٠٩).

بە بڕوای کۆمەڵێك لە توێژەران ئایدیۆلۆجیا بە پلەی یەکەم بیروباوەر دەگرێتەوە، هەروەکو (ولیەم جیمس ) دەڵێت: ئایدیۆلۆجیا لە سەر بنەمای بیروباوەڕ دادەمەزرێت و ناتوانین ڕاستێتی ئەو بیروباوەڕە لەسەر بنەمای زانستی بسەلمێنین، پاشان بەپلەی دووەم ئایدیۆلۆجیا لەسەر بیرەکان( الأفكار ) دەچەسپێت، کاتێکیش بەراوردی نێوان بیروباوەڕ و بیرەکان دەکەین بۆماندەردەکەوێت، کە بیرەکان ملکەچن بۆ توێژینەوەی زانستی، بەڵام بیروباوەڕ ناچێتە ژێر ئەو توێژینەوەوە. ولیەم جیمس جەخت لە پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان بیروباوەڕو ئیرادە دەکاتەوە وەك پرۆسێسێکی بنەڕەتی لە نواندنی کردە گرنگەکاندا لە مێژووی کەس وگروپەکاندا، بۆیە ئایدیۆلۆجیا گەورەترین هێزی پاڵنەرە بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، کە بیروباوەڕە ڕاستەقینەکان بە بنەمایەکی سەرکەوتووی کردە دادەنێت(رشوان،٩:٢٠٠٩).

پاشان ( ئۆلیدۆف ) پێی وایە ئایدیۆلۆجیا بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چارەسەرو مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبنەوە ، واتە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە، بە مەبەستی گۆڕینی یاخود جێگیرکردنی( اولیدۆف،١٥٤:١٩٧٨).

کۆمەڵناسی پۆڵەندی ( جێرزی فیتار ) لە کتێبی ( هل إنتهی عصر الایدیولوجیا ) بەم شێوە وەسفی ئایدیۆلۆجیا دەکات: (( کە کۆمەڵێك بیرو ڕای میتۆدی ڕێژەییە، کە وادادەنرێت بوونی پەیوەستیەکی وەزیفی بە بەرژەوەندی و خواستی توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیارترین جیاکەرەوەیەتی، کە بیروڕاکان تێیدا دروست دەبن و گەشەدەکەن و بڵاودەبنەوە لە ئەرزییەتی ئەزموونی مێژوویی، مەرجی شێوازی ژیانی بۆ توێژە دیاریکراوەکان تێدایە، لە پێناو وەسفکردنی واقیع و هەڵسەنگاندنی، هەروەها ئاڕاستە ڕەفتارییەکانی تێدایە، کە لە سیستمە بیرییەکانەوە وەرگیراوە ( اولیدوف،١٥٦:١٩٧٨).

## پێناسەی ڕێککاری( الإجرائی ) ئایدیۆلۆجیا:

ئایدیۆلۆجیا ڕستێکە لە نەسەقی بیری و (زیهن)ی، کە تێیدا دیدگایەکی پێوانەیی دیاریکراو دەداتە مرۆڤ و گروپەکان بۆ پێدانی واتا بە شت و بابەتە هەبووەکانی واقیعی مێژوویی کۆمەڵگا، هەوڵی ڕاڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییە ئاوێتەکان لە ڕێی ئەو دیدگایەوە دەدات، هەروەها ئایدیۆلۆجیا دەروازەیەکی تایبەتمەندە بۆ قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی دید و بیروبۆچوونە بیری و ئایدیاییەکانی نێو کۆمەڵگا، پێدانی بەرگی پیرۆزە بە هەندێك تێزی عەقڵانی و تەرزی ژیان و ڕەفتاری، دەتوانین ئایدیۆلۆجیا شەرعییەتی خۆی لە ئەنجامی هەڵهێنجان و وەرگرتنی بنەمای فیکری و ئایدیایی لەو مەعریفە بیری و پراکتیکیەی، کە کۆمەڵگا پێی گەیشتووە دەستخستووە.

## سێیەم: گۆڕان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی: (Change & Social Change)

## گۆڕان: (Change)

گۆڕان گواستنەوەیە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر(ناصر،١٣:٢٠١٣). گۆڕان لە خودی خۆیدا دیاردەیەکی سروشتییە، کە هەموو ڕوکارە ( مظاهر ) گەردوونییەکان و ڕەهەند و کاروبارە ژیانییە جیاوازەکان ملکەچە بۆی، لە کۆندا فەیلەسوفی یۆنانی ( هیراقلیتس ) گوتویەتی: گۆڕان یاسای بوونە و نەگۆڕانیش مەرگ و نەبوونە (حسن،٢٠٥:١٩٨٢). هەروەها گۆڕان لە مەیدانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا داخوازی قبوڵکردن و خۆگونجاندنی کەس و گروپەکانە لەگەڵ پێداویستی و دەرکەوتە و ڕەنگدانەوەکانی ئەو گۆڕانە، بە پێی ئەو دۆخە نوێیەی دێتە پێش.

## گۆڕانی کۆمەڵایەتی:(Social Change )

گۆڕانی کۆمەڵایەتی وەسف دەکرێت بەوەی هەموو ئاڵوگۆڕو گواستنەوەیەکە لە سیستم و نەسەق و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەو گۆڕانە لە پێکهاتە( البناء ) یان وەزیفەدا دروست دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراو، لەبەرئەوەی سیستمەکانی کۆمەڵگا لە ڕووی پێکهاتەیی و وەزیفیەوە پەیوەست و پێکداچوو و تەواوکارە، بۆیە هەر گۆڕانێك لە ڕەهەندێك، یان رووکارێکی سیستمەکە ڕوودات، ئەوا دەبێتە هۆی ڕوودانی زنجیرەیەك لە گۆڕانکاری لاوەکی، کە بە پلەی جیاواز هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە ( آستیتـە،٢١:٢٠١٤).

دواتر جی رۆشێ (Guy Rocher) پێیوایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی گواستنەوەیەکە ( Transformation)هەستی پێدەکرێت لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا لە زەمەنێکدا، کاتییش نییە و خێراش لە ناوناچێت لە ناو دەستە(فئات) فراوانەکانی کۆمەڵگا و ئینجا ئەو گۆڕانە ئاڕاستەی ژیانیشیان دەگۆڕێت( آستیتـە،٢٤:٢٠١٤).

ئۆگست کۆنت وەك دامەزرێنەری کۆمەڵناسی و داڕێژەری زانستەکە لە چوارچێوەیەکی زانستیدا بۆ یەکەمجار(قنوص،٧٩:٢٠٠٠)، پێیوایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی: ئەنجامی گەشەکردنی هزری مرۆڤە، کە لەمیانەی ڕاڤەی یاسای سێ قۆناغەکەدا باسی گەشەکردن و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی نمایشکرد، کە بە قۆناغی شێوەکانی بیری لاهوتی دەستپێدەکات و دواتر مرۆڤایەتی دەگاتە قۆناغی میتافیزیکی و پاشان قۆناغی بابەتی و وەزعی ، کە لەئێستادا زانستی نوێ و بەتایبەت زاڵبونی ڕەهەندی هەموان بەسەر نەزعەی ئەنانییەتدا نوێنەرایەتی دەکات (علی لیله و ئەوانی تر،٣٤٨:٢٠١٠) .

هەروەها (فلفریدۆ باریتۆ) لە میانەی لێکدانەوەی تیۆرەکەیدا( خولی دەستەبژێر) وەك ڕاڤەیەك بۆ مێژوو پێیوایە: گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی ململانێی نێوان گروپەکانەوە سەرهەڵدەدات، لە پێناو چنگخستنی هێزی سیاسی، کە چەند ماوەیەکی زەمەنی بە دوای یەکداهاتوو هەیە لە حوکمڕانی توندوتیژ لەسەر دەستی چینی دەستەبژێر، کە پێشتر دەسەلاتیان گرتوەتە دەست، دواتر حوکمرانییەکی مرۆیی هاوسەنگ دەکەوێتە دەست گروپێك، کە بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی پێشوەوە دەسەلاتیان وەرگرتوە ( محمد و ئەوانی تر ،٥٣:١٩٧٤).

پاشان ( وێلبێرت ئی مۆر ) پێیوایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕو گۆڕانێکی ئاماژەدارە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بۆ تەرز یان نموونەکانی کردە، کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان، ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە کارتێکراو دەبێت، کە لە بنەمای ڕەفتارو و بەها و ئەنجامی کلتوری و هێما و پێگە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت (Moore, 1968: 365-375) .

(تالكۆت پارسۆنز)یش بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی جیاکارییەك دەکات، ئەم دوو جۆر گۆڕان دەستنیشان دەکات، ئەوانیش ( گۆڕانی هاوسەنگی Change Balance) و ( گۆڕانی پێکهاتەیی Change Structure) یەکەم: کە سەبارەت بە گۆڕانی هاوسەنگی دەڵێت: بەبێ ئەوەی لە سیستمی کۆمەڵایەتیدا وەرچەرخانێك ڕووبدات، ئەو هاوسەنگییەی، کە هەبووە شوێنی خۆی بۆ هاوسەنگی نوێ چۆڵ دەکات، بە واتایەکی تر سیستەمەکە وەك کۆیەك ( Collection ) دەمێنێتەوە، ئەم هاوسەنگییە نوێیە بە دوای هەندێك گۆڕانکاری لە تاقمێك لە بەشەکانی سیستەمەکە یان وردە سیستەمەکان ( Sub-System ) دا ڕوودەدات. دووەم: بۆ گۆڕانی پێکهاتەیی باوەڕی وایە ئەگەر بێت و هێزە کاریگەرەکان لە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیدا توانای زۆریان هەبێت وگوشارەکانی دەرەوەو ناوەوە، کە گاریگەرییان لەسەر سیستەمەکە هەیە بە توانابن ، ئەوا ئەو گۆڕانەی بەدی دەکرێت، بە تەواوی لەگەڵ هاوسەنگیدا جیاوازە، بە جۆرێك دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی قووڵ لە سەرجەم سیستەمەکەدا (پور،٢٠٠٩:٣٠).

## پێناسەی ڕێککاریی ( الإجرائی ) گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

گۆڕان ئەو گەشەکردن و گواستنەوەو گۆڕانەیە، کە بەسەر بیروباوەرو بیرکردنەوەی مرۆڤدا دێت. ئەم بزاوتە هزرییە دەبێتە هۆی گۆڕان لە تێگەیشتن و دیدو واتا بۆ ژیان. پاشان ئەم گواستنەوەیە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی و مادییش، کە ئەم دۆخە ژیاری و مادی و ژیانییە گۆڕڕاوەش دووبارە دەبێتە هۆی گۆڕان لە بیرو هزردا.

## باسی سێیەم/ توێژینەوەکانی پێشوو:

## یەکەم: خستنەڕووی توێژینەوەکان

لەبەر تـازەیی و نـاوازەبوونی بـواری توێژینەوەکەمـان، پـاش هەوڵـدانێکی زۆر لە نـاو ئەو تـوێژینەوانەی، کە لە وڵاتـانی عەرەبـی و کوردسـتانیش ئەنجامـدراون، نەمـانتوانی تـوێژینەوەیەکی دیـاریکراو بە ناونیشـانی ئایـدیۆلۆجیا دەسـتبخەین واتە بـابەتەکە هێشـتا نـوێیە لە ڕووی تـوێژینەوەی زانستییەوە، هەروەها لە ناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیش ئەو بوارەی هەڵمانبژاردووە، تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی لەبارەوە نەکراوە ، بۆیە توانیمان تەنها سێ توێژینەوەی نزیک لە بوارەکەی خۆمان کە ئەویش تەنها گۆڕڕاوی ( گۆڕانی کۆمەڵایەتی) لە خۆدەگرن دەستبخەین، کە لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

**یەکەم/ توێژینەوەی ( صادق،٢٠١٧ ) بەناونیشانی( ڕۆڵی دەستەبژێری ڕۆشنبیران لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەنتەری شاری هەولێر)**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی جیاوازی نێوان گۆڕدراوەکانی توێژینەوەکە لە لایەن تاکەکانی لێتوێژراو، دەرخستنی ئاستی بەرپرسیارێتی و ئامادەیی دەستەبژێری ڕۆشنبیران لە هەموو بوارو ناوەندەکانەوە بە ئاراستەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها زانینی بواری ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان لە لایەن دەستەبژێری ڕۆشنبیرانەوە ڕوویانداوە. میتۆدی توێژینەوەکەشی بریتین لە میتۆدی وەسفی شیکاری – میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە و میتۆدی ئاماری بەکارهێناوە ، پاشان کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشی بریتییە لە چەند وەزراەت و دامەزراوەیەکی حکومی و ناحکومی وەکو ناوەند و سەندیکا و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان لەگەڵ چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن، نموونەی توێژینەوەکەشی بریتیە لە نمونەی ئامانجدار و وەرگرتنی نموونەیەک لە دانیشتوانی شاری هەولێر، کە قەبارەی نموونەکەی ( ٢٠٠) یەکەیە لەگەڵ ( ٦ ) یەکەی تر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکەش بریتییە لە فۆرمی پرسیارنامە و چاوپێکەوتن . گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەمانەی خوارەوەیە :

- دەستەبژێری ڕۆشنبیران توێژێکی کەمینەن لە کوردستان و بەشێکیان لە ناو کایە هزرییەکاندا کاردەکەن و بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیرین، بەشەکەی تریان وەکو ڕۆشنبیرێکی کارای گەیاندنی بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکان لە ڕێگەی ناوەندەکانی پێگەیاندن و ڕۆشنبیرییەوە بە کۆمەڵگا دەدەن.
- بەشێکی سەرەکی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆشنبیران خۆی لە بواری کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە بۆ باشترکردنی بارودۆخی سیستەمی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری لە دیاردە و پەیوەندی و کێشە و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا.
- دەستەبژێری ڕۆشنبیران لە بەخشین و پێگەیاندنی هۆشیاریدا لە بوارەکانی ( هونەری، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، پزیشکی) لە کۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەبووە ، هۆشیاری ڕەگەزێکی بنەڕەتییە و ڕەنگدانەوەی لەسەر گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەیە.
- بەشێک لە دەستەبژێری ڕۆشنبیران لە ژێر ئاراستە وبیرو ئایدیۆلۆجیای پارتەکاندا کاردەکەن، هەروەها لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا و جەماوەر ڕەخنە لە دەسەڵات ناگرن، ئەمەش خاڵێکی زۆر نەرێنییە لەسەریان و لە پێوەری ڕۆشنبیری خۆیان لایانداوە و ئەرکی ڕاستەقینەیان جێبەجێناکەن.

**دووەم/ توێژینەوەی ( فتاح، ٢٠١٢) بە ناونیشانی( گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە ئاینداریەوە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە دیاردەی ئایینداری لەلای موسولواتانی کوردستان دەدات ، ئاستەکانی و سروشتەکەی و ڕەهەندەکانی و کاریگەری لە ژیانی کۆمەڵایەتی لە لای تاکەکانی کۆمەڵگا لە لایەک و ماوەی کاریگەری، بە بزوتنەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کە کوردستان بەخۆوە بینیویەتی لە لایەکی ترەوە، هەروەها ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و ماوەی کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان، پاشان ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە ناسینی ئاستەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئاینداری و ڕەهەندەکانی گۆڕانی گۆمەڵایەتی و ئایینداری، هەروەها زانینی سروشتی پەیوەندی شاراوەی نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئایینداری. پێشبینیکردنی ئایینداری لە ڕێگای گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە. میتۆدی توێژینەوەکەشی بریتییە لە میتۆدی ڕوومالًی کۆمەڵایەتی و میتۆدی بەراوردکاری و میتۆدی تێبینییە، کۆمەڵگای تویژینەوەکەشی دانیشتوانی شاری هەولێرە( تەنها موسولًواتان) لە هەموو تەمەنەکان و ئاستەکانی بڕوانامە و ژیانی ئابوری ، نموونەی توێژینەوەکەش ( ٤٠٠ ) یەکەیە کە لە ( ١١ ) ناوچەی نیشتەجێبوونەوە وەرگیراون. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەمانەی خوارەوەیە :

- ئاراستەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە رووەو ئەنجامەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاراستەیەکی ئەرێنییە، سەرەڕای ڕەنگدانەوەی کاریگەری لەسەر ژیانی کردەیی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی بەکارهێنانی هۆیە تازەکانی پەیوەندی .
- گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە هەبووەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا .
- گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری لە کۆمەڵگادا هەیە ، سەرەڕای گۆڕانی تەرزی بیرکردنەوە لای تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین ئەمە جۆرێک لە دژیەکی لە نێوان بیرو ڕەفتاردا دروستکردووە.
- ڕوونبۆتەوە کە وێنەیەکی ئاڵۆز لە ئاراستەکان و هەڵوێستەکان ڕووە و ئایین و ئایینداری لە بوارە جیاوازەکانی ئابووری و خێزانی و ڕەوشتیدا هەیە و ڕووە و ئەو پەیوەستییەی، کە هەریەکێک لەو بوارانە دەیچەسپێنێت هەیە ، کە ئەو وێنەیە لە نێوان پابەندبوونی ئایینی و فەرامۆشکردنیدا دێت و دەچێت.

## سێیەم/ توێژینەوەی ( الویفی، ٢٠١٠) بە ناونیشانی( ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا )لە وڵاتی جەزائیر

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینییە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، ماوەی توانای خودی دامەزراوەکە لە فەراهەمکردنی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، کە هاوتا بێت لەگەڵ ئامانجی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتید،ا کە هەموو کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە بە تایبەت وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان، ماوەی توانای دامەزراوەی ئایینی لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی سەردەم، کە ڕوبەڕوی لاوانی موسوڵمان بونەتەوە. بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر هەڵساوە بە هەڵبژاردنی نموونەیەکی مەبەستدار، کە هەڵبژاردنی مزگەوتێکە، چونکە پێیوایە نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینەی نمونەی توێژینەوەکەی دەکات، کە ( ٢٥٠ ) یەکەی هەڵبژاردووە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە ئەمانەی خوارەوەیە :

- کۆدەنگییەک هەیە لە لایەن دامەزراوەی ئایینییەوە، کە بەدەمەوەچون و قبوڵبونی دامەزراوەی ئایینی لە لایەن خەڵکییەوە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی سروتە ئایینییەکان و شارەزابوون لە ئایین و فێربوونی قورئان لەلایەن هەردوو ڕەگەزو قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنەوە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هێزو توانای دامەزراوە ئایینییەکان بۆ ڕاکێشانی تاکەکانی کۆمەڵگا.
- سەرپەرشتیارانی دامەزراوە ئایینییەکان کۆدەنگن لەسەر ڕۆڵی کاریگەری دامەزراوەکان لە لایەنی بڕوای یەکتاپەرستی و کاراکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی .

## دووەم: گفتوگۆی توێژینەوەکان

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا تەنها لە بواری گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا توانراوە سێ توێژینەوە دەستبخرێت و نمایش بکرێت ئەوانیش :

**ڕووی ئامانجەوە** بە هەمان شێوە، کە دەرخستنی ئاستی بەرپرسیارێتی دەستەبژێری ڕۆشنبیرانە لە هەموو ناوەندەکان بە ئاراستەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەروەها زانینی بواری ئەو گۆڕانەیە، کە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە، پاشان هەرچی ئامانجی توێژینەوەکەی( فتاح)ە بریتیە لە ناسینی ئاستەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئاییندارى و ڕەهەندەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئاییندارى، هەروەها زانینی سروشتی پەیوەندی شاراوەی نێوان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئاییندارى.

پێشبینیکردنی ئایینداری لە ڕێگای گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە، هەرچی ئامانجی توێژینەوەکەی( الویفی )ە زانینی ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینییە لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، ماوەی توانای خودی دامەزراوەکە لە فەراهەمکردنی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، کە هاوتا بێت لەگەڵ ئامانجی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، کە هەموو کۆمەڵگاکانی گرتۆتەوە بە تایبەت وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان.

**لە ڕووی میتۆدەوە** توێژینەوەکەی ( صادق ) میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، میتۆدی ڕوپێووی کۆمەڵایەتی بە نموونە و میتۆدی ئاماری، هەروەها میتۆدی توێژینەوەکەی ( فتاح )بریتییە لە میتۆدی ڕوومالّی کۆمەڵایەتی و میتۆدی بەراوردکاری و میتۆدی تێبینییە.

**کۆمەڵگای توێژینەوەکەی** ( صادق ) بریتییە لە چەند وەزرارەت و دامەزراوەیەکی حکومی و ناحکومی وەکو ناوەند و سەندیکا و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان لەگەڵ چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن، نموونەی توێژینەوەکەشی بریتیە لە نمونەی ئامانجدار و وەرگرتنی نموونەیەک لە دانیشتوانی شاری هەولێر، کە قەبارەی نموونەکەی ( ٢٠٠) یەکەیە لەگەڵ ( ٦ ) یەکەی تر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکەشی فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنە ، کە لێرەدا وەک توێژینەوەکەی ئێمەیە ، هەرچەندە فۆڕمیشی بەکارهێناوە. هەرچی توێژینەوەکەی ( فتاح )ە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی دانیشتوانی شاری هەولێرە( تەنها موسوڵواتان) لە هەموو تەمەنەکان و ئاستەکانی بڕوانامە و ژیانی ئابوری ، نموونەی توێژینەوەکەش ( ٤٠٠ ) یەکەیە، کە لێرەدا جیاوازە لە توێژینەوەکەی ئێمە، هەروەها توێژینەوەکەی ( الویفی )یش، بە پێچەوانەی توێژینەوەکەی ئێمەوەیە کە توێژەر هەڵساوە بە هەڵبژاردنی نموونەیەکی مەبەستدار، کە هەڵبژاردنی مزگەوتێکە، چونکە پێیوایە نوێنەرایەتیەکی ڕاستەقینەی نمونەی توێژینەوەکەی دەکات، کە ( ٢٥٠ ) یەکەی هڵبژاردووە.

**لە ڕووی ئەنجامەوە**، توێژینەوەکەی ( صادق ) پێیوایە بەشێکی سەرەکی چالاکیە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆشنبیران خۆی لە بواری کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە، بۆ باشترکردنی دۆخی سیستەمی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری لە دیاردە و پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا، هەروەها توێژینەوەکەی ( فتاح )پێیوایە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە هەبووەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، هەروەها گۆڕانی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوری لە کۆمەڵگادا هەیە، سەرەڕای گۆڕانی تەرزی بیرکردنەوە لای تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش وامانلێدەکات بڵێین ئەمە جۆرێک لە دژیەکی لە نێوان بیرو ڕەفتاردا دروستکردووە. هەرچی توێژینەوەکەی ( الویفی ) یە پێیوایە سەرپەرشتیارانی دامەزراوە ئایینییەکان کۆدەنگن لەسەر ڕۆڵی کاریگەری دامەزراوەکان لە لایەنی بڕوای یەکتاپەرستی و کاراکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری

کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی ئامانجەکانی .کۆی ئەم ئەنجامانە نزیکایەتیەکی تەواویان لەگەڵ بەشێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێمە هەیە.

پێویستە لێرەدا ئەو ڕاستیە بخەینە ڕوو کە توێژەر سودێکی باشی لەم توێژینەوانەی پێشوو وەرگرتووە، بە تایبەت لە پەیوەندیدا بە چەمکەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە و بەکارهێنانی لە دەوڵەمەندکردنی لایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا، هەروەها سودیان هەبووە لە ڕووی ناسینی ئەو توانا و کۆششانەی، کە لە جۆری ئەم توێژینەوانەدا بەخەرجدراون،هەروەها یارمەتیداوین لە ڕووی هەڵبژاردنی میتۆدێکی کاریگەر لە توێژینەوەکەی خۆماندا و بەکارهێنانی بەشێک لەو کەرەستە و ئامرازانەی کۆکردنەوەی زانیاری، کە بەکاریانهێناوە،وەک چاوپێکەوتن.

# بەشی دووەم:- ناساندنی چەمکی ئایدیۆلۆجیا

## یەکەم: مێژووی گەشەکردنی چەمکی ئایدیۆلۆجیا

١- ئایدیۆلۆجیا لە شارستانی یۆنانی و ئیسلامی و قۆناغی ڕۆشنگەریدا

٢- تێڕوانینی کۆمەڵناس و بیریاران بۆچەمکی ئایدیۆلۆجیا

## دووەم: پۆلێنکردنی ئایدیۆلۆجیا

## سێیەم: تایبەتمەندی ئایدیۆلۆجیا

## چوارەم: وەزیفەی ئایدیۆلۆجیا

## بەشی دووەم:- ناساندنی چەمکی ئایدیۆلۆجیا

## یەکەم: مێژووی گەشەکردنی چەمکی ئایدیۆلۆجیا

### سەرەتا:

لەگەڵ باسی چەمکی ئایدیۆلۆجیادا ڕاستەوخۆ بیری مرۆڤ دەچێت بۆ بابەتە سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەژموونە گەورەیەی کایەی سیاسەت، کە بەسەر ئەم چەمکەدا بەجێی هێشتووە، هەڵبەتە ئەم ڕاستیەش بێ هۆکار نییە، چونکە بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت زۆرینەی ئایدیۆلۆجیا گەورە مێژووییەکان هەمیشە هەوڵیانداوە لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی کایەی سیاسیەوە ئایدیا و مەبەستە میتافیزیکی و بەهایی و ڕەفتارییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگادا دابڕێژنەوە، ئەم تێگەیشتنەش دەمانباتەوە سەر ئەو فرە دیدو تێڕوانینەی، کە بۆ چەمکی ئایدیۆلۆجیا فەراهەمبووە، واتە لەگەڵ ئەوەی سیاسەت سەکۆی بنەڕەتی نمایشی ئایدیۆلۆجیایە ، کەچی ناتوانین ڕەهەندە مەعریفی و کۆمەلایەتی و کلتورییەکانی پشتی چەمکەکە نادیدە بگرین، چونکە هەر توێژەرێك بیەوێت بگات بە تێگەیشتنی گشتگیری چەمکەکە، ئەوا بەبێ ڕتووش و زۆر لەخۆکردن ئاڕاستە دەبێت ڕووەو ئەو کایە ناسیاسیانەی، کە لە ڕێگەی توێژینەوەی مەنهەجی مەبەستدارەوە هەست بە فرەیی ئەو بنەمایانە دەکات، کە چوارچێوەی فیکری چەمکەکەیان پێکهێناوە. بۆیە بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینەی چەمکەکە و خستنەڕووی وێنەی تەواوی ئایدیۆلۆجیا دەبێت توێژەر بێلایەنانە هەڵبسێت بە گرتنە بەری میتۆدێك و دیدگایەکی تەواوکاری بۆ چەمکەکە. ئەم ڕێگایەش گەرەنتی دەرکککردنی پێکهاتە و وەزیفە و خەسڵەتەکانی ئایدیۆلۆجیامان بۆ دەکات، هەروەها لەم بەشەدا و بە کورتی هەوڵدەدەین مێژووی چەمکی ئایدیۆلۆجیا و گرنگترین پێکهاتە هزری و کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ڕەهەندە فەلسەفییەی، کە هەڵیگرتووە نمایش بکەین.

### ١- ئایدیۆلۆجیا لە شارستانی یۆنانی و ئیسلامی و قۆناغی ڕۆشنگەریدا:

#### أ- شارستانێتی یۆنانی:

لەسەردەمی فەلسەفەی یۆنانیدا گریمانەی دژێتی نێوان ویژدان و واقیع سەریهەڵدا، جا ئەو واقیعە بریتی بێت لە ئێستا، یان هەواڵێکی ڕابردوو، یاخود پێشبینییەکی ئایندە، هەر لەو کاتەی مرۆڤ توانی خۆی ئازاد بکات لە بەندی کۆیلایەتی سروشت و بۆ دژایەتیکردنی ئەو دژیەکیە ، فەلسەفەی یۆنانی پشت بەستوو بە یەکێتی گەردوون ( وحدة الوجود ) دەستی پێکرد ، وایدانا جیهانی مرۆیی وێنەیەکی

بچوککراوەی جیهانی باڵایە، مەنتیقی مرۆیی ڕەنگدانەوەی مەنتیقی گەردوونە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان بنەماکانی ئەخلاق و میتۆدەکانی مەنتیق و یاساکانی گەردووندا نییە، واقیع بە پێی فەلسەفەی یۆنانی و بەتایبەت سوکراتیەکان جێگیرە، ڕاستی یەکە( واحدة )، گەردوون هەردەم هاوچەشن و چونییەکە( متجانس) مرۆڤ بەشێکە لەو گەردوونە چونییەکە، هەروەها ویژدانی مرۆڤ دادەنرێت بە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئەو چونییەکییە، کە هێما و ئاماژەی تەواوێتی و جوانییە، هەرکات مرۆڤ بیرۆکەیەکی دەربڕی یان کردەیەکی نواند هاوتا نەبوو لەگەڵ یاسای واقیعی گەردووندا ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ دوو بابەت ، یان ویژدانی بە ڕوونی پەخشی واقیعی ڕاستی ناکات، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئاستەنگ لە هەستەکانیدا، یا تێکچونێکی عەقڵی، یاخود هێزێکی دەرەکی کاریگەر بە هەڵەیدا بردووە(الأنصاري،٢٠٠٠:٢٤-٢٥).

بۆیە ئەگەر گریمانەی ڕاجیایی دوو کەس بکەین لەسەر ڕووداوێك ، یان تێڕوانینێك ، یەکێکیان خاوەنی عەقڵێکی تەندروست و هەستێکی پێگەیشتوو بێت، ئەوا گومانی تێدا نییە، کە کەسی دووەم یا نەخۆشە یان دورخراوەیە، بۆیە لەیەك تیۆردا دووانەی دژیەک (دوالیزم)ی چەمك بوونی نییە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی فەلسەفەی یۆنان، کە بەسەردەمی ڕۆشنی فیکرو زیندوێتی گفتوگۆی نێوان بیرو فەلسەفە جیاوازەکان دادەنرێت، ئەوا کێبڕکێ و جیاوازییەکی توندی بیری هەبوو لە نێوان سۆفستاییەکان لە لایەك کە وەك فەرمانبەری دەوڵەت پەروەردەی کۆمەڵگایان دەکرد، سوقرات لە لایەکی تر، کە جیاواز لەوان بیری دەکردەوە، هەربۆیە لە ژێر هەژموونی فیکری و ئایدیۆلۆجیدا سوقرات ناچار بە خواردنەوەی ژەهرکرا، کە دەکرێت ئەم ڕووداوە بە یەکەمین قوربانی دەستی ئایدیۆلۆجیای مێژووی نوسراوی مرۆڤایەتی هەژماربکرێت(الأنصاري،٢٠٠٠: ٢٦ ).

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئەوەیە، کە لە هەموو سەردەمێکدا مرۆڤەکان جیاوازی بیریی و مەعریفیان بۆ دروست دەبێت. بەمەش ئەو لایەنەی، کە خاوەنی هێزی یەکلایکردنەوەیە دەتوانێت هەموو تۆمەتێکی ناعەقڵانی و ناواقیعی بداتە پاڵ بەرانبەرەکەی، بەمەش مۆرکی ڕەهایی بە خۆی دەدات و بەرانبەرەکەی وەك نەیارو خاوەن عەقڵی خەیاڵی و یۆتۆپی دەداتە قەڵەم.

## ب- شارستانێتی ئیسلامی

ئەگەر بنکۆڵی چەمکی ئایدیۆلۆجیا لە نێو شارستانییەتی ئیسلامیدا بکەین، ڕاستەوخۆ چەمکەکە بەر دوو چەمکی تاڕاددەیەك هاوشێوە دەکەوێت، ئەوانیش چەمکەکانی فەلسەفە و بیروباوەڕ( عقيدة )ە. ئەگەرچی ئایدیۆلۆجیا زۆر نزیکە لە بیروباوەڕ، هەندێ لە بیریاران چەمکی ئایدیۆلۆجیا وەک هاوشێوە لە بەرانبەر زانستی بیروباوەڕدا بەکاردێنن ( قراملکی، ٢٠٢٠ : ١٥ ). هەرچەندە بیروباوەڕ لە ڕووی

زمانەوانییەوە بڕواهێنانە بە ڕاستیەکی دیاریکراو کە هەرگیز گومان و جەدەل قبوڵناکات، یان ئەو حوکمەیە، کە گومان لای شوێنکەوتوانی هەڵناگرێت( مصطفى وئەوانی تر،٦٢:١٩٦١). بۆیە بیروباوەر دەبێتە سەرچاوەی دیدو تێڕوانین بۆ ژیان و بوون و مردن و چۆنێتی هەڵسوکەوت ومامەڵە و گرێدانی کۆی پەیوەندییەکانی مرۆڤ،، بەپێی ئەو لێکدانەوەیە بێت لە نێوان هەردوو چەمکی بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیادا خاڵی پەیوەندی و ناکۆکیش درکپێدەکرێت، ئایدیۆلۆجیا بۆچونێکە دەربارەی بیروڕا و شتەکان، کە ئەم بۆچونە ئەنجامی بیروباوەڕێکی دیاریکراو یان ئایینی یان سیاسی، ئابورییە ، بەڵام ئەنجامی کۆتایی ئەو بیروباوەڕەنییە( الأنصاري،٢٦:٢٠٠٠). بۆچونەکانی مرۆڤ بەرهەمی سروشتی ئایدیۆلۆجیەکەیەتی، کە زۆرجار پێچەوانەی بیروباوەڕەکەشیەتی، بۆ نموونە زۆرجار پیاوانی ڕۆشنبیر ئەوانەی بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکەن و دژ بە توندوتیژین، کەچی لە ژیانیاندا چەندین ئەزموونی ئەنجامدانی توندوتیژییان بەرانبەر ڕەگەزی مێ هەیە، کەواتە ئەگەرچی ئایدیۆلۆجیا جیاوازە لە بیروباوەڕ بەڵام بە بەردەوامی وەك سەرچاوەیەك ئیلهامی لێوەردەگرێت، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ئایدیۆلۆجیایەك بنەما فیکرییەکانی لە بیروباوەڕێکی ئایینی یان مەزهەبێکی فیکری وەربگرێت شیمانەی ئەوەی تێدایە، کە بانگەشەی ڕەهایی و گرتنەبەری میکانیزمی توندوتیژی بکات.

لەوانەیە بیروباوەڕ زیاتر لە فەلسەفەوە نزیك بێت تاکو ئایدیۆلۆجیا ، هەرچەندە ئەمانیش خاڵی جیاوازی جەوهەریشیان هەیە، فەلسەفە وەکو لە فەرهەنگی فەلسەفیدا هاتووە گەڕانە بە دوای بەهانە ( العلة) ی یەکەم ، یان خۆشویستنی دانایی و ڕاستی پەتی ، یان توێژینەوەی پرنسیپ( مبادئ )ی سەرەتایە کە ڕاڤەی عەقڵانی مەعریفە وەك فەلسەفەی زانستەکان دەکات( صليبا،١٦١:١٩٨٢). فەلسەفە سستەمێکی فیکرییە، کە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا گەشەدەکات، لەگەڵ گرفتەکانی ئەو ژینگەیەدا کارلێکدەکات، پاشان دەیەوێت لە ئاستێکی باڵاتری فیکری و ڕێکخستندا مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەدا بکات و چارەسەری عەقڵانی پێویست بخاتەڕوو.هەروەها فەلسەفە دەربڕە لە بیرکردنەوەیەکی گشتێتیانە وئەو نەزانراوانەی، کە زانست پێی ناگات و لەدەرەوەی سەردەمەکەیەتی، وەک فەلسەفەی ژیانی مرۆیی، بیرکردنەوە لە چارەنوسی مرۆڤ، مەبەست لە هێنانەدی مرۆڤ، پێگەی مرۆڤ لەم جیهانەدا، بەڵام ئایدیۆلۆجیا دەربڕە لە بیروباوەڕێک ، بیروباوەڕیش ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک چەمکی پێکەوە ئاشنا و ناسراو( قراملكي،٢٠٢٠ : ١٧ ).


لێرەدا هەست بە نزیکایەتی فەلسەفە لەگەڵ بیروباوەڕ دەکەین، چونکە بیروباوەڕیش هەمان وەزیفەی هەیە، هێندە هەیە بیروباوەڕ بڕواو تێگەیشتنێکی ئایینییە، کە شوێنکەوتووەکانی بڕوایان بە بیروباوەر و بۆچونێکی تایبەت هەیە، کە پەیوەستە بە خودا و فریشتە و کتێبە ئاسمانییەکان و

پەیامبەرەکانی ، هەروەها پەیوەستە بە ژیانی دونیا و دواڕۆژیشەوەو دواتر لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی دیاریکراودا خۆی نمایش دەکات( الأنصاري،٢٧:٢٠٠٠).

مەبەستی سەرەکی لە هەر بیروباوەڕێك، جا ئایینی بێت یان نائایینی ، پشت بەستووبێت بە عەقڵ و لۆژیک یاخود لەسەر سەکۆی وەهم و خورافە خۆی بیناکردبێت، ئەوا هەوڵدەدات لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی نەستی ( لاشعور ) ی تاك و کۆمەڵگاوە ئاراستەیان بکات بۆ ڕێگا و ئامانجێکی پێشتر بڕیار لەسەردراو ، بۆیە ئیتر مرۆڤ بەو شێوەیەی بۆی دیاریکراوە بیردەکاتەوە و مامەڵەدەکات و گفتوگۆ ئەنجامدەدات، هەروەها بڕیاری پێکەوەیی و جیابونەوە لە گروپ و خۆشویستن و ڕقلێبوونەوە لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکە دەدات.

هێڵکاری (١) پەیوەندیی نێوان هەریەک لە ئایدیۆلۆجیاو فەلسەفە و بیروباوەڕ

ئامادەکردنی توێژەر




## ج- قۆناغی ڕۆشنگەری:

مەبەست لە فەلسەفەی ڕۆشنگەری بریتییە لە ئەنجامی ئەو ململانێ هزری و کلتورییە دوور ودرێژەی، کە چەندین ساڵ لە نێوان دەسەڵاتی سێوکراتی کەنیسەی مەسیحی و دەستەبژێرە ڕۆشنفکرەکانی خۆرئاوای ئەورووپا هاتە دی، هەرچەندە کەنیسە هەوڵێکی مکوڕانەیدا بۆ ڕامکردنی کۆی کایە و جومگەکانی کۆمەڵگا و بەردەوام لەسەر دەستگرتن بە بنەرەتەکانی فیکری بۆماوەیی و مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتی سیاسی، ئەم واقیعە لە خۆیدا دژوەستانەوە بوو بەرانبەر حەقیقەتی گۆڕان، کە یاسایەکی بەردەوامی ژیانە، بۆیە دەستەی ڕۆشنبیران و گومانکاران ، دەسەڵاتەکانی کەنیسەیان وەك ئاستەنگێك دەبینییەوە لەبەردەم هێزی مەعریفە وعەقڵدا، لە بەرانبەریشدا کەنیسە ئەم ڕەوتە فیکری و فەلسەفیەی نێو کۆمەڵگای بە پاڵنەری شەهوانی و شەیتان دۆستان دەزانی و هەرگیز ملی بۆ گفتوگۆی ڕاشکاو و ئاوەزمەندان لەبەرانبەر ئەم تەوژمەدا نەدەدا ( الأنصاری، ٢٠٠٠ : ٢٨ )

دیارە فەلسەفەی ڕۆشنگەری سەرەتایەکی دیاریکراوی نییە و لە مێژووی چەندین ساڵەی حوکمی کەنیسەدا دەیان هەوڵی ڕۆشنگەرانە و فەلسەفی هەبوون، کە دەیانویست دیوێکی جیاوازتری ژیان و بیرکردنەوە پێشان بدەن ، بەڵام هەر زوو کەنیسە بە تۆمەتی جیاجیا لە ناوی دەبردن . ئەوەی ڕوونە بە گشتی سێ ڕووداوی گەورە، کە لە ئەوروپا ڕویدا ڕەوڕەوەی توندبوونی سەرهەڵدانی باهۆزی ڕۆشنگەری خێراکرد، ئەوانیش( شۆڕشی پیشەسازی بەریتانیا و شۆڕشی فیکری فەڕەنسی و چاکسازی مەزهەبی لە ئەڵمانیا)، بۆیە دواجار کۆی ئەم ڕوداوانە لە شۆڕشی فەڕەنسیدا ڕۆحێکی سەرکەشی نوێی فیکری بەرهەمهێنا کە ئیدی ئەم چرکە ساتەی مێژوو شوناسی خۆی لەگەڵ سەردەمی پێش خۆیدا جیاکردەوە، ئەویش بە دەستگرتنێکی ڕەهای فەیلەسوفەکانی ئەو شۆڕشەوە بوو بە عەقڵانییەتەوە، هەربۆیە دیارترین تایبەتمەندی جیاکەرەوەی ئەم قۆناغە عەقڵانییوون بوو، وەك جۆن لۆك و هاوڕێکانیشی جەختیان لێدەکردەوە: کە پێویستە هەموو شتێك( بابەت)وەك کریستاڵ ڕوون بێت ( الحناوي،٢٠٠٩:١٨).

بۆیە هەروەك زۆرینەی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری فەڕەنسی و بیریارانی ئەنسکلۆپیدیین، ( ئەنتوان دستوت دو ترەیسی ) یش بڕوای وابوو کە هەموو بوارە ئەزمونییە مرۆییەکان، کە پێشتر لە ڕوانگەی لاهوتییەوە توێژینەوەیان لەسەرکرابوو، دەبێت ئێستا لە ڕێگەی عەقڵەوە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، بۆیە (دو ترەیسی) پێشنیازی زانستێکی نوێی کرد وەك بەشێکی زانستە مرۆییەکان بە ناوی زانستی بیر( علم الأفكار ) (Ideology) ، بۆیە ئەگەر بەدواداچوون بۆ کارەکانی ( ترەیسی ) بکرێت دەردەکەوێت، کە مەنهەجی نزیککاری ( المقاربات ) ی ڕەفتاری لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێناوە ، هەربۆیە پێی وابوو ئایدیۆلۆجیا تیۆری تیۆرەکانە و پادشای زانستەکانە، چونکە بە زەرورەت وەك یەکەم هەنگاوی تێڕامان و فیکری مرۆڤ پێش هەموو زانستەکان دەکەوێت ( ترەیسی ) بڕوای وابوو دەکرێت ئەم زانستە کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت، بە تایبەتی لە کایەی پەروەردە و فێرکردندا، ئەگەر لەئایدیۆلۆجیا تێبگەین (بنەڕەتی بیر) ئەوا دەتوانین بە سوودی گەورەی فێربوونی ڕۆشنگەری بە کاری بهێنین وئەوکاتە ئاسانتر دەتوانین ڕەگەکانی نەزانینی مرۆڤایەتی دیاری بکەین. بۆیە ئەگەر هەیە ئەم زانستە ببێتە بنەمایەکی گرەنتیکراو بۆدەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی عەقڵانی پێشکەوتوو( فینسینت،٢٠١٧:١٧-١٨).

پێویستە تێبینی ئەو ڕاستیەش بکەین، کە بۆیەکەمجار ئایدیۆلۆجیا لەسەر دەستی ( ترەیسی ) بە شێوازێکی ئەرێنی بەکارهاتووە و بۆتە سەرەتای زانستێکی نوێ، کە خەڵکانی ڕۆشنفکرو خاوەن هێزی عەقڵانی سەرقاڵی بوون، بێگومان ئەم تەوژمە نوێیەش بێ بەرەنگاری و دژایەتی نامێنێتەوە، چونکە ڕاستەوخۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسی کەنیسە و بەشێك لەو سەرکردە سیاسیانەی فەڕەنسای دەخستە

مەترسیەوە، کە لەو سەردەمەدا و بە پاڵپشتی کەنیسە خەونی داگیرکارییان هەبوو، بەم پێیە وردە وردە ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا لە زانستێکی ئەزموونییەوە دەچوو بەرەو بیروباوەڕێکی سیاسی گروپێك لەو ڕۆشنبیرە لیبراڵیانەی، کە خاوەنداری زەوی ( ملاك ) بوون، چونکە پەیوەست بوون بە هێنانەدی حکومەتێکی لیبراڵی کۆماری عەلمانی، کە سەرکردایەتیەکی دەستەبژێری ڕۆشنگەر نوێنەرایەتی بکات، لێرەوە واتای دووەمی ئایدیۆلۆجیا لەدایك بوو کاتێك پاڵیدا بە باوەڕێکی سیاسییەوە( فینسینت، ٢٠١٧ : ١٩ ).

کاتێك ئاڕاستەیەکی فیکری و فەلسەفی یان مەزهەبێکی سیاسی و ئایینی لە چوارچێوەی ئارگومێنت و سەلماندنی پرەنسیپی ڕاستی و هەڵە و مەنتیقی بوون و ناعەقلانی بوون دەترازێت و فۆڕمێکی سیاسی پراکتیکی وەردەگرێت، ئەوکاتە ڕاستەخۆ بەر دیواری کۆنکرێتی واقیع دەکەوێت، چونکە کۆمەڵگاو سیستەمەکەی خاوەنی بڕوا و قەناعەت و ئارامییەکی تاڕادەیەك فیکری وسایکۆلۆجییە و ئەو باهۆز و داهێنراوە نوێیانە قبوڵ ناکات و هەندێکجار بە مەترسیشی دەزانێت بۆ سەر بوونەکەی، بۆیە دەستەبژێری ڕۆشنبیری یەکانگیردەبن لەگەڵ خەونی پانخوازی دەسەڵاتی سیاسی بەو پێیەی دەسەڵات شەرعیەتی یاسایی مامەڵە و بڕیاردانی هەیە و هەر خەونێکی تایبەت و دیاریکراوی هەبێت، ئەوا بەبێ گەڕانەوە بۆ دامەزراوە شەرعییەکان هەڵوێست وەردەگرێت و گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری دەکات. بەمەش ململانێی سیاسی دێتە ئاراوە.

لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەو گۆڕانە بکەین، کە لە بەکارهێنانی چەمکی ئایدیۆلۆجیادا ڕوویدا لەو ماوە زەمەنییە دیاریکراوەدا ( ١٧٥٠-١٨٠٠ )، کە سەرەتا وەك لقێکی زانستی ئەزموونی مرۆیی لێی ڕوانرا، بەڵام دوای ئەوەی ناواخنێکی سیاسی و چاکسازی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، ئەوا وەك بابەتێکی نەویستراوی بەرژەوەندی خوازانە سەیردەکرێت.

## ٢- تێڕوانینی کۆمەڵناس وبیرمەندان بۆ چەمکی ئایدیۆلۆجیا

### أ- کارل مارکس (١٨١٨ - ١٨٨٣)

چەمکی ئایدیۆلۆجیا لەسەر ئاستی باڵاو بەشێوەی جۆراوجۆر شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆکراوە لەلایەن توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و مارکسییەکان بە تایبەتی ، چونکە کارل مارکس دوبارە داڕشتنی نوێی بۆ چەمکەکە کرد لە پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیا و دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان ، مارکس چەمکەکەی بە دوو واتا خستە بەر شرۆڤەکردن، یەکەم :کە هەندێك جار بە واتای( وەهم)و(هۆشیاری ساختە) و (ناواقیعی بوون) دێت، دووەم: بە واتای کۆمەڵێك بیروبۆچوون دێت کە لە ئەنجامی

بەرژەوەندی مادی کۆمەڵێکی تایبەت یان گروپێکی دیاریکراو دروست دەبێت (Weis&McCarthy, 2006:69).


بەکارهێنانی ئەم دابەشکردنە بنەڕەتییە وێنایەکی ناجێگیری تیۆری سەنتەری دەداتە چەمکەکە: کە پێویستە ئایدیۆلۆجیا بەشێوەی یەکلایکەرەوە( حاسم) و تاڕاددەیەك نەرێنی بەکاربێت، بۆنمونە ( وەکو هۆشیاری ساختە) یاخود پێویستە وەك ڕۆشنکەرەوە بەکاربهێنرێت لەگەڵ ئاماژەی ئەرێنی بۆ نموونە(تێڕوانین- النظرة) وەك دەربڕی بەهای دەستەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو؟ لێرەدا پرسیارێکی جەوهەری سەرهەڵدەدات، کە ئایا زانست پێچەوانەی ئایدیۆلۆجیایە یاخود زانست بە ئایدیۆلۆجیا دەست پێدەکات؟ ئەم پۆلێنکردنە ناڕوونەی ئایدیۆلۆجیا پرسیارگەلێک دەوروژێنێت وەك ئەوەی ئایا ئایدیۆلۆجیا دژی زانستە یاخود یەکێکن؟ یان ئایدیۆلۆجیا دیاردەیەکی کەسی و دەروونییە یان دیاردەیەکی بابەتی و کۆمەڵایەتیە ؟ یان ئایدیۆلۆجیا ڕەگەزێکی تایبەتە لە سەرخانی پێکهاتەی کۆمەڵگا( البنية الفوقية)؟یان بابەتێکی هاوتای تەواوی بازنەی کلتوری کۆمەڵگایە؟.( Weis & McCarthy,2006:70)

کۆششەکانی مارکس لە بواری کۆمەڵگا و ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا و چەمکی ئایدیۆلۆجیا و هۆشیاری چین پێگەی ئەم فەیلەسوفە دەخاتە پێشەنگەکانی کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسی مەعریفە، ئەو پێیوایە ئایدیۆلۆجیا نەسەقێکی تەواوکارە لە بیروبۆچوون، کە لە دەرەوەی مرۆڤە و هاوکات مرۆڤیش پابەند دەکات بە خۆیەوە، هەروەها مارکس بە هەمان ئەو زمانەی، کە دەربارەی هۆشیاری چینایەتی و هۆشیاری ساختە دواوە، دەربارەی ئایدیۆلۆجیاش قسەی کردووە، چونکە پێیوابووە هەردوو بابەتەکە تەنها ڕەنگدانەوەی بنەمای مادی کۆمەڵگایە( جوهری و هاوڕێکانی، ٢٠١١ : ١٨ ).

(کارل مارکس) لە چوارچێوەی تیشك خستنەسەرئەوململانێیەی، کە لەنێوان هەردووچینی بۆرجوازی و پرۆلیتاریادا سەریهەڵدابوو توانی بەشێوەیەکی ورد نمایشی ئایدیۆلۆجیا بکات وەك بەرهەمی پێکهاتە چینایەتییەکانی کۆمەڵگا بەهەردووچینەکەوە، کەدواجار هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان شێوەی ئەو ململانێیە دیاریدەکەن، کە ئەم ڕاستیەی وەك بنەمای واقیعی کۆمەڵایەتی ناساند، بۆیە مارکس کێبڕکێی نێوان چینەکانی لە واقیعدا گەڕاندەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگا، کە پێیوابوو لە کۆمەڵگادا دوو پێکهاتە هەیە ئەوانیش پێکهاتەی ژێرەوە( البنية التحتية ) کە دەربڕە لە بنەما مادی (ئابوریی)ەکەی کۆمەڵگا و پێشیوابوو ئەم ڕاستیەیە، کە جوڵێنەری کۆمەڵگا و خولقێنەری مێژووشە، کە ئەم ژێرخانە شێوازی بەرهەمهێنانی شمەك و پێکهاتە چینایەتیەکە دەگرێتەوە ودواتر ئەم بینایە کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر کۆی سیستمەکانی پێکهاتەی سەرەوە( البنية الفوقية)وەك سیاسەت و یاسا و ئایین و یاسای خێزان و پەروەردە و حکومەت ( لطفي و زيات،١٩٩٩:٩٨).

بۆیە مارکس پێیوابوو بیروبۆچوونی حوکمڕان لە هەموو سەردەمێکدا بۆچونێکی باڵادەستە، بە واتای ئەو چینەی، کە کۆنترۆڵی شێوازی بەرهەمهینانی کردووە لە کۆمەڵگادا هەر هەمان چین پاوانی هێزی فیکریش دەکات. واتە ئەو چینەی کە هۆیەکانی بەرهەمهێنانی مادی بەدەستە و مامەڵەی پێوەدەکات لە هەمانکاتدا کۆنترۆڵی هۆیەکانی بەرهەمهێنانی فیکریش دەکات، بۆیە ئەمەش وادەکات، کە بیروبۆچوونی ئەو چینەی هۆکاری بەرهەمهێنانی فیکری لەدەست نییە ملکەچی هێزی خاوەن دەسەڵات بێت. بیروبۆچونە سەردەستەییەکان هیچ نین جگە لە گوزارشتێکی نمونەیی پەیوەندییە مادیە باڵادەستەکان ( جوهری و هاوڕێکانی،٢٠١١:١١٩).

هێڵکاری ( ٢ ) ڕوانگەی کارل مارکس بۆ کۆمەڵگە و ئایدیۆلۆجیا( ئامادەکردنی توێژەر)



## ب- ڤلادیمێرلینین: (١٨٧٠-١٩٢٤)

کۆمەڵناسەکانی دوای مارکس گرنگییەکی گەورەتریان بە چەمکی ئایدیۆلۆجیا داوەزیاتر لە خودی مارکس، چونکە پێیانوابوو ئەو چاوەڕوانییەی مارکس هەیبوو بۆ داڕمانی سیستەمی سەرمایەداری گەشبینییەکی زیادەڕۆییانەبوو. ئەم ڕاستیە مارکسییەکانی هاندا زیاتر جەختبکەنەوە لە ئایدیۆلۆجیا بەو پێیەی یەکێکە لە فاکتەرەکانی شرۆڤەکردنی ئەو توانای خۆگونجاندنە چاوەڕوانکراوەی، کە شێواز و سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پێدەناسرێتەوە، بۆیە گۆڕانێک بەسەر واتا و تێگەیشتنی چەمکەکەدا هات بەتایبەت کاتێك ئەو ڕوانگەیە هاتە ئاراوە، کە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە خۆیەتی.

هەربۆیە ( لینین ) لە کتێبی ( ما العمل )دا بیری پرۆلیتاریای بە ئایدیۆلۆجیای (ئیشتراکی) یان ئایدیۆلۆجیای (مارکسی) ناوزەدکرد، ئەگەرچی پێشتر ئەم ناونانە لای (کارل مارکس) بێزراو بوو، بەڵام لە لایەن لینین و زۆرینەی مارکسیەکانی دواتر ئایدیۆلۆجیا ئاماژەیە بۆ بیری ناوازەی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، وەکو چینی پرۆلیتاریا و چینی بۆرجوازی ( هیود،١٧:٢٠١٢)، بۆیە ڕوانینی ( لینین ) بۆ ئایدیۆلۆجیا گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەرداهات و جیاواز لە مارکس کاری بۆ فراوانکردنی تێگەیشتن و بەکارهێنانی چەمکەکە کرد،( لینین) توانی دیدی نەرێنی بۆ چەمکی ئایدۆلۆجیا تێپەڕێنێت، پاشان هەرئەم تێڕوانینە گۆڕاوە بوو وای لە لینین کرد بڵێت: ( ئێمە ئایدیۆلۆجین )( الأنصاري،٣٦:٢٠٠٠).

ڕوانگەی ( لینین ) وابوو هەموو چینێك ( پرۆلیتاریا یان بۆرجوازی ) خاوەنی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە خۆیەتی بەدەر لە هەر واتایەکی نەرێنی ئایدیۆلۆجیا، کە پێشتر وا پێناسە کرابوو، هەروەها ڕایگەیاند، کە هەرگیز ئایدیۆلۆجیا ئیلهام بەخشی ناڕۆشنی و هەڵخەڵەتاندن نییە، هەرگیز لەبەرانبەر زانستیشدا ناوەستێتەوە، بڕوای وابوو هیچ بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بە بێ تیۆرییەکی شۆڕشگێڕی نابێت و پێشنیازی ئەوەی کرد، کە تەنها ئەو پارتە دەتوانێت هەستێت بە گێڕانی خەباتێکی شۆڕشگێرانە، کە تیۆرییەکی پێشکەوتوو پێشڕەوی بکات(الأنصاري،٣٦:٢٠٠٠).

بە مەبەستی زیاتر سەلماندنی یەکبوونی تیۆرو ئایدیۆلۆجیا لای لینین، کە مەبەست لە ( تیۆر- پراکسیس ) پەیوەندی نێوان بیری شۆڕگێڕی و هۆشیاری چینایەتیە لای کرێکار لە چوارچێوەی چینێکی دیاریکراودا. هەرچەندە مارکس هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ چین و هۆشیاری چینایەتیش پێشکەش نەکرد، بەڵام لە (مانیفێستۆی کۆمۆنیستیدا) بە ڕوونی پێ لەسەر سروشتی شۆڕشگێڕی سەرمایە دادەگرێت بەو پێیەی ڕێکخەرێکی نامەبەستداری چینی پرۆلیتاریایە. لەگەڵ ئەمەشدا ئاڵۆزی کێشەکە بە شێوەیەکی

هۆشیارانه هەست پێدەکرێت ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی دیالێکتیکیانەی گوزارشتی ( چین )ە، کە لایەك بە واتای کۆبونەوەی کۆمەڵایەتی-ئابوری-بابەتی دێت، لە لایەکی ترەوە لە پەیوەندیدا بە پرۆلیتاریاوە بە واتای مەبەستێك دێت، کە تایبەتە بە ڕۆشنگەری سیاسی( سلیتەر،١٠٠:٢٠٠٤). لەسەر ئەم بنەمایە ئامانجی کۆمۆنیستەکان دەبێتە ڕێکخستنی پرۆلیتاریا لە چوارچێوەی چیندا، هاوکات پاڵپشت ( مسلح ) بە ئایدیۆلۆجیای مارکسی، لە میانی ئەم پێشکەوتنە سیاسیەشدا کۆمۆنیستەکان بە خەسڵەتێك دەناسرێنەوە ئەویش ( تێگەیشتنە لە ئاڕاستەی بزاوت و مەرج و ئاکامە گشتییەکانی پرۆلیتاریا بە تێگەیشتنێکی ڕوون ). سەرەڕای ئەوەی سەرمایەی چینی پرۆلیتاریا لە هێزێکی یەکگرتوودا ڕێکدەخات بەڵام تیۆرێکی کۆمەڵایەتی کە بەشەکانی پەیوەستی یەکترین، دەبێتە پێویستییەك بۆ ئامانجی ڕۆشنگەری سیاسی، بەمەش حیزب و تیۆرو ئایدیۆلۆجیا و چین یەکەیەکی دینامیکی لای لینین پێکدەهێنن( سلیتەر،١٠٠:٢٠٠٤).

## ت- جۆرج لۆکاش( ١٨٨٥-١٩٧١ )

کاتێك باسی ئایدۆلۆجیا دەکەین لە پەیوەندیدا بە ( جۆرج لۆکاش )ەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین، کە لۆکاش زیاتر لە ( مارکس و لینین )یش ڕۆڵی دا بە ئایدیۆلۆجیا و ویستی لە ڕەگەوە ڕەهەندی مادی چەمکەکە، کە پێشتر جەختی لەسەر کرابۆوە هەڵکێشێت. هەرچەندە لۆکاش لە ڕوانگەی پێدانی ناوەرۆك و واتای فراوان بە چەمکەکە هاوشێوەی لینین بوون، بەڵام لە بابەتەکانی تری وەکو شرۆڤەی (ئایدیۆلۆجیای بۆرجوازی و ئایدیۆلۆجیای پرۆلیتاریا)دا جیاواز بوو لێـی، بە تایبەت لە بابەتی زانستی بوونی ئایدیۆلۆجیای مارکسیدا، کە پێیوابوو ئەم حەقیقەتە شتێکی بەڵگەنەویست ( بدیهي )یە، ئەگەرچی شیکارە زانستیەکانیش هەڵە و نازانستێتی هەموو ئەو ئەنجامانەی سەلماندبێت، کە مارکس کۆتایی پێهێناوە( لوکاش،بەبێ ساڵی چاپ:٣٣).

لۆکاش پێیوابوو زانست هەر زانستە ئەگەرچی دژایەتی ونالێکچوویی لە ئەنجامیشیدا هەبێت، ئەم تێزە تا هەنووکە دەنگدانەوەی هەیە ، هەندێك ناوەندی زانستی تا ئێستا چرکەساتی زانستی بوونی مارکسییەت بە ئایدیۆلۆجیانە شرۆڤە دەکەن، لە کاتێکدا زانستی بوونی ئایدیۆلۆجیای مارکسی وەك ئەنجامە بەدەستهاتوەکانی توێژینەوەی زانستی و مەعریفەی بابەتی نابینن بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی، کە وەکو بیرۆکە و پرەنسیپێکی سەرەتاییە پێویستی بە بەڵگە نییە. ئایدیۆلۆجیای مارکسی بە ڕەهایی دروستە لەناو بەشێك لە ناوەندە زانستییەکان تەنها لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆجیای مارکسییە، پرۆلیتاریا بە حوکمی ڕەوشی کۆمەڵگا لە بەرژەوەندیدا نییە، کە حەقیقەت نەناسێت، بەڵکو ئایدیۆلۆجیاکەی جگە لە ڕاستیبوون و ڕەهایی بوون هیچ هەڵبژاردنێکی تری لە بەردەمدانییە ( الأنصاري،٣٨:٢٠٠٠).

له ڕاستیدا کاتێك ورد دەبینەوە لەم دەقەی لۆکاش ناتوانین بە تەواوی بوونمانەوە هەست بە ترسێکی تۆقێنەر نەکەین لەهەمبەر ئایدیۆلۆجیای مارکسی و هەرچی دیدو تێڕوانینە گشتگیرەکانی تری مێژووە، کە خەونێکی پاوانخوازی فیکریان هەیە. ڕاستە دەبێت خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەم تێزە لە سیاقی مێژوودا بێت، بەڵام ئەمە هەرگیز لەوە کەمناکاتەوە، کە خودی پێشنیازەکە تەواو دۆگمایە و ڕەخنە لە خودی هەڵگرانی فیکرەکەشەوە قبوڵناکات ، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کاتێك ئایدیۆلۆجیا وەك فیکر دێتە پێشەوە ئیدی ڕاستەوخۆ باسی هێزی ناچارکردن و هەڵسپاردنی بیرۆکەکانی ئەوانی دی و خۆ بە پیرۆزکردن دێتە ئاراوە بە تایبەت کاتێك ئەو پێشنیازانە لە لایەن چینی ڕۆشنیرو نوخبەی ناو ڕەوتێکی مێژوویی فیکریەوە بێتە دەرەوە.

لۆکاش واتێدەگات پرۆلیتاریا ڕاستە تەنانەت لە هەڵەکردنەکانیشیدا، بۆیە دەنوسێت: ( لەناو خودی هۆشیارییە دۆرینەکان و هەڵە ڕوونەکانی چینی پرۆلیتاریادا ، نییەتێك ڕووەو حەقیقەت هەیە)( لۆکاش،بەبێ ساڵی چاپ:٤٥). لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، ئایا لۆکاش سەرچاوەی ئەم بیرەی لە کوێوە هێناوە؟ یاخود بۆچی هێندە دڵنیا و پشتڕاستە لە تێزەکەی؟ لۆکاش لە کتێبی ( مێژوو و هۆشیاری چینایەتی )دا بە وردی باسی لەو میتۆدە کردووە، کە بیری مارکسی لەسەر دامەزراوە، ئەویش (جەدەلیەتی هیگڵە) بۆ تێگەیشتن لە واقع و دیاردەکانی هەناوی کۆمەڵگە، ئاشکرایە ئەم میتۆدە لەسەر دەستی ( کارل مارکس ) گۆڕانێکی گەورەی بەسەرداهات، کە بە کۆدەتایەکی گەورەی مادی دەبینرێت، کە لۆکاش پێیوایە ناوەڕۆکی میتۆدەکەن یا ڕوانگەی گشتگیر وادادەنێت، کە هەموو دیاردەیەك بەشێکی بچوك لە گشت، گەشەکردنی مێژوویی، کە وەك یەکەیەکی فیکری ومێژوویی دردەکرێت پارێزگاری لەم میتۆدە کردووە.( لۆکاش، بەبێ ساڵی چاپ :٣٤)، ئامانجی میتۆدی جەدەلی لای مارکس ناسینی کۆمەڵگەیە وەك گشت، لە کاتێکدا زانستی بۆرجوازی ڕێژگەی لۆجیکی خۆی لە جیاکردنەوەی بابەتەکانی توێژینەوە وەردەگرێت لە لایەك و لە لایەکی ترەوە پایەیەکی تری میتۆد و دونیابینییەکەی بریتیە لە دابەشکردنی کارو پسپۆڕییە زانستیەکان، بەڵام مارکسییەت هەموو ئەم بابەتانەی تێپەڕاندووە ڕووە و ئاستی چرکە ساتە جەدەلییەکان ( لۆکاش،بەبێ ساڵی چاپ:٣٦).

(لۆکاش) تێزی ئایدیۆلۆجیای مارکسییەت وەك زانستێکی هەڵگری حەقیقەتی ڕەها پێشکەش دەکات، کە ئەویش لە ڕۆحی دەستەجەمعی پرۆلیتاریاوە هاتووە و هەرگیز مەبەستێکی نازانستی و نامرۆیشی نییە، بۆیە هەموو کات لەسەر ڕێی ڕاستی و پێکانی ئامانجەکانە.

لۆکاش بەکەم سەیری زانستی بۆرجوازی دەکات و دەڵێت: زانستێکە ئەگەر ڕێگایەکی هۆشیارانە یا ناهۆشیارانە ، یان باڵایانەش بگرێتەبەر ئەوا خەملاندنەکانی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان هەر لە ڕوانگەی تاکەوەیە، دیارە تاکیش بە تەنها نامانبات بەرەو گشتگیرێتی، لە باشترین حاڵەتدا لە مەیدانێکی

هەندەکی(الجزئي) دەردەکەوێت، لە زۆرترین حاڵەتدا پەرشوبڵاوەو پەیوەندی لە نێوان ئەم بەشانەدا نییە، لێرەدا دەپرسین ئاخۆ چ پێوەرێك هەیە، کە بیسەلمێنێت گشت لەسەر ڕاستێتی یە و هەڵە ناکات؟ پاشان وەکو ( محمد الأنصاري) لە توێژینەوەکەیدا بە ناوی (الأيديولوجيا واليوتوبيا في الأنساق المعرفية- دراسة مقارنة بين كارل مانهايم و توماس كون) دا ئاماژەی بۆ کردووە، ئایا چ پەیوەندییەك زانست و پرۆلیتاریای ڕەها پێکەوە کۆدەکاتەوە؟ ( الأنصاري،٣٩:٢٠٠٠). لە کاتێکدا پرۆلیتاریا زانا و دانا نییە و تواناشی بەسەر هەڵگرتنی مەعریفەی زانستیدا لە ژێر ئەو ڕەوشە نالەبارەدا کە تێیدایە نییە، لە کاتێکدا مەعریفە کاری زانا و ڕۆشنبیرانە خۆ ئەگەر وامان گریمانە کرد، کە ڕۆشنبیران نوێنەرایەتی پرۆلیتاریا دەکەن ، ئەوا زانستەکەیان زانستێکی پرۆلیتاری نییە، چونکە زانستەکە خاڵی نییە لە هەڵە و لە هەمانکاتیشدا ڕێژەیی بوونی زانست بابەتێکی براوەیە( بديهي )ە.

## ث-لویس ئاڵتۆسێر ( ١٩١٨-١٩٩٠ )

(لویس ئاڵتۆسێر) تێڕوانینی تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبارەی چەمکی ئایدیۆلۆجیاوە، هەروەکو (ئەنتۆنیۆ گرامشی) دژی هەر جۆرە بەکارهێنانێکی ئایدیۆلۆجیا بوو وەکو هۆشیاری ساختە و هەرگیز گرنگی بەم بابەتە نەداوە، پاشان ئالتۆسێر پێیوایە ئایدیۆلۆجیا وەک نەسەقێکی بیریی بە شێوەیەکی ڕوون کارلەسەر هوشیاری تاک دەکات بە بێ بوونی نێوەندگیرییەکی بینراو، هەروەها پێشیوایە ئەوە کرێکار نییە، کە داهێنەری ئایدیۆلۆجیایە، بەڵکو پێیوایە ئایدیۆلۆجیاکان، کە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە مێژووی جیهانیدا داهێنەرەکەیان دیارنییە، هەتا ئەگەر بشتوانین دانەرەکەشی بدۆزینەوە، ئەوا دەکرێت لە هەمان ماوەدا دانەرەکەی بگۆڕدرێت بە یەکێکی تر( ئالتوسێر،١٦٧:٢٠١٧) .بەڵام گرنگی بە وەزیفەی ئایدیۆلۆجیا داوە، کە دەبێتە ئامرازێك لە ڕێگەیەوە مرۆڤ پەیوەندی ژیانکردن بە ڕاستییەوە بەرجەستە دەکات. تایبەتمەندی ئایدیۆلۆجیا ئەوەیە قەناعەت بە سەربەخۆبوون و ئازادبوونی مرۆڤەکان دەکات، ئایدیۆلۆجیاکان ئەرکیان هەیە و هەمیشەیین و بە نەمری دەمێننەوە، یەکێك لەواتاکانی ئایدیۆلۆجیا هەستکردنێکی بنەڕەتییە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بۆیە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا ئایدیۆلۆجیا کاردەکات بۆ چەسپاندنی سیستمی هەژموونی چینایەتی، لە هەمانکاتیشدا ئایدیۆلۆجیا پێداویستییەکی بنەڕەتیە و هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، هەروەکو ئاڵتۆسێر دەڵێت: تەنانەت کۆمەڵگای شیوعیش بەبێ ئایدیۆلۆجیا نایکرێت( الأنصاري،٤٠:٢٠٠٠). واتە تەنانەت کۆمەڵگا شیوعیەکانیش پێویستیان بە پتەوکردنی هەست و سۆز و پەیوەندیەکانیانە. هەروەها ئاڵتۆسێر پێیوایە ئایدیۆلۆجیا بوونێکی مادی هەیە، کە لە چوارچێوەی دامەزراوە و فەرمانگەی ئایدیۆلۆجی

دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، مەرجیش نییە ئەو دامەزراوانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پاشبەندی حکومەت بن( العروي،٩٥:١٩٩٣). هەر لەم ڕوانگەیەوەیە ئالتوسێر پێیوایە سەرمایەداری بە بەردەوامی پێویستی بە بانگەشەکردنی بەهای ئازادی و فەردانییەت و سەربەخۆیی و خودگەرایی هەیە، چونکە لە ئەرزی واقیعدا دەبێت تاك و كۆمەڵگا ئەگەر بەشێوەیەکی وەهمیش بێت ئەو هەستانەی بۆ پەیدا ببێت گەر وانەبێت سەرمایەداری هەرگیز توانای خۆبوژانەوە و بەردەوامێتی نابێت. لێرەدایە، کە ئالتوسێر باسی مادی بوون و واقیعی بوونی ئایدیۆلۆجیا دەکات لە ژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەی بەرجەستە. بۆیە دەڵێت: گرەنتی کردنی بەدەستهێنانی هێزێکی کارکەری پسپۆڕ هەرگیز دروست نابێت تەنها لە ڕێگەی ملکەچپێکردنی ئایدیۆلۆجیەوە نەبێت( العروي،٩٦:١٩٩٣)، کە مەبەست لە دامەزراوەی ئایدیۆلۆجی دەوڵەتی بریتییە لە دامەزراوەی ئایینی و سەنتەرەکانی توێژینەوەو کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن.

لەلایەکی ترەوە ئالتوسێر دوو جۆر ئایدیۆلۆجیا دەستنیشان دەکات، ئەوانیش( گشتی و تایبەت ) ن، کە گرنگی و ڕۆڵی (ئایدیۆلۆجیای گشتی) بریتییە لەوەدیهێنانی هاوبەندی کۆمەڵایەتی و دواجار ئایدیۆلۆجیا بە پێویست و گرنگ دەزانێت بۆ هەر جۆر وئاستێکی کۆمەڵگا، هەرچی (ئایدیۆلۆجیای تایبەت)ە ئەوا لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیا گشتیەکەدایە و مەبەست لێی دەرکەوتنییەتی لە چینایەتی کۆمەڵگا و بەردەوامیدانە بە کۆنترۆڵکاری چینی هەبوو لە کۆمەڵگا، ئەم ئایدیۆلۆجیایەش بەپێی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت( السديس،١٩:٢٠٠٠).

ئالتوسێر خوازەیەك(إستعارە) بۆ چەمکی ئایدیۆلۆجیا دەکات و دەستەواژەی خود ( ذات )ی بۆ بەکاردێنێت و دەڵێت: ( چەمکی خود بنەمای هەموو ئایدیۆلۆجیایەکە، بەو پێیەی ئەو وەزیفەیەی کە هەموو ئایدیۆلۆجیایەك دەیبینێ گۆڕینی تاکە بۆ خود) واتە سەرمایەداری لە ڕێی ئایدیۆلۆجیاوە بۆ ئالوگۆڕپێکردنی تاکی بەرجەستە بۆ خودێکی وەهمی ( وەهمە خود ) کاردەکات کەوا بانگەشە دەکات سەربەخۆو ئازادە و هەر خۆیشی زاڵە بەسەر جوڵەی مێژوودا، هەروەها ئالتوسێر پێیوایە هیچ دەروازەیەك بۆ هەڵماڵینی ئەم ڕاستییە نییە تەنها بە ڕووتکردنەوەی سەرمایەداری نەبێت وەك هێزێکی هەژموندارو بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕوانگە خودێتییە وەهمییە، چونکە سەرمایەداری بەردەوام لە ڕێگەی دەمامکی جۆراوجۆرەوە خۆی نوێ دەکاتەوە، کە تەنها بە لابردنی ئەو دەمامکە (خودێتی سەنتەرە) دەتوانین ئاشنا ببین بە جوڵە وبزاوتی بابەتی، کە مەبەستی زانستە( العروي،٩٤:١٩٩٣-٩٦).

مەبەستی ئالتوسێر ڕزگارکردنی زانست بووە لەو ڕێژەگەراییەی، کە ( لۆکاش ) بەرجەستەی کردبوو، کەواتە جیاواز لە (مارکس و گرامشی)ش، ئالتوسێر پێیوایە زانست دژی ئایدیۆلۆجیایە، ومەعریفەش بە ئایدیۆلۆجیا دەستپێدەکات و پێویستە مەعریفەش پوخت بکرێتەوە لە ئایدیۆلۆجیا و زانست

شوێنی بگرێتەوە، لە کاتێکدا مارکس بە زانست کەشفی ئایدیۆلۆجیا دەکات، بەڵام شوێنی ناگرێتەوە و نایسڕێتەوە، هەرچی گرامشیە وای بۆ دەچێت زانست یەکێکە لە پێکهاتەکانی ئایدیۆلۆجیا.

هێڵکاری(٣) تێڕوانینی ئاڵتۆسێر بۆ ئەرکی ئایدیۆلۆجیا لە کۆمەڵگادا

کۆمەڵگە

تاک ←←←←← خود

ئایدیۆلۆجیا

*ئامادەکردنی توێژەر

## ج- ئەنتۆنیۆ گرامشی ( ١٩٣٥-١٩٧١ )

ئەنتونیۆ گرامشی تێڕوانینی وایە ئایدیۆلۆجیا لە کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە، یاخود پایەکانی لە ناو دامەزراوەکانیدا بەهێزدەکات پێش ئەوەی بگاتە دەسەڵات، بەمپێیە بێت ناکرێت ئایدیۆلۆجیای چینی دەسەڵاتدار ئایدیۆلۆجیای هەبوو بێت، مێژوو پێماندەڵێت، کە مەسیحیەت وەك ئایدیۆلۆجیایەك بۆ ماوەی دەیان ساڵ تەواوی قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری ڕۆمانی گرتبۆوە پێش ئەوەی ئیمپراتۆر بە فەرمی مەسیحیەت بکاتە ئایینی فەرمی ئیمپراتۆریەتەکە. بۆیە گرامشی پێیوایە، کە ئایدیۆلۆجیای کۆمەڵگا نەك ئایدیۆلۆجیای چینێکی دیاریکراو پێکهاتەیەکی گرنگە بۆ کۆمەڵگا و بە کۆتاییهاتنی کۆمەڵگای چینایەتیش ئەم ئایدیۆلۆجیایە کۆتایی نایەت و هەر دەمێنێت ( مختار،١٣١:١٩٨٤).

گرامشی توانی تیۆری مارکسیەت لە پەیوەندیدا بە ئایدیۆلۆجیاوە گەشەپێبدات،ڕایگەیاند سیستمی چینایەتی سەرمایەداری بەشێوەیەکی ئاسایی تەنها لەسەر ناهاوسەنگی نابەرابەری هێزە سیاسی و ئابورییەکان دانەمەزراوە، بەڵکو لەسەر هەژموون( هیمنة) و تیۆری و بیرکردنەوەی بۆرجوازی دامەزراوە، مەبەست لە هەژموونی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵکردن ئەو هەژموونە ئایدیۆلۆجیەیە، کە بیری بۆجوازیەت لە هەناویدا توانای پاشەکشەپێکردنی سەرجەم هێزە کێبڕکێکارەکانی تری هەیە و توانای داهێنانی فۆڕمێکی تایبەتی هەیە، کە واتای گشتی دەداتە سەردەم. دواتر گرامشی ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئاستی ڕەگداکوتانی ئایدیۆلۆجیا لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگا، لە هونەرو ئەدەبدا، لە سیستمی فێرکردن و ڕاگەیاندنی جەماوەریدا، لە زمانی ژیانی ڕۆژانە و کلتوری میللیدا( هیود،١٨:٢٠١٢).

گرامشی دژی هەر بەکارهێنانێکی ئایدیۆلۆجیا بوو وەکو ( هۆشیاری ساختە ) و گرنگی بە ئەگەری ئەو ساختە بوونە نەدەدا، بەڵکو گرنگی بەو وەزیفەیەدا، کە دەکرێت ئایدیۆلۆجیا بینوێنێت، واتێدەگەشت ئایدیۆلۆجیا ڕوانگەیەکە بۆ جیهان، کە لە فۆڕمی بیروباوەڕێکدا مرۆڤـ هاندەدات بۆ کردە، دیارە ئەم ئایدیۆلۆجیایە بە ڕوونی لەفەلسەفە وئایین و هەستی هاوبەشدا و لە ڕێی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەنیسە و قوتابخانە و کتێبخانە و ڕۆژنامەگەرییەوە خۆی نمایش دەکات، لەسەر ئەم بنەمایە ئایدیۆلۆجیا دەبێتە بنەڕەتی هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی، بۆیە گرامشی جەختی لەوە کردەوە، کە ناتوانین ڕووبەڕووی هەژموونی بۆرجوازی ببینەوە تەنها لە ڕێگەی دامەزراندنی هەژمونێکی پرۆلیتاریانەوە نەبێت لەسەر ئاستی سیاسی و ئایدیاڵی، کە لەسەر ئاستی فیکرو بەها و تیۆرە ئیشتراکییەکان کێبڕکێی بۆرجوازییەت بکات ( هیود،١٩:٢٠١٢).

## ح- سیگمۆند فرۆید ( ١٨٥٦- ١٩٣٩ )

فرۆید زۆر بەقوڵی ڕۆچوەتە نێو مەیدانی دەروونزانی و کەسێتی وپێکهاتەکانییەوە و توێژینەوەی قوڵی ئەنجامداوەو هەرگیز ڕۆژێك بە ناڕاستەوخۆش بێتَ خۆی لە کایەی سیاسەت نەداوە، بەڵام ئەوەی گرنگە فرۆید هەوڵیداوە فاکتەری بنەڕەتی بیرکردنەوە وبانگەشەکان و چۆنێتی شەقڵگرتنی کەسێتی کەسەکان و کۆمەڵگای گەڕاندۆتەوە بۆ بابەتێکی تاکایەتی و سایکۆلۆجیانە. فرۆید کاتێك لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕادەمێنێت چەند پرسیارێك دەکات ، ئایا چ شتێك نمایندەی بەشی هۆشیاری تۆمارکراو دەکات بە پێوانی ئەو ماوە زەمەنییەی، کە تێپەڕیوە؟ هەر خۆی وەڵامدەداتەوە و دەڵێت: زەمەنە لەبیرچوەکان زیاتر گرنگترن لەو بەشەی مێژووی گەشەکردنی سروشتی مرۆیی، کە تێیدەگەین، پێویستە گرنگی بە ڕابردووی دووری مرۆڤـ بدەین پێش کاتە نزیك و نوێکان ( القريب )، بە لەبیرچوەکان پێش تۆمارکراوەکان، بە چەپێنراوەکان پێش قبوڵکراوەکان( العروي،٤٠:١٩٩٣).

فرۆید پێیوایە پاڵنەری بەردەم ژیان بەهەردوو لایەنی فیکری و ڕەفتارەوە بریتیە لە ئارەزوو( الرغبة )، کە بنەمای هەموو جۆرە تێکەڵاوبوون و پەیوەست بوونێکە، عەقڵیش وەك هەر بوونێکی تر لە ژێر ڕکێفی ئارەزوودایە، ڕەگەزە زیهنییەکان لەسەر هەموو ئاست و شێوازەکانی جگە لە دەمامکێك، کە لە پشتییەوە ئامانجە ئارەزوییەکان خۆی حەشار دابێت هیچی دیکە نییە، بۆیە مێژووی شارستانی، یان هۆشیاری مرۆڤـ زۆر لە مێژووی ڕابردووی ژیانی مرۆڤەکان کورتترە، پاڵنەرە چەپێنراوەکان لە نێو دەریای لەبیرچونەوەدا نقوم نابن، بەڵکو لە سەرڕوو( سطح ) و ڕووکەشی هۆشیارییەوە، کە عەقڵ بەبێ

ڕتوش کاردەکات و پاساو بۆ تەرزی بیرکردنەوە و ڕەفتارەکان و مەبەستەکانی مرۆڤـ ئامادە دەکات( شعيبي: الأيديولوجيا عند فرويد، ٢٠١٦:محاضرة) .

بەپێی ئەو لێکدانەوەیە بێت فرۆید تەنها ڕۆڵێکی ئامێرییانە دەداتە عەقڵ و پێشیوایە هەرگیز ئامێر ناتوانێت ڕاڤەی یاساکانی بکات، بۆیە بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان دەبێت ئێمە لە دەرەوەی عەقڵ توێژینەوە بکەین. فرۆید پێیوایە: ناتوانین لە ڕێگەی ڕێسا عەقڵییەکانەوە لە بیروباوەڕو ئایدیا و سیستمە کۆمەڵایەتی ومەزهەبییەکان تێبگەین، تەنها مەگەر بە ڕۆچوون لەو شتەی، کە حوکم بەسەر عەقڵدا دەکات و بەگەڕی دەخات. دیارە ئەو هێزەش، کە عەقڵ بۆ جێبەجێکردنی مەبەستەکانی بەکاردێنێت ئارەزووە چەپێنراوەکانی پشتی هەستە( الوعي ). لێرەدایە فرۆید هەریەکێك لە ڕەوشت و بەهاو ئایین و ئەفسانە و کاروبارە هونەری وئەدەبییەکان و فۆڕمی کلتوری و نەخۆشی و ناسازییەکانی مرۆڤـ و هەڵە زمانەوانی وعەفەوییەکان بە ئەنجامی ئارەزووەکان ڕاڤە دەکات، کە وەك ئامانجێکی غەریزی لە فۆڕمی عەقڵانیدا خۆنمایش دەکەن( العروي،٤٢:١٩٩٣). دیارە ئەگەر کۆی هەموو ئەو ئەنجامە ڕەوشتی وڕۆشنبیری و ئەفسانە و کلتورە وەدەستهاتووانە لەسەر ئاستی شێوەو بنەمای عەقڵانی وەربگرین، ئەوا ڕووەو وەهم و خەیاڵ ئاڕاستەمان دەکات، بەڵام گەر وەکو پێداویستی ویاسای ئارەزوو وەریانبگرین ئەوا دەمانگەیەنێتە سەر کرۆکی ڕاستی و هەڵماڵینی حەقیقەتی ناخی مرۆڤەکان.

هەڵبەتە فرۆید لە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ڕەخنەیدا ئەو تێزەی خۆی دەردەبڕێت، مەبەست لەم ڕوانگەیەش ئەوەیە ناتوانێت بابەتەکان تەنها لەسەر ئاستی ڕووکار قبوڵبکات، بە ڵکو لە بەرانبەردا بە دوای هۆکارە ناوەکییەکانی فیکر و ڕەفتاردا دەگەڕێت ، چونکە ئەو گومانی نییە لەوەی بیرەکان و ڕەفتار کە شێوازی ئایدیۆلۆجیا وەردەگرن پێچەوانەی ناخی مرۆڤەکان پێشان دەدات. شایانی باسە خاڵی لێکچوون لە نێوان (فرۆید) و (کارل مارکس)دا دەدۆزینەوە، کە هەردووکیان ئیش لەسەر تیۆری هێڵی ( الخطي ) دەکەن و مەبەست لێی گێڕانەوەی هەموو ئاکامێکە بۆ ئەنجامدانی یەك کردە، دیارە ئەم تێڕوانینە لە ژێر کاریگەری عەقڵی یەکدانەیدایە، بۆیە مارکسیش هەمان بۆچوونی هەبوو، کە جوڵێنەری مێژوو و پێکهاتەی سیستمی کۆمەڵگای بۆ تاکە هۆکارێك گەڕاندەوە کە ئەویش هۆکاری ئابورییە( شعيبي: الأيديولوجيا عند فرويد، ٢٠١٦،محاضرة) .

## خـ- كارل مانـهايم ( ١٨٩٣ـ ١٩٤٧ )

لەسەردەمی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە و لە ساڵی ( ١٩٣٤ ) فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی( کارل مانهایم ) لە نێو ئەو تەنگژە سیاسی وکۆمەڵایەتی و قەیرانە داراییەی، کە وڵاتانی ئەورووپای

گرتبویەوە بۆیەکەمجار چەمکەکە دەخاتە نێو چوارچێوەیەکی زانستی وشیکارێکی ورد بۆ بنەڕەتەکەی دەکات، بەیەکێك لە کۆمەڵناسە پێشەنگەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت، کە هەوڵیدا بونیادێکی نامارکسییانەی چەمکی ئایدیۆلۆجیا دابڕێژێت. ئەگەرچی هەروەکو مارکس ئەمیش بڕوای وابوو کە بیرو تێڕوانینی مرۆڤەکان لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیانەوە دروست دەبێت، بەڵام بە پێچەوانەی مارکسەوە هەوڵیدا چەمکی ئایدیۆلۆجیا لە ناوەرۆکە نەرێنییەکەی دەربهێنێت.(مانهایم) وا وێنا دەکات، کە هەموو ئایدیۆلۆجییەکان وەکو نەسەقێکی فیکری لە پێناو بەرگریکردن لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەکاردێن،و بەشێوەیەکی فراوان دەربڕی بەرژەوەندی گروپە فەرمانڕەوا و دەسترۆیشتووەکانن، بەڵام یۆتۆپیا وێنەیەکی نمونەی (مثالي)یە، کە ئاماژە بە پێداویستی گۆڕانێکی ڕادیکاڵیانە دەکات، کە بەشێوەیەکی نەگۆڕاو خزمەتی بەرژەوەندی چینە بێبەش و زۆرلێکراوەکان دەکات(هیود،٢٠١٢:٢٠). پاشان توانی بە دابەشکردنی ئایدیۆلۆجیا بۆ هەندەکی و هەمەکی( الجزئي والكلي ) ڕەخنەی ئەو ئایدیا نیمچە زاڵ وتەواو توندوتیژانەی، کە ئەوروپای گرتبویەوە بکات، بۆیە لە کتێبەکەیدا بە ناوی ( الآيديولوجيا واليوتوبيا ) دەڵێت: واتای هەندەکی دەستەواژەی ئایدیۆلۆجیا مەبەستێکی ناواخنانەی هەیە، چونکە چەمکەکە ئاماژەیە بۆئەوەی کاتێ ئێمە هەڵوێستێکی گوواتاکارییانە دەبارەی بیرو تێگەیشتنێك وەردەگرین، کە بەرانبەرەکەمان( الخصم ) بۆمان پێشنیاردەکات، چونکە وا دادەنرێت داپۆشینێکی هۆشیارانییە بە پلەی جیاواز، کە شاردنەوەی سروشتی ڕاستی بارودۆخە و بڕواپێکراو نییە زیاتر هاوتایە لە گەڵ بەرژەوەندی دژەکەمان( الخصم )، کە لادانێکی ( التحريفات) هاوپێچە لەگەڵ درۆی مەبەستدارو داپۆشینی مەبەستدارو نیمچە مەبەستدار، هەروەها هاوکاتە لەگەڵ هەوڵدانێکی مکوڕانەی پشت بەستوو بە فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی خود و ئەوانی تر. ئەم وێناکردنەی ئایدیۆلۆجیای هەندەکی جیاوازە لەگەڵ چەمکی درۆی ئاسایی ، ئەم تێڕوانینە هەندەکییە کاتێك ڕوونتر دەبێتەوە کاتێك بەراوردی بکەین بە تێگەیشتن و وێناکردنی هەمەکی زۆرتر (الايديولوجيا الكلي) گشتگیری دەستەواژەی ئایدیۆلۆجیا ، کە لە حاڵەتی دووەمیاندا ئاماژەیە بۆ ئایدیۆلۆجیای سەردەمێك یان ئایدیۆلۆجیای گروپێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی دیاریکراو- وەك ئایدیۆلۆجیای چینێك – کە زیاتر مەبەستمانە خەسڵەت و ڕەگەزەکانی پێکهاتەی گشتی عەقڵیەتی سەردەمێك یان گروپێك ڕوونبکەینەوە( مانهایم،١٢٩:١٩٨٠). بەم واتایە بێت دەتوانین مارکسییەت و سەرمایەداری لیبراڵی و ئیسلامی ئوسوڵی بە ئایدیۆلۆجیای گشتگیر ناوزەد بکەین.

## دووەم: **پۆلێنکردنی ئایدۆلۆجیا :**

پۆلێنکردنی ئایدۆلۆجیا بەشێوازێکی پەتی و کۆنکرێتی کارێکی ئەستەمە، چونکە سەرچاوە و چوارچێوە هزرییەکانی هەر ئایدیۆلۆجیایەک بە پێی جیاوازی کات و شوێن و ئەو گۆڕان و

گەشەسەندنەی کە کۆمەڵگاکان بە خۆیانەوە بینیویانە دەگۆڕێت، پاشان جیاوازی ئەو قۆناغە هزری و دۆزە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەی، کە کۆمەڵگاو گروپەکان پێگەیشتووە دەکرێت ببێتە پێوەرێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی پۆلێنکردنی ئایدۆلۆجیا، لە لایەکیترەوە بێجگە لەوەی ئایدۆلۆجیا بابەتێکی هزری و فەلسەفییە، بەڵام دواجار ڕەهەندێکی پراکسیس و ماددیانەشی هەیە هەروەکو (کارل مارکس )یش جەختی لەم بابەتە کردوە ، بۆیە جۆری ئەو پێداویستی و کێشە ماددییە هەنوکەییانەی کە کۆمەڵگای پێدا تێپەڕ دەبێت دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر لە دارشتن و فۆرمەلەبوونی جۆری ئایدۆلۆجیا جیاوازەکان، ناسینی ئەو ڕەهەندە ماددی-کۆمەڵایەتییانەی، کە بەشدارە لەبەرجەستەبوونی ئایدۆلۆجیاکەدا.

هەروەها زۆرێک لە کۆمەڵناسان جۆری ئایدۆلۆجیای سیاسی بە باوترین و ڕووبەرفراوانترین پۆلێنکردنی ئایدۆلۆجیا دەزانن، بە تایبەت ئایدۆلۆجیای بزوتنەوە سیاسییەکان وگرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان، کە دواتر دەبێتە ئایدۆلۆجیای فەرمی دەوڵەت و دەسەڵات و داخوازی پەیوەست بوون پێوەی لە ئەندامەکانی کۆمەڵگا دەکات، دیارە هەندێکجار ئەم ئایدۆلۆجیایە شێوازێکی(ئاینی)، یاخود(نەتەوەیی) ،یان(ئیشتیراکی ) وەردەگرێت بەپێی سیاسەت و فەلسەفەی بەڕێوە بردن لە و وڵاتە دا، لە لایەکی ترەوە لەبەرانبەر ئەم ئایدۆلۆجیا سیاسیەدا ، ئایدۆلۆجی (ئابوری) و (کۆمەڵایەتی) و (کلتوری) و (ئاینی) و (عەلمانی) هەیە، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ئایدۆلۆجیا کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە (رشوان ،٢٠٠٩:٨٩ ) . هەروەها (السمالوطي) لەسەر ئەو بنەمایەی کە گروپێکن و ئایدیۆلۆجیایەک ئاراستەیان دەکات، دەیکات بەسێ بەشەوە ئەوانیش:

١- ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی، کە ئاڕاستەن بۆ گروپە دیاریکراوەکانی ناو کۆمەڵگەیەک، وەکو ئایدیۆلۆجیای چینێک یان گروپێکی پیشەیی.

٢- ئەو ئایدیۆلۆجیایەی، کە ئاڕاستەیە بۆ هەموو کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتی، وەکو ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی یان یەکێتییە نیشتمانییەکان.

٣- ئەو ئایدیۆلۆجیایەی، کە ئاڕاستەیە بۆگروپەکان، کە سنوری یەک کۆمەڵگایان تێپەڕاندووە، یاخود لەسەر بنەمای جیهانی وەکو ئایدیۆلۆجیای مارکسی ( السمالوطي، ١٩٧٥ : ٢١٥ ).

بەڵام هەندێکی تر لە کۆمەڵناسان ئایدۆلۆجیا لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجیای ئاشکراو ئایدۆلۆجیای نا ئاشکرا و داپۆشراو دابەش دەکەن، دواتر( رۆبێرت مێرتۆن ) جیاکاری دەکات لە نێوان هەردوو چەمکی وەزیفەی ئاشکراو وەزیفەی شاراوەیی ئایدۆلۆجیا لەسەر ئاستی لایەنە هزرییەکان و جیاکاری

له نێوان وەزیفە مەبەستدارو هۆشیارانەی هزرو وەزیفەی نا مەبەستداری ناهۆشیارانە دەکات(رشوان، ٢٠٠٩ : ٩٠ ).

دەکرێت بڵێین پۆلێنکردنی ئایدۆلۆجیا سیاسییەکان کاتێک قورس و گران نابێت و کێشەی مەنهەجی و ئیپستمۆلۆجیمان بۆ دروست ناکات ، کە لەسەر بنەمای پێوەری دیاری کراو پۆلێنیان بکەین، بۆیە ئەگەر پێوەری بەکارهاتوو لەپۆلێنکردندا ، جۆری کۆمەڵ و گروپ بێت، کە دەربڕ لە ئایدۆلۆجیاکە دەکەن، ئەوا ئایدۆلۆجیاکە دەبێتە (نەتەوەیی) یان (چین)ی یان (ڕەگەزی) یان (پیشەیی) ، یاخود ئایدۆلۆجیایەکی دەستەیەکی تەمەنی وەکو ( گەنجان – پیران ) یاخود دەستەیەکی تر .

خۆ ئەگەر پێوەری پۆلێنکردنەکە پەیوەندییە هەبووەکانی نێوان کەس و گروپەکان بێت، ئەوا خۆمان لەبەردەم ئایدۆلۆجیای (لیبڕاڵی ئیندیڤیجوەڵی) یان (ئیشتراکی جەماوەری) یان (فەوزەوی تاکایەتی) دەبینینەوە، بەڵام ئەگەر پێوەرەکە هەڵوێست وەرگرتن بوو لە سیستەمی کۆمەڵایەتی یان سیاسی هەبوو ، ئەوا لەبەردەم ئایدۆلۆجیای (شۆڕشگێری) یان (پارێزگاری) ، یان ئایدۆلۆجیای (چاکسازی)داین ، دواتر ئەگەر پێوەرە بەکارهاتووەکە ماوەی مێژوویی بوو، ئەوا ئایدۆلۆجیاکە یان (پێشکەوتنخوازی ئایندەی) ، یان (کۆنە پارێزی سەلەفی) ، یان ڕازی بوون بە دۆخی ئێستایە (سبیلا ، ١٩٩٢ :١٨٧ ).

پاشـان گەر پـۆلێنی ئایـدۆلۆجیا لە پەیوەندیـدا بە تونـدوتیژییەوە بکەیـن، ئەوا بەر ئایـدۆلۆجیای (توندڕەوی) یان (شۆڕشگێری تروتسکی) یان ئاشتی وەک سیاسەتە ناتوندوتیژییەکەی ( مهاتما گانـدی ) دەکەویـن ، لە کۆتاییـدا گەر پێـوەری پـۆلێنکردنی ئایـدۆلۆجیا پەیوەنـدییەکەی بە ئـاینەوە بێـت ، ئەوا خۆمـان لەبەردەم ئایـدۆلۆجیای ئـایینی یـان خۆسـەپێنی ئـایینی یـان ئایـدۆلۆجیای عەلمـانی یـان مێـژووی دەبینەوە. ( نصار،١٩٨٦:٩٤-٩٥).

## سێیەم: تایبەتمەندی ئایدیۆلۆجیا

ئایدیولوجیا وەک هەر چەمکێکی تری کۆمەڵناسی چەندین تایبەتمەندی هەیە، کەوای لێدەکات ببێتە جێگای گرنگیپێدانی ئەو توێژەرانەی، کە مەبەستیانە تاووتوێی بابەتەکە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسیانەوە بکەن، لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییە گەورە و ڕیشەییانەی، کە بە سەر بنەماو ئەرکەکانی چەمکەکەدا هاتووە هێشتا هەڵگری چەندین تایبەتمەندی جیاکەرەوەیە، لە وانەش:

## ١- گشتگیری لە ڕاڤەکردندا:

ئایدیولوجیا دەروازەیەکە، کە لێیەوە مرۆڤ و کۆمەڵگا جیهان و بوونی لێوە دەبینن، دەتوانن واتا بدەنە شتە مادی و بابەتە مەعنەوییەکانی دەوروبەریان. بۆیە هەوڵی ڕاڤەکردنێکی گشتگیری کۆمەڵگای مرۆیی و هێزە جوڵێنەرەکانی دەدات، بە خۆبواردن لە دروستی یان نەپێکانی ئەو ڕاڤەکردنە، لەم چوارچێوەیەدا ئایدیۆلوجیا هەوڵدەدات ڕاستییە تایبەتەکان (ڕاستی وبەرژەوەندی چین) وەک ڕاستی گشتی و پیرۆز دابنێت، کە قابیلی تانەلێدان نین، شێلگیرانە هەر جۆرە دژیەکی و ناجۆرییەک، کە دەکرێت لە نێوان بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارو بەرژەوەندی گشتی سەرهەڵبدات لە هەناوی خۆیدا وندەکات. پاشان ئایدیولوجیا دەتوانێت لە ڕێی ئەو ڕاڤە گشتگیرەوە، کە دایدەڕێژێت هەموو ئەو پێداویستی و چەمکە زیهنی وسایکۆلۆژی و ڕوحیانەش ملکەچ بکات، کە خۆی بۆ پاساوهێنانەوەی خۆی دایمەزراندون وەک (زمان، ئەفسانە، ئەخلاق،ئایین ، مۆراڵ، یاسا، فەلسەفە)، هەروەها کاردەکات بۆ دامەزراندنی نەسەقێکی ئاڵۆز لە ناڕۆشنی وبەهانە هێنانەوە( خزار، ٢٠١٣ : ٤٩ ).

## ٢- جۆشدان و بزاوتنی جەماوەر:

گوتاردان یەکێکە لەو تایبەتمەندیەی، کە ئایدیولۆجیا بۆ هاندان و بزواندنی شوێنکەوتوانی دایدەڕێژێت، کە تەنها بۆ ئاڕاستەکردنی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو بۆ دروستکردنی بزاوت و جوڵەیە لە نێو لایەنگرانیدا، هێزی ئایدیولوجیا لە بەڵگەی ئەزموونی و لۆژیکیدا نییە، بەڵکو لە توانای هاندانییەتی بۆ جوڵاندن و ئاڕاستە کردن. ئەمەش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی باشترین بەڵێنەوە، بە شێوەیەکی سروشتی ئایدیۆلۆجیا پیادەی دەسەڵات بەسەر ئەو کەسانەدا دەکات، کە پەسەندییان کردووە، دەسەڵاتی ئایدیولوجیا لەو هەستە بزوێنەرەوە دێت، کە مرۆڤ ڕووەوکارکردن دەجوڵێنێت ( خزار ، ٢٠١٣ :٥٠ ).

پاشان ئایدیۆلۆجیا هەوڵی بزوتنەوە و گۆڕانکاری دەدات، هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی بیروباوەڕەکەیەوە دەدات، ئەو تەنها ڕاڤەی جیهان ناکات، بەڵکو دەشیگۆڕێت وەک ئەوەی پێویستە ببێت، لەبەر ئەوە ئایدیۆلۆجیا وێنایەک نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکو تێڕوانینێکە بۆ داهاتوو( بیطار،١٩٦٤:٦٥-٧٠).

## ٣- عەقڵانییەت :

ئایدیۆلۆجیا ڕاڤەیەکی گشتگیری جیهان پێشکەش دەکات و زۆرجار وەک دواشیکاری دڵنیایی تەواو نمایش دەکات. ئەم ڕاستیەش هەندێکجار دەرگیری دەکات لەگەڵ هەندێ ڕاستی زانستی مەعریفیدا، بەڵام ئەمە هیچ لەوە کەمناکاتەوە، کە ئایدیولوجیا بۆ خۆی سیستمێکی بیری کۆمەڵێک حوکمدانی

ئاشکرای پێشوەختە لە لایەنی چینێک یان دەوڵەتێک، کە هەوڵدەدات بەرگی لۆژیکی بوون و عەقڵانییەت بپۆشێت، یاخود لە هەندێک حاڵەتیشدا خۆی وەک زانستێک دەردەخات. هەوڵدەدات بە بەردەوامی وەڵامدەر و ڕاڤە کارێکی ڕاستەوخۆی واقیعی ئاڵوزی ژیان وکۆمەڵگابێت، هەندێک جاریش هەوڵدەدات، کە ڕەهەندێکی لۆژیکی وەربگرێت (السمالوطي،٢١٨:١٩٧٥).

## ٤- خزمەتکردنی بەرژەوەندی تایبەت :

ئایدیولوجیا لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بیرو ئایدیای ڕێکخراو خۆنمایش دەکات، هەوڵدەدات ئامانجێکی دیاریکراو بە دەستبهێنیت، دیارە لە ڕوانگەی دژ بەرەکانی ئەو ئایدیولوجیەوە ئەو مەرامە وەکو بەرژەوەندی چین و تاقمێکی تایبەت سەیر دەکرێت.

ئایدیولوجیا بابەتێکی ئەبستراکتی دابڕاو لە واقیع نییە، بۆیە بەردەوام ئاماژەیە بۆ بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی تاک و گروپەکان. هەردەم ئایدیولوجیا بە لایەنی گروپە بەرژەوندخوازەکان ئاراستە دەبێت، بۆیە هەمیشە لە پێناوی پاراستنی خواستەکانی گروپێکی دیاریکراو ئایدیولوجیا هەڵدەستێت بە پاساو (تبریر) هێنانەوە بۆ بارودۆخی هەبوو، لە هەمانکاتدا ئایدیولوجیاکانی تر، کە دەیانەوێت گۆڕانێک لە واقیع دا بهێننە دی ئەوانیش دواجار هەر خزمەتی بەرژەوەندییەکی تایبەت دەکەن(السمالوطي، ١٩٧٥ : ٢١٨ )

## ٥- جیاکاری کردن لە نێوان دۆست و نەیاراندا:

سروشتی ئایدیۆلۆجیا وەهایە، کە کۆمەڵگەیەکی یەکڕەنگ لە چواچێوەی مێژوویی و شوێنکاتێکی دیاریکراودا بۆ خۆی دروست دەکات. ئەم کۆمەڵگە هاوڕەنگە زۆرێک لە شێوازەکانی ژیان و بیرکردنەوە و نەریتی ڕۆژانەیان لەیەک دەچێت وابەستەییەکی توندوتۆڵ پێکیانەوە گرێدەدات بە شێوەیەک هەست بە بوونی یەک جەستە دەکەن. ئەم یەکڕەنگی و خۆڕێکخستنە بە ئاشکرا لە دەرەوەی خۆیان هەستی پێدەکرێت. ئەم کۆمەڵگا بچوکە هەوڵی دابینکردنی خۆبەخۆی زۆرینەی پێداویستییە بیری و تەنانەت هەندێکجار مادییەکانی خودی هەوادارانی ئایدیۆلوجیەتەکە دەدات، بە مەش تەواو جیادەبنەوە لە کۆمەڵگا گەورەکە.

بۆیە لێرەدا ئایدیدلوجیا جیاوازی لە نێوان هاوڕێ و هەوادار لە لایەک و دژو ناهاوڕاکان لە لایەکی تر دەکات و هەوڵی لە ئامێزگرتنی دۆستەکان و تێکۆشان دژی نەیارەکان دەدات، ئەوانەی وەک ئایدیۆلوجیایەکی جیاواز بوونەتە بەربەست لە بەردەم بڵاوکردنەوەی ئایدیولوجیاکەدا. لە لایەکی ترەوە هەرگیز بوارێک بۆ گەنگەشەی ڕاجیایی و ئاگربەست لە ئایدیۆلوجیادا نییە، مەگەر دوای سەرکەوتنی

تەواوەتی بە سەر نەیارەکانیدا. بەم شێوەیە ئایدیولوجیا پەیوەندی لە نێوان ئەندام و هەوادارنیدا دروست دەکات، کەوا بڕوادەکەن خاوەنی مەعریفەیەکی ڕەهان لە ئێستاو ئایندەدا و نەیارەکانیشان بە گومڕاو سەر لێشواو وەسف دەکەن (خزار،٥١:٢٠١٣).

## ٦- لایەنگیری و دەمارگیری ( تعصب)

هەمیشە وا سەیری ئایدیۆلوجیا دەکرێت، کە جۆرێکی لایەنگیری بیروباوەڕەکانە، بە هۆی گشتێتی لە حوکمە پێشوەختەکانیدا، لایەنگیری بۆ لایەنی بەرژەوەندی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەی کە هەوڵی بۆ دەدات. بەم پێیە ئایدیۆلوجیا هەوڵی بچوکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و داپۆشینی دژیەکێتییەکان و بێئاگاکردنی خەڵکی لە زانینی بارودۆخیان، کارکردن بۆ نیشاندانی کۆمەڵگا لەحاڵەتی یەکێتی و پێکەوەیی وجێگیری دەدات، لە کاتێکدا ڕەخنەگرانی ئایدیۆلۆجیا (کە هەندێک کۆمەڵناس بە یۆتوپیای ناوزەددەکەن، چونکە لە دۆخی دەسەڵاتدارێتیدا نین – کارل مانهایم – بە نموونە ) زیاتر جەخت دەکەنەوە لەسەر دەرخستنی خاڵی ناکۆک ، دەرخستنی جیاوازی و دژیەکییە کۆمەڵایەتییەکان بە مەبەستی تێپەڕاندنی. لێرەوە ئایدیۆلوجیا وەک بیرێکی مەبەستگەراو بەرژەوەندیخوازی ئینتیقائی دەردەکەوێت، هەروەها بەرجەستەی ڕەهەندێکی بیروباوەڕیانە دەکات، کە لە دڵنیایی ئایدیۆلوجیەکەیدا خۆی نمایش دەکات و هەرگیز حوکمەکانیش بە بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی و بەدواداچونی ئەزموونی هەڵناسەنگێنرێت، بۆیە دەمارگیری و توندگیری یەکێکە لە جیاکارییەکانی ئایدیۆلوجیا. ئەم ئەنجامە کۆتاییەی کە ئایدیۆلوجیا وەکو بیرو باوەڕێک پێی دەگات وای لێدەکات ببێتە فەلسەفەیەکی داخراو کە زیاتر لە بیروباوڕێکی ئایینییەوە نزیک بێت، نەک بیرکردنەوەی زانستی، کە بە کرانەوەو نوێگەری و ڕەخنەگرتن جیادەکرێتەوە(خزار،٥١:٢٠١٣).

## ٧- **ڕێژەیی بوون** :

هەرچەندە بە درێژای مێژوو ئایدیۆلۆجیاکان بە جیاوازی سروشتە بیری و مەعریفیەکانیشیان هەمیشە بانگەشەی ڕەهایی بوونیان کردووە، بەڵام ئەمە لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە، کە ئایدیۆلۆجیاکان هەر چۆنێک خۆیان بەرهەمیهێنابێت و لە ڕووی هزرییەوە خۆیان ڕێکخستبێت، ئەوا هەر بابەتێکی ڕێژەیین و دەکرێت لە دەرەوەی ئەوان مرۆڤ و کۆمەڵگا حەقیقەت بدۆزنەوە ، وەکو ( لینین ) دەڵێت: هەموو ئایدیۆلۆجیایەک ڕێژەییە لە ڕووی مێژووییەوە ( الانصاري،٣٧:٢٠٠٠ )، هەروەها وەکو ( رشوان) دەڵێت:( ئایدیۆلۆجیا بابەتێکی ڕێژەییە و دەگۆڕێت و کەم و زیاد دەکات و ئیزافەی بۆ دەکرێت بە پێی ئەو بارودۆخ و حاڵەتانەی، کە نەوە لە دوای نەوە پێیدا گوزەر دەکەن ، یاخود وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت لەگەڵ دەستگرتن بەو بڕە دیاریکراوە لە دامەزراوی و جێگیری بۆ

هەر ئایدیۆلوجیایەک . لەگەڵ ئەوەی هەموو کۆمەڵگاش بە بەردەوام هەوڵی خۆگونجاندن دەدات لەگەڵیدا لە میانەی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانی دورکەوتنەوە لە بەزاندنی( رشوان،٢٠٠٩:٨٣).

## ٨- کۆمەڵگەیی بوون و بەرجەستە بوون

دیارە ئایدیۆلوجیا لە ناو کۆمەڵگە و لە ڕووی پراکتیکەوە وەک یەکەیەکی دابەشنەبوو دەبینرێت، هەر هێندەی ئایدیۆلوجیا جێ پێی خۆی داکوتا ئیدی بەخێرایی دەبێتە سیاسەتی فەرمی و لە بەهاو کلتورو پرۆگرامە فێرکاری و ڕوشنبیرییەکاندا ڕەنگدەداتەوە. ئەم ڕاستیە (لویس ئاڵتۆسێر) بە وردی لە گوتاری (ئامێری دەوڵەتی ئایدیۆلوجیدا) باسی کردووە، کە ئیتر توانای جیاکردنەوەی ئاستەکانی ئایدیۆلۆجیا لە ناو کۆمەڵگا قورس دەبێت و توێژەر بە ئاسانی ناتوانێت کەشفی پنتەکانی ئەو ئایدیۆلۆجیایە لە سەرجەم ئاستەکاندا بکات. بۆیە ئەگەر دەوڵەت ئامرازی هەژموونی ڕێکخستن بێت لە کۆمەڵگادا، ئەوا ئایدیۆلوجیا قۆرخی دروستکردنی هێما و وێناکان و نموونە باڵاکانی کۆمەڵگا دەکات. ئەمەش لە پێناو پاراستن وگرەنتی کردنی بەرژەوەندی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبوو( رشوان، ٢٠٠٩ : ٨٤ ).

## ٩- پاڵنانی گروپ ڕووەو گرتنەبەری کردەی دیاریکراو:

ئایدیۆلوجیا لە پێناوی دابینکردنی پێداویستییە مادی و سایکۆ- سوسیۆلۆجیەکانی مرۆڤدا کۆشش دەکات، وەکو (کارل مارکس) ڕایگەیاند مرۆڤ کاتێک لە دایک دەبێت یەک پارچەیە لە پێداویستی (مادی، ئابوری، ڕەگەزی،سیاسی، کەسی) هەروەها بۆ هەر شتێک پێداویستییەک لە بەرانبەریدا هەیە، یاخود پێداویستییەک دەوروژێنێت، کە ئەم پێداویستیانە بە تەنها توانای تێرکردنیان نییە، بۆیە مرۆڤ بە ناچاری هانا دەباتە بەر کاری گروپی و کۆمەڵگەیی (هەرئەم ڕاستیەش بنەمای فەلسەفە مادیە دیالێکتیکیەکەی مارکس)ە( لوفیفر،١٩٧١:٤١-٤٢)، بۆیە لەم نیۆەندەدا ئایدیۆلۆجیا وەک فریادڕەسێک دێت مرۆڤ لەم کڵۆڵی خۆگونجاندن و مانەوەیە ڕزگار دەکات، بەوەی چوارچێوەی گروپکەلی جیاوازدا نموونەی جۆری ڕەفتارکردنی تایبەتمەندیان بۆ پێشنیاز دەکات، تابتوانێت کەمێک لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ مرۆڤ کەمبکاتەوە، یان ئارەزووە شەڕەنگێزییەکان تێربکات و بەرجەستەی ئامانجی ئەو کەس و خەڵکانە بکات، کە بەدەست لاوان و ئاراستە شەڕەنگێزییە بەهێزەکانی خۆیانەوە دەناڵێنن(السمالوطي،١٩٧٥:٢١٩).

واتە ئایدیۆلوجیا بە بەردەوامی ڕووەو کۆمەڵ ئاراستە دەبێت و هەوڵی نەخشاندنی ڕێگایەکی تایبەتمەندی ڕەفتاری ئەندامەکانی دەدات. دەکرێت ئەم کۆمەڵە چینێکی دیاریکراو، یان پارتێکی سیاسی، یان تەواوی گەلێک بێت وەکو نەتەوە، یان بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی. پاشان ئایدیۆلوجیا مەبەستێتی

هەستکردن بەهێز و کارایی لای کەسەکان گەشەپێبدات لە ڕێی گرێدانی بە گروپ و کۆمەڵێکی تایبەتەوە، کە هەمان بڕوا و ئامانج ومیکانیزمیان هەیە.

## چوارەم: وەزیفەکانی ئایدیۆلۆجیا

لە چواچێوەی ئەو کێشانەی لەهەمبەر لێکدانەوەو شرۆڤە جیاوازەکان، کە لە بارەی ئایدیۆلۆجیا دێتە ئاراوە، ئەو بڕوایە لای هەندێک توێژەر و ڕۆشنبیر گەڵاڵە دەبێت، کە ئایا ئەوە ئایدیۆلۆجیا نییە بۆتە لەمپەر لە بەردەم کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگا و ئاسایی بوونی قبوڵکردنی جیاوازییە هەمە ڕەنگەکان لە ژیانی هاوڵاتیاندا؟ خۆ ئەگەر سەرنجێک لە مێژووی نزیکی ئایدیۆلۆجیە گشتگیرە دەسەڵاتدارەکان بدەین درکی ئەو ڕاستییە دەکەین، کە ڕێژەی ئەو نەهەماتی و کوشتن و دەردە سەرییە بیری و سیاسیانەی، کە ئایدیۆلوجیاکان دروستیان کردووە زۆر زیاتر بووە لەو مژدە و خەیاڵە بەهەشتیانەی بەکۆمەڵگاکانیان داوە. بە واتایەکی تر، ئایدیۆلۆجیا زیاتر وەکو ئامڕازێک بووە بە دەستی خاوەن نفوز و دەسەڵاتەکانەوە بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگا و هەڵاواردنی گروپە ناهاوڕاکان و سڕینەوەی مادی ومەعنەوی هەر پێشنیازێکی تری دەرەوەی خۆی. لەهەمان کاتدا مرۆڤایەتی بە درێژای مێژوو لە پرۆسەیەکی بەردەوامی بەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلوجیا بووە، دەکرێت بڵێین: (مروڤ و کۆمەڵگا بێ ئایدیۆلوجیا نایکرێت).یاخود هەروەکو ( بلقریز ) دەڵێت: ئایدیۆلۆجیا هەرگیز نامرێت و پێداویستی- تلازم- بوونی مرۆڤە( بلقریز،١٩٩٢:٢٦). لە لایەکی تریشەوە بابەتی درکپێکردنی ڕاستییەکان ودیاریکردنی دونیابینییەکی تەواو کاری هەمیشەیی فەیلەسوف و ڕۆشنفکرانیش بووە و بۆساتێک لێی دانەبڕاون، بۆیە (ریمون ئارۆن) دەڵێت: ئایدیۆلوجیا تریاکی ڕۆشنبیرانە(غرانوف،١٢٥:١٩٨٣)، واتە کۆمەڵگا و مرۆڤەکان مەحکومن بە هەڵبژاردنی تەرزێک لە بیرکردنەوەو پەیوەندی، کە لانی کەم واتا بە بوونیان بدات وەک بونەوەرێکی جیهانی. پێشتریش ئاماژەمان پێداوە مرۆڤ ئەو بوونەیە، کە پەرۆشی دەربڕ لە خۆکردنەوە بەبەردەوامی، ئەم هەڵوەداییەش بۆ خۆسەلماندن و جێگرتنی لە چوارچێوەی بووندا واتایەکی زیاتر بە بوونی مرۆڤ دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئایدیۆلۆجیا خاوەن توانایییەکی گەورەیە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و دۆزینەوەی پاڵنەری کرداری لە لای مرۆڤەکان و دامەزراندنی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەوەش چەسپیووە گۆڕان و ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان بەبێ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی ئایدیۆلۆجی کارێکی مەحاڵە( قراملکی، ٢٠٢٠ : ١٥٣ ).

لە لایەکی ترەوە مێژووی مرۆڤ ، مێژووی ململانێیەکی بەردەوام وسەراسیمە بوونی خۆیەتی لە نێوان دوو تەوژمی ژیانکردنی خۆیدا ئەوانیش، لە لایەک خۆی وەک مرۆڤ بە بەردەوامی خەریکی

بیناکردنی دونیا بینییەکە، کە پایەکانی لەسەر بنەمای عەقڵانییەت و پێداویستی ڕاستەقینەی ژیان دامەزرابێت، کە ئەمەش دڵنیای دەکاتەوە لە مەترسییە درکپێکراوەکانی دەرەوەی خۆی، کەمەبەست لێ هەڵسەنگاندنێتی وەک خواستی عەقڵانی وسایکۆلوجی ودواجار حکومدانیشیەتی، کە ئایا تا چەندە لەو تەرزە بیرکردنەوە وژیانە لەسەر ڕێی پێکهێنانی شارستانییەت و بە خزمەتی مرۆڤایەتی تەواو دەبێت. لە لایەکی ترەوە بە هۆی مەحکومبوونی مرۆڤ وکۆمەڵگە بە کارتێکەرە شوێنی و کاتییەکان ، خودی ئەو بیرکردنەوە ڕێژەییانە شیاوی ئەوەن، کە کۆن بن و بۆ ژیانکردنی نوێ دەستنەدەن، بەڵام دواجار ئەو فۆبیایەی، کە ئایدیۆلوجیا بە درێژایی مێژوو بۆ مرۆڤی دروست دەکات ناهێڵێت مرۆڤ جیاوازتر بیربکاتەوە و پرۆسەی گۆڕان پەکدەخات وادەکات، کە بوونی فیزیکی وهزری کۆمەڵگا بخاتە ژێر مەترسی ڕاستەقینەوە. لێرەدایە، کە مرۆڤ دەکەوێتە بەر دۆخی هەڵوێست وەرگرتنەوە و ناکرێت ببێتە کۆمەڵەی ئەو شتەی خۆی بەرهەمی هێناوە.

ڕاستە ئایدیۆلوجیا چەندین وەزیفەی هەیە و وادەکات مرۆڤ لە سەردەمێکی دیاریکراودا لە ژێر سێبەریدا بحەوێتەوە، دڵنیابێت لە ڕاستێتی بیرکردنەوە و هەنگاوە شارستانییەکانی ، بۆ نموونە ئایدیۆلوجیا بە واتا مارکسییەکەی توانای کۆکردنەوەی چینی پرۆلتیارو ڕێکخستنیانی هەیە، دواجار وزەکانیان بە ئاراستەی جێ بە جێکردنی ئامانج و خواستەکانیان ڕێکدەخات، ئایدیۆلوجیا گەورەترین بۆشایی سایکۆلوجی و هزری تاک و گروپەکان پڕدەکاتەوە، هەروەها واتا دەدات بە چالاکی و بوونی مرۆڤ ، شوناس دەداتە مرۆڤەکان، تەواوکارو بەردەوامیدەری ڕەمەک( الغريزة )( عبدون،٢٠١٨:٣١٤). ئایدیۆلوجیا ناهێڵێت مرۆڤ بونەوەرێکی بێ بەرهەم بێت و هەموو لێهاتوییەکانی مرۆڤ دەخاتە گەڕ، ئەم جۆشدانی لایەنگرانی بۆ نەهێشتنی ستەم و داگیرکاری دەخاتە گەڕ. ئەم تەرزە لە وەزیفە لە زۆرینەی کارو نوسینەکانی نوسەرە مارکسیەکاندا بۆ ئایدیۆلوجیا ڕەنگیداوەتەوە ، بەڵام گەورەترین گرفتی ئایدیۆلوجیا ئەوەیە کاتێک بەرسنوری ئایدیۆلوجیایەکی دژ دەکەوێت ئەو کاتە کارەسات دروست دەکات، ئەگەر توانای قبوڵکردنی جیاوازی و نواندنی نەرمی لە خۆنەگرتبێت، کە لە بەشەکانی دواتردا ماوە بۆ شرۆڤەی بەریەککەوتنەوە هەژموونییە ئایدیۆلوجیا تەرخاندەکەین. لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە ڕوانگەی چەند فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکەوە ڕیزبەندی گرنگترین ئەو وەزیفانە بکەین، کە ئایدیۆلوجیا لە خۆی دەگرێت لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین وەزیفەکانی ئایدیۆلۆجیا دەکەین، کە ئەمانەی خوارەوەن:

## ١- وەزیفەی مەعریفی :

ڕەگەزی مەعریفی بە گرنگترین وەزیفەکانی ئایدیۆلوجیا دادەنرێت، کاتێک ئایدیۆلوجیا بە شدارییەکی کارا دەکات لە دەوڵەمەندکردنی لایەنی مەعریفی لە ڕێگری ئەم ڕەهەندانەوە( ربيع،١٩٨٩:٢٥ ):

آ- پێکهێنـان و دروسـتکردنی سیسـتمێک لە بیر کە کەسـەکان لە ڕێـگەیەوە درکـی جیهـان دەکەن و ڕاڤەی دەکەن و لێـی تێـدەگەن، واتە پێـدانی چوارچێـوەیەکی بیـری پێشـوەخت (مرجـع)، کە وا لە تاکەکـان دەکـات گرنگـی بە بـارودۆخی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی و ژینـگەی خۆیـان بـدەن، هەروەهـا بینـین و تێگەیشـتنی ئەو ڕەهەندانە بە شێوەی ڕونتر.

ب-ئایدیۆلوجیا وەک ڕێنمونیکارێکی بنەڕەتـی ڕێگـای گەیشتنی تاکەکـان بە ئامانجەکانیـان ئاسـان دەکـات ، ئەویش لە ڕێگەی پێدانی کۆمەڵێک ڕێسای چۆنێتی جوڵەی مرۆڤ لە کاری سیاسی و ژینگەی کۆمەڵایتی و ئەو ئامانجەی، کە پێویستە دابڕێژێت و ئامرازە پێویستییەکان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانە ڕێکدەخات.

ج- دیـاریکردنی مافەکـانی کۆمەڵگـاو ئەرکەکـانی ، هەروەهـا دیـاریکردنی ئامـانجە باڵاکـانی کۆمەڵگـا و دەسەڵات و سنورەکانی ، پاشان ڕێکخستنی ژیان بە پێی ئەم چوارچێوەیە.

## ٢- وەزیفەی سیاسی :

ئایـدیۆلوجیا تەنهـا کۆمەڵێـک بیـروڕانییە ، بەڵکو نەسـەقێکە لە هزر، کە ڕەفتارەکـان ئاڕاسـتە دەکـات و لەسەر ئەم بنەمایەش ڕەفتاری کەسی و کۆمەڵایەتی پێوانە دەکـات. دیـارە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێـک پاساو و بیری هەبوو هەن، کە وەزیفەکەیان دەرخستنی ڕێکخستنی کومەڵایەتی و بنیادنـانی دەسـەڵاتە تێیدا ، بەو شـێوەیەی گونجـاوە لە گەڵ سروشـتی شـتەکان .گرنگتـرین وەزیـفەی ئایـدیۆلوجیا و ناوەڕۆکەکەشـی داڕشـتن و فـۆرمەلەکردنی هەڵوێسـتی سیاسـیی یە، چینـی دەسـەڵاتدار- بـۆ نمـوونە- بەجۆرێـک وێنـای بەرژەوەندییە تایبەتەکانی دەکات، کە بەرژەوەندی گشتی هەموو تاکەکـانی کۆمەڵگا و تەنـانەت بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگەن (رشوان ،٩٦:٢٠٠٩).

## ٣- شەرعیەتپێدان و پاسا و هێنانەوە :

پۆشینی بەرگی شەرعیەت یەکێکە لە سەرچاوەکانی خێرا بڵاوبونەوەی ئایدیۆلوجیا و یەکێکە لە وەزیفە بنەڕەتیەکـانی هەر حکومەت و حیزب و گروپێک. بە پێی ئەم تێروانینەش زۆرینـەی سیستمە سیاسییەکان هەوڵـی پاسـاو هێنـانەوە دەدەن و بە شـەرعی دەسـەڵاتی خۆیـان دەناسێنن ، ئەویـش لە ڕێـی ئایدیۆلوجیاکەوە، چونکە سیستـەمە سیاسییەکان تەنهـا بە پشت بەستن بە هێز نـاتوانن هەژمونی خۆیـان بسـەپێنن، بەڵکو پەنـا دەبەنە بەر ئایدیۆلوجیا وەک میکانیزمی بەدەستهێنانی شەرعیەتی ئەو دەسەڵاتە ( إسماعیل،٧٦:١٩٩٠).

ئایدیۆلوجیا پاساو بۆ لایەنگرو هاوسۆزەکانی دێنێتەوە ئەوانەی پێویستیان بە قەناعەتکردن بە ڕاستێتی بـڕوای خۆیـان و ناڕاسـتێتی بـڕوای دوژمنەکانیـانە، بـۆیە هەمـوو کـارەکتەرە سیاسـییەکان هەوڵـدەدەن

هەوادارو هاوڕێکانیان لە ناو ناوەندێکی کۆمەڵایەتیدا کە بڕوایان پێیەتی کۆبکەنەوە، بۆیە لێرەدا پێویستیان بە پێدانی بەڵگەی قەناعەتپێکەرە بە لایەنگرانیا ن بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەو بەرە ئایدیۆلوجیە دژی ئەوانی تر هەڵبژێرن( خزار،٢٠١٣:٥٢).

لێرەدا ئایدیۆلوجیا هەڵدەستێت بە پاساوهێنانەوە بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی هەبوو، پێدانی شەرعەیەت و نیشاندانی وەک بوونێکی سروشتی و بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا و تێکچونی سیستم بە بێ ئەو ، وەزیفەی ئایدیۆلوجیا تا داپۆشینی لاوازییەکان و خراپی ئەدای سیستمە کۆمەڵایەتییەکە و نەتوانینی بۆ چارەسەری کێشەبنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا لە چرکە ساتێکی مێژوی دیاریکراودا دەیدات.

## ٤- وەزیفەی فەلسەفی:

کۆمەڵگاکان لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئامانج و مەبەستی گشتی یەوە دەربڕ لە خودی خۆیان دەکەن، یان لە ڕێگەی فەلسەفی ژیان و ئایدیۆلوجیەتەکەیانەوە، ئایدیۆلوجیا یاخود فەلسەفەی ژیان تۆڕێکی گشتی یە کە کۆی ڕاستی و ڕوداەکان کۆدەکاتەوە و بە ڕگێکی مەبەستگەرای ڕۆشن دەداتە ڕەفتارو واتا مرۆییەکان، مرۆڤ هەوڵدەدات سەردەم و مێژووەکەی لە ڕێگەی هەڵوێستە ئایدیۆلوجیەکانەوە تێپەڕێنێت(خلیل،٢٠٠٢:١٨١).

## ٥- وەزیفەی سایکۆلۆجی :

وەزیفەی سایکۆلۆجی ئایدیۆلوجیا لە ڕەنگدانەوەی ئەو وێنە نمونەییە گۆڕدراو و هەڵگەڕاوەی واقیعدایە، کە پەخشی دەکات، ئەو وێنەیەی مرۆڤ لە بەرانبەر خۆیی و ئەوانی تریشدا دەیەوێت وادەرکەوێت و ببینرێت، هەروەها بە تێگەیشتنە مارکسییەکەی، ئایدیۆلوجیا وەک ئاوێنەیەکی سێ ڕەهەندی وایە، کە وێنەیەکی ڕازێنراوی خود، کە ژێنەرەوەی خۆشی و ڕەنگاڵەییە دەداتە چینی هەژموندار، هەروەها وا وێنەی خۆی دەکێشێت، کە گەورەیی و باڵایی بە سەر چینەکانی تردا بە دەست بهێنێت. پاشان لە مافی چینەکانی تر دادەبەزێنێت و ملکەچ وتە سلیمی چارەنوسی خۆیان دەکات، پاشان ئایدیۆلوجیا لەسەر ئاستی سایکولوجی هەڵدەستێت بە دابینکردنی هەستی ئینتمایەکی توندو کۆکردنەوە و ڕێکخستنیان لەسەر بنەمای قەناعەتکردنیان بە ئایدیۆلوجیاکە، دواتر چەمکی (ئێمە) جێگەی (من) دەگرێتەوە و ئەم یەکبونەش ئینتیمایەکی بە هێزو ئیمتیازاتیان پێ دەبەخشێت(وسیلة،٢٠٠١:٣٦-٣٧).

ڕەهەندی وەزیفە سایکۆلوجییەکەی ئایدیۆلوجیا فراوانە و چەندین دەرکەوتە و هەڵوێست وەرگرتن و شێوازی دەرکەوتنی مرۆڤ دەگرێتەوە، زۆر جار ئایدیۆلوجیا وا لە مرۆڤ دەکات، کەسێتی

ومامەڵەی وەکو ئەو گروپە لێ بکات، کە ئینتیمای بۆیان هەیە و بە شێوەیەکی نائاگایانە ئەو نموونە باڵایانە بەرجەستە بکات، کە لە ناو گروپ و پارتە هەڵبژێراوە کەیدا هەیە، بۆیە ئەم وەزیفەی خۆگۆڕین و خۆڕێکخستنە لەگەڵ گروپ لەهەمانکاتدا پێدانی شوناسە بە مرۆڤ، بە شێوەیەکی ئاسان مرۆڤ دەتوانێت خۆی بدۆزێتەوە و چوارچێوەیەکی بیرکردنەوەی وبەهایی و ڕەفتاری چاوەڕوانکراو بۆ خۆی بنەخشێنێت، واتە بۆ هەر دۆخێکی ژیان شێوازی مامەڵە و پەرچەکردار ئامادە دەکات، هەروەکو( سبیلا )یش دەڵێت:ئەم وەزیفەی سایکۆلوجیا پاڵپشتی تاک دەکات، بە وەڵامە دیاریکراوەکانی وەک: تۆ کێیت؟ گروپ کێن؟ لەم بوارەدا ئایدیۆلوجیا سەرکەوتوو دەبێت لە فۆرمەڵەکردنی شێوەو پێکهاتەی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ و هۆشیارییەکەی و شوناسەکەشی( سبیلا،٩٥:١٩٩٢ ).

لە لایەکیترەوە ئایدیۆلۆجیا فرسەتی بەشداری پەیوەندیکردن بە گروپەوە دەبەخشێتە مرۆڤەکان وەکو ناوەندێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر بۆ خۆدۆزینەوە و خۆ ناساندنی کەسەکان تێیدا و پاشان هێنانەدی ئەو ئامانجانەی، کە ئایدۆلۆجیای گروپەکە هەیەتی. دیارە مرۆڤ هەرچییەک بێت بە تەنها توانای خۆسازدان و دانانی ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر ژینگەی دەوروبەر هەر لاوازە، بۆیە بە ئاسانی ڕووەو گروپە چالاکەکان ئاراستە دەبێت. ئایدۆلۆجیا بەهۆی بەردەوامێتی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی خۆی و خوڵقاندنی گروپ دەتوانێت جوڵە و چالاکی دروست بکات. بەم پێیەش کەسەکان پەیوەندی دەکەن و بەشداری لەبەرجەستە کردنی بیرو باوەڕە هاوبەشەکەدا دەکەن، کە دەبێتە فاکتەری پێکەوەی ناوەکی گروپ، بنەمای گوێڕایەڵی هەموو کەسەکان بۆ نموونە هاوبەشە گروپییەکان( سبیلا، ١٩٩٢ : ٩٦ ) . یەکێکی تر لە وەزیفە سایکۆلۆجییەکانی ئایدۆلۆجیا پێدانی خاڵی تایبەتمەندی و جیاکەرەوە و ڕێکخستنی ئەندامەکانییەتی لە چوارچێوەی گروپدا و بەخشینی سیفەتی چاکە و دڵسۆزی پێیان و پێدان و خستنە پاڵی هەموو سیفەتێکی نەرێنی وەکو خراپ و نەزانە بەو کەس و لایەنانەی کە لەمان نین. بەم پێیە زۆرینەی ئایدۆلۆجیاکان دەکەونە هەڵەیەکی گەورەوە ئەویش پێدانی ئەو خەملاندن و نرخاندنە زیادەی خودەکە دواجار ئەم ڕاستییە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی لەیەکگەیشتن و گفتوگۆی نێوان دید و بۆچونی ئایدۆلۆجیا جیاوازەکان ، ئەگەر ئەم کلتور و دەستورە هۆکاری مانەوەو بەردەوامی هەموو ئایدۆلۆجیاکانە و پەنا بۆ بردنی کارێکی بەدیهی و سەرەتایی ئایدۆلۆجیاکانە.

## پێنجەم: تیۆرەکانی ئایدیۆلۆجیا

- زۆرترین توێژینەوە نوێکانی تایبەت بە چەمکی ئایدیۆلوجیا زیاتر جەخت دەکەنەوە سەر وەزیفەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا زیاتر لە ناوەڕۆکی ، لەم چوارچێوەیەشدا چەندین شێوەی وەزیفی بۆ ئایدیۆلوجیا هاتۆتە کایەوە، لەوانەش :- (Million,1974:13)

آ- **تیـۆری بەرژەوەنـدی :** بەپێـی ئەم تیـۆرەیە ئایـدیۆلوجیا ئـامڕازێکی کـاراو زینـدوە، کە لە لایەن دەسـتەیەکی کـۆمەڵایەتی دیـاریکراو دوبـارە دەکـرێتەوە و بەرجەسـتە دەکرێـت بە مەبەسـتی دەستخسـتنی بڕێکی دیاریکراو لە هێز، جا ئەو هێزە سیاسی بێت یان ئابوری.

ب- **تیۆری ڕاستێتی (الحقیقیـة)** : هەواداران و هەڵگرانـی ئایدیۆلوجیا بەم میتۆدە پێیـانوایە کلیلێکـی سیحری گەیشتنە بە ڕاسـتی و ڕاگەیانـدنی ئەوەی، کە دۆخـی هەبـوو تـاچ ڕادەیەک شـیاوی بەردەوامێتیە ودیاریکردنی ماوەی بڕی ئەو ڕاستییە بۆ ئەوەی بیگۆڕێت، ئەگەر شیاوی درێژەپێدان نەبێت.

## ج -تیۆری ڕاڕایی کۆمەڵایەتی :

هەڵگرانی ئایدیۆلوجیا بەم میتۆدە پێیانوایە ئایدیۆلوجیا پەرچەکرداری دەبێت بەرانبەر ئەو ناهاوسـەنگی و ڕاڕاییەی، کە لە کۆمەڵگـادا سـەرهەڵدەدات، بە پێـی قەبـارەی ئەو ڕاڕایـی و ناسـازییەی، کە هەیە و بەم پێیەش ئاسایش و جێگیری سیستەمی کۆمەڵگا دەپارێزێت.

## د- تیۆری ڕاڕایی کلتوری :

ئەم شـێوازەی ئایـدیۆلوجیا لە ئەنجـامی خراپـی پێکیبەسـتی کـۆمەڵایتی سـەرهەڵدەدات، کە تەنهـا هۆکـاری ڕاڕایی دەروونیش نییە، بەڵکۆ دەبێتە هۆی تێکشکانی واتـا کۆن و ئاڕاستە پێشوەکانی جوڵان و چـالاکی ، وپێشکەشکردنی پلانی نوێ بۆ دووبارە بیناکردنەوەی سیستمی سیاسی کۆمەڵایەتی.

# بەشی سێیەم:- گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی

یەکەم: پوختەیەک لەبارەی گۆرانی کۆمەڵایەتییەوە

دووەم: چەمکە پەیوەستەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

سێیەم: تیۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

یەکەم: تیۆرە حەتمیەکان

دووەم: تیۆری گەشەسەندن

١- تیۆری هێڵی ( النظرية الخطية )

٢- تیۆرە بازنەییەکان ( النظريات الدائرية )

چوارەم: تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی

پێنجەم: ڕێچکەی پراگماتیزم و گۆڕانی کۆمەڵایەتی

شەشەم: فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

حەوتەم: ئایدیۆلۆجیا وەک فاکتەری

گۆڕانی کۆمەڵایەتی

## بەشی سێیەم:- گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تیۆرەکانی

### یەکەم: پوختەیەک لەبارەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە :

گۆڕان دیاردەیەکی ئاشکراو بینراوی سەرجەم ئاستەکانی بوونە ، لە ماددەی زیندوو ، نا زیندوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ، فاکتەری ئەم حەتمیەتەی سەرهەڵدانی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ نهێنی ئەو ڕەهەندە ئەنتۆلۆجیەی مرۆڤ، کە جیای دەکاتەوە لە هەموو شتە هەبووەکانی تر. ئەویش لە یەککاتدا بونی ئارەزوو و پێشبینیکردنە بۆ داهاتوو ، بە واتای بوونی چاوەڕوانییە بۆ ڕووداوە پێشبینیکراوەکان. ئەگەرچی پێشبینیکردنی ورد و تەواو و بێ مەرج لە کۆمەڵناسیدا شتێکی ناکردەییە، چونکە کۆمەڵگا لە گۆڕان و جوڵانێکی بەردەوامدایە و ئەم ناجێگیریەش زۆرتر ئاڵۆزی دەکات، بۆیە سنورەکانی پێشبینیکردن زۆر تەسک دەبێت( ماکیفر وبیدج، ١٩٧١: ٨٩٧). لە لایەکیترەوە خودی ئەم مرۆڤە هەڵگری خواستی جێگیری و ئارامگرتنیشە لە ژیاندا ، بە واتای ئەوەی کاتێک لەگەڵ بارێکی کۆمەڵایەتی و دەرونی و نهێنی دیاریکراودا ڕاهات، ئەوا بە توندی بەرگری لە گۆڕانی دەکات،هەر بە پێی تیۆری ململانێ کۆمەڵگا لە دۆخێکی بەردەوامی ململانێی نێوان گروپ و چینەکاندایە بە ئاڕاستەی شڵەژان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی ( لطفي و الزيات، ١٩٩٩ : ٩٣-٩٤ ). بەمپێیە بێت گۆڕان پرۆسەیەکی دیالێکتیکییەو جیهان لە دۆخی جوڵەی بەردەوامدایە، لە حاڵەتی گۆڕان و پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕێکی هەمیشەییدایە سەرچاوەکەشی دژیەکێتیە ناوەکییەکانە، کە مەبەست لێی (خودی مرۆڤە ).

دەکرێت بڵێین هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە ناواخنیدا هەڵگری دوو پرۆسەیە:یەکەمیان کار دەکات بۆ پاراستنی خۆی و گرەنتی کردنی بەردەوامی سیستەمەکە ، وەک گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی ، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ، گواستنەوەی میراتی کلتوری لە نەوەی پێشوەوە بۆ نەوەی نوێ، دووەمیان کار دەکات بۆ گۆڕانکاری و ئاڵو گۆڕی سیستەمەکە، کە سەرەتا بە چاکسازی دەست پێدەکات و دواتر بە شۆرش یان چاکسازی ڕیشەیی کۆتای دێت. بۆیە لە بابەتی تویژینەوەی کۆمەڵگاو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا پێویستە دوو ڕووی وێنەکە ببینن : جێگیری لە جوڵە، جوڵە لە ناو جێگیریدا، بەم پێیە بێت هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە دۆخی ((هاوسەنگی دینامیکی ))دایە ، یاخود بە دەربڕینە دیالێکتیکیەکە (سیستەمی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە یەکبوون و ململانێی دژیەکەکانە )، هەروەها مارکیسیەتیش وەکو مەزهەبێکی هزری دووپاتیکردۆتەوە ، کە جوڵان (الحركة ) سیفەتێکی بنەڕەتی و دۆخی بوونی ماددەیە و ئاماژە بەو پرۆسانەش دەکات، کە بەسەر سروشت و کۆمەڵگادا دێن بە واتای گشتگیر : جوڵان بریتییە لە گۆڕینی جیهان (الزعبي ، ١٩٨٢ : ٣٥ ).

ئاشـكرايە گۆڕانی كۆمەڵایەتی و بزاوت هەمیشـە جێگـای بـایەخی مرۆڤ بـوون، نـاخی مـرۆڤ و كۆمەڵگەكـانی وروژانـدووە ، ئەو گـۆڕانە خێـرایەی لە دەوروبەرو ژیـنگەی مـاددی و كـۆمەڵایەتی دا ڕویـداوە بـۆتە جێگـای پرسـیار ! جـگە لەوەی بـابەت و شـتە دەرەكییەكـانی ژیـانی مـرۆڤ جـێگەی بیرلێكـردنەوە و گفتوگـۆ بـووە. لەگەڵ ئەوەشـدا خـودی مـرۆڤ وەكـو جەسـتەو سـایكۆلۆجیا و لایەنـی ڕوحیش جێگای تێرامان بووە، بۆیە لەسەردەمی پێشینی فەلسـەفە و بەتـایبەت لەسـەردەمی یۆنانـدا بـابەتی (جێگیر) و( گۆڕان ) بابەتێكی گرنگی بواری بیروتێڕوانینە فەلسـەفییەكانی ئەو سـەردەمە بـووە، كاتێـك (هیـراقلیتس ) (٥٤٠ – ٤٧٥ پ.ز) بە یەكەمـین نـوێنەری فەلسـەفەی جـوڵان و گـۆڕان دادەنرێـت و ((بارمنیـدس )) (٥٤٠ - ... پ. ز) بەردەوام بەرگریكـاری سەرسـەختی فەلسـەفەی جێگیـر ( الثبـات ) تەماشا دەكرێت. هیراقلیتس دەڵێت :شتەكان لە گۆڕانێكی بەدواییەكداهاتوون (متصل ) ، هەرگیز مرۆڤ دوو جار دانابەزێتە سەر ئاوی یەك ڕووبار، چونكە ئـاوی نـوێ بە هەمیشـەیی و بـۆ هەتاهەتـایە دەڕوات لەبەری ( الزعبـي ، ١٩٨٢ :٣٥ ). هەرچـی سـەردەمی سـەدەكانی ناوەڕاسـتە فەلسـەفەی جێگیـری و دامەزراوی وهاوسـەنگی كـۆنترۆڵی فەلسـەفەی جـوڵە و گـۆڕان و پێشـكەوتنی كردبـوو ، كە دیـارە ئەم بابەتە هاوتایی ڕوكاری ئایدۆلۆجی و هەژموونی پەیوەندی بەرهەمهێنـانی دەرەبەگایەتی دەهێنـایە دی ، بەتـایبەت بیـری دەرەبەگـایەتی سـتاتیكی و خواسـتی بـۆ پارێزگـاری كـردن لە دۆخـی هەبـوو. سـەردەمی دۆزیـنەوە نوێیەكـان لە ئەوروپـا ( سـەدەی پـانزدەهەم ) پاشـان ئەو ململانێـیەی نێـوان بیـری لاهـوتی كەنیسەیی و بیری زانستی ، هەروەها وەك ڕەنگدانەوەی شۆڕشی پیشەسازی و سەرهەڵدانی سیستەمی بۆرجـوازی، دەرگـا لەبەردەم سـەردەمی ڕۆشـنگەری والا بـوو ( سـەدەی هەژدە )، كە زۆریـنەی فەیلەسوفەكانی و زاناكـانی بڕوایـان وابـوو مـرۆڤ توانـای گـۆڕینی دۆخـی مـادی و ڕۆحـی خـۆی ڕوەو باشـتر هەیە، ئەویـش بە خسـتنە گەڕی توانـای عەقڵـی و تێكۆشـان بە ئیـرادە و هۆشـیاریی مـرۆڤەوە( الزعبي، ١٩٨٢ : ٣٧ ).

لەگەڵ ئەوەی توێژینەوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتی یەكێكە لە پێداویستییە ژیاری و مرۆییەكـانی ژیـانی تـاك و كۆمەڵگـا، هەروەهـا زۆری و چڕی و پڕی ئەو بـابەت و ڕەهەنـدانەی، كە پەیوەسـتن بە ژیـانی كۆمەڵگاوە و گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام هێشتا بـاس و خواستی گـۆڕانی كۆمەڵایەتی هەڵگری دەیـان كێشەی چارەسەر نەكراوە، چونكە كاتێك باسی گۆڕان دەكەین دەرگیری ئەو ڕاستییە دەبین، كە چۆن یەكەی گۆڕان ( وحدة التغير ) دەست نیشان بكەین ، ئایا ئەوە ڕەگەزی مرۆییە گۆڕدراوە ، یـان تەواوی كۆمەڵگاكە ؟ یان سیستەمی كۆمەڵایەتی و پەیوەندییەكان ، پاشـان ئەگەر توانیمان بە نموونە ( مرۆڤ ) دیـاری بكەیـن بە یەكەی گـۆڕدران كە لە دۆخێكـی جـوڵاو و گۆڕانـدایە و بمانەوێـت تـوێژینەوەی ئەو گۆڕانە بكەین لەسـەری، ئایـا مەبەستمان ئاڕاستەكان و بەهاكـانییەتی ، یـاخود ڕەفتارەكـانی ، یـان بـاری

کـۆمەڵایەتییەکەی لە ڕێـــی پێشـــەکەیەوە دیـــاری دەکرێـــت ؟ بە هەمـــان شـــێوە بـــۆ گـــروپ و دەســـتە کۆمەڵایەتییەکـان و شـێوازی ژیـان و بیرکـردنەوە و ئاسـتە کلتـوری و ڕۆشـنبیرییەکان ، بەم شـێوەیە لە تـوێژینەوەی گـۆڕانی کۆمەڵایەتییـدا پـاش گفتوگـۆو ئـاڵوگۆڕی بیـروڕا و دەسـت نیشـان کردنـی لایەنە بنەڕەتی و لاوەکییەکان لەم پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەدا هێشتا بەدەست هێنانی کۆ دەنگی تەواو لەم بابەتەدا لە نێوان کۆمەڵناسان بابەتێکی کراوەیە و گەیشتنە خاڵی یەکلاکەرەوە قورسە( محمد وئەوانی تر، ١٩٧٤ : ٣٠ ) .

ڕەهەنـدێکیتری کـاریگەرو بەردەسـتی کۆمەڵنـاس و فەیلەسـوفەکانی مێژوو لە پەیوەندیدا بە گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەست کردنییەتی بە هەردوو ڕوانگەی جیاوازی (بۆرجوازی و ئیشتراکی)، جیاوازی بینین و تێڕوانینـی ئەم دوو ئاڕاستەیە بۆ گـۆڕانی کۆمەڵایەتی بنەمـایەکی جیـاوازی هەیە، بە تـایبەتی لەم بابەتـــانەدا، کە : پـــاڵنەری بنەڕەتـــی و وروژێـــنەری ســـەرەکی لە پەیوەندیانـــدا بە سروشـــت و بە خـــودی خۆیانەوە چی دەبێت و کام لە گۆڕدراوەکان لە سەرەتادا دەگۆڕێت و پاشان کێ و چی دەگۆڕێت؟ گۆڕانی جەوهەری لە چیدا ڕوو دەدات، ئایـا لە پێکهـاتەی کـۆمەڵایەتی، یـاخود وەزیفەکـانی، ڕۆڵەکـانی؟ یـاخود بەهاکـانی، یـا پەیوەنـدییەکان، لایەنـی مـادی یـان ئەرک و ڕۆڵیـان؟ ڕۆڵـی فـاکتەری خـودی و فـاکتەری بـابەتی لە گـۆڕانی کۆمەڵایەتییـدا چیـیە ؟ ئایـا شـۆڕش جـۆرێکە لە لادان و نەخۆشـی لەنـاو سیسـتەمی کـۆمەڵایەتی، یـان دیـاردەیەکی تەندروسـتە؟ فـاکتەرە بنەڕەتییەکـان و فـاکتەرە لاوەکیەکـان لە ڕوودانـی گۆڕانی کۆمەڵایەتییدا چین؟ دواجار میتۆدی بەکار هێنراو لە توێژینەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتییدا چییە ؟ مێـژووی ڕابـردوی کۆمەڵناسـی دەیـان تیـۆری بـۆ ڕاڤە کـردن و شـیکردنەوە و وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیارانەی پەیوەسـتن بە گـۆڕانەوە پێشکەشـکردووە، کە بەشـێوەیەکی گشـتی سـەرجەمی تێـڕوانین و تیۆرییەکان لە دوو ئاڕاستەی تایبەتدا خۆیان دەبیننەوە و ئەوانیش بریتین لە:

أ – ئەو ئاڕاسـتەیەی مـاددە شـوێن بیـر ( فکـر ) دەخـا، وایـدادەنێیت بیـر کـرۆک و داینەمـۆی گـۆڕانی کۆمەڵایەتییە، واتە هۆشیاری خەڵک بوونە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات.

ب- ئەو ئاڕاستەیەی (بیر) دەکـاتە پاشـکۆی مـاددە : پێیوایە گۆڕانی کـۆمەڵایەتی ملـکەچە بـۆ کۆمەڵێـک فـاکتەری بـابەتی لە دەرەوەی خـودو هۆشـیاری مـرۆڤ ، بە واتـایەکی تـر ئەم ئاڕاسـتەیە بە پـێچەوانەی ئاڕاســتەی یەکەمەوە پێیــوایە بــوونی کــۆمەڵایەتی ســنوری هۆشــیاری مــرۆڤ دیاریــدەکات نەک بە پێچەوانەوە (الزعبي ، ١٩٨٢ : ٤٠ ) .

## دووەم: چەمکە پەیوەستەکان بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە

### ١. گۆڕانی کۆمەڵایەتی وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی: ( Social Change & Social Development)

گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو ئاڵوگۆڕ و چاکسازییەیە، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات بەبێ دیاریکردنی ئاڕاستەی ئەو ئاڵوگۆڕە، پرۆسەیەکی گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوامە لە هاوچەشنی و لێکچون لە پێکهاتە و وەزیفەدا ڕووەو ناهاوچەشنی نالێکچون، کە ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی ڕوون لە کاتی گواستنەوەی کۆمەڵگاکان لە کۆمەڵگای سادەوە بۆ کۆمەڵگای ئاڵۆز هەستی پێدەکرێت(شکارە،١٩٧٥:٧٢-٧٣).

لەلایەکی ترەوە هەروەکو( گی رۆشێ)دەڵێت: (گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەگرێتەوە، کە دەکرێت چاودێری بەرجەستەبوونیان لەقۆناخێکی زەمەنی ماوەکورتدا بکرێت، دەکرێت چاودێری یەکێک بەدرێژای ژیانی یان لەماوەیەکی دیاریکراودا بکرێت، هەروەها تێبینی پەرسەندنی ئەو ئاڵوگۆڕانەو درکی کۆتاییەکەشی بکرێت، سەرەڕای ئەمەش گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەزۆری لەسنوری جوگرافیا و ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات، ڕێمانپێدەدات بەشێوەیەکی گشتی لە شوێنی جوگرافی و چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا چاودێری بکەین)(روشێ ،٢٠١٦:٢٨).

بەمپێیەبێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتێکی حەتمی ژیانی کۆمەڵگا مرۆییەکانە و تێیدا دۆخی بوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە دۆخێکەوە دەچێتە دۆخێکی تری گۆڕاو و گەشەکردوو، کە تێیدا جۆری بیرکردنەوو شێوازی ژیان و مامەڵەکردنی مرۆڤەکان گۆڕانێکی سیستماتیکی بەسەردا دێت  کە گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو کارێکی ئەستەمە، بەگشتی فۆڕمی ژیانی کۆمەڵگا لە ڕووی بونیاد و وەزیفەوە گۆڕانی بەسەردا دێت.

هەرچی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیە(Social Development)(التطور الإجتماعي): بریتییە لە کۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کۆمەڵگایەک لەماوەیەکی زەمەنی درێژدا پێیدا تێپەڕدەبێت، کە ژیانی نەوەیەکی تەواو، یان چەن نەوەیەکیش تێدەپەڕێنێت، واتە چەمکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لە زەمەنی کورت و چەند دەیەیەک پاشەکشە دەکات، چونکە بە پێوەری بچوک و بەرتەسک چاودێری ناکرێت، بەڵکو ڕووندەبێتەوە و دەردەکەوێت کاتێک بۆ چاودێریکردنی پشت بە ئاسۆو دیدگایەکی دوور مەودا ببەسترێت. بۆیە بەپێی ئەم ئاستی شیکارییە گرنگی بە بەشە وردەکان لە مێژووی کۆمەڵگا نادرێت، بەڵکو تەنها چاو لەسەرئەو ئەنجامە کەڵەکەبوانەی ئەو ژمارە زۆرانەی گۆڕانە، کە لە شێوەی هێڵ یان جوڵەی ئاراستەی گشتی دەمێننەوە، کەواتە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی چاودێری ناکرێت تەنها لە

بەرزییەوە نەبێت، کاتێک وردەکاری وبەشەکانی وێنەکە لە وێنەیەکی کۆ یان چوارچێوەی جوڵە گشتیەکەدا دەتوێتەوە (ڕۆشێ،٢٧: ٢٠١٦).

پاشان ( الجوهري ٢٠٠٠ : ٣٣٩) یش پێیوایە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆڕێکی ڕێکخراو لە شێوە سادەکانەوە بۆ شێوەی ئاڵۆز، بەکاردێت لە وەسفی ئاڵوگۆڕەکانی قەبارەو پێکهاتە، هەروەها ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گەشەکردنی بوونەوەرە زیندووەکان لە جۆری سادەو سەرەتاییەوە بۆ شێوە ئاڵۆزەکان، کە زانستە مرۆڤایەتیەکان کاریگەربوون بە بەکارهێنانی ئەم چەمکەی زانستە سروشتیەکان، کە کۆمەڵگا دەچوێنن بە بونەوەرێکی زیندوو لە ڕووی پەرەسەندن و گەشەکردنەوە، تەنانەت ئەم هاوشێوە ئەندامیە درێژدەبێتەوە بۆ ئاستی چواندنی گەشەکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە گەشە کردن لە سەر ئاستی بایۆلۆجی بونەوەرە زیندووەکان، ژیانی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات لە سادەوە بۆ پێکهاتەو ئاڵۆز و ملکەچە بۆ پرەنسیپی ( مبدأ ) ململانێ و مانەوە بۆ بەهێزەکان لە ڕووی گەشە کردنەوە، هەروەک چۆن ئەو ڕاستییە لە ژیانی گیانداراندا بەرجەستە بووە.

## ٢- پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی : Social Progress

ئەگەر چی پێشکەوتن چەمکێکی ناڕوونە و چەندین واتاو پێناسە بە پێی جیاوازییە هزری و بەهاییەکان هەڵدەگرێت ، بەگشتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی بەردەوام، کە کۆمەڵگا بە هەموو پێدراو و پێداویستییەکانیان لە دۆخێکەوە ڕووەو دۆخێکی باشتر دەگوازێتەوە ، ڕووە و ئاڕاستەیەکی ویستراو (مرغوب ) هەنگاو دەنێت، کە کۆمەڵگا لەم پێشکەوتنەدا پشت بە پێوەری بابەتی بۆ پێوانەو هەڵسەنگاندن نابەستێت، بەڵکو بوار لەبەردەم خواست و پێدراوە خودییەکاندا کراوەیە، زیاتر لەوەش ئەم چەمکە لای زۆرینەی بیریاران لەسەر بڕوابونێکی قوڵ بە توانای مرۆڤ لەسەر دەست تێوەردانێکی خۆکردنی هۆشیارانە بۆ ئاڕاستەکردنی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان دەچەسپێت، کە تێیدا و لەسەر دەستی مرۆڤەکان و ویست و توانایان ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ کۆمەڵگا دەهێنێتە دی (زامل،٦: ٢٠٠٠).

هەروەها (هوبهاوس )یش پێیوایە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی میکانیکی ڕوو نادات، بەڵکو ملکەچە بۆ ڕۆڵی درکپێکردن و عەقڵی مرۆڤەکان لەبەرجەستە کردنی هاوچەشنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییدا .

بۆیە دوپاتی دەکاتەوە، کە مرۆڤ توانای دروستکردنی ژیانی خۆی هەیە لە ڕێگای دەستپێشخەری بەکارهێنانی عەقڵ و دەرککردنە هەستییەکانی( الدقس،٦١: ١٩٨٢).

پاشان(کۆندرسیە Condorcet)،کە بە پێشەنگی تیۆری پێشکەوتن و گەشەپێدانی بواری کۆمەڵایەتیی دادەنرێت، جەخت لەوە دەکاتەوە پێشکەوتن بابەتێکی پێویست و پرۆسەیەکی بەردەوامە،

وایدەبینێت ژیانی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات لەسەرەتای یەکەمەوە (دەمارگیری ) بۆ ١- سەرقاڵبوون بەکشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری،٢- دواتر داهێنانی پیتەکانی (هیجا)،٣- دواتر کۆمەڵگای مرۆیی گەیشتە سەردەمی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدە (الزعبي،١٩٨٢:٤٧) .

بێگومان وردکردنەوە و جیاکردنەوەی چەمکە پەیوەستەکان بەگۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە ئەرکێکی زانستی توێژەری کۆمەڵناسییە ، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کارە لەپێشینەکانی کۆمەڵناسە یەکەمییەکان ( الرواد الأوائل )، ئەوا لە چوارچێوەی تیۆرە سۆسیۆلۆجیەکانیان بۆ ئاڕاستەکانی جوڵە و گەشەکردنی کۆمەڵگا تاڕادەیەکی زۆر تێکەڵیەک لە نێوان چەمکەکانی ( گۆڕان و گەشەسەندن و پێشکەوتن ) لە نێو کارەکانیاندا هەبوو، ئەم ڕاستیەش بووە جێگای ڕەخنە لە لایەن کۆمەڵناسە هاوچەرخەکانەوە، بۆیە ئەگەر سەرنج لە کارەکانی ئەو کۆمەڵناسە پێشینانەی وەکو ( کۆنت و مارکس و سنبسر و دورکهایم) بدەین، ئەوا دەبینین زیاتر گرنگیان بە بەکارهێنانی چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (التطور الأجتماعي ) داوە و لەو میانەیەدا چەندین ڕاڤەو شیکاری گەورە و عەقڵانیان بۆ ئاڕاستە سەرەکییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بە درێژای سەدەو ماوە زەمەنییە بە دوای یەکدا هاتوەکانی کۆمەڵگای مرۆیی پێشکەش کردووە (روشێ،٢٠١٦:٢٨). بەکارهێنانی ( گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ) ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری گەشەسەندنی بایۆلۆجی، کە لە سەدەی هەژدەدا زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکراوە، کە( هربرت سبنسر ) لە کتێبی ئیستاتیکای کۆمەڵایەتی( Social Statices )،کە ساڵی ( ١٨٥٠ )دەرچووە، پاشان بە فراوانتر لە کتێبی بنەماکانی کۆمەڵناسیدا (principles of sociology) هەستا بە نواندن و هاوشێوە نیشاندانی نێوان کۆمەڵگاو بونەوەری زیندوو، هەروەها لە نێوان پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئەندامیدا( العضوي ) ( قنوص ،٢٢٢:٢٠٠٠ ) .

لەبەرنبەر ئەم تیۆرە گەورانەدا چەمکی ( گۆڕانی کۆمەڵایەتی ) بوە جێگای گرنگی پێدانی کۆمەڵناسە هاوچەرخاکان، ڕەنگە ئەم ڕاستییەش هۆکاری خۆی هەبێت، یەکێک لەو هۆکارانەش جیاوازی جۆری دیدگای ئەم کۆمەڵناسە هاوچەرخانە بوو بۆ ( گەشە کردنە نوێکان ) لە ئێستادا، هەروەها ئەو ئاڕاستە کۆنەی کۆمەڵناسی لە ڕابردوودا، کە گرنگیدان بوو بە ڕەهەندی مێژوویی کۆمەڵگا نەیتوانی بەردەوام بێت، دواتر کۆمەڵناسی دینامیکیش، کە ( ئۆکست کۆنت ) بونیادی نابوو، ئەو واتایەی لە دەستدا، کە دەیویست لە ڕێگایەوە وێناوی گەشەکردن و ئەوگۆڕانە گشتگیرەی مێژووی مرۆڤایەتی بکات ، چونکە لە ئێستادا کۆمەڵناسان ئارەزویان بۆ گۆڕانی ماوە کەم و فراوان هەیە (رۆشێ،٢٠١٦:٢٩) .

سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵناسانی سەر بە قوتابخانەی بونیادی ( بنائي ) و ئەرکەکی (وظيفي) بە توندی دژی کۆمەڵناسی گەشە کردنن و لە بەرانبەردا کۆمەڵناسی گۆڕان بەگەڕدەخەن و لە کاتێکدا

ڕەخنەی وەزیفی یاخود مومارەسەی بەکارهێنانی دەکەن، بە هیچ جۆرێک گرنگی بە جیاکاری نێوان هەردوو چەمکەکە (گەشەکردن ، التطور)و، (گۆڕان ، التغیر) نادەن ، بەڵکو بانگەشەی تێپەڕاندنی چەمکی گەشەکردن دەکەن و بە پێویستی نازانن کۆمەڵناس لە واقیعێکی وادا خۆی نقوم بکا(ڕۆشێ،٣٠:٢٠١٦) .

## سێیەم: تیۆرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

### سەرەتا:

لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی وەک زانستێکی سەربەخۆ هەوڵێکی مکوڕانە هەبووە بۆ شیکردنەوەی ( گۆڕانی کۆمەڵایەتی )، لەگەڵ ئەوەی چەندین تیۆر سەریان هەڵداوە، بەڵام هیچکام لەم تیۆرانە سەرەڕای بوونی پێشخانێکی زانستی قوڵ و میتۆدی کارا بۆ ڕاڤە و پێشکەشکردنی بەڵگە ڕوون و مێژووییەکان، بەڵام ڕوبەڕووی ڕەخنە لێگرتن بونەتەوە بە هۆکاری ئەوەی، کە ناتوانێت بەتەواوی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕاڤە بکات.

ئەم تیۆرانە نەیانتوانی هۆکاری گۆڕانی سەرمایەداری پیشەسازیمان بۆ دیاردەیەکی چەسپیو لەسەدەی (هەژدەدا)، یاخود هۆکاری بەرزبوونەوەی سەرمایەداری دارایی و ئیمپریالی لەسەدەی (نۆزدە )دا شرۆڤە بکەن. ئەم ڕاستییە وای لە تیۆرزانانی کۆمەڵناسی کرد، کە دان بە کەمتوانایی خۆیان بنێن لە گەشەپێدانی وێنایەکی نوێ بۆ گۆڕانکارییەکان، کە بە بەردەوامی لە واقیعدا ڕوودەدەن (باترسون ، ٢٠٠٥ : ٢٥ ). بۆیە هەوڵەکان بۆ تێگەیشتن و دۆزینەوەی فاکتەرەکان و بنەماکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە فۆڕمێکی گشتی چەمک و بیر و بۆچونەکاندا مایەوە، تا ئەو کاتەی، کە ( مارکس و دورکهایم و ڤیبر ) دەرکەوتن، توانیان نوێگەری و زیادەیەک بخەنە سەر پرۆسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. ئەمەش وایکرد کە تیۆرزانەکانی دواتر ڕێچکەیەکی جیاوازتر لە دونیابینی ئەم سێ بیریارە بگرنەبەر لە بابەتی گۆڕان و گەشەپێداندا(باترسون ، ٢٠٠٥ : ٢٦ ). بە مەبەستی ڕزگار بوون لەم ئاریشە و دۆزینەوەی دەروازەیەکی نوێی زانستی بۆ لێکدانەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسان خۆیان لە تیۆرە گشتییەکان بە دوورگرت، ئەوانەی لە چوارچێوەی گۆڕانە ماوە کورت و مام ناوەنداکانیشدا دەهاتن ، تەنانەت گەیشتنە ئەو بڕوایەی بەرپەرچی گریمانەی دامەزراندن و پێکهێنانی تیۆری گۆڕانی کۆمەڵایەتی بدەنەوە، بەو پێیەی کۆمەڵناسی تەنها بەو هێندە وازدەهێنێت، کە( شیکردنەوەی ئاراستەی گۆڕانە مێژووییەکان بکات ) (دوران و ویل،٥٤٩:٢٠١٩).

لەگەڵ هەمــوو ئەو بەربەســتانەی دیــاریکردنی ئاســت و ئاڕاســتە و یەکەی گــۆڕانی کــۆمەڵایەتی ، کۆمەڵناسـان لەو بـاوەڕەدان، کە تێگەیشتنی پرۆسـەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە زانستی کردنـی چوارچێوەی توێژینەوەکان، گەشەپێدانی پێوەرە جیاوازەکـان، ڕونکردنەوەی چەمکە بەکارهاتووەکـان لە توێژینەوەی گۆڕاندا هەیە، هەر بۆیە لە ئێستادا تیۆرەکان بۆ ئاستی زۆر ورد و پسپۆری دیاری کراو لە یەکە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دابەزیون و تیۆری نوێیان پێشکەش کردووە، بە ئومێدی جێگرتنەوەی ئەم تیۆرانە بۆ تیۆرە کۆن و گشتگیرەکان، بە تـایبەت لە سـەدەی (نۆزدەو بیست) دا، هەر بۆیە کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان پێیانوایە ئەو تیۆرە نوێیانە خاوەنی ڕاستگۆیی و ڕوونی زیـاترن لە توێژینەوەی گۆڕانـدا، توانیویانە بەشێکی زۆر لەو بۆشاییانە ی تیۆرە کلاسیکییەکانی توێژینەوەی بواری گۆڕانی کۆمەڵایەتی پڕبکەنەوە ( محمد و ئەوانی تر، ١٩٧٤ : ٣٢ ).

ناتوانین کۆک نەبوونی تیۆردانەرانی کۆمەڵناسی لەبارەی بونیادنانی تیۆرێکی گشتگیر و هەمەلایەن لە پرسێکی زینـدووی کۆمەڵگـای وەکـو (گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی ) دا بە لاوازی ئەو کۆمەڵناسـانە وەسـف بکەین، هەروەک ناتوانین ئەم ئاریشەیە بۆ بەد گومـانی لە زانستی بوون و گرنگـی خـودی کۆمەڵناسیش بگێڕینەوە، چـونکە گۆڕان سروشتی ژیـانە ، پرۆسـەیەکی داینـامیکییە ، یاسـای گەردوونە، کەواتە ڕادەو ئاستی گۆڕان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکیتر دەگۆڕێت، واتە گۆڕان پەیوەستی ( شوێن – کات ) ە ، بۆیە ڕادەی وەڵامـدانەوە و قبـوڵکردنی گـۆڕان لە شـوێنێکەوە بـۆ هیتـرو لە هەمـان کاتیشـدا جیـاوازی جـۆری گـۆڕانەکە و ئەو کــایەیەی، کە پێــی کــاریگەر دەبێــت جێگــای تێڕامــانە، لە لایەکــی تــرەوە پێکهــاتەی کۆمەڵایەتی ( البناء الاجتماعي ) هەر کۆمەڵگایەک بەرهەمـی سـەردەمێکی مێژوویـی دوورو ئەونەسـەقە جیاوازانەیە، کە پێکیهێناوە و چەندین سـاڵی ویستووە تـا فۆرمەلە بووە، ئاستی تونـدی و چەسـپیوی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیش پاسادانی ئەو گۆڕانە دەکات کە ئێمە چاوەڕێ دەکەین تێیدا ڕووبدات ، کەواتە جۆری ئەو سیستەمە سیاسی و ئـابوری و کۆمەڵایەتییەی هەیە، ئەو کلتورە بـاوەی کە بەرجەستە بـووە ، تەنـانەت لە خـودی یەک کۆمەڵگـاش چەنـدین ئاسـت و پـلەی کـۆمەڵایەتی جیـاواز لەڕووی پلەبەنـدی کۆمەڵایەتییەوە وەکو دەستەی شـاری و لادێی و گرووپـی ڕۆشنبیران و خـانەدان لەخۆ دەگرێت، کە ئەم ڕاستییانە وادەکەن لە یەک کات و شوێنی دیاریکراودا پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە پلەی جیاواز کار لەم گروپ و سیستەمانە بکات ( باية ،٢٠١٧ : ٢٢ ) .

بـۆیە کۆمەڵناســان لە ئێســتادا لە بــابەتی تـوێژینەوەی ( گـۆڕانی کۆمەڵایەتیـدا ) گرفتــی کەمــی تیۆرەکـانی گۆڕانیـان نییە، بەڵکـو بە تەواوی بە دەسـت زۆری تیۆرەکـانی گـۆڕانەوە دەنـاڵێنن و توانـای پێشــکەش کردنــی یەک تیــۆری هەمە لایەنیــان لە دەســتداوە ، لەم پێنــاوەدا کۆمەڵناســان هەوڵیــان داوە مامەڵەیەکی ( معالجة )واقیعیانە و کردارییانە لەگەڵ گۆڕاندا بکەن، کە گرنگی پێدانی بنەڕەتییان ئاڕاستە

بوونیـانە ڕووەو تـوێژینەوەی شـێوە جیاوازەکـانی ڕێکخسـتنی کـۆمەڵایەتی ( التنظـیم الأجتمـاعي )، کە هەموو یەکە گەورە و بچوکەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە (محمد و ئەوانی تر ، ١٩٧٤ : ٢٧ ) .

ئەو بەربەسـتە ڕاسـتەقینە مێژوویـانەی لە تـوێژینەوەی پرۆسـەی ( گـۆڕانی کۆمەڵایەتیـدا ) هـاتونەتە پێش،هانی تیۆردانەرانی داوە کە تواناکانیان چڕو ڕێگاو میکانیزمەکـانی شیکاریی گۆڕان وردتربکەن، بـۆیە چەنـدین تیـۆری تـایبەت بە گـۆڕان هاوکـات هەڵگـری وردەکـاری زیـاتر و حکومـدانێکی ڕاسـتتر بەرهەمهـات، توێژینەوەکـان لە قۆنـاغی بیرکـردنەوەی پێشـبینی و مێـژووی گومانکـارییەوە پەڕینـەوە بـۆ داوەرییە ( الاحتکـام ) واقیعییەکـان و کـۆکردنەوەی ئەو بەڵـگە مێژوویـانەی، کە ئامـاژە ( دال)یە ڕاسـتی تێوەرەکـان دەکەن، لەگەڵ ئەمەشـدا هیچکـام لەم تیـۆرانە نەیتـوانی بگـاتە وشـەی کۆتـای لە تێبینیکردنـی دیاردەی گۆڕان و شیکردنەوەیدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی (واقیعی کۆمەڵایەتی) هەمیشـە پاسا و و بەڵگەی نوێ دەدۆزێتەوە، کە هەندێک تیۆر وا لێدەکات تیۆری پێش خۆی هەڵوەشێنێتەوە، بـۆیە گفتوگۆو هەوڵی زانستی لەبارەی گۆڕانەوە دەبێت بە وریاییەوە بێت و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی، کە چرکە ساتە مێژوویەکان دەیخەنە ڕوو (آستیتیة ، ٢٠١٤ : ١١١ ) .

دیـارە لە سـەرەتای جیـابوونەوەی کۆمەڵناسـی لە فەلسـەفە چەنـدین هەوڵـی زانسـتی بـۆ بەرهەم هێنـانی تیۆرەکـانی گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی چ بەشـێوەی سـەربەخۆ چ لە چوارچێـوەی تـوێژینەوە گشـتگیرو فراوانەکانی کۆمەڵناسیدا هاتە بەرهەم ، لە دیارترین ئەو تیۆرانەش بریتین لە (تیۆری حەتمـی) و دواتـر (تیـۆری گەشەسـەندن) ( التطـور ) و (تیـۆری وەزیفـی) و (تیـۆری ماتریـالیزمی مێـژووی) و (تیـۆری سـایکۆ- سۆسـیۆلۆجی)یە ، لێـرەدا هەوڵ دەدەیـن بە کـورتی لەسـەر ئەو تیـۆرانەی، کە پەیوەنـدییەکی نزیکیان بە توێژینەوەکەمانەوە هەیە بوەستین، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

## یەکەم / تیۆرە حەتمییەکان ( النظريات الحتمية )

مەبەسـت لێـی هەمـوو ئەو تیـۆرانەیە، کە لە تـوێژینەوەی گـۆڕانی کۆمەڵایەتیـدا جەخـت دەکەنەوە سەر یەک فاکتەر، وای وێنادەکەن، کە تاکە فاکتەرێک دەبێتە هۆی جوڵاندنی فاکتەرەکـانی تـر، بە واتـای کـۆکردنەوە و خزانـدنی سـەرجەم فاکتەرەکـانە لە یەک فـاکتەردا، کە ڕاڤەکـاری ڕوودانـی گـۆڕانە و حەتمییەت وای دادەنێت، کە کارو بارو شتەکان پێشتر دیاری کراون. بۆیە کاری توێژەر دۆزینەوەی ئەو کـۆمەڵە مەرجە پێشـوەختەیە، کە کـاردەکەن بـۆ سـەرهەڵدانی دیـاردەیەک لە دیاردەکـان. لە بیـری کۆمەڵایەتییدا وشـەی حەتمییەت ( الحتمیـة ) بۆ ئاماژەدان بە تـاکە فـاکتەر یـان بنەڕەتـی شـاراوە لە پشـتی ڕوودانی دیاردەیەکی دیاریکراوەوە بەکاردێنن ( زاید ، ٢٠٠٨ : ٢٤٤ ) .

له دیارترین تیۆرەکانی حەتمییەت تیۆری (جوگرافی) و تیۆری (بایۆلۆجی)یە، تیۆری حەتمییەت لە سەرەتای دروست بوون و سەرهەڵدانی لقەکانی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی بە تەواوی بڵاوبوەوە تیایاندا، کە لایەنگرانی حەتمیەتی جوگرافی کاریگەر بوون بە جوگرافیا و هەروەها هەوادارانی حەتمیەتی بایۆلۆجیش کاریگەر بوون بە زانستی بایۆلۆجیا و پەرەسەندنەکانی و بە تیۆری پەرەسەندنی بایۆلۆجیاو بیرو باوەڕێکی کۆن هەبوو سەبارەت بە بوونی پەیوەندی لە نێوان ژینگەی ماددی و( سارد- گەرم –شێ) و سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکاندا وەکو( میزاج و کراوەیی و بەسەرخۆدا داخران )، کە تیۆردانەرانە کۆمەڵایەتییەکانی پێشوو کاریگەربوون بەمبڕوایە و هەوڵی جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی ڕووکارە هاوبەش و لێکجیاوازەکانی نێوان مرۆڤەکانیانداوە ( فتاح،٢١:٢٠١٢).

هەرچی حەتمییەتی بایۆلۆجیشە پێی وایە، کە خەڵکی بۆ ڕەگەز و گروپگەلی جیاواز لە ڕووی بایۆلۆجیەوە دابەش دەبن، و ڕەگەزەکان لە ڕووی توانای گەشەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانییەوە جیاوازن، جۆری ژیان لای گەلێک لە گەلان ئاماژەیە لەسەر توانای بایۆلۆجی و ڕەگەزییەکەیان، لە ژێر کاریگەری ئەم تێگەیشتنەدا جیاوازی لە نێوان میللەتەکاندا دروست بووە، بۆیە لێکدانەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ناو میللەتێکدا ڕووی دەدا جا ئەو گۆڕانە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی ئەوا دەگەڕێنرایەوە بۆ ئەو جیاوازییەی، کە لە جۆری ڕەگەزی ئەو میللەتانەدا هەبوو (آستیتیة،١١٤:٢٠١٤).

ئاگەر چی لەسەر ئاستی جیهان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی هزری ئەم تیۆرەیە پاشەکشەی گەورەی کردووە و وەک بابەتێکی بنەڕەتی لە گۆڕانی کۆمەڵایەتییدا تەماشا ناکرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین تا ئێستاش لەسەرئاستی جیهان لە شێوازی گروپ و دەستەی جیاوازدا ئەم تێڕوانینە هێشتا بوونی هەیە، هەروەها سەدەی (بیست)، کە تێیدا دوو جەنگی گەورەی جیهانی تێدا هەڵگیرسا و دەیان ملیۆن مرۆڤی لەناو برد ئەنجامێکی ناڕاستەوخۆی بەرجەستە بوونی ئەم تیۆرە بوو لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا و بوویە هۆی لەدایک بوونی بیری (نازی و فاشیزم).

## دووەم / تیۆری گەشەسەندن ( نظرية التطور )

تیۆرەکانی گەشەسەندن لەسەدەی نۆزدەدا و تاڕادەیەک هاوتەریب لەگەڵ تیۆرەکانی حەتمییەتدا بڵاوبوویەوە. ئەگەرچی ڕەگی ئەم تیۆرە بۆ فەلسەفە کۆنەکانیش دەگەڕێتەوە، تیۆرەکانی گەشەسەندن کاتێک دەرکەوت، کە تیۆرزان و فەیلەسوفەکان بڕوایانوابوو، کە کۆمەڵگاکان لەسەر یەک هێڵی دیاری کراو دەڕوات و بە پێی تێپەڕینی چەند قۆناغێک گەشە دەکات، لەگەڵ ئەمەشدا تیۆرزانانی گەشەسەندن دەربارەی سێ بابەت جیاوازن ئەوانیش ئەمانەن :

١.قۆناغی گەشەسەندن: ژمارەی قۆناغەکان، کە ئاراستەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی پێیدا تێپەڕدەبێت.

٢.فاکتەری بنەڕەتی جوڵێنەری گەشەسەندن: کە ئایا گەشە سەندنەکە ئەنجامی گۆڕانی بیرورِا و بۆچونەکانە، یاخود لەبەرەئەنجامی گۆڕانی ماددی و تەکنەلۆجییەوە بەرجەستە بووە.

٣.ئاراستەی گەشەسەندن: کە ئایا گەشەسەندنەکە بە ئاراستەیەکی هێڵی پێشکەوتوو دەردەکەوێت، یاخود ئاراستەیەکی بازنەیی (الدائري ) وەردەگرێت (خمش،١٩٩٩ : ١٩٥ ).

ئەگەر لە پۆلێنکردنی ئەم تیۆرانەی گەشەسەندندا پشت بە لایەنی یەکەم و دووەم ببەستین، ئەوا تیۆرەکە لاواز دەکات و دەبێتە هۆی تێکەڵاویی و پارچەبوون، بۆیە جەخت دەکەینەوە لە سەر لایەنی سێیەم کە پەیوەستە بە گۆشە نیگای گەشە سەندن و بەگشتی بۆ تیۆری هێڵی ( الخطي )و تیۆری بازنەیی (الدائري ) دابەش دەبێت.

## أ- تیۆری هێڵی ( النظريات الخطية )

تیۆرەکانی هێڵی ( الخطي ) گروپێک لە تیۆرین گرنگی بەو ئاڵوگۆڕە پێشکەوتنە بەردەوامە، یاخود ئەو پرۆسەیەی لە کۆتاییدا دەگاتە ئامانجێکی دیاریکراو دەدەن، کۆمەڵگاکان لە رێگەی تێپەڕینیان بەچەند قۆناغ و هەنگاوێکی جێگیرەوە دەگەنە ئامانجی کۆتاییان. ئەم بیرەش کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کۆنی ئیغریقیەکان، کە دواتر ولەسەردەمی رۆشنگەرییدا ( ڤیکۆ _Vico) زیندووی کردەوە و ئاراستەی کۆمەڵگاکانی بۆ سێ قۆناغی بنەڕەتی ، لەژێر رۆشنایی پەیوەندیی مرۆڤەکان بە هێزە سەرو( بان ) سروشتییەکانەوە دیاری کرد. ئەم بیرۆکەیە لەسەدەی (نۆزدە)دا بە هێزتر بوو کاتێک کۆمەڵناسەکان سەرقاڵی توێژینەوەی شێوازو بنەڕەتە یەکەمینەکانی کۆمەڵگاکانیان بوون و هەوڵی دیاریکردنی ئەو قۆناغە مێژووییەیان دەدا، کە کۆمەڵگاکانیان پێی گەیشتوو (آستيتية ، ٢٠١٤ : ١١٧ ).

بیری گەشەسەندن سەرەتا لە دیاریکردنی قۆناغەکانی گەشە سەندندا کاری لەسەر دوو هێڵی بنەڕەتی دەکرد ئەوانیش:

١- جەخت کردن لەسەر یەک ڕەگەز لە ڕەگەزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی یان کلتوری و دیاریکردنی قۆناغە زەمەنییەکان، کە کۆمەڵگاکان لەسەر بنەمای ئەو ڕەگەزانە تێیان پەڕاندووە. بەم پێیە بەشێک لە تیۆردانەرانی گەشەسەندن جەختیان لەسەر لایەنی ئابورییە، وەک ئەو وتەیەی، کە کۆمەڵگاکان بەقۆناغی (ڕاو) دا و دواتر (شوانکاری) و ئینجا قۆناغی (کشتوکاڵ) دا تێپەڕبوون، هەندێکیتریان جەختیان لەسەر خێزانە وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە دەڵێن خێزان لە جۆری کۆمۆنەی سەرەتای ( المشاعية )ەوە گۆڕدراوە بۆ خێزانی دایک ڕەچەڵەک و دواتر خێزانی باوک ڕەچەڵەک.

٢- جیاوازتر لە جەختکردنەوە لە سەر یەک ڕەگەز هەندێک لە تیۆردانەرانی گەشەسەندن جەخت دەکەنە سەر گەشەسەندنی هەمەکی ( الكلي ) لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان کلتوری، دیاریکردنی قۆناغەکان بەشێوەی هەمەکی بە بێ جەختکردنە سەر ڕەگەزێک ، کە زۆرینەی تیۆرە گەشەسەندوە بە ناوبانگەکانی سەدەی نۆزدە لەژێر ڕۆشنایی ئەم دیدگایەدا لە دایک بووە ( آستيتية ، ٢٠١٤ : ١١٨ ).

لە دیارترین نمونەی ئەم تیۆرەش، تێزەکەی کۆمەڵناس ( ئۆگست کۆنت )ە لەبارەی گەشەسەندنی کۆمەڵگاوە، کە بە یاسای سێ قۆناغەکە ناسراوە (قانون المراحل الثلاث )، کە بیری مرۆڤایەتی لە ئاراستە و ڕێرەوی پێشکەوتنیدا ملکەچە بۆ پێداویستییەکی جێگیر، کە بە پێی ئەم یاسایە وێنایەک لە وێنا بنەڕەتییەکانمان و هەموو لقێک لە تێگەیشتن وزانیارییەکانمان بە شێوەیەکی بە دوای یەکداهاتوو بە سێ دۆخدا تێدەپەڕێت، ئەوانیش: ( دۆخی لاهوتی)، (دۆخی میتافیزیکی)، (پاشان (دۆخی زانستی – وضعي-)یە( دوران و ویل ، ٢٠١٩ : ٣٣ ) .

پاشان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و دوای بڵاو بونەوەی کتێبی (بنەچەی جۆرەکان )( أصل الأنواع) ی ( چارلس داروین ) لە ساڵی ( ١٨٥٩ ) بیریاران و کۆمەڵناسان کەوتنە ژێر کاریگەری بۆچونەکانییەوە ، لە ناویشیاندا ( هربرت سپنسر ) لە ڕاڤە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت ڕاڤەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، سپنسر لە کتێبەکەیدا ( بنەماکانی کۆمەڵناسی ) بەشێکی زۆری چەمکەکانی داروینی بەکارهێناوە وەکو (فرەجۆری بونیادی) و (تایبەتمەندێتی ئەرکی) و (ئاستی توانای خۆ گونجان)، هەمیشە پەرەسەندنی کۆمەڵگای وەک پەرەسەندنی گیانەوەران نیشانداوە، لە قۆناغی هاوشێوەیی (التجانس)، کە لە ڕووی ئەرک و فەرمانەوە بونیادێکی سادەیان هەیە و پسپۆڕی (الإختصاص)یان تێدانییە، بۆ قۆناغی ناهاوشێوەیی (اللاتجانس) دەگۆڕێت، کە لە ڕووی پێکهاتەوە ئاڵۆزەو بونیادی جۆراوجۆر لە خۆدەگرن و تایبەتمەندی ئەرکەکی (التخصص الوظيفي) یان تێدایە هەنگاو دەنێن ( صادق ،٥٣:٢٠١١).

سپنسر تیۆری پەرەسەندنی بە سەر کۆمەڵناسیدا پراکتیزەکرد، (گریمانەی پێشکەوتن) ناونیشانی ئەو گوتارە بوو، کە تیۆری پەرەسەندنی ئۆرگانی خستەڕوو تێیدا، پاش ئەوەی درکی بەوەکرد، کە بیرۆکەی پەرەسەندن خۆی لە ململانێ لە پێناو مانەوە دەبینێتەوە، سپنسر پسپۆڕیی (التخصص)، بە ئامانجی هەموو پەرەسەندنێک دادەنێت. ئەمەش بە زیادبونی بونەوەری ئۆرگانی (الكائن العضوي) دەبێت، لە ئەنجامی گەشە و زیادبوون و جۆراوجۆرییان لە کۆمەڵگادا، ئەندامان بەشی بچوکی جیاواز دروست دەکەن، کە لەگەڵ گەشەی زیاتر قەبارەیان زیاتر دەبێت، جیاوازی و ناهاوشێوەیی زیاتر دروست دەبێت جیاوازییەکی سەرەتایی ناڕوون لە چەندایەتی و جۆنایەتییان، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بەش وکاری جیاوازو ئاڵۆزتر دروست دەبێت، لە ئەنجامدا پەیوەندییەکی تێکەڵ و ڕاستەوخۆ

لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدات، کەوا لە دەرەوەی خودی تاکەکانە، وەکو زمان و کلتور و بەها و نەریت (صادق،٥٤:٢٠١١).

هەرچی (هنری مۆرگانە) لە کتێبەکەیدا (کۆمەڵگای دێرین) ساڵی (١٨٧٧) وا گریمانە دەکات، کە قۆناغەکانی گەشەسەندنی تەکنۆلۆجی و سیستمی خزمایەتی (نظم القرابة) پەیوەستە بە دامەزراوە جیاوازە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. لەسەر بنەمای پێدراوە مێژووییەکان گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە کلتور بە شێوەی بە دوای یەکداهاتوو (قۆناغ بە قۆناغ) گەشە دەسەنێت و ئەو قۆناغانەش پلە بەندییەکی حەتمین و ناوەڕۆکیشیان دیاریکراوە، چونکە پرۆسێسە باڵاکان (العملیات العلیا) هاوشێوەن لە نێو خەڵکاندا لە ژێر سێبەری دۆخێکی هاوشێوە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، لە هەمانکاتدا (مۆرگان) جەختی کردەوە لەوەی کە هەموو قۆناغێک بە داهێنانێکی تەکنۆلۆجی دەست پێدەکات، بۆ نموونە دۆزینەوەی هەڵم تایبەتمەندی دۆخی نزمە لە قۆناغی بەربەرییە، و چاندنی ڕوەک و ماڵیکردنی ئاژەڵان تایبەتمەندی دۆخی ناوەندی قۆناغی بەربەری یە، هەروەک داهێنانی پیتە ئەبجەدییەکان سەرەتای قۆناغی مەدەنییە، هەروەها ڕێکخستنی کۆمەڵگای سیاسی لەسەر بنەمای هەرێمی دەبێتە دەستپێکی کۆمەڵگای مەدەنی.(آستیتیة،١١٩:٢٠١٨-١٢٠)

بەڵام (مۆرگان) وەسفی پێشکەوتنی ڕەگەزی مرۆیی دەکات لە ڕێگای سێ قۆناغی بنەڕەتی گەشەسەندنەوە، کە ئەوانیش (قۆناغی سەرەتایی savagery) قۆناغی بەربەری (Barbarism) و قۆناغی مەدەنی (civilization)، کە هەریەکێک لە قۆناغی سەرەتایی و بەربەری بۆ سێ قۆناغی (نزم، ناوەند، باڵا ) دابەشکرد. (باترسون، ٤٩:٢٠٠٥)

کۆتا کۆمەڵناس لە بەشی تیۆرەی گەشەسەندندا (ستیڤن هۆبهاوس)ە (١٨٨١-١٩٦١)ە، کە کاریگەربووە بە هەریەک لە ( ئۆگست کۆنت و هربرت سبنسر ) بیرۆکەی گەشەسەندنی عەقڵی مرۆیی وەك فاکتەری یەکلاکەرەوە لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی لە (کۆنت)ەوە وەرگرت، بەڵام یاسای سێ قۆناغەکەی (کۆنت)ی بەلاوە گرنگ نەبوو، هەروەها جەختی لەوەش کردەوە، کە پەرەسەندن و پێگەیشتن بابەتێکی هەبووە لە هەموو بوارەکانی بیردا، پاشان بیرۆکەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی ، یاخود پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بۆ پرۆسەی زیادبوونی قەبارە وئاڵۆزبوون و جیاوازی( التباین) ناوەکی دەگەڕێتەوە ( رشوان،٥٦:٢٠٠٨).

(هۆبهاوس) توانی بە تیۆرییەکی سایکۆلۆجی پاڵپشتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بکات، کاتێك پێیوابوو گەشەسەندنی عەقڵی دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، کە هەموو بیروباوەڕە ئەخلاقی وئایینییەکان دەگرێتەوە و دواتر لە هەموو سیستمە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕەنگدەداتەوە، وای دانا گەشەسەندنەکە ڕەوتی

پێشکەوتنی هەیە چونکە گەشەسەندنە عەقڵییەکان و گەشەسەندنی هزرە ئەخلاقیەکان بە ئاڕاستەی نموونە باڵاکانی ڕەفتاری تەواو ( الرشید ) لە خۆدەگرن، کە دواجار ئەمانیش دەبنە هۆی گۆڕانی سیستمە کۆمەڵایەتیە بنەڕەتییەکان، هەروەها (هۆبهاوس) مێژووی بیری مرۆڤایەتی کرد بە پێنج قۆناغەوە ئەوانیش:

١- سەرەتا یەکەمینەکانی بیرکردنەوەی دروست لە کۆمەڵگاکانی پێش خوێندنەوەو نوسین.

٢- زانستی سەرەتایی لە ڕۆژهەڵاتی کۆن ، وەکو بابلییەکان و میسری کۆن و چینییە کۆنەکان .

٣- قۆناغی پێشبینی وبیرکردنەوە لە ڕۆژهەڵاتی دوور، کە بە سەدەی هەشت تا سەدەی یەکی پێش زایین دەست پێدەکات لە وڵاتی چین و هندستان .

٤- قۆناغی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و میتۆدی لە یۆنان.

٥- قۆناغی پەرەسەندنی بیرکردنەوەی زانستی نوێ، کە لەسەدەی شازدە دەست پێدەکات( رشوان،٥٧:٢٠٠٨).

## ب- تیۆرە بازنەییەکان (النظريات الدائرية )

لایەنگرانی تیۆری بازنەیی (الدائري) گۆڕان وەک ئاراستەیەکی بەرزونزم و لە شێوەی شەپۆلی بازنەیی وبە دوای یەکدا هاتوو بە شێوەی ڕێکخراو وەسف دەکەن، کاتێک کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی، کە سەرەتا لێوەی لە شێوەی بازنەیی دەستی پێکرد. ئەم جۆری تیۆری بازنەییەش دەبێت بە دوو بەشەوە، یەکەم:-هەندێکییان تەنها ڕاڤەی یەک لایەنی دیاریکراو لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی یان لێکدانەوەی یەک دیاردە یان سیستمی کۆمەڵایتی دەکەن، دووەم:- هەندێکی تریان مەبەستییانە شیکردنەوەی ڕێڕەوی گشتی مێژوو بکەن، کە هەموو دیاردەوسیستەم ونەسەقە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆ دەگرێت بە بێ جەختکردنە سەر یەک دیاردە یان یەک سیستمی تایبەت، گرنگترین تیۆردانەرانی تیۆری بازنەییش بریتین لە : (ئیبن خلدون) و (فیکۆ) و (شبنگلر)و (تویینی) (آستيتيە،١٢٠:٢٠١٤).

(ئیبن خەلدون) وای دەبینێت کۆمەڵگای مرۆیی هەروەکو مرۆڤ لە سەرەتای لە دایکبونییەوە تا مردنی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت، هەربۆیە دەوڵەتانیش هەروەکو کەسەکان تەمەنیان هەیە، تەمەنی دەوڵەت بە گشتی سێ نەوەیە و هەر نەوەیەکیش ماوەی چل ساڵە، کەواتە تەمەنی دەوڵەت (١٢٠) سەدو بیست ساڵە و بە پێی ئەم سێ نەوەیە کۆمەڵگاش بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت (عفيفي،١٧:١٩٧٢).

١- قۆناغی سەرهەڵدان و دروستبون: بریتییە لە قۆناغی دەشتەکی (البداوة) و کەسەکان زیاتر گرنگی دانیان بە باروگوزەرانی ژیانی و ئابورییانە، ئەم قۆناغە بە زبری و توندی ژیان دەناسرێتەوە، هەروەها خاوەنی دەمارگیرین.

٢- قۆناغی پێگەیشتن و تەواوکاری: تێیدا کۆمەڵگا لە دەشتەکییەوە دەگۆڕێت بۆ مەدەنیی وشارنشین (شارستانی) لە کەمی و نەبوونییەوە ڕووەو سامان وبەرهەمداری، ناوەندی دەسەڵات بە دەست کەسێک یان خێزانێکەوە یان تاکە گەلێکەوەیە.

٣- قۆناغی پیربون و داڕوخان : قۆناغی خۆشی و چێژ و شارستانییەتە، تێیدا قۆناغی دەشتەکی توندی لە بیردەکرێت، دەمارگیری نامێنێت، تەرەف و چێژ دەگاتە ترۆپک، بەم شێوەیە پاراستن و بەرگری لە بیردەچێت، وردە وردە شارستانییەتەکە ڕووەو پیربون و لە دەستدان دەچێت.

بیریاری ئیتاڵی (ڤیکۆ) (١٦٨٨-١٧٤٤) بە دیارترین بیریاری سەدەکانی حەڤدە و هەژدە دادەنرێت، کە تیۆری بازنەیی لە چوارچێوەی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکاندا داڕشت و ڕایگەیاند کۆمەڵگای مرۆیی بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت ئەوانیش (قۆناغی ئاینی و خودایی، قۆناغی پاڵەوان وسەرکردە، قۆناغی مرۆییە) (آستيتية،١٢١:٢٠١٤)، هەروەها (ڤیکۆ) هەرگیز پێیباش نەبووە لە بابەتی گۆڕاندا باسی پێکهاتەی گشتی هەر شتێکی وەکو کۆمەڵگا یان مرۆڤایەتی بکرێت، بەڵکو لە جیاتی ئەمە چەقی جەختکردنەوەی لەسەر ئەو ڕوداوو گۆڕانە بوو، کە لە خودی کۆمەڵگادا ڕودەدەن، سەرەڕای چۆنێتی پەیوەستی و پەیوەندیی لایەنە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایانە، چونکە بە شێوەی ئۆرگانیزمێک سەیری کۆمەڵگای دەکرد، کە خاوەنی چەندین بەشی ئاڵوگۆڕی پەیوەندیی پێکەوە ئاڵاون (باترسون، ٢٠٠٥ :٣٧).

هەروەها پشتی بە تیۆری (مناظر النمو) بەست و بۆچونەکانیشی زیاتر لەسەر بنەمای پاساو و (حجج) ی ڕێژەیی داڕشت نەک هەمەکی (كلي)، لۆژیکی تیۆرەکەی بەو ئاراستەیەی، کە مرۆڤایەتی جێگیرنییە، بەڵکو بە شێوازی خولی (دائري) لە ڕۆیشتنێکی بەردەوامدایە و کاتێک لە قۆناغی کۆتاییدا جێگیر دەبێت، ئەوا بە خێرایی و ناچاری دەگەڕێتەوە قۆناغی سەرەتا، بە واتایەکی تر ئەو جیهانە زۆرەی گەلان شێوازی ژیانیان کت ومت دروستکراوی دەستی مرۆڤەکان خۆیانە و هەر بە پێی بۆچونی ڤیکۆ یاسای کۆمەڵگایەک ، یان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەنجامی گەشەسەندنی مێژوویی درێژیی ئەو حەقیقەتەیە، کە سروشتی مرۆڤایەتی بە پێی تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت (باترسون،٢٠٠٥:٣٧).

پاشــان (ئۆزفالـد شـبنگلر)(Oswald Spengler)، کە بە دیـارترین لایەنگـری تیـۆری بـازنەیی دادەنرێت پێیوایە کۆمەڵگاکان دەگۆڕێن هەروەکو چۆن مرۆڤ دەگۆڕێت، سەرەتا لە دایـک دەبێت و بە خێرایی گەشە دەکات و دەگاتە قۆنـاغی پێگەیشتنی تەواو، کە بە سەدەی زێرین نـاوی دەبات ( Golden age) و دواتر پیر دەبێت و دەمرێت ، کە شنبگلر ئەم نموونەیەی بە سەر شاری ئەوروپیدا چەسپاندووە (العمر،٢٢٧:٢٠٠٤).

هەروەها (ئارنۆلد تویبنی A.Toynbee) لە کتێبی توێژینەوەی مێژوویی (A study of history) دا ڕایدەگەیەنێت کۆمەڵگاکـان بە خـولی ئاڵنگـاری و وەڵامـدانەوە (التحـدي والاسـتجابة)دا تێپەڕدەبن و هەموو ئاڵنگارێکیش ڕوو بە ڕووی وەڵامدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، کە ئەم حاڵەتە ئاڵنگارییەکی نوێی کۆمەڵایەتی تر دروست دەکات، واتە (تویبنی) زیاتر لە (شنبگلر) گەشـەبین بووە، چونکە پێیوایە کۆمەڵگاکان ڕوەو پێشەوەو تەواوکاری و پێگەیشتن هەنگاو دەنێن (العمر،٢٢٧:٢٠٠٤).

لە کۆتاییـدا کۆمەڵنــاس (بیتـرم سـۆرۆکین) (P.Sorokin ) وای دەبینێـت گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی لە شـێوەی جـوڵەی لەرەلەری (تذبـذب)ی نـاڕێکخراودا لە ڕەوڕەوەی مێـژوودا بەردەوامــی هەیە، پاشــان دەڵێت: درککردنی هەستەکان بۆ واقع لە بواری شارەزایی هەستیدا دیاری دەکات و بوونی زانستیش بۆ ئەم دیدگایە گرنگە (رشوان،٧٦:٢٠٠٨).

زیـاتر لەمەش (سـۆرۆکین) جیـاوازی دەکـات لە نێـوان بـازنەی تەواوو بـازنەی ڕێژەیـی (النسـبية) چونکە پاش کۆتـایی هـاتنی بـازنەیی تەواو دووبـارە دەست پێدەکاتەوە بە ئاڕاستەی یەکەم دەستپێکردنی، ئەم پرۆســەیە بە شـێوەیەکی هەڕەمەیــی (اعتبــاطی ) و لە ناکــاو (صــدفة) ڕوونــادات بەڵکـو ملکەچــی پرنسیپێکی دووبـارە بۆوەی کۆنە وەکو هەڵهـاتنی ڕۆژو وئـاوابوونی، ئەم حـاڵەتە بە شێوەی کت ومت ڕونـادات، بەڵکـو بەشـێوەی هاوشـێوە سـەرهەڵدەداتەوە، بە واتـای پێشـکەوتنی بـازنەیی لە سـەر شـێوەی جوڵەی لەولەبی (حركة لولبية) بەرز ونزم دەکات و بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەپێورێت(پرۆسە لەولەبیەکە) (العمر،٢٢٨:٢٠٠٤).

## سێیەم:تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی

ماتریالیزمی مێژوویی لای کارل مارکس(١٨١٨-١٨٨٣):

هیگڵ جەخت لەتەواوکاری فەلسەفە و عەقڵ دەکـات بەو پێیەی ئەم ڕاستییە لە ئەڵمانیـادا بەرجەستە بـووە، بڕوای بە توانـای عەقڵـی مرۆیـی بـۆ پێشکەوتن هەیە، عەقڵـی مرۆیـی لای ئەو بـریتییە لە عەقڵـی گشتی نەك عەقڵی کەسی، عەقڵی گشتی ئەو عەقڵەیە، کە بەرزو پێگەیشتووترە لەعەقڵی کەسی و بەهۆی

گەشەسەندن و جووڵەی بیری ڕەهاوە گەشەدەسەنێت، کە بیرێکی پەتی جووڵەیە، جوڵەیەکی لۆژیکی ڕۆشنی بزاوتە، یان جوڵانێکی ڕاستەقینەیە، لەبەرئەوە شتەکان بەڕاستی لە جوڵەیەکی بەردەوامی نەپچڕاودان، هەموو سەلماندنێك بۆ ڕاستیەکی دیاریکراو نەفیکردنی ئەو ڕاستییە لەخۆدەگرێت. لە هەمان کاتدا ئەم نەفیکردنە داخوازی سەلماندنە، لە بەیەکگەیشتنی سەلماندن (إثبات) و (نفي)کردندا پێکهاتەیەکی نوێ دروست دەبێت، کە بەنەفیکردنی دوو دژەکە دادەنرێت. ئەم کۆکردنەوەیە هەنگاوێکە نزیك لە ڕاستی، بەڵام جێگیرو کۆتا نییە (رشوان،٢٠٠٨:٨١).

کۆکردنەوەی نێوان دوو دژ وەکو بیرێك یان تێزێکە (فرضية) (thesis )، کە تۆوی دژەکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بیرو شتە نوێکە و دژەکەی ئاڕاستەیەکی نوێی نێوان دوو دژ پێکدێنێت. بەم شێوەیە ڕێسایەك یان (فیکرە) دادەنێت، بیرێکی دژی بۆ دروست دەکات، Ant-thesis ، کە دواتر بیرێکی ئاوێتە پێکدێنێتSynthesis ، کە ئەم بیرە ئاوێتەیە کاردەکات بۆ جێگیربوونی خۆی و نەفیکردنیش،هەروەها نەفیکردنی ئەوانەی نەفی دەکەن (مارکس،١١٠:١٩٨٦) . بەمشێوەیە گەشەسەندن بەردەوام دەبێت و مێژووی مرۆڤ لە تەواوکاری نزیك دەبێتەوە.

بەڵام ئەم جوڵەیە (گەشەسەندن)ە لای هیگڵ تەنها جوڵەی بیرو گەشەکردن نییە و هەروەها جوڵەی واقیع نییە، ئەوەی کەوا ڕوویداوە و ئەوەی کەوا بەردەوام ڕوودەدات ئەو شتەیە کەوا لە عەقڵدا ڕوودەدات. دیالێکتیک لای هیگڵ بە سروشتێکی لۆژیکی پەیوەست بە کارلێکی نێوان ڕەگەزەکان دەناسرێتەوە، کە بەپێی سێ جوڵە کاردەکات، کە بریتین لە : حاڵەتێک (issue) و (دژەکەی) و (ئاوێتەکەی)، وەك بوون و نەبوون و سەیرورەکەیان،کە ئاوێتەی کۆتایی لە ناواخنیدا هەموو خەسڵەتەکانی دوو دژە پێشوەکەی تێدایە، لەبەر ئەمە ئەم میتۆدە، میتۆدێکی مێژووییە و بەبەردەوامێتی دەناسرێتەوە، کە هیگڵ لەیەك کاتدا میتۆدی شیکاری و پێکهێنانی بەکارهێنا. (إمام ،١٣٥:١٩٨٢).

بەڵام (مارکس) پێداگری ئەو ئازار و مەینەتییەیە کە چینی کرێکاری ئەڵمانی گرتۆتەوە، هەروەها ئەو بێبەشبوونەیانە لە هۆکانی بەرهەمهێنان و خاوەنداریێتیان. هەروەها کارل مارکس لە بیرکردنەوە مادیەکەیدا پشتی بە (فیورباخ)بەست، کە پێیوابوو مادده بنەڕەتی بوونە، جیهان بە سروشتی خۆی مادەیە، ئەتوانین جیهانی مادی بناسین، ئەگەر مرۆڤ هەندێك شت لە جیهاندا بزانێت و بەڵام هەندێك شتی تر نازانێت، بەڵام دواڕۆژ زۆرشت دەزانێت، کە ئەمڕۆ نایزانێت، کەوایە مارکس مەزهەبەکەی لە هیگڵ و فیورباخەوە وەرگرتووە، بە پێچەوانەی هیگڵەوە ڕەتی مەزهەبی نموونەیی (میثالي) کردو، چەمکی جەدەلی( دیالیکتیک ) وەك جوڵەیەکی مێژوویی مادی بەکارهێنا، کە ڕەنگدانەوەی کارلێکێکی مادی (عینی)واقیعیە، ئەگەر دیالێکتیکی هیگڵی گفتوگۆی عەقڵی پوخت بێت لەگەڵ خوددا، ئەوا دیالێکتیکی (مادی زانستی) گفتوگۆی عەقڵە لەگەڵ واقیع و شتە مادییەکان (عبدالفتاح،١٠٣:١٩٨٤).

مـاركس وادەبينێت كۆمەڵێك ياسـا هەن حـوكمی (جـوڵەی مـادە)و (سروشـت) و (كۆمەڵگـا) و (بيـر) دەكەن، هەروەهـا حـوكمی (جـوڵەی جيهـان)يش بەتەواوی دەكەن، ياسـاكان بە ياسـا بنەڕەتيەكـانی ديالێكتيک، يان ياساكانی گۆڕان، يان ياساكانی سروشت ناو دەبرێت، واتە زانينی ديـاردەيەك لە دژەكەی و يەكبوونيـدا، لە زانينـی ئاراسـتە دژەكانيـدا، لە پرۆسـە سروشـتی و ئاسـاييەكانيدا لە نـاو كۆمەڵگـا و لە هۆشـياريدا، لەگەڵ ئەمەشـدا ديـالێكتيكی مـادی ڕۆڵەكەی تەنهـا لە تێگەيشـتنی ياسـاكانی گەشەسـەندن و پێشكەوتندا كورت نابێتەوە، بەڵكو بە تيۆرەيەك بۆ زانين و لۆژيكيش دێتە هەژمار.

(دياليكتيك)يش لای (لينين) واتای تيۆری يەكبوونی دژەكانە، دياليكتيك تيۆرييەكە ڕوونـی دەكـاتەوە، كە دژەكـان چـۆن لە يەكبوونـدا پێكـدێن و چـۆن بەردەواميشـن تێيـدا. هەروەهـا (ئينگڵـز)يش ديالێكتيـك بەزانسـتی پەيوەسـتبوونی گشـتگير دادەنێـت، پەيوەسـتبوون بـريتييە لە پەيوەنـديی، كە گـۆڕانی يەكێـك لەلايەنەكان ئەبێتە هۆی گۆڕان لەلايەنەكانی تردا (بورلاتسكي،١٩٨٥: ١٠٤-١١٧).

كە (رشـوان:٢٠٠٨:٨٤) لە كتێبـی ( التغيـر الإجتمـاعي و المجتمـع)دا ئەم ياسـايانەی كـردووە بە چواربەشەوە ئەوانيش :

أ- پەيوەستبوونی ڕەگەزەكانی ژيان.

ب- ململانێی دژەكان.

ت- كەڵەكەبوونی هەمەكی (الكلي) دەبێتە هۆی كەڵەكەبوونی چۆنيتی.

ث- نوێ ڕەتی كۆن دەكات.

كەواتە بە پێی ئەم شيكارييە بێت گەشەسـەندن شێوازێكی تـايبەتە لە جوڵەيەكی هەڵكشـاوی شـتەكان و دياردەكان، كە لەماوەی ئەم بزاوتەدا گۆڕانكاری چۆنێتی و چەندێتی ڕوودەدات، ديارە گۆڕان لە ڕەگەزە گرنگەكانی پێكهاتەی شتێكدا دەبێتە هۆی گۆڕانی چۆنێتی و بنەڕەتی. مەبەست لەم گۆڕانەش ئەوەيە، كە بەكـارتێكردنی يەكێـك يـان زيـاتر لە فـاكتەرە كاريگەرەكـان پێكهـاتەی كۆمەڵگـا لەڕووی بنـاغە و هاوسەنگييەوە ڕووبەڕووی گۆڕانی بەرچاودەبێتەوە .بەم پێيەش كۆی سيستەمی كۆمەڵايەتی و سـەرجەم سيستمەكانی تر گۆڕانی بنەڕەتی و بەرچاو تێياندا ڕوودەدات.

هەروەهـا (ڤلادميـر لينـين) يـش بە وردی باسـی ئەم ياسـايانەی كـردووە، وەكـو ياسـای يەكبـوون و ململانێـی دژەكـان، ياسـای نەفـی نەفـی، ياسـای يەكبـوونی نـاوەڕۆك و ڕوخسـار. لينـين ياسـای يەكبـون و ململانێـی دژەكـان بە چەقـی ديالێكتيـك دادەنێـت. ئەم ياسـايە سـەرچاوەی نـاوەكی گەشەسـەندنی هەمـوو شـتەكانی واقيـع و دياردەكـانی دەردەخـات، هەر لينـين دەڵێـت : "يەكبـوون (هاوچەشـنی-هاوسـەنگی )ی دژەكـان ڕێژەيـی و كـاتی و تێـپەڕە، بەڵام ململانێـی دژەكـان ڕەهـايە بە ڕەهـابوونی گەشەسـەندن، بەڕەهـابوونی جـوڵە، گەشەسـەندن بـريتييە لە ململانێـی دژەكـان، بەڵام بەردەوامێتـی ململانێـی دژەكـان

پێویستی بە گۆڕینی شێوەی یەکبوونەکەیە، تەنانەت خودی دژەکانیش دەگۆڕێت"(بورلاتسکي، ١٩٨٥ : ١٢٥-١٢٧).

شیکردنەوەی مارکسی بۆئەم یاسایانە بەو واتایە دێت، کە هەموو ڕەگەزەکانی ژیان کاریگەر دەبن بە هەندێکیان و کار لە هەندێکی تریان دەکەن لە چوارچێوەی سیستمێکی کۆمەڵایەتی هەبوو لە هەر کۆمەڵگایەکدا، بەڵام ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییە لە هەناویدا فاکتەری لەناوبردنی هەڵگرتووە، چینی بۆرجوازی لە کرۆکی سیستمی دەرەبەگایەتییەوە هاتە دەرەوە و بویە دژی چینی دەرەبەگ، هەروەها چینی پرۆلیتا لە کرۆکی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە سەری دەرهێنا و بووبە دژی چینی سەرمایەدار. (رشوان،٨٤:٢٠٠٨)

یەکێك لە ناسینەوەکانی یاسای نەفی نەفی (نفي النفي) بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی شێوازی کۆنی خراپبوو مانەوە لەسەر ناوەڕۆکی ئەرێنی شتەکان، یاسای نەفیکردنی نەفی ئاڕاستەی هەڵکشاوی گەشەسەندن و پەیوەستی وبەردەوامێتی نێوان کۆنی نەفیکراو و نوێی نەفیکار دیاریدەکات و مانەوە بەمەرج دەگرێت لەسەر ئەنجامە ئەرێنییەکان لە ماوەی گەشەسەندندا لە قۆناغە پێشوەکانی گەشەسەندندا (بورلاتسکي،١٣١:١٩٨٥).

کاتێك کێشەکانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی کەڵەکە بوو، چینی بۆرجوازی هەستا بە لەناوبردنی سیستمی دەرەبەگایەتی، دواتر سیستمی سەرمایەداری هاتەکایەوە، کاتێك کێشەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کەڵەکە بوو پرۆلیتاریا شوێنی ئەو سیستمەی گرتەوە و ئینجا سیستمی سۆسیالیستی هات. بەو پێیە کەڵەکە بوونی چەندێتی (کێشەکان) بووە هۆی گۆڕانی چۆنێتی، دامەزراندنی سیستمێکی نوێ لە جێگای سیستمە هەبووەکە. سیستمە نوێیەکە پامالّی ئەو سیستمە هەبوەی کۆمەڵگای کرد، بەواتای سیستمی نوێ نەفی سیستمی کۆنی کرد (حسانین،١٩٨٩:٢٨-٣٠).

میتۆدی دیالێکتیکی گرنگی بە وەسفی شتەکان نادات، بەڵکو گرنگی بە شیکاری شتەکان کە لە جوڵە و بەیەکداچوونی هەمیشەییدان دەدات، میتۆدی دیالیکتیکی پێیوایە واقیعی کۆمەڵایەتی سیاسی بەبابەتیبوون و سەربەخۆی جیادەکرێتەوە و کەشفی ئاڕاستەکان و ئاڵوگۆڕە پەیوەستەکان بە ئیرادەی مرۆڤەوە دەکات (بيطار،١٨:١٩٨٢).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی ڕابورد دەردەکەوێت میتۆدی دیالێکتیکی، میتۆدێکی مێژووییە، پێ بە پێ شوێنی گەشەسەندنی دیاردەکان دەکەوێت بەدیاریکردنی ئەو بارودۆخەی، کەلەپشتیەوەن و ئەو هێزە پاڵنەرانەش، کە ئاڕاستەی دەکەن. میتۆدی دیالێکتیکی توێژینەوەی دیاردە لە دۆخە مێژووییەکەیدا دەکات و پەیوەستی دەکاتەوە بە ژینگە کۆمەڵایەتییە پێشوەکە، کە دروستی کردووە. کەواتە دۆخی شتەکان دەردەکەون گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەنجامی گۆڕانکارییەکانە، کە بە پێی ئەم میتۆدە ڕووداوەکان دابڕاونین، بەڵکو لە زنجیرەیەکی درێژی پێکەوەبەستراودا ڕوودەدەن. دیارە بە پێی ئەم میتۆدە

پێشـبینیکردن بـۆ ڕوودان و سـەرهەڵدان وشـێوازی دیـارده و ڕووداوەکـان و ئاسـتی تونـدی و ئاسـاییان کـارێکی چـاوەڕوانکراوە، چـونکە دیـارده و شـتەکان لە چوارچێـوەی کـاتێکی دیـاریکراودا و بەشـێوەی پەیوەست پێکەوە کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنێن.

(کـارل مـارکس)پێیوایە پەیوەنـدییەکانی بەرهەمهێنـان لەمێـژووی مرۆڤایەتیدا بە پێنج قۆناغدا تێدەپەڕێت ئەوانیش:

١. قۆناغی کۆمۆنەی سەرەتایی.
٢. قۆناغی کۆیلایەتی.
٣. قۆناغی دەرەبەگایەتی.
٤. قۆناغی سەرمایەداری.
٥. قۆناغی ئیشتراکی.

هەروەها بە پێی میتۆدی دیالێکتیکی، ناسینەوەی هەموو پرۆسێسە جیهانییەکـان لە دنیـامیکیەتی خـودی و گەشەسـەندنی خۆکردیـدا (تلقـائي)، ناسـینەوەیەتی لە ڕوانـگەی یەکبـوونی دژەکـانەوە، پەرەسـەندن و لەنـاوچوون بەم شێوەیە وێنـاکردنی گەردوون و گەشەسـەندنی مرۆڤـایەتیش تەنهـا لەڕێـگەی دیـالێکتیکەوە ڕوودەدەن (الکحلاني،٩١: ١٩٩٧).

(مارکس و ئینگڵز)یش لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسایانەی بۆ گۆڕان و گەشەسەندنی گەردوون و شتەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دایانڕشت، وایان نمایش کرد، کە مێژووی هەمیشەیی کۆمەڵگاکان بریتییە لە مێژووی ململانێی نێوان چینەکـان، کە چۆن سـەرەتا گرووپـی بچوك بچوك هەبوون دواتر بوونەتە کۆمەڵێ دراوسێ و پەیوەندی لە نێوانیاندا دروست بووە، پاشان لە ئەنجامی گەورەبوونی ئەم کۆمەڵانە و زۆربـوونی پێویستییان بە شتەکان ململانـێ لە نێوانیانـدا دروسـت بـووە، بۆیە دیـاردەی خاوەندارێتی لای هەنـدێك و بـێ بەشـبوونی هەنـدێکی تـر دیاردەکـانی دروسـت بـوونی دووچینــی کـۆمەڵایەتی جیـاوازی بەرهەمهێناوە، بەم شێوە فۆڕمی کۆمەڵگاکان چەند قۆناغێکیان بڕیوە، بەڵام ئەوەی جێگـای سـەرنجە لەم میتۆدەدا ئەوەیە، کە بە پێی تێڕوانینەکەی دەبێت کۆمەڵگاکـان لە (سـەیرورە)یەکی بەردەوامـی گۆڕانـدابن و لە دۆخێکی دیاریکراودا نەوەستن، بەڵام خودی (مارکس) زنجیرەی گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤـایەتی لە قۆناغێکدا بە نـاوی ئیشـتراکییەت دەوەسـتێنێ، کە تێیدا خاوەندارێتی سـامان دەبێتە هـی گشت و شتێك بەنـاوی (چینـی کـۆمەڵایەتی)یەوە نامێنێت و دادپەروەری بـۆ سـەرجەم مرۆڤـایەتی دابـین دەکرێـت، بەڵام ئەمە جگە لەوەی واقعی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکانی جیهان ئەمەی نەسـەلماند، لەهەمانکاتدا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم ڕوانگە کۆتاییە دژی یاسا دانراوەکانی خۆیەتی بۆ گەشەسـەندن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی . ( مارکس و ئەنگڵز،٣٠٩: ٢٠١٧)

## چوارەم:ڕێچکەی پراگماتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی

پراگماتیزم جۆرێک لە فەلسەفەی ئەمریکییە، کە لە لایەن ( جیمس و پێرس )ەوە دامەزراوەو پێیوایە پێویستە ڕاستی هەر بیرۆکەیەک لە ماوەی جیبەجێکردنە زانستییەکانیدا لە جیهانی ئاساییدا بپێورێت(Pence,2000:49) . ڕەگەکانی لە واقیعدا ڕەگی داکوتاوە، وەکو ئەنجامی زانستییە سروشتییەکان، هەروەها دۆخی ڕابردوو تێدەپەڕێنێت و خۆی بە دوور دەگرێت لە بیروڕای مێتافیزیکی، پراگماتیزم بە پێچەوانەی میتۆدی مادی مێژووییەوە، کە ئەمەی دواییان وێستگەی دەرچوونی بیریان ڕابردووە، بە ئاڕاستەی هەوڵدان بە پێشبینیکردنی ئایندە، بەڵام پراگماتیزم وێستگەی ئایندە بە تێپەڕاندنی ڕابردوو وەك خاڵی دەستپێك و دەرچوون بە هەند دەگرێت، خۆی دادەبڕێت لە ڕابردوو، چونکە بنکۆڵکاری و توێژینەوە تێیدا بەبەردەوامی ئەگەری دابڕانمان لە ئێستا و ئایندە بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەگەر بابەتەکە پێچەوانە بکەینەوە بە ئێستاو ئایندە دەست پێبکەین، ئەوا دەسکەوتمان تێیدا زۆر زیاتردەبێت ئەنجامەکانیش زۆر باشتر و دەوڵەمەندتر دەبێت.

میتۆدی پراگماتی بەدواداچوون و توێژینەوەی بیروڕا سەرەتایی و یەکەمینەکان ڕەتدەکاتەوە ،کاتێک لە شێوەی ڕەهادا دەردەکەون، پرسیاری چۆنێتی سەرهەڵدانی بیرەکان و سەرچاوەکانیان ناکات، بەڵکو بەدوای ئەنجامە زانستییەکانەوەیە، کە دەکرێت بەرەو گۆڕانی واقیع ڕووەو باشتر ئاڕاستەمان بکەن. هەروەها ئەم میتۆدە وایدەبینێت، کە ئێمە لە چرکە ساتی ئێستادا دەژین و ئامادەمان دەکات بۆ ئایندە، بۆیە ئەرك و کاری ئێستا ئامادەبوونە بۆ ئایندە لە ڕێگەی پێشبینیکردنێك، کە پێویستە بە پێی پلانەکانی ئێمە ڕووبدات (رشوان،٩١:٢٠٠٨).

دیارترین لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیەش (ولیم جیمس و چارلس پێرس وجون دیوی)ن:

(ولیم جیمس) (١٨٤٢-١٩١٠)ڕەتی کۆکردنەوەی دژەکان پێکەوە دەکاتەوە، ئەوەی میتۆدی دیالێکتیکی کردی، هەروەها لە ڕوانگەیەکی نزم و گاڵتە ئامێزەوە باسی ئەم کۆکردنەوەی دژانە دەکات و پێیوایە ئەم کۆکردنەوە و تێکەڵکردنە دەبێتە هۆی پەشێوی بیر(فکر) و نامانبات بەرەو پێشکەوتنی عەقڵی و مەدەنی .(جیمس) دەڵێت: "ناتوانین دژەکان کۆبکەینەوە بە نموونە : (خۆپەرستی و خۆنەویستی)، نموونەیی (المثالي) و واقیعی، واقیع ئەوەی سەلماندوە ئەم شتانە شتی بەرانبەریەکن و لەیەککاتدا ناتوانیت کۆیانبکەینەوە" جەخت لەوە دەکاتەوە ڕەنگ و سیفاتی شتەکان جیاکاری و فرەییان دەردەخات، ئاماژە بەوە دەکات، کە جیهانی خەسڵەتەکان (الصفات)، جیهانی شتەکانە، کە بە واتای تەواو هەڵوەشاوەن (مفككة). مرۆڤ هیچ نییە جگە لەوەی بە سیفەتەکانی ناسراوە (دیارە سیفاتیش ڕەنگدانەوەی شتەکانە)، هیچ سەرچاوەیەکی یەکبونی هاوبەش نییە بۆ شتەکان، بەڵکو تەنها ئەوەی هەیە بوونی پەیوەندییەکی بەردەوامە لە یەك شوێن و کاتدا (زەمکاندا) (رشوان،٩٢:٢٠٠٨).

به گـوێرەی جـیمس تایبـەتمەنـدی نێـوان شـتەکان کۆمەکمـان دەکـات بـۆ هەڵبژاردن(الإختیـار) و بەم پێیەش یارمەتیمان دەدات بۆ جەختکردن و کردەکردن لە بابەتێکی دیاریکراودا و تێکۆشان لە پێنـاوی هەر ئامانجێکی ڕۆشندا، بەڵام کۆکردنەوەو ئاوێتەکردن بە واتای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن دێت: بۆ نموونە – لەیەککاتدا نێوەندگیری و سازاندن لەخۆ دەگرێت، کە ئەمەش پرۆسـەی حوکمدان و کردە دوادەخـات، بەڵام پێویسـتە ئـێمە هەڵبژێـرین ، بـۆ نمـوونە لە نێـوان ڕەبەنـی و هاوسـەرگیری دەبێـت هەڵبژێـرین ( جیمس،١٩٤٩: ١٥٠-١٥١).

بەپێی ئەم ڕوانگەیە هەموو شتێك بوونێکی سەربەخۆی هەیە جیاواز لە شتەکانیتر و ناکرێت بـوونی واتـای شـتێك بە دژەکەیەوە ببەسـترێتەوە، بەڵکـو دەکرێـت شـتێك لە یەککاتـدا بەراورد بکرێـت، بە چەنـد شتێکی هاوچەشنی خۆی، بۆ نمـوونە ڕەنگـی سپی تەنهـا لەگەڵ ڕەشدا وێنـا ناکرێت، بەڵکـو دەکرێت بە ڕەنگـی سـوور یـان شـین بەراوردی بکەیـن. یـان دەکرێـت تەنهـا شـتێك بـۆ خـودی خـۆی خـاوەنی واتـاو تایبەتمەندی و سیفاتی سەربەخۆی خۆی بێت.

هەڵبـژاردن( ألإختیـار ) لە نێـوان پێکهاتەکـان یەکەم هەنگـاوە، کە ڕووەو کـردەو تێپەڕانـدن (تجـاوز) ئاراستەمان دەکـات. ئـازادی و کۆیلەیی لەیەککاتـدا هەن پێکەوە و لە هەمانکاتدا دژیەك و یەکگرتـوون بە پێی وێنای میتۆدی دیالێکتیکی، بەڵام میتۆدی پراگماتیکی ڕاستەوخۆ لە وەسف و ڕاڤەی بـوونی شتەکەوە دەمانبات بۆ هەڵبژاردنی کردە (فعل الإختیار)، یان دەبێت کۆیلەبین یـان شۆڕش دەکەین و سەربەستیمان دەست دەخەین، یان دەبینە کۆنەپارێز یان پێشکەوتوو یان سەرمایەدار، ئەمانە بەڵگەنەویست (بـدیهي)ن و ناکرێت تێکەڵ بکرێن (الکحلاني،١٩٩٧: ١١٠-١١١).

هەروەهـا ڕاسـتی لە ڕوانـگەی (ولیم جیمس)ەوە نە لە وێنـەی شـتەکاندایە، ونە لە بـوونی شـتەکاندایە، بەڵکـو شـتەکان ڕوخسـەتیان پێدەدرێت، کەوا دەرکەون، ڕێخۆشـدەکات کردەکانمـان و کاریگەرییـان بەو شـێوەیەی، کە دەکرێـت ڕووبـدات. بەم پێیە فەلسـەفەی (جـیمس) فەلسـەفەیەکی پێشـکەوتووی کـردەییە و جەخت لە توانای پێشکەوتن دەکاتەوە ئەمە واتای باڵابوون (إرتقی) دەگەیەنێت، جیهان باڵا و چاك دەبێت بە یـارمەتی مـرۆڤ، پراگمـاتیزم ڕێچـکەی زۆری و ئیـرادەی بیروبـاوەڕە، مەزهەبـی زۆری (الکثـرة) بڕوای بە توانای دەرچوونی ئاڕاستەی نوێی ئایندە هەیە، بۆنموونە ئیرادەی بیروبـاوەڕ وایدەبینێت، کە چاکسازی (التحسن) لەسەر بـاوەڕ (ئیمـان) بینـاکراوە، کە مرۆڤەکـان نموونە بـاڵا ئەخلاقییەکـانی خۆیـانی لەسەر دادەمەزرێنن، نەزعەی باڵابوون (الإرتقائي) جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە، کە باشبوونی جیهـان بە چـاڵاکبوونی سـەرجەم بەش و پێکهـاتە جیاوازەکـانی دەکرێـت و ئـێمەش لە نێـوان ئەو بەش و پێکهاتانەداین (رشوان،٩٣:٢٠٠٨).

دەکرێت بیری (ولیم جیمس) لە چوار گوتەزای بنەڕەتیدا بخەینە ڕوو، ئەوانیش:

١- ناتەواوی جیهان: بەو واتایەی جیهان لە ڕووی دروستکردنەوە ناتەواوە لەم چرکەساتەدا، ئەم بیروباوەڕەش جەخت لە توانای کامڵبوونی پێکهاتەکەی لە ڕێی هەوڵەکانی ئێمەوە دەکاتەوە.

٢- کات (الزمن): جیهان ناتەواوە و لە ڕێگەدایە بەرەو باڵابوون و ماوەی(الزمن) ئاییندە کراوەو فراوانە بۆ خستنەسەرو ئیزافەکردن (الإضافات).

٣- ڕێککەوت (الصدفة): واتە هیچ شتێك لە جیهاندا حوکمێکی ڕەها ناکات لە چارەنووسی شتەکاندا، ڕەتی حەتمیە دەکات، جەخت لە ئازادی دەکاتەوە، کە بێ ئەو ناکرێت هیچ پێشکەوتنێك بێتە دی.

٤- توانایی (الإمکان): بەواتای توانایی باڵابوونی ناتەواوییەکانی جیهان لە ڕێگەی کاتەوە (الزمن) و لەسەر بنەمای کردەی ئازادانە ( زیدان،١٣٦:١٩٧٧).

جگە لەوەش ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەداتە گەورە پیاوان( العظماء ) و کەسانی خاوەن بەهرە و توانا لە کایەکانی ژیاندا، و جەختی لەو کردە مرۆییانە کردۆتەوە، کە مرۆڤەکان لە ژێر ڕۆشنایی لێهاتویی و توانا ناوەکییەکانی ناخیاندا بەرجەستەی دەکەن، بۆیە دەکرێت هەندێکجار سەرکردەیەك لە دۆخێکی ناسازی قەیراناویدا وڵات و کۆمەڵگە بگەیەنێتە کەناری دڵنیایی و بە پێچەوانەشەوە. بە تێگەیشتنی (جیمس) یاسا حەتمیە مێژووییەکان گۆڕان دروست ناکەن، بەڵکو گۆڕان ئەنجامی کەڵەکەبوونی کاریگەرییە کەسیەکانە، بەتایبەت کاتێك ئیرادەیەکی چاکەخواز و بەهێز بوونی هەبێت، ئیرادە لە یەکلایکردنەوەی نێوان کۆمەڵێك بیرەوە سەرهەڵدەدات، پاشان ڕۆڵی بیروباوەڕ بەو بیرە هەڵبژێردراوە دێتە پێشەوە، لە کۆتاییدا ئەم بڕوایە لە فۆڕمی کردەدا بەرجەستە دەبێت، لەبەر ئەوە (جیمس) بڕوای وایە جیهان ئەوەیە کە ئێمە بڕوامان پێیەتی و دروستی دەکەین، و دووپاتی ڕێژەیی بوونی هەردوو چەمکی (خێر و شەڕ) یش دەکاتەوە و دەڵێت: چیەتی خێر و شەڕ لەسەر تێگەیشتن و بیروباوەڕی ئێمە وەستاوە، هەروەکو چۆن بڕیاردان بۆ ئەرێنی و نەرێنی بوونی شتەکان ڕێژەیین و لەسەر بیروباوەڕی ئێمە پێکدێت.( رشوان،٩٥:٢٠٠٨)

## پێنجەم: فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

گۆڕانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بەردەوامی کۆمەڵگایە و بەردەوام لە جوڵەیەکی ناکۆتادایە، واتە گۆڕان ئاماژەی بزاوتی تاکەکەس و زیندوێتی کۆمەڵگایە، کاتێك باس لە فاکتەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەین ڕووبەڕووی هەندێك گرفتی تیۆریی دەبینەوە، لەوانە:

یەکەم: پێکداچوون و تێکەڵاوی فاکتەرەکانی گۆڕان، بۆ نموونە پەیوەندی کلتوری یەکێك لە فاکتەرە کاریگەرەکانی گۆڕانە، کە زۆربەی جارلە ڕێگەی کەسە کاریگەرەکانی کۆمەڵگاوە ئەم گۆڕانە کلتورییە ڕوودەدات، هەروەکو هەندێکجاری تر گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی نوێکاری ناوخۆییەوە ڕوودەدات ( آستيتية،٤٥:٢٠٠٨)، کەواتە هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکان پێکەوە هاوکارن لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا.

دووەم: (هۆ)ی(تعليل)ە، کاتێك گفتوگۆ لە بارەی فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەین، بابەتی هۆکار(تعليل) دەبێتە جێگای مشتومڕ، کەئایا ئەم فاکتەرانە هۆکار( علة )ن، یاخود تەنها فاکتەرێکی هاوکارن؟ لە ڕاستیدا پرۆسەی توێژینەوەی هۆکارەکان لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا کارێکی ئاسان نییە ومەترسیداریشە وتوانای گەیشتن بەدڵنیایی لای توێژەر ئەرکێکی گرانە، بۆ سەلماندنی هەر فاکتەرێك وەك هۆکاری گۆڕان پێویستیمان بە توێژینەوەی ورد هەیە.

سێیەم، پۆلێنکردنی فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵاتییە، کە تائێستا ڕێککەوتنێکی مامناوەندی نییە بۆ ڕیزبەندی لە نێوان کۆمەڵناسان و توێژەراندا، دەیان توێژەرمان هەیە لە بارەی فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە دواون و هەر یەکێکیان پۆلێنکردنێکی تایبەت بە خۆیان کردووە، کە ئەویش دەوەستێتە سەر کاریگەری هۆکاری کات و شوێن و ڕادەی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەی، کە ئەو کۆمەڵناسە تێیدا توێژینەوەی کردووە، بۆ نموونە ( العمر، ٢٠٠٤ : ١١٢ ). سەرچاوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بۆ دوو ستوونی چەندێتی و چۆنێتی دابەش دەکات، کە سەرچاوەی (گۆڕانە چەندێتیەکان)ی بۆ دە سەرچاوە و (گۆڕانە چۆنێتیەکان)یشی بۆ سێ سەرچاوە پۆلێنکردووە .

پاشان ( دۆران و وێڵ) فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتییان بۆ چوارجۆر پۆلێنکردووە، ئەوانیش فاکتەری (دیمۆگرافی و تەکنیکی و بەهاکلتورییەکان و ئایدیۆلۆجیان).( دۆران و وێڵ،٢٠١٩: ٥٥٠-٥٥٥:) هەروەها ( علی،١٩٨٢:٣٠-٥٧ ) لە کتێبی ( التغير الإجتماعي والتنمية– مدخل نظري ) دا پۆلێنی فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە ( فاکتەری میتافیزیکی و بایۆلۆجی و دیمۆگرافی و تەکنەلۆجی و ئایدیۆلۆجی ) دەکات.

لەگەڵ ئەوەی پۆلێنبەندی بۆ فاکتەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی فرە لایەن و فرەڕەهەندن، هەروەها توێژینەوەی خودی گۆڕانی کۆمەڵایەتیش بۆ خۆی بابەتێکی چڕو ئاڵۆزە، بۆیە کاتێك توێژەرێك دەیەوێت بەدواداچوون بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فاکتەرەکانی بکات، ئەوا چەند پرسیارێك سەرهەڵدەدەن، کە ئایا گۆڕان چۆن ڕوودەدات و ئاڕاستەکەی ڕوو لە کوێیە؟ کە بەشێك لە کۆمەڵناسان بە سوودوەرگرتن لە کتێبەکەی ( بۆتۆمۆر) ( کۆمەڵناسی ) بۆ گرتنەبەری ڕێگایەکی زانستی و میتۆدی لە توێژینەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا ئەم چەند پرسیارەیان هەڵهێنجاوە:


ئەو شتە چیە کە دەگۆڕێت؟ چۆن دەگۆڕێت؟ ئاراستەی گۆڕانەکە چۆنە؟ تێکڕا گۆڕانەکە چەندە؟ گۆڕان بۆچی ڕوودەدات؟ گرنگترین فاکتەرە بنەڕەتیەکان گۆڕانی کۆمەڵایەتی کامانەن؟ ( علی،٢٥:١٩٨٢)

دەتوانین بڵێین گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا( البناء الإجتماعي ) ڕوودەدات، یان لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، یان لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو سیستمانە، کە ئەگەربمانەوێت جیاوازی بکەین لە نێوان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کلتوری لە پەیوەندیدا بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوا دەتوانین چەمکی گۆڕانی کلتوری وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو وێنە جۆراوجۆرانەی لە دیاردە کلتورییەکاندا رودەدەن، بەکاربهێنین وەك ( زانیاری و بیرەکان و هونەر و مەزهەبە ئایینی و ئەخلاقیەکان)، کە دیارە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان لە زۆربەی دۆخەکاندا بە تەواوی پەیوەستن پێکەوە.

هەرچی پرسیاری تایبەت بە چۆنێتی ڕوودانی گۆڕان و ئاراستە و خێراییەکەیەتی، ئەوا پێویستمان بە وەسفێکی مێژوویی شیکارییە بۆ ئەو گۆڕانەی لە ڕابردوودا ڕوویداوە، کە چەندین ڕووداو گۆڕانی گەورە بەسەر پەیوەندییەکان و سیستەمی ئابووری و جۆری خێزاندا هاتووە، هەروەها لە پەیوەندیدا بە ئاراستەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە ناکرێت حکومدانێکی بەهایی تێدابێت، چونکە هەریەك لەو گۆڕانکارییانە لە واقیعێکی مێژوویدا ڕوویانداوەو گۆڕانیش زنجیرەیەکی بەدواییەکدا هاتووە و پرۆسەی حوکمدانی بەهایی هەڵناگرێت( علی لیلة وئەوانی تر،٣٥٥:٢٠١٠-٣٥٦). هەروەها هۆکاری ئەم بێلایەنییە لە شیکاری گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ گرانی تێبینیکردنی تەواوی ڕەهەندەکانی گۆڕانەکە و ئاشکرانەبوونی کۆی وێنەکە، پاشان لە ڕووی ئاست و تێکڕای گۆڕانەوە کۆمەڵناسان گرنگییەکی تەواویان پێداوە، کە ئایا تێکڕایی گۆڕان لە ڕەهەندە جۆربەجۆرەکاندا چەندە؟ بۆیە سروشتییە ئەگەر ئاماژە بە خێراییکردنی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کلتوری لەسەردەمی نوێدا بکەین ، کە کۆمەڵناس ( ویلیام ئۆگبێرن) لە یەکەمینەکانە، کە توێژینەوەیەکی چەندێتی بۆ تێکڕای ئاڵوگۆڕەکان بە تایبەت لە بواری داهێنانە تەکنەلۆجیەکاندا، کە جەختی کردەوە لە جیاوازی  نێوان تێکڕای گۆڕان لە سێکتەرە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، گریمانەی دواکەوتوویی کلتور(Culture Lag)ی دانا، کە مەبەست لێی خێرایی گەشەکردن و گۆڕانی تەکنەلۆجیە لەبەرانبەر لاوازی گۆڕان لە سیستەمی خێزان سیاسەت و سیستمەکانی تر( علی لیلة وئەوانی تر، ٢٠١٠ : ٣٥٧ ).

هێڵکاری(٤) فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

*ئامادەکردنی توێژەر




**شەشەم: ئایدیۆلۆجیا وەك فاکتەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی:**

لەبەرئەوەی کۆڕاییەك لە نێوان توێژەران و کۆمەڵناسان سەبارەت بە یەکلایکردنەوەی فاکتەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی نییە، بۆیەچەندین پۆلێن و ڕیزبەندی بۆ دەستنیشانکردنی فاکتەرەکانی گۆڕان پێشنیازکراوە، کە بەپێی قۆناغی مێژوویی و ئەو دۆخە کلتوری و ژیارییەی توێژەرەکەی تێدا ژیاوە ڕیزبەندییەکە دەگۆڕێت. هەرچەندە بەربلاوترین پۆلێن زیاتر خۆی لە فاکتەرە دەرەکییەکانی وەك ( ژینگەی فیزیکی و دۆخی بایۆلۆجی و سیستمی کلتوریی و تەکنەلۆجی ) دەبینێتەوە، دوو فاکتەری یەکەمیان تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆن لە چالاکیی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و جێگیرن، هەرچی دوو فاکتەری دووەمیانە زیاتر دروستکەری دەستی مرۆڤەکانن و لەژێر کاریگەری پێداویستی ژیان و جۆری بیرکردنەوەیاندا دێنە ئاراوە، بەڵام بەشێك لە توێژەران لە گرنگی ڕۆڵی فاکتەرە دەرەکییەکان کەم دەکەنەوە، ئەویش بە پاساوی کارایی و کردەبوونی مرۆڤ لە ژیانی واقیعیدا، بەوپێیەی مرۆڤ نەك بابەتی توێژینەوە و چالاکیی کۆمەڵایەتیە، بەڵکو کارەکتەرێکی کارای گۆڕانکارییەکان و بزوێنەرو بابەتی پرۆسە مێژوویی _ کۆمەڵایەتییەکانە( علی،١٩٨٢:٢٨). بۆیە توێژەران دەستنیشانکردنی فاکتەرە بابەتیەکانی وەك ( فیزیکی و ئیکۆلۆجی و بایۆلۆجی و دیمۆگرافی ) و بەشی دووەمی فاکتەرەکانی

گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە فاکتەرە خودییەکان دەناسێنن، کە ئەمیش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی ئەوانیش:

أ. فاکتەری تەکنەلۆجی و ئابووری و کلتوری

ب. فاکتەری ئایدیۆلۆجی و سیاسیی

کە ئەمەی دووەمیان تەواو خودییە و پەیوەستە بە گەشەکردنی هۆشیاری و چاکسازی و گۆڕانە ڕیشەییەکانەوە.( علي، ١٩٨٢ : ٢٩)

(ئۆگست کۆنت) وەك یەکەمین کۆمەڵناس گۆڕان و گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆیی بەو گۆڕانە بیری و زیهنییەوە بەستەوە، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە خۆوە بینیویەتی، هەروەکو چۆن لە یاسای سێ قۆناغەکەی گەشەکردنی بیری مرۆڤایەتیدا نیشانیدا. چونکە کۆمەڵگا و خەڵکەکەشی هەڵگری بیرێکی تایبەتن لەبارەی پێکهاتەی کۆمەڵگا( بناء المجتمع ) و پرۆسە کۆمەڵایەتیە خولییەکان و ئەو پێگەیەی هەیانە لە ناوخۆی کۆمەڵگا و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە بەبێ ئەم بیرو تێڕوانینانە ژیانی کۆمەڵایەتی بێنرخ دەبێت، هەروەها ئەوچوارچێوە بیرییەی لێیەوە ڕووداو و گۆڕانکارییە جیاوازەکانی پێدەخوێندرێتەوە و هەڵدەسەنگێنرێت لاوازدەبێت. لێرەدا بابەتەکە تەنها پەیوەست نییە بەبیرو تێڕوانینەکان، بەڵکو خەڵکی هەستی تایبەت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنەکان بەرانبەر بابەتەکان دەگرنەبەر( یونس،١٩٧٨:٤٢٧ ). واتە هزر( فکر) هەتا لە قۆناغی تیۆریدا بێت ئەوا وەك تێزێکی زانستی بێلایەن سەیردەکرێت، بەڵام کاتێك لەلایەن کەسێك یان گروپێکەوە بڕوای پێهێنرا و بوویە دەروازەی تێڕوانین و لە ژیانی واقیعیدا بەرجەستەبوو، ئەوا دەچێتە قۆناغی هەڵسەنگاندن و حوکمدان بەسەر بابەت و ڕوودا و دیاردەکانی نێو کۆمەڵگادا، بەمەش ئەگەری (إمکان) ی دروستکردنی زەمینەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی یان بەربەستکردنی لە لایەن خودی ئایدیۆلۆجیاکەوە دێتە ئاراوە.

مرۆڤەکان هەڵگری بیرەکانن( الافکار ) لەبارەی دۆخی کۆمەڵگا و ئاڕاستەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوییەوە، کە پێویستە دۆخی کۆمەڵگا چۆن بێت، ئەو ئامانج و ویستانە چین، کە دەبێت کۆمەڵگا بیانهێنێتەدی؟ بەواتایەکی تر هەموو کۆمەڵگایەك ئایدیۆلۆجیایەکی خۆی هەیە، کە کۆمەڵێك بیرو بیروباوەڕو هەڵسەنگێنەرە و مرۆڤەکان هەڵیانگرتووە.

گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی کاریگەری بیرەجۆراوجۆرەکانەوە ڕوودەدەن و بەپێچەوانەشەوە، ئەم گۆڕانانەش بەردەوامێتی بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان کەس و گروپەکان دەدات، واتە بیرکردنەوە و تێڕوانینەکان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ دەگێڕن لە دروستکردنی گۆڕاندا، بۆ نموونە بیری مارکسی چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ڕووسی دروستکرد؟ پاشان ئازادییە بیرییەکان، کە جیهانی گرتەوە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، کە توانی کۆمەڵێك لە دۆخێکەوە بگوازێتەوە بۆ دۆخێکی تر (آستیتیة،٢٠١٤:٥٦).

لەلایەکی ترەوە ( ماکس ڤیبر )یش پێیوابوو، کە فاکتەرە بیرییەکان کاریگەری گەورەیان هەبوو لە ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، گۆڕانە ئابورییەکانیش لە ڕوانگەی ئەوەوە، کە بوونە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لە ئەنجامی گۆڕانی کلتورییەوە سەریانهەڵدا، پاشان سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری دایەپاڵ ئەو شێوە ڕەفتارو ڕەوشتەی شوێنکەوتووانی (مەزهەبی پرۆتستانتی)، کە بەبەردەوامی و کۆشان و هەوڵدان بۆ دەستخستنی ڕۆزی و فراوانکردنی بازرگانی و دەستگرتنەوە لە خەرجییەکان(آستیتیة،٢٠١٤ : ٥٧ ).

ئایدیۆلۆجیا بابەتێکی مێژووییە و لە ساتێکی دیاریکراودا، کە پێداویستی واقیع دەیخوازێت دروست دەبێت، ئەویش لە پێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دۆخی بەهایی هەبوو، بۆیە ئایدیۆلۆجیا بابەتێکی ڕەهانییە، چونکە لەدایکبووی شوێنکاتێکی دیاریکراوە و کۆمەڵێك پێوەرو پێداویستی هاتنەبوونی خۆی هەیە، هەر لەبەر ئەوە ئایدیۆلۆجیا بەو پێودانگەی، کە پێداویستی خولقاندویەتی دەتوانێت گۆڕانی ڕیشەیی لە کۆمەڵگادا بهێنێتەدی بەو مەرجەی، ئەگەر وەکو هەندێك ئایدیۆلۆجیا ڕاستەوخۆ نەگۆڕدرێت بۆ ئایدیۆلۆجیای خۆسەپێن و پاساوهێنەرەوەی واقیع. لێرەدایە، کە ( کارل مانهایم ) جیاوازی نێوان ئایدیۆلۆجیا و یۆتۆپیا دەکات، کە ئەم شێوەی ئایدیۆلۆجیایە( چەقبەستوو) بەرگری لە دۆخی واقیع و پاراستنی پێکەوەیی و کلتوریی کۆمەڵگا دەکات، لە کاتێکدا یۆتۆپیا وەك چەمکێکی دژبەر لەبەرانبەر ئایدیۆلۆجیادا دێتە مەیدان و هەوڵێکی هزری دەدات بۆ ڕزگاربوون لە کەلەبچەیی واقیعی هەبوو، کە هۆشیارییەکی ناهاوتایە لەگەڵ هۆشیاری مێژوویی، (یۆتۆپیا) گۆڕان دروست دەکات، چونکە دروستکردنی کاریگەری و گۆڕانی بەردەوام لە هۆشیاری یەکێکە لەو مەرجانەی، کە بۆ پێگەیاندن ( إنضاج ) ی مێژوویی دەبێتە پێداویستی گۆڕانی ڕیشەیی( علی،١٩٨٢:٥٤ ).

هەر لە پەیوەندیدا بە گرنگی بیرو ئایدیۆلۆجیا بۆ ڕوودانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە هەر بیروتێڕوانینێك بۆ ئەوەی بتوانێت کاربکاتە سەرپێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، ئەوا دەبێت خاوەنی فەلسەفەیەکی دیاریکراو بۆگۆڕان بێت، لەهەمانکاتدا خاوەنی چەند ئامانج و داخوازییەکی کۆمەڵایەتی بێت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پراکتیزەکردنییەوە بتوانێت جێبەجێی بکات. بۆیە( مالك بن نبي) دەڵێت: ( بەشێك لە زانایان پێیانوایە دەبێت بیرەکان بوارییان هەبێت لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکرێن، چونکە بەرهەمهێنانی بیر تەنها بەس نییە، بەڵکو پێویستە بەپێی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی کە ئێمە دەمانەوێت بیگێڕێت ئاراستەی بکەین ( بن نبي،١٩٨١:٦٥ ).

هەروەها ( عبدالله الرشدان )یش لە کتێبەکەیدا ( علم الإجتماع التربیة ) ئاماژە بەوەدەکات کە هەموو ئایدیۆلۆجیایەکی نوێ و ئاراستەیەکی فەلسەفی نوێ ئامانج و مەبەستی خۆی هەیە، ئەمەش بەشێوەیەکی گەورە دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕێگای بیری و چوارچێوەی کارو ڕەفتار، کەدەبێتە هۆی گۆڕان لە

سیستەم و دۆخی هەبوو، هەموو گۆڕانێك لە بنەما بیری و مەزهەبییەکان بێگومان دەنگدانەوەی لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دەبێت و لە مێژوودا بزوتنەوەی بیری (فکری) زۆر هەبووە کە گۆڕانی قوڵیان لە سیستەمەی کۆمەڵایەتی و مرۆیدا دروستکردووە،وەک (ئایینە ئاسمانییەکان)، (بزوتنەوە چاکسازی و بێدارییە مەزهەبییەکان)، (شۆڕشە سیاسیەکان)ی وەك شۆڕشی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەمریکی وهەموو بوونە سەرچاوەی گۆڕانی کاریگەر لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا( یونس،٧٥:١٩٧٤).

# بەشی چوارەم:- ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی

یەکەم: پاساوەکانی بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆجیا

دووەم: کۆتایی ئایدیۆلۆجیا، یان گەڕانەوەی هەمیشەیی

سێیەم: ئیشکالییەتی ڕەهایی بوون لە ئایدیۆلۆجیادا

چوارەم: پەیوەندیی دیالێکتیکی نێوان ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی

پێنجەم: ڕەوشی ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان و کاریگەرییەکانی

## یەکەم: پاساوەکانی بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆجیا

کاتێک مامەڵە و گفتوگۆی ئایدیۆلۆجیانە دەکرێت، بە جۆرێک نمایشدەکرێت باسی شتێك لە دەرەوەی خود و شوناسمان دەکرێت، لە کاتێکدا بابەتەکە تەواو پێچەوانەی ئەم تێگەیشتن و بڕوایەیە، چونکە ئایدیۆلۆجیا چەمکێکی سەربەخۆ و لە دەرەوەی چییەتی مرۆڤ و شوناسەکەی و ڕەفتارەکانی نییە، ئەگەر لەسەر ئەم تێڕوانینە بنیادنان بکەین، ئەوا دەڵێین لۆژیکی کاری ئایدیۆلۆجیا زیاتر لەڕەمەك ( غریزة )ەوە نزیکە، هەتاوەکو ئەوەی وەك چەمکێك لەژێر زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ڕیزبکرێت. کاتێك ئایدیۆلۆجیا دەگێڕینەوە بۆ ڕەمەك ئەوا( ڕەمەك ) دەبێتە ئەو بزوێنەرەی لەپشتی پەردەی ئایدیۆلۆجییەوە کاردەکات( حیدر، ٢٠١٧:٨ ). کەواتە بوونی ئایدیۆلۆجیا لە دونیای مرۆڤدا وەك بوونی هێزی ڕاکێشانە لە فیزیای سروشتیدا. ڕاکێشان نابینرێت، بەڵام لە سیستەمی گەردوونیدا هەبووە، ئایدیۆلۆجیاش بە هەمان شێوە نابینرێت، بەڵام هەستی پێدەکرێت، زاڵ دەبێت، ڕێبەرایەتیکردن دەکات، هەروەها بە بێ پچڕان لەگەڵ هەموو یادەوەری و بیرکردنەوەیەکدایە، لەگەڵ هەموو ڕووداو و خواستێکی بەرژەوەندگەرایانەدایە، بۆیە ئایدیۆلۆجیا بابەتێکی حەتمی نکوڵی لێنەکراوە لە کۆبونەوە مرۆییەکاندا.

مرۆڤ بەسروشتی خۆی ملکەچە بۆتاکگەرایی و لایەنگیری و پابەندێتی، وەکو زانراویشە سروشت( الفطرة ) پێش بیر دەکەوێت و حوکمی دەکات، کەمتر لەلایەن بیرەوە حوکم دەکرێت، بۆیە دروستە دەستەواژەی ( فیترەتی ئایدیۆلۆجیا ) دەرببڕین بەو پێیەی ڕەگی داکوتاوە لە ناخی هەوادار و هەڵگرانیداو هەرگیز لێیان جیانابێتەوە، جوڵە و بزاوتی ئایدیۆلۆجی لە کرۆکی چالاکیی بونەوەری کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە، لاواز نابێت و لە بووندا دەردەکەوێت و دەنگ هەڵدەبڕێت و پەیام و ئاماژەی بەردەوام دەنێرێت ، چونکە بە هێمنی دەڕوات و سەربەخۆنییە لە تاکەکەس و گروپەکان و تەنانەت لە سەکۆ و وێستگە شارستانییەکانیش، لایەنگیری لە نێوان مرۆڤەکاندا وەك ڕۆیشتنی خوێن وایە بە نێو دەمارەکاندا، کەسی ئایدیۆلۆجی هەرزوو پەیام و خواستەکانی خۆی ئاشکرادەکات و ناتوانێت بیانشارێتەوە، چونکە ئەو ئایدیۆلۆجیایە بانگەشەکارێکی ڕاستەقینەی خواستە هەمیشەیی و لەبن نەهاتوەکانییەتی( حیدر، ٢٠١٧ : ٨ ).

لە لایەکی ترەوە ئایدیۆلۆجیا پەیوەندییەکی گەورە و توندی لەگەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤدا هەیە، مرۆڤ بۆچی دەژی، چۆن و بۆچی، دەکرێت مرۆڤەکان یەك جۆر ژیان بکەن؟ زۆرجار مرۆڤ پرسیار لە خودی مرۆڤ بوونیشی دەکات، بەو پێیەی بوونەوەرێکی بیرکەرەوە و تێبینی کارە. ئەو پرسیارانەی رۆژانە بە زیهنی مرۆڤدا دێت وایلێدەکات بە دوای واتای ئەم بوونەدا بگەڕێت، مرۆڤ و کۆمەڵگا لە هەر دۆخێکی بوون و مێژوویی خۆیاندا بن بەردەوام بە دوای پێدانی واتادا دەگەڕێن، تا بتوانن خۆیان لە فەوزای بێ واتایی قوتاربکەن.

ڕوونە، کە خود هەمیشە بیردەکاتەوە( دیکارت )، ( فرۆید )یش ئاماژە بەوە دەدات، کە مرۆڤ بەبێ ئاگایی بیردەکاتەوە و مرۆڤەکان لە هەموو بارودۆخێکدا بیرکردنەوەیان هەیە، ( ئینگڵز) یش دەڵێت: مرۆڤەکان سەرەتا کەمێکیان زمانیان هەبووە، بەڵام بە هۆی زانایانی ئیتنۆلۆجیاوە ئەوە زانراوە، کە بیری مرۆڤایەتی زۆر کۆنە لە نێوان ئەو گەلانەی ناسراون. ئەمەش لەبەر ڕاستێتی یان بیرکردنەوەی خودیی و تاکیی یان تەنها لەبەر درککردنی هەستیی ڕاستەوخۆ نییە بۆ سروشت، بەڵکو بیرێکی داڕێژراوی توندە لە ڕووی پێکهاتەی ئەو سیستمەی کە وێنای سەرجەم بونەوەرە ناسراوە ئاسمانی و ئەرزی و گیانداری و ڕووەکیی و مرۆییەکانی تێدایە( ئاڵتوسیر،٢٠١٩ :٢٠٥ ). لێرەدا ئایدیۆلۆجیا بەرگی فەلسەفە دەپۆشێت، چونکە بەدوای ئەو پرسیارە گەردوونیانەدا دەگەڕێت و وەڵامیان بۆ ئامادەدەکات، کە پرسیاری مێژوویی و گەردوونی مرۆڤایەتی بوون، بۆیە یەکێك لە ئاماژەکانی ئایدیۆلۆجیاش، کە بەکاردێت، ئایدیۆلۆجیا وەك تێڕوانینێکی گەردوونی .( ئالتوسێر،٢٠٦:٢٠١٩)

بۆیە زۆرێك لە کۆمەڵناس وفەیلەسوفانی ڕۆشنگەری وای دەبینن ئایدیۆلۆجیا بیرکردنەوەیەکی ناعەقڵانی ڕەخنەلێنەگیراوە، کە لە سەردەمی زۆرەملێ و توندوتیژییەوە بۆ مرۆڤایەتی ماوەتەوە، ( العروی،١٩٩٣ :٣٠ -٣٥). واتە مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو بەرخوردی کردووە لەگەڵ ئەو پرسیارانەی بەبەردەوامی هزری مرۆڤی سەرقاڵکردووە، ئەو ئاماژە و نهێنیانەی لە ژیانی کۆمەڵگا و تاکەکەسەکاندا هەیە هانی داون بیری لێبکەنەوەو لە چوارچێوەی سیستمێکی بیریی قەناعەتپێکراودا ڕێکیبخەن. بەمەش لانی کەم ئاسوودەیی کاتی یان هەمیشەییان بۆخۆیان دەستخستووە.

ڕەهەندێکی تری بەرجەستەبوونی ئایدیۆلۆجیا بریتییە لە پڕکردنەوەی بۆشاییە بیرییەکانی تاك و کۆمەڵگا، یەکێك لەهەرە میکانیزمە کاریگەرەکانی ئایدیۆلۆجیا شوێنگرتنەوەی زۆرینەی خەڵکی ناڕۆشنبیری کۆمەڵگایە لە ڕووی بیرکردنەوەوە. بەو پێیەی مرۆڤ بەسروشتی خۆی خواستی بەلای ئەنجامدانی کەمترین تێکۆشانە، بە تایبەت لە بواری بیریدا ( الفکر )، چونکە ناڕەحەتی و ڕاڕایی بۆ مرۆڤ تێدایە، بۆیە ( ئایزایە بەرلین) دەڵێت: ( سەرکەوتنی ئایدیۆلۆجیا تەنها بۆ حەقیقەتبوونەکەی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆئاسانییەکەی دەگەڕێتەوە، کاتێك ئایدیۆلۆجیایەکی سەرەتایی ئاسانکارو سادەیە ئەوە یەکەم هۆکاری مێژووییە کە وایلێدەکات جەماوەر کەمەندکێش بکات و عەقڵیان داگیربکات، بەم شێوەیە ئایدیۆلۆجیا شوێنی بیرکردنەوەی زۆرینەی جەماوەری ناڕۆشنبیر دەگرێتەوە، ئەوانەی دەچنە ناو ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوەوە وەك بیر( فکر )ێکی ئامادە هەست بە شانازی مەعریفە و چێژی خاوەنداربوونی ڕاستی دەکەن، هەمیشە دروشم و بانگەشە پێشوەخت ئامادەکراوەکان دەڵێنەوە، ئەم میکانیزمانە دەبنە شوێنگرەوەی تێکۆشانی شیکاری )( سبیلا،١٩٩٢ :٢٠٠ ).

سەرەڕای ئەوەی ئایدیۆلۆجیا وەڵامدەرەوەیەکی خێراو بەهێزە بۆ پێداویستی بە بیروباوەڕی ئامادە و هەرگیز مرۆڤ لە دۆخی بۆشایی بیریدا ناهێڵێتەوە، هانی مرۆڤەکانیش دەدات، کە ئیدی پێویست ناکات

ئەوان بیربکەنەوە، پرسیاربکەن، داوای وەڵامی زیاتر بکەن، تەنها هێندە هەیە ئەوان بە ڕەهایی ملکەچی ئایدیۆلۆجیاکە ببن و دڵنیاببنەوە لە ئێستا و ئاییندەیان. ئەم دۆخەش حاڵەتێکی گونجاوە بۆ زۆرینەی خەڵکی گشتی کۆمەڵگا ئەوانەی سەرقاڵی ژیانی مادیی و گوزەرانی ئاسایی کەسی خۆیانن و نایانەوێت ڕۆبچنە نێو وردو درشتی پێدراوەکانی ژیان وەکو ( عەقڵ و کلتورو ئاییندە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئەرك و ماف و دادگەری ).

لایەنێکی تری پێداویستی ئایدیۆلۆجیا ئەوەیە، کە ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێرێت لە کۆکردنەوە و یەکخستنی جەماوەردا بەشێوەیەك، کە هەستێکی هاوبەشیان پێدەدات، کە بەردەوام هەست بەبوون و پێداویستی ئەوانی تر لەناو تۆڕێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشدا بکەن. بۆیە ( ئەنتۆنیۆ گرامشی ) وەك یەکێك لە زنجیرەی کۆمەڵناسە مارکسییەکان تەواو دژی بەکارهێنانی ئایدیۆلۆجیایە وەك ( هۆشیاری فریودەر ) ، بۆیە پێیوایە ئایدیۆلۆجیا وێنایەکە بۆ جیهان لە ڕێگەی بیروباوەڕێکەوە، کە هانمان دەدات بۆ کردە، نەك بۆ تێڕوانین. بۆیە ئەم تێڕوانینە بە ڕوونی لەیاساو هونەر و چالاکیی ئابووریدا و لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵیدا بەرجەستە دەبێت. بەپێی ئەم تێروانینەی گرامشی ئایدیۆلۆجیا دەبێتە بنەمای هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ( الأنصاري،٢٠٠٠ :٣٩ ). بەوپێیەی مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و زۆرترین پێداویستی (مادی ومەعنەوی) لەو کۆمەڵگایە بۆ دابین دەبێت، کە تێیدا دەژی. ئینجا بۆ مرۆڤ گرنگە هەست بکات هەمیشە لە چوارچێوەی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی بەردەوامدا گرنگی پێدەدرێت. ئایدیۆلۆجیا دێت بەوردی و بە پرۆسێسێکی عەقڵانی کار لەسەر ئەم ڕاستییە دەکات و بەردەوام هەوڵی بەگەڕخستنی  تاك و گروپ دەدات لە ڕوانگەی دونیابینییەکی دیاریکراودا. ( لویس ئاڵتۆسێر )یش لە وەسفی ئایدیۆلۆجیادا دەڵێت: ( یەکێك لە واتاکانی ئایدیۆلۆجیا هەستکردنێکی بنەڕەتیە بە پەیوەستی کۆمەڵایەتی )؛ واتە مرۆڤ بۆی گرنگە خۆی ببینێتەوە لەناو گروپدا، کە پێداویستی گیانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دابین دەکەن و لە هەر جۆرە مەترسیەکیش دەیپارێزن. بەو شێوەیە ئایدیۆلۆجیا لە کۆمەڵگای سەرمایەداری هاوچەرخدا کار بۆ دارشتنی سیستمێکی هەژموونی چینایەتی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئایدیۆلۆجیا ڕەگەزێکی بنەڕەتیە، کە کۆمەڵگاکانی مرۆیی ناتوانن بێ نیازبن لێی، تەنانەت هەر بەپێی گوتەی ئاڵتۆسێر  کۆمەڵگا شیوعیەکانیش، کە پێشتر بانگی کۆتایی ئایدیۆلۆجییان دەدا ناتوانن بەبێ ئایدیۆلۆجیا بژین( الأنصاري،٢٠٠٠ :٤٠).

مەبەستێکی تری بوونی ئایدیۆلۆجیا، یاخود وەزیفەی بیروباوەڕ پاراستنی تاك و گروپی چەوسێنراوەیە، کاتێك گروپێك یان کۆمەڵێك لەبەردەم هەڕەشەی مەترسی لەناوچوون و چەوساندنەوەدان؛ ئەوا ئایدیۆلۆجیا توانای داگیرکردنی هزری ئەم گروپەی هەیە، دێت لەژێر ناونیشانی پاراستن و بەرگریکردندا هەڵدەستێت بە لەخۆگرتنی گروپ و هاندانیان بۆ بەرگریکردن لە شوناسی گروپ، بۆیە ئایدیۆلۆجیا هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی چین یان ڕەگەز یان پارتێکی سیاسی لەناو

پەیوەندییەکی پێکەوەیی و دابینکاریدا لەپێناو دروستکردنی بزوتنەوەیەکدا، کە دەربڕی خواست و ئامانج و بەرژەوەندییەکانی گروپ بێت و دەربڕی ئەو نائومێدیە بێت کە بەسەریاندا هاتووە. ئەم بابەتە وەك کەرەستەیەك بەکاردێت بۆ ڕەخنەی سیاسەت و سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا و وەك وزەیەکی مەعنەوی لە کاراکردن و جۆشدانی کۆمەڵە چەوسێنراوەکەدا ( العمر ،٢٠١٥ :٢٥٠ ).

ئایدیۆلۆجیا وەك یەکێك لە میکانیزمەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیش دەبینرێت، چونکە لایەنگرانی هەر ئایدیۆلۆجیایەك تەواوی متمانەیان بە ڕاستێتی و دڵسۆزی ئەو تێڕوانینە هەیە، جگە لەوەش یەکێك لە کارەکانی ئایدیۆلۆجیا دانان و دیاریکردنی چەمکەکانە ، وەك چەمکەکانی ( ئەوان ) و ( ئێمە ) و چەمکی ( لایەنی ئەوان ) و ( لایەنی ئێمە ) ، یاخود دەربڕینی لایەنی سپی و لایەنی ڕەش و فەرامۆشکردنی لایەنێك، بە واتایەکی تر پاڵپشتی پێکەوەیی ناوخۆیی دژی مەترسییە دەرەکییەکان دەکات و جۆشی گروپ و حیزب دەدات بۆ ئەوەی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان خۆیان و ئەوانی تر بکێشێن.

**ئایدیۆلۆجیا بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە:**

یەکێك لە پێداویستییە وجودییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا هەڵگرتنی شوناسە، بۆ هەموو گروپ و نەتەوەیەك ( کۆمەڵگا ) گرنگە بە تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی خۆیدا بناسرێتەوە، کە جیای بکاتەوە لە هەموو شوناسە جیاوازەکانی تر. ئەم شوناسە پێگە بۆ هەڵگرەکەی دروست دەکات، نرخی تەواوی بوونەکەی پێدەبەخشێت، لەسەر گۆڕەپانی کاریگەری و کارابوون بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە. زۆرجار ئەم شوناسە دەبێتە جێگای شانازیکردن ، بۆیە ئایدیۆلۆجیا دەتوانێت بە وردی تەونەکانی ئەم تۆڕە بە زیرەکانە بچنێت.

دکتۆر ( عەلی شەریعەتی ) پێداگری لە پێداویستی ئایدیۆلۆجیا بۆ سەلماندنی بوونی مرۆڤ دەکات، بە شێوەیەك هانی ڕەفتارکردنێکی دیاریکراو بەرانبەر شتەکانی دەوروبەر دەداتە مرۆڤ و پاشان شوناسی دەداتێ. بۆیە ناکرێت کۆمەڵگا بەبێ ئایدیۆلۆجیا و بەبێ بوونی بیروباوەڕێك زیندوو بکرێتەوە، چونکە بیری مرۆڤایەتی ناتوانێت ئازاد بێت لە ڕەهەندە بیروباوەڕە ئایدیۆلۆجییەکەی، زیاتر لەوەش شەریعەتی ئایدیۆلۆجیا بەتەواوکارو بەردەوامیدانی ڕەمەك ( غریزە ) ی مرۆڤ دەبینێت، هەربۆیە مرۆڤ جیاوازە لەسەرجەم دروستکراوەکانی تر لەوبوارەدا، کە لە سروشتی خۆی هەڵدێت و هەوڵی تێپەڕاندنی دەدات، هەروەها تاکە بوونەوەرە، کە بەرپەرچی هەڵگرتنی ئەمانەت ( هەڵگرتنی پەیامی ئاییندار ی ) دەدات. بۆیە هیچ یەکێك لەو ئەرکانەی لەسەر شانی مرۆڤە بەبێ بوونی ئایدیۆلۆجیا نایەتەدی ، مرۆڤیش هەر لە ڕێی ئایدیۆلۆجیاوە گەشەدەکات و ڕێنمونی دەکرێت ( عبدون، ٢٠١٨ :٣١٤).

له لایەکی ترەوە مرۆڤ لە رووی سایکۆلۆجی و رۆحیەوە پێویستی بە ناوەندێك ( سەنتەر ) ێکی (بیری و رێکخراوەیی و دونیابینی) هەیە، تا ئینتیمای بۆ بکات، بە سروشتی حاڵ مرۆڤەکان دەیانەوێت خۆیان لە ناو گروپ و کۆمەڵێکدا رێکبخەن و بەڵێنی متمانە و ئینتیما بەو گروپە نوێ بکەنەوە. دیارە ئایدیۆلۆجیا لە چوارچێوەی فۆرمی ئایینی و سیاسی و سەندیکایی و دەستە و گروپە جیاجیاکاندا ئەم پێداویستییە بەرجەستە دەکات، تێیدا ئەرك بۆ تاك و گروپ دادەنێت و لە بەرانبەریشدا ماف و دەستخۆشیان پێدەبەخشێت، بەدرێژایی مێژوو شوناسە جۆراو جۆرەکان مرۆڤەکانیان بۆ چەند لایەنێك دابەش کردووە و ئینتیمایانی بۆخۆی گرەنتی کردووە، ئەگەر لەسەردەمە کۆنەکاندا ئینتیما بۆ ئیمپراتورە جیاوازەکان خاڵی نیشاندانی پرکردنەوەی ئەم پێداویستییە بێت ، ئەوا ئینتیماکردن بۆ (لیبرالییەتی سیاسی) لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدە وەك پەرچەکردارێك بۆ ئەو ستەمەی، کە دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان بەرانبەر خەڵکی ئەنجامیان دەدا بووبە پێویستی، هەروەها بیری سەربەخۆبوونی گەل و دیموکراتیەت لەسەدەی نۆزدەدا بوویە ئەو دونیابینییەی کە کۆمەڵگای ئەوروپی ئینتیمای بۆ کرد. بەهەمان شێوە لە هەموو سەردەمێکدا مرۆڤایەتی لە روانگەی کێشە و پێداویستییە هەنووکەییەکانی سەردەمەکەی جۆرێك لە ئایدیا و ئایدیۆلۆجیای بەرهەمهێناوە، وەك وەڵامدانەوەیەك بە خواستی مرۆڤ بۆ ناساندنی شوناس و ئینتیماکردن( دورتییە،٢٠١٦ :٧ ).

ئەگەر بە واتا مارکسییەکەی سەیری ئایدیۆلۆجیا بکەین، کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و گوزارشتکردنە لە بەرژەوەندی دەستەیەکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگا ( هۆشیاری ساختە )؛ ئەوا ئایدیۆلۆجیا هەڵدەستێت بە دابینکردنی پێداویستییە وردو مادییەکانی هەڵگرو هەوادارانی. هەرچەندە ئەم ئاستە بەرجەستەبووەی ئایدیۆلۆجیا بچووکە و لە بایەخی بیرو مەبەستە دونیابینییەکەی کەمدەکاتەوە، بەڵام ئایدیۆلۆجیا ناچارە بۆ زۆرکردنی هەوادارەکانی؛ ئەوا دادەبەزێت بۆ گرەنتیکردنی خواستە مادی و ڕۆژانەییەکانی گروپ. بێگومان لە چرکەساتی گرتنەدەستی دەسەڵات ئایدیۆلۆجیا چەندین گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ناتوانێت ئەو دونیا یۆتۆپیەی لەسەردەمی بانگەشە و بەڵێنەکانیدا نمایشی دەکرد بیهێنێتەدی. ناچاریانە لە دونیای شتە گەورەکانەوە، کە خۆشبەختی مرۆڤایەتی و ئاییندەی ڕۆشن و ژیانێکی دادپەروەرانە و ئاشتیانەیە دادەبەزێت بۆ دونیای شتە بچووکەکان و بەرگریکردن لە واقیع و پاساوهێنانەوە بۆ زۆرێك لە خاڵە دژیەك و ناکۆکەکانی نێوان خودی ئایدیۆلۆجیاکە و بەڵێنە مژدەدەرەکانی. ئەم بابەتەش بە ئاشکرا لە دونیای ڕۆژهەڵاتدا و بە تایبەت لە نێو ئایدیۆلۆجیای پارتە دەسەڵاتدارەکاندا دەبینرێت ، کە بەهەر نرخێك بێت هەوڵی مانەوە لە دەسەڵاتدا دەدەن و ڕەنگی ڕەفتارو کارو پرۆژەکانیان دەکەن .

## دووەم: کۆتایی ئایدیۆلۆجیا ، یان گەڕانەوەی هەمیشەیی ؟

بەکارهێنانی دەستەواژەی کۆتایی مێژوو، کۆتایی ئایدیۆلۆجیا لەگەڵ ئەوەی هەریەك بۆ خۆی واتایەکی تایبەتی هەیە، بەڵام زۆرجار کۆمەڵناسان وەك هاوواتای یەکتر بەکاریانهێناوە، ( عبداللطیف ، ٢٠١٢ : ١٢٠ ) لە کتێبی ( المعرفي ، الآيديولوجي، الشبكي ، تقاطعات ورهانات) دا، کە ڕەخنەی فۆکۆیاما دەکات دەستەواژەی کۆتایی مێژوو و کۆتایی گەشەکردنی ئایدیۆلۆجیای مرۆڤایەتی وەك یەك بەکاردێنێت. دیارە بانگەشەی کۆتایهاتنی ئایدیۆلۆجیا بابەتێکی نوێ نییە و بنەمایەکی کۆنی هەیە( ئیمانوێل کانت) پێیوابوو مێژووی جیهانی بە درککردنی ئازادی مرۆیی کۆتایی دێت، پاشان ( هیگڵ ) وەک دامەزرێنەری دیالێکتیک و خاوەنی تیۆرەی ململانێ لە دانپێدانان ( الإعتراف ) ڕایگەیاند، کە مێژوو دوای جەنگی ( یێنا) ی ساڵی ( ١٨٠٦ ) و سەرکەوتنی دەوڵەتی لیبراڵی کۆتایی هات، ( مارکس ) یش پێیوابوو دەوڵەتی ئازاد، کە (هیگڵ) بە کۆتایی مێژووی دانا نەیتوانی نوێنەرایەتی جیهانی ئازاد بکات، چونکە شکستی هێنا لە چارەسەرکردنی ململانێی نێوان بۆرجوازییەت و چینی پرۆلیتاریا، بۆیە ڕایگەیاند کۆتایی مێژوو لەگەڵ سەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریادا دێت و دواتریش شیوعیەتی جیهانی بەرجەستە دەبێت، کە بۆ هەتاهەتایە سنورێك بۆ ململانێی چینایەتی دادەنێت، هەروەها ( میکیاڤیلی ) یش پێیوابوو کۆتایی مێژوو بە بەرجەستەبوونی سیستەمی حوکمی کۆماری دێتە دی و تەنها ئەو سیستەمەیە لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا گونجاوە( خزار، ٢٠١٣ :١٠٧) . پاشان ( دانیێل بێڵ) بەڵگەی بۆ کۆتایی هاتنی ئایدیۆلۆجیا ئەوەیە لەسەردەمی دەسەڵاتی سەرمایەداری پیشەسازیدا چەندین ئایدیۆلۆجیا سەریانهەڵدا کە دواجار ئەمەش ململانێی ئایدیۆلۆجیاکانی لێکەوتەوە لە ڕابردودا و کۆتاییان هات بە واتای لەدەستدانی ڕاستێتی هێزی بڕواپێکردنیان لە لای ڕۆشنبیرە ڕادیکاڵیەکان، بۆیە کۆدەنگیەك لای بیریارانی ڕۆژئاوا لەسەر بابەتە سیاسیەکان و فرەیی و لامەرکەزیەتی دەسەڵات و ئابوری پلان بۆ داڕێژراو و دەوڵەتی خۆشگوزەران هاتە کایەوە بەو واتایەی سەردەمی ئایدیۆلۆجیا تەواو بوو( خزار، ٢٠١٣ :١٠٧) .

دیارترین ڕووداوێك، کە وای کرد کۆمەڵناسان مکوڕبن لەسەر دەربڕینی تێزی ( کۆتایی ئایدیۆلۆجیا ) ئەو کۆنگرەیە بوو، کە لە شاری میلانۆی ئیتاڵی لەساڵی ( ١٩٥٥ ) گرێدرا دەربارەی ئازادی کلتوری ، کە یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکان ( ئاییندەی ئازادی ) بوو، کە کۆنگرەکە دووپاتی نەمانی هۆکارەکانی ململانێی ئایدیۆلۆجی و کۆتاییی هاتنی ئایدیۆلۆجیای لە جیهان کردەوە، بەپێی ئەو گوتارەی ( ئیدوارد شیللر ) بە ناونیشانی ( کۆتایی ئایدیۆلۆجیا ) پێشکەشی کرد، ئەوەبوو دوای ئەم ڕووداوە کۆمەڵێك کتێب چاپکران وەك پاڵپشتیکردنێك بۆ بیرۆکەکە وەك ( شیلز و بێڵ و لیبست و شیلزنجر و واکسمان و واڵت ڕۆستۆ ( الزيباري،٢٠١٩ :١٢٢). بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت تەنها سێ ساڵ دوای ئەم کۆنگرەیە و بە تایبەت لە ساڵەکانی (١٩٥٨ و ١٩٥٩ ) شۆڕشە تەواو ئایدیۆلۆجییەکانی ئەمریکای لاتین سەریهەڵدا

و بوویە هۆی گۆڕینی سیستمی حوکم و دامەزراندنی دەوڵەتی ئایدیۆلۆجی. ئەمەش وایکرد، کە بەشێك لەو کۆمەڵناسانە پێداچوونەوەی خێرا بەو نوسین کتێبانەیاندا بکەن، کە پێشتر نوسیبویان بە تایبەت (دانیڵ بێڵ ) ( الزيباري،٢٠١٩ :١٢٣).

ئەگەر مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی تاکڕەو و هێزی ئایینی و چەمکەکانی دەوڵەت و نەتەوەدا توانیبێتی ئایدیۆلۆجیاییەکی دیاریکراو بسەپێنێت بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگادا، ئەوا سەدەی بیست، کە ڕەوڕەوەی زانست تێیدا دەگاتە ترۆپك و مەودای بیرە توند و ڕادیکاڵ و خورافییەکان بەرتەسك دەکاتەوە، ئیدی ئەو کاتە شەڕێکی نابەرابەر دەکەوێتە نێوان چەمکی زانست و چەمکی ئایدیۆلۆجیاوە، چونکە زانست لە ناوەڕۆکدا وەسفێکی توێکارییانەی بنەماکان و سەیرورەی دیاردە جیاوازەکان بوو، لە ڕێگەی میتۆدو ڕێگایەکی بابەتییانەوە، کە هەوڵی دەدا کەمترین کارتێکەرو فاکتەری خودی تێبخزێنێت، لە کاتێکدا ئایدیۆلۆجیا گوتارێکی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی پێویستە، (یان دەکرێت، یان وادەبێت)ە ( سبيلا، ١٩٩٢ :١٩٨).

لە لایەکی ترەوە ( ڕۆبێرت لین (Robert Lane) ( جەخت لە کاریگەری مەعریفەی زانستی لە پرۆسەی بڕیاروەرگرتندا دەکات و پێیوایە چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگا ملکەچی کۆمەڵێك پێوەری هونەری و پسپۆڕی وردە، واتە خەڵکی لە هەڵوێست وەرگرتنیاندا گرنگی بە بەڵگە و بەهانە زانستیەکان دەدەن ، بە مەبەستی دیاریکردنی پارێزراوی هەڵوێستەکانیان و ئاراستە هەڵبژێرراوەکانیان، بە پێی ئەو تایبەتمەندییەی زانست هەیەتی دارشتنی بڕیارە سیاسییەکان و هەڵوێستە ئایدیۆلۆجییەکان ملکەچە بۆ سروشتی زانستی تایبەت ( خاص ). بەم پێیە مەودای جێبەجێکردنی پێوەرە زانستییەکان لەسەر حسابی پێوەرە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکان فراوانتر دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی پوکانەوەی ئایدیۆلۆجیا( خزار ، ٢٠١٣ :١٠٧-١٠٨).

یەکێك لەو بیریارانەی، بە توندی ڕەخنەی لە بیری ئایدیۆلۆجی گرت ( کارل پۆپەر ) ( ١٩٠٢-١٩٩٤ ) بوو، کە بنەمای بیرکرنەوەی ئایدیۆلۆجی بۆ خودی ئەفلاتون گەڕاندەوەو پێیوابوو ئەم بیرکردنەوەیە پەیوەندی بە واقیعەوە نییە و جۆرێکە لە لادان و گومڕابوون ( هرطقة ) ی زەمانەوانی، کە جێگای تێگەیشتنی ڕووداوەکانی گرتوتەوە. مەترسی ئەم ئایدیۆلۆجیایەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێك خەڵك، کە خاوەنی بیرێکی سادەن کەچی وابڕوادەکەن لە جیهان تێگەیشتوون، تەنها لە ڕێگەی دوبارەکردنەوەی ئەو شێوە سروشانە ( طقوس )ی، کە ڕوویەکی زانستی گشتییان هەیە ( سبيلا،١٩٩٢ :٢٠٠) .

لە لایەکی ترەوە ( کارل مانهایم ) یەکێك لەو بیریارانەیە، کە توانی لە دوو توێی کتێبێکی قەبارە گەورەدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی تەواوکار لە نێوان هەردوو چەمکی ( ئایدیۆلۆجیا و یۆتۆپیا ) دا دروست بکات، کە پێیوابوو ئەو چینەی دەکرێت دابماڵرێن لە ئایدیۆلۆجیا و یۆتۆپیا ئەوە چینی بیریاران و

ڕۆشنبیرانن ئەوانەی خۆیان دابڕیوە لە پەیوەستەکی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی تایبەت و ئینتیما چینییەکان، جا ئەو چینە چینی کاربەدەست بێت یان چینی حوکمکراو( الزیباری،٢٠١٩ :١٢٠). لێرەدا دەپرسین تەنها ئەو دانپێدانانەی مانهایم بۆ بوونی چینێك لە چینەکان دەربڕیووە یەکسانە بەوەی، کە ئایدیۆلۆجیا دووبارە خۆی نوێ بکاتەو، چونکە لە هەرکوێ چین هەبێت کەواتە زەوتکردن و قۆرخکاری هەیە ، کەواتە ئایدیۆلۆجیا لە کاتێکی وادا بە زەرورەت دێتەوە کایە. دوورتر لەمە ( ریمۆن ئارۆن ) ( ١٩٠٥-١٩٥٥) لە کتێبی ( ئەفیونی ڕۆشنبیراندا ) ڕایگەیاند کە ( ئایدیۆلۆجیا ئەفیونی ڕۆشنبیرانە ) وەك ڕەخنەیەك لە ڕۆشنبیرانی فەرەنسی دوای جەنگی جیهانی، کە ئایدیۆلۆجیای مارکسییان وەك ئەفیون وەرگرتبوو کوێرانە بەرگرییان لە هەموو هەڵەکانی دەکرد ( الزیباري،٢٠١٩ :١٢٣). هەوادارانی تێزی کۆتایی ئایدیۆلۆجیا پێیانوایە لەهەردوو سیستمی سەرمایەداری و ئیشتیراکیشدا شوێنێك بۆ ئایدیۆلۆجیا نەماوە، وەکو ( غالبرایت ) دەڵێت، جیاوازی دەکات لە نێوان دوو جۆر کۆمەڵگادا، کۆمەڵگای کەم گەشەسەندوو لە ڕووی پیشەسازی ( کە بەردەوام پێویستیان بە جەدەلی سیاسی چالاك یان ئایدیۆلۆجیایە) و کۆمەڵگای پیشەسازی پێشکەوتوو ( کە ململانێی چینایەتی دیموکراتی بەبێ ئایدیۆلۆجیا و ڕاگەیاندنی سوور و بەبێ خۆپێشاندان بەردەوامە) و کۆمەڵگای کەم گەشەسەندوو جێگیر نییە و کێشەو ململانێی چینایەتی تێدایە، چونکە هێشتا کێشە گەورەکانیان چارەسەر نەکردووە، بەڵام کۆمەڵگای پیشەسازی هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر کردووە و کاریگەری ئاسەواری سیاسی نەبوونی یەکسانی ئابووری کەمکردوەتەوە ، لێرەوە ئایدیۆلۆجیای سەراپاگیر(شمولی) کێشەی لەگەڵ ئەم ڕێکخستنە عەقڵانییە نوێیەی کۆمەڵگادا هەیە و توانای تێگەیشتنی لەم ڕووداوانە و توانای دروستکردنی چوارچێوەیەکی گونجاوی زانستی بۆ ئەم بابەتە نییە ( سبیلا،١٩٩٢ :٢٠٢).

ئەگەرچی بانگەشەی کۆتایی ئایدیۆلۆجیا زیاتر تێزی کۆمەڵناسە ئەوروپی و ئەمریکییەکان بوو وەك ڕاگەیاندنی سیستمی دیموکراتیەتی لیبڕالی وەك کۆتا تێز و سیستەم بۆ ژیان ، لە هەمانکاتدا ئەگەر ئەم سیستەمەش بەراورد بکەین، بە زۆرینەی سیستەمە بیرییەکانی جیهان؛ ئەوا دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی زۆرباش توانیویەتی لە سروشتی مرۆڤ و پێداویستسەکانی بە شێوەیەکی ئازاد و دیموکراتیانە تێبگات و زۆرینەی پێداویستییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا فەراهەم بکات. لە لایەکی ترەوە سیستمەکە فرسەتێکی گەورە و بێشومار دەداتە تاکەکەسەکان، تابتوانن سەربەخۆیانە گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن و زۆرێك لە خواستە بیری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان، کە هەیانە جێبەجێبکەن، بەڵام هێشتا ئەم پێشنیازەش نەیتوانیوە سنورەکانی ئایدیۆلۆجیا تێپەڕێنێت وەهەڵگری هەمان میتۆدی ئایدیۆلۆجیا سەرتاپاگیرەکانە کە ژیانی مرۆڤایەتی خستوتە بەرهەڕەشەی ڕاستەقینەی لەناوبردن، چونکە زۆرێك لە بیریارو کۆمەڵناسان بە تایبەت (قوتابخانەی فرانکۆرت) زۆر لێبڕاوانە ڕەخنەی ئەم جۆرە سیستەمەیان کردو بە تەواوی بەشیاویان نەزانیوە بۆ خۆشبەختکردنی ژیانی مرۆڤ. وەکو چۆن ( هێربرت

مارکیوزە) ( ١٨٩٨- ١٩٧٩ ) لە کاتێکدا لایەنگری کۆتایی ئایدیۆلۆجیا دەکات لەهەمانکاتدا پێشیوایە لەبەرانبەردا کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بیری فریودەر دەربارەی ئازادی و خۆشبەختی و ژیانی خۆشگوزەرانی بەرهەمدێنن لە پێناو شاردنەوەی دژەکێتیەکان و ئیدانەکردنی ڕەهەندە قۆرخکارییەکانی، کە بەرگێکی ئایدیۆلۆجی فریودەری پۆشیوە، بانگەشە و گرنگی بەم هۆشیاریە ساختەیە دەدات لە ڕێگەی ئایدیۆلۆجیای گەشەکردنی زانستی و تەکنەلۆجی، کە ( هابرماس ) پێیوایە ئەم ئایدیۆلۆجیایە لەسەر سەربەخۆبوونی زانست و ئامێرەکان لە سیستەمی ئابووری و سیاسی و کارگێڕی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دانەمەزراوە، کە ئەم سیستەمەش کۆمەڵگەی زانستی – تەقەنییەکان بە سیاسی دەکات ( هابرماس،١٩٩٩ :٨ ). بۆیە (هابرماس) دوپاتی شێوەی ئایدیۆلۆجی بوونی زانست و تەقەنییەی لە کۆمەڵگا پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا کردەوە و پێیوایە کە چەمکی تەقەنی کە پێشتر باسکرا بریتییە لە زاڵبوون بەسەر سروشت و مرۆڤدا، زاڵبونێکی میتۆدی ڕێکخراوی زانستی، کە لە ئامانجەکانی کۆڵراوەتەوە، ناتوانرێت فەرزی هەندێك مەبەست و بەرژەوەندی دیاریکراوی زاڵبوون لەدەرەوەی تەقەنی بکرێت، چونکە ڕاستەوخۆ دەچێتە نێو پێکهاتەی خودی ئامێرە تەقەنییەکانەوە، بۆیە تەقەنی هەموو جارێك پرۆژەیەکی کۆمەلایەتی –مێژوویییە، کە پلان بۆ کۆمەڵگە و بەرژەوەندییەکانی دادەنێت و هەروەکو چۆن خۆی بەسەر مەبەست و ئامانجەکاندا فەرزدەکات؛ ئاواش خۆی بەسەر مرۆڤ و شتەکاندا فەرزدەکات، ئەم دوا ئامانجەی زاڵبوونی تەقەنی مادییە و لەڕووی شێوەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان عەقڵی تەقەنی( هابرماس،١٩٩٩ :٩ ).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە زانست و تەکنەلۆجیا هەڵگری شێوە ئایدیۆلۆجیەکی ساختەن، کە نەك تەنها کۆنترۆڵی مرۆڤ، بەڵکو کۆنترۆڵی سروشتیشی کردووە، کە لەژێر سێبەری ئەم جۆرە ئایدیۆلۆجیایەدا مرۆڤ دەگۆڕڕێت بۆ بونەوەرێکی دروستکراو( مصطنع )( الزیباري،٢٠١٩ :١٢٦).
لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی هیچ پرۆژەیەکی بیری و سیستمێکی سیاسی و زانستی نییە، کە لە ناواخندا هەڵگری ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆجی نەبێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتەی، کە خودی مرۆڤ هەیەتی و هەرگیز لە دۆخێکی زانستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دا ڕاناوەستێت بەڵکو هەردەم دەگەڕێت و بیرلەوە دەکاتەوە چۆن بگاتە قۆناغێکی بیرلێکراوەی باشتر لەمەی ئێستا، کە تێیدایە. بە واتایەکی تر بیری ( یۆتۆپی )، کە لە خەیاڵ و زیهنی هەر مرۆڤێکدا هەیە مەودایەکی بێسنوری هەیە و بیرو تێگەیشتنی مرۆڤ تا ئەوپەڕی سنوری بیرلێکراوە دەبات؛ بۆیە مرۆڤ ناتوانێت ببێتە بونەوەرێکی وەستاو و بێ بەرهەم، ڕاستە سیستمی سەرمایەداری مرۆڤی تا ئاستی بە ( شتبوون ) برد بە گفتی مارکیوزە، بەڵام دواجار ئەوە مرۆڤە هەوڵی تێپەڕاندنی هەموو ئەم هێڵ و سنورانە دەدات کە خودی عەقڵ و زانست و تەکنەلۆجیا بۆی کێشاوە، واتە ڕامکردنی یەکجاری مرۆڤ لە لایەن ئەو پێدراوو گۆڕڕاوانەی، کە خۆی بەرهەمی هێناوە کارێکی ئەستەمە.

له كۆتایی سەدەی بیست ( فرانسیس فۆكۆیاما ) شێلگیرانه داكۆكی له تێزی كۆتـایی مێژوو دەكرد ، بەڵام وەك ( نەبیـل راغـب ) دەڵێـت: "ڕۆشـنبیرو خـوێنەر له ئاسـتی ئەم تێـزەی فۆكۆیامـادا وادەزانێـت لەبەردەم ماركسیەكی نوێدایە، چونكه ئەوەی بەسـەر تێـزی ( هیگڵ و مـاركس ) دا جێبەجێدەبێت؛ ئەوا بەسەر ئەمیشدا بەرجەسته دەبێت. له كاتێكدا پێیوابوو دیموكراتیەتی لیبراڵی كۆتایی مێژووە، خۆی بێئاگا دەكرد لەوەی، كه ئەو لیبراڵیەتەی هیگڵ خەونـی پێوە دەبینـی هەرگیز نەهاتەدی ، هەروەك چۆن ئەوەی شیوعیەتیش بانگەشـەی بـۆ دەكـرد هەرزوو له فۆرمه سیاسیەكەیدا و دوای ڕووخـانی یەكێتـی سۆڤییەت ئیتـر ئەویـش خـۆری ئـاوابوو. بەم پێیەش ئەو دروشـمانەی فۆكۆیامـا هەڵیگرتبـوو هەمـان چارەنوسـی دروشمەكانی ئایدیۆلۆجیاكانی پێش خۆیی هەبوو" ( خزار ، ٢٠١٣ : ١٠٩ ).

هەروەهـا لـوفیفر( ٢٠٠٢ : ٩ )یـش له كتێبـی ( كۆتـایی مێـژوو ) ڕایـدەگەیەنێت، كه خـودی دەسـتەواژەی ( كۆتـایی مێـژوو ) هەڵگـری ئیشـكالیەتی دژیەكـی نـاوەكییه، به بەردەوامـی ڕووداوەكـان ڕوودەدەن، ڕووداوەكـان بەردەوامـی تێـدایه و ناكرێـت زەمەن كۆتـایی پێبێـت، مێـژوو زەمەن پـێكەوە دەڕۆن، خـودی بیـر( الفكـرة ) خـودی واقیعه، كه هەڵگـری هەردوو چەمكەكەن مێژوو زەمەن( التـأریخ والزمن )، كەواته مێژوو كۆتاییەكی نییه.

پرسیارێك لێرەدا سەرهەڵدەدات ئایا كۆمەڵگای مرۆڤایەتی به بوونی ئەو هەموو گەل و كلتـورو شارستانییەته جیاوازەوە چۆن دەكرێت له ژێر سێبەری یەك ئایدیۆلۆجیادا بژین؟ یاخود بەبـێ مەبەسـت و ئامانج بژی؟ ئەگەر وابێت ئەمه واتای داخران و لاوازبوونـی ئەو گەلانه دەگەیەنێت، چونكه ئەم ڕاستییه دژه لەگەڵ خواسـتی پەیوەنـدی و ئـاڵوگۆڕی شارسـتانیانەی نێـوان گەل و نەتەوە جیاوازەكـان. له لایەكـی ترەوە ئەگەر كۆمەڵگای مرۆڤایەتی له هەموو سـەردەمێكدا خـاوەنی تایبەتمەنـدی ڕۆشـنبیری و كلتـوری و نەتەوەیی و مێژوویی خۆی بێت، ئایا ئەم سیفات و تایبەتمەندییه كـاتی و شـوێنیانه دووبـاره نـابێتەوە هۆی سەرهەڵدان و گەشەكردنی فۆڕمی نوێی ئایدیۆلۆجیا؟ كەواته دەتوانین بڵێین دوای ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەم تێـزە( كۆتـایی ئایـدیۆلۆجیا ) دەكەیـت حـوكمی ئەوەی بەسـەردا بـدەیت، كه بەهـانه ( تبریـر ) یەكـی ئایدیۆلۆجی هەژموونی لیبراڵیەتی خۆرئاوایه.

## سێیەم: ئیشكالیەتی ڕەهایی بوون له ئایدیۆلۆجیادا

ئایدیۆلۆجیا هەڵگری كێشەیەكی ڕاستەقینەیه له هەناوی خۆیدا ، ئەویش بانگەشـەكردنی خاوەندارێتی ڕاستی ڕەهایه ،ئەگەر به سەرنجەوە سەیری مێژووی نـوێی ئایـدیۆلۆجیاكان بكەین، به ئاشكرا له بـواری پراكتیكدا ئەم ڕاستیەیان له بەرانبەر كۆمەڵگاكـان بەرجەسـته كـردووە، بۆ نموونه (ئایـدیۆلۆجیای نـازی) هەرچەنده كۆمەڵناسان پێیانوایه ئەم تەوژمه ئایدیۆلۆجیه مەترسیداره له هەناوی دیموكراتییەتی لیبـرالیەوە

سەریەهڵدا کەچی دواجار گەورەترین قەیرانی بۆ مرۆڤایەتی دروستکرد و لەهەموو ڕوویەکەوە پاکتاوی ئەوانی تری دەکرد، هەروەها (ئایدیۆلۆجیای فاشیەت)، کە لەئیتاڵیا لەدایکبوو ئەویش بە هەمانشێوەی نازییەت و پێکەوە نزیکەی شەست ملیۆنی مرۆڤی ئەوروپییان کوشت، (مایکڵ فرێدین) لە وەسفی ئایدیۆلۆجیا بەشەڕهاتوەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا دەڵێت: ((هەموو بوبوونە بانگەشەکاری بیروباوەرێك، کە قابیلی گۆڕان و ئاڵوگۆڕنەبوو و دەیانویست ڕاستی خۆیان بەسەر جیهاندا بسەپێنن، هەموویان بە توندی و مکوڕانە شەڕی ڕەهایبونیان دەکرد، کە بەشێوەیەکی ئاسایی دوژمنێکی بەهێز مەرج و مەبەستی خۆی بەسەر ئەوانەدا دەسەپاند، کە دەیانویست لە دژی ئەو بەرگری لە خۆیان بکەن)) (Freeden,2006:11) ئەگەرباسی عێراق و کوردستانیش بکەین، ئەوا (ئایدیۆلۆجیای بەعسیزم ) وێنەیەکی ڕوونی ئەو خۆبەڕاستزانین و ڕەهایی تێڕوانین و مامەڵەکردنەیە، کە لەعێراقدا لەدایك بوو ، تەنانەت ئاستە ئایدیۆلۆجییەکەی وایکرد جگە لەوەی پاکتاوی ڕەگەزی میللەتی کوردی کرد لە هەمانکاتدا خۆی بە ڕزگارکەری نەتەوەی عەرەب دەزانی لە جیهاندا و وێنەی بەرجەستەکراوی ئەم بیرە توندەی لە وڵاتانی دراوسێ و عەرەبیش دەویست. ئەم خۆبەخاوەنی ڕاستی زانینە تەنها پیشەی ئایدیۆلۆجیا شمولییەکانی وەك مارکسیەت و نازیەت و بەعسیزم نییە، بەڵکو ئەوەتا بیریاری ئەمریکی (مایکل فرێدین ) لەوەسفی مەزهەبی دیموکراتیەتی لیبراڵیدا دەڵێت: ((ئەو ئایدیۆلۆجییەی، کە پێیدەوترێت ( لیبراڵیەت ) بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە خاسیەتی پەیوەندی و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی و جوڵە و بزاوتی ئەو گروپانەی هەیە، کە کۆمەڵگاکانی پێکدەهێنن، دوای چەندین دەیە سیاسەتی شوناسی بەڵێنپێدراوی هەڵبژاردووە، کە توانای کردنەوەی دەرگای لەبەردەم گۆڕانی ئایدیۆلۆجیادا هەیە، کە مەبەست لەو شوناسەش ئاماژەدانە بۆ ئەو کۆمەڵە بەها ڕەسەنەی کە گەشەپێدان و پێشخستنی گروپە کەمینەکان یەکلایەدەکاتەوە نەك وەك وێنەیەکی خودی کە ململانێ و کێشەیان هەبێت لەسەری)) (Freeden,2006:12) ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم تێزەش؛ ئەوا بە ئاشکرا ئەو ڕەهابوون و خۆبەخاوەنزانینی ڕاستێتیەی تێدا بەدی دەکەین کە ئەمە سروشت و واقیعی هەر تەرحێکی ئایدیۆلۆجیە ، لە کاتێکدا ئەم ڕاستیە گەورەترین کێشەی بۆ چەمکەکە و زۆرێك لە بیریاران دروست کردووە ، چونکە هەر بەپێی فەرهەنگی ( وێبستر )ی ئینگلیزی ئایدیۆلۆجیا واپێناسە دەکات، کە : ( سیستمێکە لە بیر بەواتای دیاردەکان، بە تایبەت دیاردەکانی پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، شێوازێکی بیرکرنەوەیە، کە کەس یان چینێك جیادەکاتەوە) کاتێك لەم پێناسە رادەمێنین هەست بە تێکەڵاویەك دەکەین بەشی یەکەمی پێناسەکە ئایدیۆلۆجیا وەك تیۆرییەك بۆ دیاردەکان ، بە تایبەت دیاردەکۆمەڵایەتییەکان دەناسێنێت، کەچی بەشی دووەمی ڕێگای بیرکردنەوە و نەسەقی هەڵوێستەکان نیشان دەدات، کە ئەمەی دووەم پەیوەندی بە تیۆرەوە نییە، بەشی یەکەم باس لە کردەیەکی هزرییە کە بابەتێکی زانستییەو وەسفی شتێکی هەبوو لە جیهاندا دەکات، بەڵام دووەم زیاتر خودیە ودەربڕی دیدگایەکی دیاریکراوی کەسێك یان گروپێکە بۆ واقیع. بەم پێیە بێت ئێمە ناتوانین

ڕەهەندی خودی لە هیچ پێشنیازێکی بیری کۆمەڵناسییانە و فەلسەفییانە دابڕین، بەڵکو دەبێت بە ئاگاییەوە بژاری گۆشە خودییەکانی ناو هەرتێزێك بکەین، تا بتوانین سیفەتی ڕەهایی لێوەربگرینەوە و، هەروەها حوکمیشی بەسەردا بدەین ، چونکە هەموو وێنایەکی فەلسەفی بۆ واقیع پێشتر هەندێك گریمانەی پێشوەختە بۆ ڕێگری بیرکردنەوە لەو واقیعە دادەڕێژێت ، کەواتە عەقڵ، کە دیاردەیەکی بابەتی دەرەکیە هەرخۆی خاوەنی بیرکردنەوەی زانستیەو و هەرخۆشی پێوەرە بابەتیەکان دادەڕێژێت ( ئایکن،١٩٧١ :١١-١٢).

پێویستە تیشک بخەینە سەر مەحاڵیی خاوەندارێتی حەقیقەتی ڕەها لای هەر ئایدیۆلۆجیایەك بەو پێیەی ئایدۆلۆجیا، بەتوندی وابەستەی پێداویستی و بەرژەوەندی ئەو دەستە و گروپە کۆمەڵایەتییەیە کە بەرهەمی هێناوە. لە هەمانکاتدا زۆرترین ئەو کۆمەڵناس وبیریارانەی، کە پێناسەی چەمکی ئایدیۆلۆجیایان کردووە وەك ( ج.س.رۆسیك (J.S.Roucek) )پێیانوایە (هۆشیارییەکی ساختەیە و سیستەمێکی بیرە، کە ڕەنگدانەوەی واقیع نییە، بەڵکو دیدێکی تایبەتە دەربارەی جیهان، هەروەها تیۆرێکە دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاستیەکان لە گۆشەنیگایەکی نمونەی تایبەتەوە، هەوڵدانی گونجانی واقیعە لەگەڵ وێنا بابەتیەکان بە وێنەیەکی پێشوەخت. ئەمەش لە پێناو سەلماندنی دروستی ئەو وێنا نموونەییە)( رشوان،٢٠٠٩ :٨٤) . هەروەها ئایدیۆلۆجیا گرنگی بە مەعریفەی زانستی حەقیقی نادات ، بەڵکو زیاتر پەرۆشی نموونە سیاسی و فەلسەفییەکەیەتی، ئایدیۆلۆجیا ڕشتەیەك لە ڕاستی و بانگەشەی سازکراو ڕێکدەخات، کە بەشێوەیەکی نموونەیی تایبەت دەردەکەوێت، کە هەمیشە هاوتا نییە لەگەڵ ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بەم پێیە هەموو ئایدیۆلۆجیایەك لەسەر ڕێی هەڵەیە، چونکە هۆشیاری ئایدیۆلۆجی هەمیشە هاوواتای ئامانجێکی خودییە( مسعود،٢٠١٥ :٥٦-٥٧). لەناو پێناسەکانی ئایدیۆلۆجیادا بابەتێکی هاوبەش بوونی هەیە ئەویش بەرژەوەندی و ڕەهەندی خودی هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیایە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی، کە ئایدیۆلۆجیا زیاتر پایە سایکۆلۆجییەکانی بەهێزتر بێت لە پایە بیری و هزریەکان، بۆیە هەر کەس وگروپێك بۆ ئەوەی بتوانێت گەرەنتی خواست و بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، ئەوا ڕوپۆشێکی بیری بەسەردا دەدات وەك جۆرێك لە خەڵك و خۆفریودان، ئەوەتا (سلاڤۆی ژیژەك) لە میانەی ڕەتکردنەوەی تۆمەتی تاکباوەڕی لای هیگڵ دەنوسێت: ئەوەی لای هیگڵ دەیبینین جەختکردنەوەیە لە سەر جیاوازی و هەڵکەوتن خودی، هەروەها ( زانینی ڕەها )یش هیچ نییە جگە لە ناوێکی تر بۆ ناسینەوەو قبوڵکردنی نوقسانییەکی ریشەیی(ژیژەك، ٢٠١٨ : ٣٠ ). واتە ناکرێت مرۆڤ لە ژێر کاریگەری بیرکرنەوەی ڕاستەقینەی بێلایەن و دۆزینەوەی مەعریفەی حەقیقیدا بگاتە قۆناغێکی ژیان، کە هەموو ئەوانی تر بە رەنگ و زمان و شوێنە جیاوازەکانەوە بخاتە چوارچێوەی کەموکوڕییەوە، ئەم بابەتە کاری لۆژیك نییە، دەکرێت وەك (ژیژەك) دەڵێ ئەمە کاری ئەو فشار و ناسازییانە بێت، کە دەروونی مرۆڤی ناساز بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگای

دروست دەکات. هەرچەندە ئەم بینینەی ژیژەك ئەوەشی لێدەخوێنرێتەوە، کە کەمی و ناتەواوی بیری و هزری بێت، کە ناتوانێت وەك پێویست درکی حەقیقەت و شتەکانی دەوروبەر بکات.
لە لایەکی ترەوە ( دیکارت ) یش ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک وابڕوادەکەین، کە شتەکان لە جیهانی مادیدا دەبینین، ئەوا لە ڕاستیدا هیچ نابینین جگە لەبیرکردنەوەو تێگەیشتنمان دەربارەی ئەو شتانە، کە هەن یاخود نین لە دەرەوەی ئێمە، نمونەی ئەم حەقیقەتە هۆکاری یەکەمی هۆشیاری ساختەیە. هەڵەی بنەڕەتی و زۆربڵاو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حوکمدانەی، کە بیرەکانی ناوەوەمان هاوتا و لێکچووی شتەکانی دەرەوەیە(هۆکس،٢٠٠٠ :٥١). هەرچەندە مەبەستی ( دیکارت ) لەم بابەتەدا زاڵکردنی بیرو تێڕوانینە بەسەر هەستدا، بەڵام مەبەستی توێژەر لێرەدا ئەوەیە، کە هەمیشە خودێتی مرۆڤ لە هەڵسەنگاندنی شتەکاندا ئامادەیە و دواجار بانگەشەی خاوەندارێتی حەقیقەتی ڕەها کارێکی نادروستە.
بۆیە دیکارت پێیوایە کە لە ڕاستیدا تاکە شتێک کە عەقڵ لێی دڵنیابێت بە ڕەهایی ئەوە چالاکیی خودی عەقڵە، لێرەدا پرنسیپە بە ناوبانگەکەی دەربڕی، کە دەڵێت: (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم ) هەروەها پەیوەستکردنەوەی دیکارت بە ئایدیۆلۆجیاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوتەیەی، کە دەڵێت: درککردنە هەستیەکانمان بە شێوەیەکی گشتگیر نوێنەرایەتی جیهانی مادیمان بە ڕێگەیەکی ساختە بۆدەکەن، هەر ئەمەشە وایکردوە، کە دورکەوتنەوەیەکی ڕەها لە نێوان ( واقیع ) و ( بیرەکان) و لە نێوان ( بابەت ) و ( خود)دا هەبن، پاشان ( جۆرج بارکلي ) ( ١٧١٣) لە گفتوگۆدا لەگەڵ ( هیلاس وفیلونوس) دا دەڵێت: ئێمە خاوەنی هیچ بیرێکی فیتری( أفكار فطرية ) نین. تاکە مەعریفەیەک کە مرۆڤ دەربارەی جیهانی مادی هەیبێت سەرچاوەکەی ئینتیباعاتی هەستیەکانە ( إنطباعات الحسية )، هیچ پاساوێکی ئەو بڕوایەمان لانییە، کە ئەو ئینتیباعە نوێنەرایەتیەکی وردی ( دقيق ) ی هەرشتێک بکات، کە بوبێتە هۆکاری ئەو ئینتیباعە، بە نسبەت هەر بابەتێکی زانستییەوە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە سروشتی ڕاستی ( الطبيعه الحقة ) ی جیهانی دەرەکی شیاوی تێگەیشتن و زانین نییە، بەڵکو هیچ شتێک بوونی نییە، تەنها بە هێندەی درککردنی ئێمە نەبێت بۆ ئەو شتە(هۆکس،٢٠٠٠ :٥١-٥٢).
کەواتە حەقیقەت، چەمکێکی ئاڵۆزە و تەنها لە هەلومەرج و سنورێکی دیاریکراودا دەتوانین بەکاریبهێنین، حەقیقەت ڕاستیەکی ڕەها نییە، حەقیقەت پرۆسەی بیرکردنەوەی بەردەوامە لەو هەلومەرجانەی کە وامان لێدەکەن بە جۆرێکی تایبەت بیربکەینەوە و ڕەفتاربکەین. حەقیقەت ئەوەیە بزانین بۆ ناتوانین پەیامی ڕاستەقینەی پشتی شتەکان بخوێنینەوە(علی،٢٠١٩ :١٤) . پاشان (هیگڵ)پێی وایە (( رۆح ))لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی خۆیدا بە وێستگەی جیاوازی حەقیقەتدا دەڕوات، هەریەک لەم وێستگانە کاتین و لە ژێر زەبری ناکۆکییە ناوەکییەکاندا شیدەبنەوە و فۆڕمی تر وەردەگرن، بە پێی دیالێکتیکی هیگڵی حەقیقەت شتێکی گۆڕدراوەو دەرکەوتەیەکە لە گەشە و گۆڕان و کشاندایە، لە دایک دەبێت و لەناودەچێت، مێژوو چۆن حەقیقەت دروستدەکات ئاوەهاش لەناوی دەبات و بە فۆڕمی

باڵاتری حەقیقەت جێگای دەگرێتەوە. هەموو حەقیقەتێک بەشێکی نزمە لە حەقیقەتیکی باڵاتر، لە هەر سەردەمێکدا جۆرێک لە هۆشیاری هەیە کە نوێنەرایەتی حەقیقەت دەکات، یاخود باڵاترین پلەی حەقیقەت بەرجەستە دەکات. لای مارکس لە قۆناغی کەپیتاڵیزمدا ئایدیۆلۆجیای چینی کرێکار نوێنەری حەقیقەتە، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە هەنگاوێک لە پێش هۆشیاری بۆرجوازییەوەیە(علی،٢٠١٩ :١٦) .

پاشان چ مرۆڤ و چ کۆمەڵگاش مەحکومن بە ناچاریی ( الجبرية ) ی کات و شوێن، چۆن دەگونجێت تەرزێکی بیری لە هەناوی پێداویستی کۆمەڵگا و مرۆڤ و کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە هاتبێتە بەرهەم، کەچی هەمان بیرتوانای دابینکردن وچارەسەری کێشە و پێداویستی لە کات وشوێن و کۆمەڵگایەکی تردا هەبێت، ( پرۆژەی سەپاندنی بیری گشتگیر- شمولی _ بەسەر کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا لە مێژوودا شکستی هێناوە). هەر بەپێی ئەم تێگەیشتنە خەڵکی بیرکردنەوە و دیدگاکانیان تەنها لە ڕێگەی قاڵبی وەرگیراوی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و جیهانی وێنا کۆمەڵییەکانەوە دادەمەزرێن و وەریدەگرن. هەر ئەمەش هۆکاری جیاوازی بیرکردنەوەو تێڕوانینە جیاوازەکانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر، هەروەکو چۆن تەرزە بیرییەکان دەگۆڕێت و ئاڵوگۆڕدەکەن لە ماوەی بەردەوامی کات ( الزمان ) و هەروەها دروست دەبن و دەڕۆن و جێبەجێدەبن لە جوڵەی مێژوودا ( إسماعيل،١٩٧٩ :١٧).

ڕەهەندێکی تری بابەتەکە بەهەڵەداچوونی مرۆڤە لەوەی، کەوادەزانێت کاتێك بیردەکاتەوە، ئیدی خۆی بەرهەمهێنەری ئەوحەقیقەتە بیرییەیە، کە دۆزیویەتییەوە بێئاگا لەوەی، کە ئەم کارەکتەرەی یەکێکە لەو خاڵانەی سەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵگایەکی گەورە کە ئەو کۆمەڵگایە پێشوەخت بیری بۆ کەسەکان کردۆتەوەو بیری ئامادەو پێشوەخت دروستکراویان پێشکەش دەکات. بۆیە مرۆڤ بە تەنها بیرناکاتەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی کۆمەڵەکەی بیردەکاتەوەو دەدوێت، هەروەکو ( کارل مانهایم ) یش دەڵێت: هەموو مرۆڤێك بارکراوە بە دوو ڕاستی کۆمەڵایەتی پێشتر بۆداڕێژراو ئەوانیش:

١- مرۆڤ دێتە ناو دۆخێکی ئامادەوە ( لە ڕووی بیری و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەوە )، کە دەستی لە دروستکردنیدا نەبووە.

٢- مرۆڤ چەندین تەرزی بیری و ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە ( مانهايم،١٩٨٠ :١٠٠).

کەواتە پێویستە تێبینی ئەوە بکەین ئایدیۆلۆجیا زۆرجار ناتوانێت بەو فۆڕمە ڕەهاییە خۆی نمایش بکات و سیستەم پێکبهێنێت، چونکە ڕووبەڕوی حەتمیەتی کارلێکی واقیع دەبێتەوە، واتە ئایدیۆلۆجیایەك لە سەردەمێکدا زۆر بە توندی پابەندە بە دەق وتەرزە بیرییەکانی خۆی وهەرگیزئامادەی سازشکردن نییە لەسەری، بەڵام هەمان ئایدیۆلۆجیا لەچەند دەیەیەکی دواتردا و لە ژێرکاریگەری گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا ناچار بەهەندێك گۆڕان وخوێندنەوەی نوێ بۆدەقەکانی دەبێت، جا ئەو ئایدیۆلۆجیایە


ئایینی بێت یاخود فەلسەفی یان بیرێکی نەتەوەیی  هەبێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە درێژکردنەوەی خاوەندارێتی ڕەهاییی بوون کارێکی ئەستەمە.

ئەو چوارچێوە بیرییەی مرۆڤ پێی دەڕوانێتە گەردوون، سەرجەم پارچە پێکهاتوەکانی لەو بیرۆکە و گریواتانەوە سەرچاوە دەگرن، کە کۆمەڵگا بۆی دەگوازێتەوە( وەردی،١٩٨٥:٤٢). چوارچێوە بیرییەکان بابەتێکی واتایی و شارراوەن و مرۆڤ ناتوانێت لە شتێك ڕزگاری ببێت کە هەستی پێنەکات، هەرچەندە مرۆڤ باوەڕی وابێت، کە لە بیرکردنەوەیدا ئازادە هێندەش بڕوای بە کۆیلایەتی بیرزیاد دەبێت ( وەردی، ١٩٨٥:٤٣).

مەترسی هۆشیاری ساختە، کە ئایدیۆلۆجیا دروستی دەکات زیاتر لەوەدانییە، کە کەم توانا( عاجز )یە لە پەیوەستبوون بە واقیعی ڕەهای نەگۆڕەوە، بەڵکو لەوەدایە دەبێتە ڕێگر لە تێگەیشتن لە خودی واقیع، کە ئەنجامی بەردەوامی دووبارە ڕێکخستنی پرۆسێسە هزرییەکانی پێکهاتە( تشكيل ) ی جیهانی ئێمەن (مانهایم،١٩٨٠ :١٠٤)

هێڵکاری (٥) پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆجیاو واقیع

* ئامادەکردنی توێژەر



## چوارەم: پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی:

مەبەست لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو گۆڕان و ئاڵوگۆڕەیە، کە بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (البناء الإجتماعي) دا دێت. چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ملکەچە بۆ گۆڕانی بەردەوام (ماکیفر و بیدج،١٩٧١ :٨٩٣ ). لەهەمان کاتیشدا ئایدیۆلۆجیا وەك نەسەقێك لەبیرو تێگەیشتن ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خۆی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، کە لەچەند نەسەقێك پێك دێت وەردەگرێت، کە تێیدا (ئایین، کلتور، بەها، داب ونەریت، دۆخی کۆمەڵگا) بەشداری دەکەن، کەواتە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە. بەواتای تر جۆری ئەو کلتورو شارستانییەتەی، کە لە ئەنجامی جوڵەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هاتۆتە ئارا، جۆرێك لە بیرکردنەوە و شێوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەها و داب و نەریت دەبەخشێتە کۆمەڵگا، لە هەمانکاتدا بە تێپەڕبوونی کات، ئەو جۆرە بیرو ئایدیۆلۆجیایە توانای وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی واقیعی لاواز دەبێت. بەم پێیەش زەمینەی گۆڕانکاری لە خودی ئایدیۆلۆجیای باو، یان هاتنی ئایدیۆلۆجیای نوێ دەبێتە زەرورەت، یەکێك لەهەرە ئاڵنگارییە گەورەکانی بەردەم ئایدیۆلۆجیا(کات) ە ،چونکە کات لەهەمانکاتدا عەقڵی مرۆڤەکان و واقیعی کۆمەڵایەتیش دەگۆڕێت بۆیە ئاساییە ئایدیۆلۆجیاکان لەزەمەنێکدا سەردەست و قبوڵکراوبن و لە زەمەنێکی تردا بێزراوبن. ئەمە سروشتی ژیانی بازنەیی هەر ئایدیۆلۆجیایەکە، کاتێك هەڵدەستێت بەدیاریکردنی سەقفێك بۆ خەون و داخوازی و ئایندەی کۆمەڵگا ئیدی خۆی دەبێتە هۆکاری پاشەکشەی خۆی، کاتێك واقیع دەگۆڕێت، بەڵام ئایدیۆلۆجیاکان توانای وەڵادانەوەی ئەم داخوازیەیان نییە، لەلایەکی ترەوە کات فاکتەرێکی بنەڕەتییە کە تیایدا واقیع گەشەدەکات و دەگۆڕێت. بەمەش داخوازی گۆڕانکاری لەبیرو ئایدیۆلۆجیا دەکات، بۆیە هەرکات ئایدیۆلۆجیاکە نەیتوانی بەپێی خواستی واقیع و سەردەم خۆی نوێ بکاتەوە، ئەوا کۆمەڵگا ئەو ئایدیۆلۆجیایە جێ دەهێڵێت و لانی کەم ئەگەر دەست لە ئایدیۆلۆجیاش هەڵنەگرێت، ئەوا چاوەڕوانی ئایدیۆلۆجیایەکی نوێتر دەکات .بۆیە (جۆرج .هـ. تایلور) لە پێشەکی کتێبی (دەستگوتارەکان لە ئایدیۆلۆجیاو یوتۆپیا) ی پول ڕیکۆردا دەڵێت: عەقڵی کردەیی هەوڵی جیاکاری نێوان (داڕشتنێکی بابەتیانە)- ئاڵو گۆڕێکی ئەرێنی بەها بۆگوتارەکان و مومارەسە و دامەزراوەکان-(نامۆ بوون) تێکدانی ئەو بەهایانەیە دەدات. کەواتە ئەرکی عەقڵی کردەییە( العقل العملي)، کە هاوسەنگییەك لە نێوان چرکەساتەکانی خواستن (الاستعارية) و بیرکردنەوە (التأملية) بسازێنێت، لەنێوان پاڵنەری خاوەن بەهاو وەڵامدەرەوەیەکی ڕێکخراوی چالاك لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، چونکە دەستهەڵگرتن لە ئایدیۆلۆجیا قورسە (یتعذر)، بەڵام تێکۆشانەکە دەبێت بریتی بێت لە گەشەپێدانی ئایدیۆلۆجیا لە چوارچێوەی ئاستە ئاوێتەکردنەکەیدا نەك تێکدانەکەی (ریکور، ٢٠٠١ :٢٦). کە لێرەدا مەبەستی (جورج تایلور)

ڕاگەیاندنی پێداویستی خۆنوێکردنەوەی هەر ئایدیۆلۆجیایەك و بەهاكانییەتی بە پێی واقیعی ژیانی كۆمەڵایەتی.

لە باسی سەرچاوەی گۆڕانی كۆمەڵایەتیدا ڕاستەوخۆ بیرمان بەر دوو تێڕوانینی كاریگەری دژیەك لە مێژووی كۆمەڵناسیدا دەكەوێت، كە ئەوانیش دیدی هەردوو كۆمەڵناس و فەیلەسوف (ماكس ڤیبر و كارل ماركس)ە ، چونكە ماكس ڤیبر پێیوابوو، كە ئەو چاكسازییە بیرییەی لە ئایینی مەسیحییەتدا كرا( فیلالی ،٢٠١١ :٢٢٤)، دواتر لە مەزهەبی پرۆتستاندا بەرجەستەبوو سەرچاوەی یەكەمی ئەو گۆڕانە ئابوری و سیاسییە بوو، كە لە كۆمەڵگا ئەوروپیەكاندا هاتە ئاراوە. واتە (بیرو ئایدیۆلۆجیا) وەك پاڵنەری گۆڕانی كۆمەڵایەتی دەبینێت، لە كاتێكدا (كارل ماركس) تەواو پێچەوانەی ئەم تێزە بوو پێی وابوو واقیعی كۆمەڵایەتی و پێداویستییەكانی سەرچاوەی ئەو گۆڕانانەن، كە لە بیرو ئەندێشەدا دروست دەبن (ایكن،١٩٧١ :١٥). هەریەك لەم دوو دیدەش كاریگەری گەورەیان لەسەر ڕەوتی زانستی و تێگەیشتن لەواقیع و گۆڕان هەبووە لە مێژوودا، هەردوولاشیان بەڵگەی تەواو بۆ زانستی بوون و واقیعی بوونی بیرەكەیان خستۆتە ڕوو، بەڵام هەریەك لەم دوو تێڕوانینە بە تەنها ناتوانێت كۆمەكمان بكات بۆ یەكلاییوونەوەی تەواو لە دیاریكردنی سەرچاوەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی، چونكە وەكو (رۆجۆ بیكۆن) دەڵێت: (گۆڕان لە ئەنجامی زۆری و جۆرێتی پێداویستییەكانی مرۆڤەوە دروست دەبێت)، كە ئەمەش وادەكات بیر لەپڕكردنەوەی بكاتەوە لە پێناو پێشكەوتن و گەیشتن بە ژیانێكی خۆشتر(إبراهيم، ٢٠٠٤ :٦٨). ئەمە دەبێتە هۆی گۆڕانی كۆمەڵایەتی هەم لە بیركردنەوەو هەم لە دۆخی واقیعی كۆمەڵایەتیشدا، بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەكی ئاڵوگۆڕی دیالێكتیكیانە لە نێوان ئایدیا و بیرو گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكانداهەیە و بەردەوام و بەبێ دابڕان هەریەكێكیان دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ئەویتر بە شێواز وفۆڕمێكی نوێ و ئەم پرۆسەیەش لە دۆخێكی بەردەوامی ناكۆتادایە.

بۆیە دەتوانین بڵێین هەریەك لەو دوو تێزەی ( ڤیبر و ماركس ) بە تەنها خاوەنی هەڵەو كەمی تیۆرین لە خوێندنەوەی ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا و واقیعی كۆمەڵایەتی و گۆڕانەكان، چونكە كاتێك (ماركس) پێیوایە تەنها بنەما ئابورییەكان ( پێداویستییە ئابورییەكان ) سەرچاوەی یەكەمی گۆڕانن، بەڵام مرۆڤ چەندین بنەما و پێداویستی نامادی و مەعنەویشی هەیە، كە ناتوانێت بێ نیازبێت لێیان، وەكو (بەها كۆمەڵایەتییەكان و فۆڕم و داب و نەریتەكان)، كە هەندێكیان ستاتیكین و ناگۆڕێن و هەندێكیشیان دەگۆڕێن، بەڵام مرۆڤ بە ڕەهایی بۆ ژیانی پێكەوەی بەرجەستەیان دەكات. بۆیە دەكرێت بڵێین پێداویستییە واقیعییە كۆمەڵایەتییەكان، یان پێداویستییە كۆمەڵایەتی و ئابورییەكان سەرچاوەی گۆڕانن هەم لە بیر و هەم لە واقیعی كۆمەڵایەتیدا. لەلایەكی تریشەوە دیدی (ڤیبر) خاوەنی كەمی تیۆرییە، چونكە سەرەتا بوونی مرۆڤ بونێكی مادییانەیە و ناكرێت دەركەوتنەكان و كاریگەرییەكانی ئەم بوونە مادییە لە گۆڕانی بیرو واقیعیشدا نادیدە بگرین. پاشان ئەگەر ئایدیاكانیش زەرورەتی دۆخی واقیع بەرجەستە

بوونی پێویست کردبن، ئەوا کەمترین گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە واقیع کاریگەری و گرنگی ئەو بیرە پێویست بووە دەخاتە بەر پرسیاری ناپێویست بوون و ناکارایی بوونەوە، بۆیە قورسە بتوانین هەریەك لە ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بە هۆکاری هاتنەدی ئەویتریان ناوزەد بکەین، بەڵام دەتوانین ئەو ڕاستییە نمایشبکەین، کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ئایدیۆلۆجیا گۆڕانی گەورەو ڕیشەیی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دروست بکات و بە پێچەوانەشەوە ئەو گۆڕانە بەردەوامەی واقیع دەبێتە هۆی گۆڕانی هەمان ئایدیۆلۆجیا و هێنانەدی ئایدیای نوێ.

## پێنجەم: ڕەوشی ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان و کاریگەرییەکانی

بۆباسکردنی دۆخی ئایدیۆلۆجیا لە هەرێمی کوردستان پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی خێرایە بۆ مێژووی کوردستان و دیاریکردنی ئەو ئایدیولوجیایانەی، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی نوێدا کاریان کردووە . بەدیاریکراوی دەبێت گفتوگۆ لەسەر سێ ئایدولوجیای جیاواز بکەین، کەلە کوردستان ڕەگیان داکوتاوەو توانیویانە، تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرجەستەبکەن، ئەوانیش ئایدولوجیای (ئایینی و ناسیونالیستی و مارکسی)ن، هەرچەندە هەردوو بیری (ئایینی و مارکسی) دژن لەگەڵ ئایدیای ناسیۆنالیستی، بەوپێیەی ئەو دووە لەگەڵ هەڵگرتنی سنورەکانی نێوان گەلانن و زیاتر کار لەگەڵ ئوممەت و دەوڵەتی ئایدیا (نانەتەوەیی) دەکەن، بەڵام تاڕادەیەك نزیکایەتی ئەم دوو ئایدیۆلۆجیایە و بیری نەتەوەیی هەست پێدەکرێت، چونکە لەلایەکەوە، لەبەرئەوەی ئایین (ئیسلام) لەکوردستاندا تاکە بواری زانست بوو–نزیکەی زۆرینەی زاناو روناکبیرانی کۆنی کورد و هەروەها خاوەن شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەو بیست زۆرینەیان پیاوی ئایینی بوون (میران،٢٠١٧: ٦٨).

مەبەستمانە لێرەدا و لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیای ئاینییدا باسی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانە بکەین، کە بەرهەمیهێناوە، هەڵبەتە ئایین هێزێکی پەرجوی تایبەتی هەیە لە جوڵانی کۆمەڵگادا، هەروەکو( ئینگڵز)یش دەڵێت: (لە ڕابردوودا بیری ئاینی (تیۆلۆجیا) تاکە ئایدیۆلۆجیایەکی میللەتان بوو بۆ بزواندنی جەماوەرو هەمیشە دەبوایە بەرگێکی ئایینی بکرێتە بەر). دیارە بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی کورد، بە تەواوی جێدەستی ئایین و دامەزراوە و سروت و بۆنەکانی هەست پێدەکەین. لەگەڵ ئەوەی گومانی تێدا نییە کوردیش بە خودی خۆی توانیویەتی کاربکاتە سەر ئایینی ئیسلام و چەند ئایینێکی ناوچەیی و تێکەڵ ((سینکریتیك)) ی بەرهەمهێناون (میران،٢٠١٧: ٦٧).

لەپەیوەندیدا بە کاریگەری ئایین لە کوردستاندا ئاماژە بۆ هەردوو تەریقەتی (قادری) و (نەقشبەندی) دەکەین وەکو دوو ڕێچکەی سۆفیزم لە کوردستان. سۆفیگەری وەک ڕێبازێکی چاکە خوازی و ڕەوتێکی تازەگەری هەر لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە وەک پەرچەکردارێک لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا لە فۆرمی بەرهەڵستیکردنی سیاسی و وەستانەوە بەرووی ستەمکاریدا شکڵگیربووە،هەروەها لە دژی ئەو

خراپەکارییانەی لەبانەوە بۆ خوارەوە شۆڕدەبنەوە هەڵوێستی وەرگرتووە. مەبەستمان ئەو بەدکاری و لەڕێ لادانەیە، کە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگەی گەنبوون و نابووتبونییەوە تەواوی کۆمەڵگە دووچاری فەسادو بەدئاکاریی دەکات، رۆحی بەرژەوەندخوازی و بەدبینین و بەدکرداری لە لای تاک و کۆمەڵ زیاد دەکات( مەلا تەها، ٢٠١٩: ٥٤١ ).

دیارە دوای گەورەبوونی سنوری دەوڵەتی ئیسلام و دەستراگەیشتن بە سەروەت و سامانی زۆر لەلایەن خەلیفەکانی ئومەوی و دواتریش عەبباسی، جۆرێك لە دونیاپەرستی و دورکەوتنەوە لە سەرچاوە پاکەکانی ئایینی ئیسلام هاتە ئاراوە. لە بەرانبەر ئەم دیاردەیەدا ڕێبازی سۆفیزم هاتە ئاراوە، کە ئەم ڕێبازە بانگەشەی دورکەوتنەوە لە دونیا (ترك الدنيا)یان دەکرد و زیاتر جەختیان لەسەر سادەیی ژیان بوو(میران،٢٠١٧ :٧١). لە رووی مێژووییەوە سەرهەڵدان و پەرەسەندنی سۆفیزم لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ئاخرو ئۆخری سەدەی دووی کۆچی/ هەشتەمی زایینی کە لە دەمێکی سەردەمی عەبباسیدا دەرکەوت، کە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان نوقمی پشێوی سیاسیی و داڕوتانی ئابووری و پەرتەوازەیی بونەوە. لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە گوژمێکی توندی دڕدۆنگی دەڕوونی و لەبەریەکهەڵوەشانی ئەخلاقی دروستکرد، تێکڕا ئەم فاکتەرانە جۆرێک لە پەرچەکرداری پێچەوانەیان دروستکرد. سۆفیزمیش لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەیەکی ئایینیدا. بۆیە فاکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و هزری و فەرهەنگی ڕۆڵیان گێڕاوە لە دەرکەوتنی سۆفیگەریدا لە عێراق( مەلا تەها ، ٢٠١٩ :٥٤٤) سەری هەڵداو بووە نیشانەی داهاتنی چەرخێکی تازە، کە مۆرکی گۆڕانی کۆمەڵگای ئیسلامی پێوەبوو.دەتوانین ئەم سۆفیزمە وەکو بیرێکی (یۆتۆپی) بۆدەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسیە لە ئارادا بووە ناوزەد بکەین.

ئەوەی جێگای سەرنجە سۆفیزم وەکو هەر بیرێکی یۆتۆپی و پاش قۆناغی بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی زۆر زیاتر لەوەی بانگەشەی بۆ دەکرد(شەریعەتی ئیسلام و سوننەت) ڕۆیی، بۆیە بانگی هەوادارانی کرد، کە تەنها خۆیان بۆ ڕوو لە خوداکردن تەرخان بکەن، بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و دڵنیایی و یەکبوون لەگەڵ خوادا (الفناء فى الله)و یەکێتی بوون( وحدة الوجود) و وێناکردنی خودا لە شێوەی مرۆڤدا( حلول ). ئەمەش بووبووە هۆی هۆی بەرپاکردنی نارەزایی و توڕەیی لە لای گەلێک لە زانایان و سۆفییە پەڕگیرەکاندا. هەرچەندە ڕابەرانی سۆفیزم بۆ گەیشتن بەو بیرانەی، کەباسکرا یەکڕانەبوون( تۆفیق ، ٢٠٠٩: ٧٣ ) .

دیارترین تەریقەتی سۆفیزم، کە ڕۆڵیان هەبوو لە پەخشکردنەوەی ئایین و سوننەتەکان لە کوردستان تەریقەتی (قادری) و (نەقشبەندی)ن، کە یەکەمیان بە ناوی سۆفی بەناوبانگ شێخ عبدالقادری گەیلانییە (١٠٧٧-١١٦٦)، کە کوردێکی خەڵکی گەیلانی کرماشانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، کە نەوەکەی(عبدالکریمی گەیلانی) (١٣٦٦-١٤١٠)ز بوو، تەریقەتەکەی هێناوەتە کوردستانی باشوور.

یەکێك لە دەستوورەکانی ئەم تەریقەتە ئەوەیە، کە لەڕووی زنجیرەی بەرەبابەوە (جینالۆجیا)وە خۆیان دەبەنەوە سەر ئیمامی ئەبوبەکرو ئیمامی عەلی( حکیم ،٢٠٠٩: ١١). بەم پێیەش چەندین زنجیرەی جۆراو جۆریان بۆ خۆیان ڕێکخستووە، شایەنی باسە قادری هەتا سەدەی نۆزدەش تاکە تەریقەتی زاڵبوە لە کوردستان. دوای هاتنی تەریقەتی تر هێشتا بەسەر مەشقی مایەوە، لەهۆیەکانی بڵاوبوونەوەو فراوانی ئەم تەریقەتە لە کوردستان بریتیین لە یەکەم، ژیانی ڕەوەندیی- دێهاتی خەڵکی کورد. دووەم،بۆشایی دەسەڵات. سێیەم، نەبوونی ڕکابەرێکی ڕاستەقینە. چوارەم، پشتیوانی دەسەڵاتە خۆجێیەکان. پێنجەم، سیمای مەسیحئاسای شێخەکان(مەلا تەها ، ٢٠١٨ : ٤٢ ).

هەرچی تەریقەتی (نەقشبەندی)یە ساڵی (١٨١١) لەلایەن مەولانا خالید(شێخ زیائەدین خالید نەقشبەندی) هێنراوەتە سلێمانی، هاتنی ئەم تەریقەتە لە سەروەختی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانەدا بووە، کە کوردستانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە کوردستانی باشور، تا دەهات میرنشینی بابان بەهێزو تۆکمەتر دەبوو، بەتایبەت کاتێك سلێمانییان لەساڵی (١٧٨٤) کردە پایتەختی میرنشینەکە. لەم کاتەوە پەیوەندی میرنشینەکە بە شارەکانی دەوروبەرییەوە فراوان بوو، خەڵکی زانا و شاعیر و هونەرمەند و خاوەنکار و دەست ڕەنگین ڕوویان لەشارەکە کرد، لەگەڵ ئەمەشدا شارەکە ناوەندێکی ئاینی و ئەدەبیی کوردستان بوو کە (قادری) ڕۆڵی تێدا دەگێرا. ئەم دۆخە گۆڕاوە نوێیە لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە بوو بە هۆی دروستکردنی کاریگەری لە بواری بیری و ڕۆحی کۆمەڵگادا، بۆیە لەو هەلومەرجە تازەیەی میرنشینی بابان بانگەشەیەکی (ئایینی) نوێ وەکو وەڵامدەرەوە و دەربڕینێکی ئەو ڕەوشە تازەیە سەریهەڵدا بەناوی (نەقشبەندی)، کە زۆری نەخایاند ئەم تەریقەتە پەلی بۆ هەموو کونجێکی جیهانی ئیسلامی هاویشت(میران،٢٠١٧: ٧٦).

سەرهەڵدانی تەریقەتی (نەقشبەندی) هاوشێوەی ئەو چاکسازی و پەرەسەندن و پێشکەوتنەبوو، کە (کالڤن) لە مەزهەبی پرۆتستانتدا ئەنجامیدا، بەوەی زیاتر مەزهەبەکەی واقیعیانەتر کردو لەگەڵ پێداویستی مرۆڤ و سەردەمەکەیدا گونجاندی، بۆیە ئەو بنەما و پەیوەندییە نوێیانەی، کە تەریقەتی نەقشبەندی لە ئاراستەی سۆفیزمدا نەخشاندی لە ڕووی بەرهەمی بازاڕو ڕەوشی ئابوری و پەیوەندی گرتن لەگەڵ خەڵك و خودادا، بە هاوتەریبی وایکرد تەریقەتەکە بەگەرمی پێشوازی لێبکرێت و چینی پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا بەدەمییەوە چوون. لە ڕوانگەی نەقشبەندیەوە مورید و دەروێش پێویستە هەموو دەمێك لەناو خەڵك بن و لەهەمانکاتیشدا فیکر و خەیاڵیان لای خودابێت. دیارترین هۆکاری خێرا بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نوێنەرایەتییە ئایینییە باوەی، کە قادری لەناو سیستەمی دەسەڵاتدارێتیدا بەرجەستەی کردبووە و پشتیوانی ڕژێمەکەی دەکرد، لە کاتێکدا کۆمەڵگا گۆڕانکاری قوڵ و ڕیشەیی تێیدا ڕوویدابوو، توێژ وچینی کۆمەڵایەتی نوێ سەری هەڵدابوو، کە ناکۆکیان لەگەڵ شێوازی ئەو بەڕێوەبردنە سیاسیەدا هەبو. بۆیە نەقشبەندی وەکو ڕێبازو هێزێکی

بەرهەڵستکار بەرەو ڕووی سیستمە سیاسیە_ئایینییەکەی بابان بوویەوە. بۆیە شێخەکانی قادری و میرانی بابان بە ئاشکرا کەوتنە دژایەتیکردنی مەولانا خالید و پەیڕەوکەرانی، تەنانەت شێخ مارفی نۆدێ تۆمەتی بێباوەڕی و ئیلحادیشی خستەپاڵ مەولاناو داوای لە پیاوانی ئایینی کرد فتوای لەسەربدەن(میران،٢٠١٧ :٧٧-٧٨). هەربۆیە دوای ئەوەی مەلانا خالیدی نەقشبەندی لە ساڵی ١٨١١ گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، کە زێدی خۆی بووە و لە پێش سەفەرەکەیدا بۆ هیندستان خوێندنی تێدا تەواو کردووە. سەرەتا بەو نیازە دەستی پێکرد، کە ئامۆژگاری خۆی لە شارەکەدا بڵاوبکاتەوە بەڵام دژایەتیکردنی لە لایەن شێخێکی قادریی خۆولاتیەوە ناچاری کرد، کە لەشاردووربکەوێتەوە ڕوو لە بەغدا بکات( تۆفیق ، ٢٠٠٩ :٩).

ئەوەی جێگای هەڵوەستەیە، کە ململانێی نێوان قادری و نەقشبەندی پەیوەندی بەلایەنی باوەڕەوە نەبووە، چونکە هەردووکیان سەربە ڕێبازی سۆفیزمن و یەك ئامانجیان هەیە ئەویش یەکبوونە لەگەڵ خودا، ناوەڕۆکی کێشەکە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و نفوزی عەشایەری بووە. لێرەدا دەتوانین بەراوردێك لە نێوان ململانێی ئەم دوو تەریقەتە و تێزی(کارل مانهایم) بۆ ئایدیۆلۆجیا و یۆتۆپیا بکەین،چونکە بە پێی بڕوای (مانهایم) ئایدولوجیا بەرگری لە دۆخی واقیعی جێگیر دەکات لە بەرانبەردا یۆتۆپیا وەك دونیایەکی خەیاڵی بەڵێنپێدراو هەوڵی گۆڕینی بارودۆخی ئەو واقیعە دەدات، تا بتوانێت ئەوەی لە خەیاڵدایە لە واقیعدا بیهێنێتەدی.

هەرچی بیری مارکسییە، دەتوانین سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەلشەفی ساڵی (١٩١٧ز) ی ڕوسیا بە هۆکاری گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی بیرەکە دابنێین لە جیهاندا، چونکە یەکێتی سۆڤێتی جاران بوبە ناوەندێکی سیاسی و ئیداری بۆ لە خۆگرتنی بیرەکە و سەکۆیەك بۆبڵاوەپێکردنی. یەکەم بەیاننامەی سۆڤیەت دوای سەرکەوتنی شۆڕش بریتی بوو لە بانگەشەکردن بۆ ڕزگارکردن و سەربەخۆیی گەلانی ڕۆژهەلات و ڕوسیا، کە تێیدا داوای چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی و چارەنوسی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە ئامانج گرتبوو (حاجی،١٩٩٧ :٦٤ ). دیارە کوردستانیش، کە ئەوکات هێشتا خاوەنی کیانی خۆی نەبوو گەلەکەی لە چەند ڕوویەکەوە بە دەست نادادی و ستەمەوە دەیناڵاند لەلایەك کۆمەڵگا سروشتێکی خێڵەکی و دەرەبەگی هەبوو، سەرچاوەی دەسەڵات و داهات لای گرۆپێکی دیاریکراوی ئەو سەردەمە بووە، هەروەها دەسەڵاتی ئیمپریالیست و دەوڵەتی عێراق لە دوای ساڵی (١٩٢٠) دروست دەبێت، گەلی کورد جارێکیتر هەستی بە ژێر دەستەیی کردووە (مەلا عزت،١٩٧٣ :٤٤ ). بۆیە کاتێك بیری مارکسیزم وەك بیرێکی نوێی مژدەدەر دێت بۆ کوردستان، ئەوا پێشوازی گەرمی لێدەکرێت.

بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری پێشووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە بارەی گەیشتنی بیروباوەڕەکانی (لینین) بە کوردستان نوسیویەتی: ((جاسوسی بەریتانی (ئ.بی.سون)، کە لەسەرەتای چەرخی بیستەم بێ ئاشکرا کردنی خۆی سەردانی کوردستانی کردبوو، لە ساڵی (١٩١٩) بە پلەی

(میجەر) گەڕاوەتەوە سلێمانی لەوکاتە نوسیویەتی و دەڵێت: (( ناوی بولشەوی لەبەدبەختی خۆمان، لێرە لە سلێمانی بڵاوبۆتەوە کەچی دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە ئەم مەسەلەیە چارەسەربکەین، جگە لە سلێمانی لە کۆیەش دەستەیەك لەو سەربازانەی لەکاتی جەنگ بە دیل گیرابوون و لە ڕوسیا هاتونەتەوە، پڕو پاگەندە بۆ حوکمڕانی سۆڤیەت دەکەن و ئەم گرووپە لەگەڵ دەرەبەگەکان کەوتونەتە ململانێ و دەرەبەگەکانیش هەوڵی کوشتنی ئەمانەیان داوە (الطالبانی،١٩٧١ :١٠٥ ). هەڵبەتە ئەم بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیە تەنها لە چوارچێوەی چەند کەسێکی ناڕێکخراودا بووە و بە تەواوی لە ساڵی(١٩٤٢) یەکەم کۆمەڵەی مارکسی بەناوی (کۆمەڵەی میللەت) لەشاری هەولێر دادەمەزرێت هەریەك لە (صالح حیدری و عزیز محمد ) ئەندام بوون تێیدا (حاجی،١٩٩٧ :٦٨).

پاشان بیری ناسیۆنالیستی وەك بیرێکی نوێ و وەڵامدەرەوە بە پێداویستی واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانی دژ بە هەژموونی دەسەڵاتی ئیمپریالیستی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست چەکەرەی کرد. هەرچەندە ئەم بیرە و بیری ئاینی و بیری مارکسیش نەیانتوانیوە تێڕوانینێکی پوخت و بزوتنەوەیەکی دابڕاو ( مجرد) لە شوناسی ناوچەیی کوردستان ( کە سروشتێکی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی هەبووە ) دابمەزرێنن، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی تەواو یان نیمچە تەواو دەرەبەگایەتی بووە، هەربیرێکی نوێ هاتبێتە کوردستان؛ ئەوا ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی دەرەبەگایەتی و خێڵەکی ئەوکاتە ڕەنگ و بۆی خۆیان بەسەر بیرو بزوتنەوەو تەوژمە نوێیەکەدا گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا نکوڵی ناکرێت لەوەی، کە زۆرینەی شۆڕشە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی مێژووی کوردستان هەر لە لایەن ئەو گروپ و کۆمەڵانەوە کراوە، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان خێڵێك یان عەشیرەتێك پشتگیری کردووە، ئینجا توانیویەتی دژایەتی داگیرکەر بکات(برونسن،١٩٩٩ :٢٨).هەروەها لە پەیوەندیدا بەم بابەتی خێڵەکی بوونەوە (عەتا قەرەداغی) دوپاتی ئەم سروشتە خێڵەکییەی کۆمەڵگای کوردستانی دەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات:( بوونی خێڵ و عەشیرەت تەنیا خاسییەتی کۆمەڵگەی کوردی نییە، بەڵکو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دونیا لەم جۆرە دامەزراوانە پێکهاتوون و لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و دروست بوونی دەوڵەت و کۆمەڵگای شاردا ئەم دامەزراوانە پوکاونەتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەبەر سستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئەم دامەزراوانە ئەقڵ و ستراتیژی ئیشکردنیان تاکو ئێستا ئامادەبوونی تەواوی هەیە و سیمای ژیانی کوردەوارییە سەرباری بوونی چەندین شاری گەورەش ) ( قەرەداغی،٢٠١١ :١٦٤).

ئەم پێکهاتە تایبەتمەندە کاریگەری هەبووە لەسەر شێوازی مامەڵە و پەیوەندی چینە دیارەکانی ئەو کۆمەڵگایە، دیارە کۆمەڵگای کوردی زیاتر لە دوو چینی تێدا بووە، بەڵام دیارترینی چینی باڵادەست، کە بە خێڵەکی و عەشایەری زیاتر ناسراون، هەروەها چینی بن دەست و مسکێن، کە زیاتر بە لادێی ناسراون. جیاوازی گەورەش لە نێوان ئەم دوو چینەدا هەبووە، ( ڕیچ باسی تێڕوانینی چینە خێڵەکییەکە

دەكـات بـۆ چینـی بندەسـت و لادێـی، كەوا سـەیریان كـردوون، كە بـۆ خزمەتـی ئەوان دروسـت بـوون، هەروەها دۆخی ئەم چینە بندەستە بەراورد دەكات، بە كۆیلە ڕەشەكانی هیندی ڕۆژئـاوا لە ڕووی مـاف و ژیان و گوزەرانیانەوە ( سندی،٢٠٠٧ :٥٥).

شـایانی باسـە خێڵە سەردەستەكان لەیەككاتـدا خـاوەنی (هێـزی شـەڕكەر)و (زەوییەكـان) بـوون و لە بەرانـبەردا وەرزێـرو لادێییەكـان خـاوەنی هـیچ یەكێـك لەو شـتانە نەبـوون. ئەمەش لەو ڕوانـگەیەوە سەرچاوەی دەگرت، كە هەندێكیجار گروپە سەردارەكە بنەچەی خۆیان بە گەڕاندنەوە بۆ سەر كەسایەتیە ئـاییینیە پێشـینیەكان پیرۆزدەكـرد و یـان خـاوەنی هێـزو نـاوچەی تـایبەت بـوون. بەمەش ئەو بیروتێڕوانینەیـان لای بەرانبەرەكانیـان دەچەسـپاند، كە ئەوان بە ڕەهـایی خـاوەنی دەسـەڵات و قسـەی كۆتایین لە هەموو بارودۆخێكدا. ئەم شێوە بیركردنەوەو لەخۆ بەرزڕوانینە و بە كەم سـەیركردنی خەڵكە بندەسـت و نـاخێڵەكیەكە وایـدەكرد، كە جۆرێـك لە ڕق لێبـوونەوەو جیـاوازی بیركـردنەوە بەرانـبەر یەكتریيان بۆدروست ببێت، بۆیە كاتێك گۆڕانێكی سیاسی یان ئیداری و سـەربازی لەنـاوچەكەدا ڕوبدابا؛ ئەوا ئەم وەرزێرو مسكێنانە ڕاستەوخۆ بەرەی دژە ئاغا و دەرەبەگیان دەگرت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بكەین، كە ئایدیا كاریگەرەكان لە عێراق و كوردستان لە چوارچێوەی حیزبدا دەربڕیان لەخۆیان دەكرد،ئەوە بوو حیزبی شیوعی لە كوردستان دەربڕ بوو لە بیری ماركسی لە سـاڵی ( ١٩٣٤) ، هەروەها پـارتی دیموكراتی كوردستانیش لە سـاڵی (١٩٤٦ ) ئەگەرچی بنەمـایەكی خێڵەكـی هەبوو، بەڵام تا ڕادەیەك نوێنەرایەتی بیری ناسیونالیستی كوردی دەكرد. شـایەنی باسـە مەبەسـتی هەرە گەورەی ئەم پارتـانە سـەندنەوەی مـافی خەڵكـی ستەملێكراو و دەستخسـتنی مـافی كـوردان بـوو، هاوكـات خودی ئەم پارتـانەش بـۆ خۆیـان لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە خـاوەنی ئیشكال بـوون و پـاش مـاوەیەك توشـی دۆگمایی دەبوون، بۆ نموونە دوای ڕوخانی كۆماری كوردستان (مهاباد ) و ڕۆیشتنی (مـلا مصـطفى ی بارزانی) بۆ یەكێتی سۆڤییەت ، سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان، كە بەشێكیان خەڵكی شـار و ڕۆشـنبیر بـوون و خۆیـان بە سۆشیالیسـتی دەزانـی زۆر خۆشـییان بە تێگەیشـتنی بەڕێـز( مـلا مصـطفى بارزانی) نەدەهات، ئەوە بوو هەر ئەم سـەركردایەتیە دواتر لە شێوەی باڵێكی دژە بارزانیدا دەركەوتن( برونەسن،١٩٩٩ :٥٣).

لە پـاڵ بیـری ماركسـی و ناسیۆنالیسـتیدا لە كوردسـتان و لە سـەرەتای سـاڵانی (١٩٤٦)دا، بیرێكـی ئایینی ئیسلامی لە ژێر ڕەوتی كۆمەڵەی برایانی موسڵمان (جماعة الإخوان المسلمين) ڕوو لە عێراق و هەرێمـی كوردسـتان دەكـات و سـەرەتای بڵاوبـوونەوەی ئەم بیـرەش لە شـاری هەڵەبـجە ڕەگـی داكوتـا( الدباغ، ١٩٩٩ :٦٠)، هەروەها پاش نسكۆی (١٩٧٥) دروستبونی یەكێتـی نیشتمانی كوردستان لە سـاڵی (١٩٧٦) (برونەسـن، ١٩٩٩ :٥٩)، كوردسـتان بـووبە خـاوەنی چەنـد هێزێكـی ئایدیولۆجیا جیـاواز، كە هەموویان ئامانجیان یەك بوو، بەڵام جیاوازی ئایدیولۆجی ڕێگای خەباتكردنی جیاواز كردبوون .

ئەگەر بە میتۆدێکی دیالێکتیانە خوێندنەوە بۆ هاتنە کایەی ئەو ئایدیولوجیا جیاوازانە بکەین، وەك ئەنجامێکی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیە بنەمایانەی، کە لە کۆمەڵگادا ڕوویداوە، ئەوا دەبێت گرێی بدەینەوە. بەو واقیعە کۆمەڵایەتی و ئابورییەی، کە پێکهاتەی کۆمەڵگای دروست کردووە، چونکە ئەو بارودۆخە بوەتە هۆی دروستکردنی چەندین چین و دەستەو گروپ، کە هەریەکێکیان بە دیدگایەکی جیاواز دەربڕی لە خواست و بەرژەوەندی باڵای خۆی دەکرد. ئەم دۆخەش دەبێتە بەرهەمهێنی ئایدیۆلۆجیای جیاواز، کە زۆرجار ئەو ململانێ ئایدیۆلۆجییەش دەرهاویشتەی ئەو دابەشکردنەی کارو چۆنێتی دابەشبوونی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بوو. هەر بۆیە (لویس ئاڵتوسێر) دەڵێت: گومانی تێدا نییە، کە دەرکەوتنی چینی کۆمەڵایەتی و ململانێ کردنی دەبێتە هۆی جوڵان و شڵەقاندنی بوونە جیاوازەکانی ئایدیولوجیا، هەروەها دابەشکردنی کار وچۆنێتی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیش ملکەچە بۆ ئەو ململانێ چینایەتییە، پاشان دەڵێت : هەر بوونێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی چینێدا دەبێتە هۆی دروست کردنی جۆرە مومارەسەیەکی تایبەتمەند، کە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو ڕەزامەندی لەسەر دەدات، کە دەتوانین ئەمە ناو بنێین ئایدیولوجیای ناوچەیی، یان هەرێمی (ئاڵتوسێر،٢٠١٩ :٢٠٦-٢٠٧).

هەروەها ئالتوسیر زیاتر جەخت لە ڕەهەندی مادی بوونی ئایدیولوجیا دەکات، کە مادە ڕۆڵی هەیە لە دروست بوونی جۆری هەر ئایدیولوجیایەك ودەڵێت:دەتوانین بڵێین بۆ تایبەتمەندی و پێشەیی بوونی هەر ئایدیۆلۆجیایەک پەیوەستی بە ماددەی سەرەتایی و بە شێوازی کارو پشوو وەرگرتنەوە ببینین، کە ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر بیرکردنەوەی کەسەکان جێدەهێڵێت.(ئالتۆسێر،٢٠٧:٢٠١٩)

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە لەگەڵ ڕۆڵی واقیعدا (ماددە) بیریش جێدەستی تەواو کاریگەری هەیە لە دروستکردنی هەر جۆرێکی ئایدیولوجیا، چونکە بەتەنها ئاسان نییە بۆ بەرهەمهێنانی هەر ئایدیایەك تەنها پشت بە واقیع ببەستێت، ئەگەر وابێت هەمان ئایدیا بەرهەمدێنین، کە ئەو واقیعەی دروستکردووە .بۆیە لەسەرهەڵدانی هەرجۆرە ململانێیەکی چین و گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا پێویستمان بە جۆرێك بیرو ئایدیولوجیا هەیە، کە سروشت و پێکهاتەکەی لە دەرەوەی واقیعی هەبوون دروست بووبێت، بۆنموونە دەتوانین هەست بە کاریگەری بیری مارکسی بکەین لە گەورە بوونی ململانێی چینی دەرەبەگ و چینی وەرزێر ومسکێنەکاندا. ئەوە بوو گۆڕانێکی گەورەی کۆمەڵایەتی دروست کرد، کە لە هەندێک ناوچەدا تەواوی پێگەی هەردوو چینەکە گۆڕا، هەروەها هاتنی بیری ناسیونالیستی لە کوردستان، بە تایبەت لە کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بۆیە هۆی فەراهەمکردنی هۆشیارییەکی تەواو لە ڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. جا ئەگەر ئەم بیرانە تازە هاتبنە ناو کۆمەڵگاوە؛ ئەوا ڕاستەوخۆ بوونەتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و خۆ ئەگەر پێشتریش هەبووبن؛ ئەوا لە میکانیزمدا گۆڕنکارییان کردووە، تا بتوانن سەرلەنوێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست بکەن(قەرەداغی، ٢٠١١ : ١٧٣ )

ئەگەر بەتەواوی لەبارەی دۆخی ئایدیولوجیا و ئەو گۆڕانانە بدوێین لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ی هەرێمی کوردستان دروستبوون؛ ئەوا بە ئاشکرا بەر بوونی چەندین بیرو ئایدیولوجیای جیاواز دەکەوین، هەرچەندە ئایدیولوجیا لە کۆمەڵگادا چەندین فۆڕم و شێوەی جیاوازو تایبەتی خۆی هەبوو بۆ گوزارەلێکردنی، بەڵام بەگشتی لە ئایدیولوجیای زاڵ (دەسەڵات) و ئایدیولوجیای ڕکابەردا خۆی دەبینێتەوە.

دەتوانین زۆرێك لەو تایبەتمەندییانەی، کە ئایدیولوجیا و بەتایبەت ئایدیولوجیای سەردەست هەیەتی ببینینەوە لەکاتێکدا کوردستان خاوەنی مێژوویەکی درێژی چەوسانەوەو هەڵمەتی لەناوبردن بوو، پاشان وەك جوگرافیاو نەتەوەش چەندین خاڵی هاوبەش هەیە، کەچی ئایدیولوجیا توانی بەسەر هەموو ئەم خاڵە هاوبەشانەدا باز بدات و بە میتۆدێکی تاك لایەنانەی خاوەن شەرعییتی ڕەها مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. هەڵبەتە هەروەکو (ئەنتونیو گرامشی) دەڵێت: دەسەڵات (دەوڵەت) دوو دەزگای هەیە بۆ هەیمەنە کردن بەسەر کۆمەڵگادا، ئەوانیش دەزگای سەرکوتکردن (القمعی)یە، کەلە دەزگاکانی پۆلیس و سەربازو کارگێڕی و دادگاکان و حکومەت، دەزگای ئایدیولوجی، کە بریتین لە کەنیسە و قوتابخانەو پارتەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن( بولنتزاس،١٩٧٩ :١٧)، کە ئایدیولوجیای دەسەڵات لە هەردوو ڕێگەکەوە دیدگای تایبەتی خۆی بۆ ژیان و سیاسەت و ئابوری دەسەپێنێت. بۆیە بەم میکانیزمە ئایدیولوجیا تەنها لەسەر ئاستی بیر (فکر) ناوەستێت، بەڵکو دەچێتە ناو داب و نەریت و کلتور و تەرزی ژیان، هەروەها بەو پێیەی ئایدیولوجیا دەسەڵاتی سەرەکی چینەکانە بۆیە داخڵی سەرجەم دامەزراوەکانی کۆمەڵگا دەبێت وەك (پارتەکان- سەندیکاکان – زانکۆکان و قوتابخانەکان- دەزگاکانی ڕاگەیاندن).

بۆیە دیارترین سروشتی ئایدیۆلۆجیای زاڵ لە کوردستان بریتیبوو لە ڕەفزکردنی جیاوازی، هەڵبەتە کوردستان خاوەنی چەندین ئایدیا و ئایین و نەتەوەو پارت و مەزهەبی جیاوازە هەر لە مێژەوە تا ئێستا، بۆیە ئایدیولوجیای زاڵ کەمتر توانای قبوڵکردنی ئەم فرەییەی هەبوو، بۆیە بەناچاری شەڕی براکوژی دروست بوو، کە هەر ئەم شەڕە جگە لە هێشتنەوەی دۆخی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەتمەندا هیچی تر نەبوو. ئەوە بوو لانی کەم سێ زۆن لە هەرێمی کوردستان، کە سنوری قەڵەمڕەوی سێ پارتی خاوەن هێزو دەسەڵات بوو دروست بوو، (مەریوانی وریا قانع) لە کتێبی (دەسەڵات و جیاوازی) دا زۆر بە وردی دەستی خستۆتە سەر ئەم ڕووداوە مێژووییە و نیشاندانی هۆکارو پاڵنەرەکانی، لە کاتێکدا وەسفی دەسەڵاتی سیاسی ئەو کاتە بەوە دەکات، کە کایەیەك بوو هەر لە بنەڕەتەوە هەڵگری بونیادێکی دیالۆگی نەبووە و پرۆسەی "خۆ بەموتڵەقکردن" تیایدا پرۆسەی هەرە باڵادەست و هەرە بەهێز بووە(قانع،٢٠١٣ :٦٤).

بۆیە (گرامشی)یش قسە لەو پاڵپشتییە ڕاستەوخۆو بەهێزەی دەزگای ئایدیۆلۆجی دەوڵەت دەکات بۆ دەزگای دەوڵەت لە هێشتنەوەی وەك ئایدیای باو وبەرگریکردن لە هەموو کردەکانی، واتە دەزگای

ئایدیۆلۆجی دەوڵەت بە وردی کاردەکات بۆ وەکخۆهێشتنەوە و بەردەوامبونی کۆمەڵگا ودەزگا ئایدیۆلۆجیەکانی لە دەرەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەر هەر یەك لەو دوانە دەکەوێت( بولنتزاس،١٩٧٩ :١٩).

ئەگەر سەرنج بدەین لە سەردەمی شەڕی براکوژی (ناوخۆ)، بە ئاشکرا لایەنە بەشەرهاتووەکانی کورستان تەنها بە بەکارهێنانی هێزەکانی سەربازی و پۆلیس و حکومەت نەدەوەستان، بەڵکو دەزگای ئایدیولوجی وەك مزگەوت و قوتابخانەو زانکۆو سەندیکاکانیان بۆ شەرعیەتدان بەو شەڕە بەکاردەهێنا. واتە ئەم دەزگا ئایدیولوجییانە لە جیاتی پەرەپێدانی بیری سیاسی و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی فرەیی و پێدانی هۆشیاری نەتەوایەتی بە سەرجەم ئەندامانی دەزگاکانیان، زیاتر کاریان لەسەر هێشتنەوەی دۆخی چەقبەستوی کلتوری و شارستانی کۆمەڵگا دەکرد. بێگومان ئەم کلتورە بە زیانێکی گەورە بۆ کۆمەڵگا تەواو بوو لەناو بۆتەقەی (مەکۆ)ی مێژوویی و لەبەرچاو ونکردنی ئایندە بوو لە چینەکانی کۆمەڵگای تازە گەشەسەندوودا (ڕۆژهەڵات) زیاتر ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێرێت لە هەمبەر ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی کە پێویستی کۆمەڵگایە و هەر سەردەم و قۆناغێکی جیاواز داخوازیەتی.

پاشان (ئاڵتوسێر) پێیوایە کۆمەڵگا لەبەردەم سیرورەیەکی گەورەو زۆری دابەشکاری و یەکگرتنی ئایدیولوجیدایە، کە بە بەردەوامی ملکەچە بۆ گۆڕانکاری، بەبێ ئەوەی ئەم دابەشکاری و یەکگرتنە بگاتە شێوەیەکی کۆتایی،چونکە ململانێی چینایەتی و ئایدیۆلۆجی هەمیشە بوونی هەیە. هەروەها پێیوایە ئەم سیرورەیە بە ئاراستەی جێگیرکردنی بە دەزگایکردنێکی تایبەتە بە شێوەیەکی ورد، کە ئەویش خزمەتکردنی بەرژەوەندی چینی باڵادەستە، کەوادەکات هەرچەندە گۆڕانکاری بەسەر ڕەگەزەکان و هەمەجۆرێتی ئەو ئایدیولۆجیایەشدا بێت و هەر ناوەڕۆکێکی هەبێت؛ ئەوا خزمەتی بەرژەوەندی چینی باڵادەست لەململانێی بیری چینەکان دەکات. هەر ئاڵتوسێر دەپرسێت : بۆچی چینی باڵادەست پێویستی بە ئایدیولۆجیای کۆنترۆڵکارە؟ ئەمە تەنها لە پێناو کۆنترۆڵی بیری چینی کۆنترۆڵکراونییە، بەڵکو بە پلەی یەك لە پێناو گرەنتی و یەکگرتنی ئایدیۆلۆجیای تایبەتە، کە بۆ یەکێتییە سیاسییەکەی پێویستی پێیەتی و بەبێ ئەو ئایدیۆلۆجیایەش دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ڕاپەڕینی چینە چەوساوەکان، چینی باڵادەست لە ڕووی پرنسیپ(مبدأ)ەوە یەکگرتوو نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە توانایەکی زۆر لە پێناو زاڵبوون بەسەر دابەشبونە ناوخۆییەکانیدا سەرف دەکات( ئالتوسیر،٢٠١٩ :٢٠٨-٢٠٩)، ئەگەر بگەڕێینەوە ناوەڕاستی سەدەی بیست کاتێك باڵی مەکتەبی سیاسی لە پارتی دیموکراتی کوردستان جیادەبنەوە، ئەم بابەتە زۆر قورس دەبێت لەسەر (ملامصطفی بارزانی )، چونکە وەکو سەرۆکی حیزبەکە دوای چەندین هەوڵدان نائومێد دەبێت لە گێرانەوەی (مام جلال) بۆ ناو پارتی (برونەسن،١٩٩٩ :٥٥)، هەروەها لە ساڵەکانی دوای ڕاپەڕین و دابەشبوونی بزوتنەوەی ئیسلامی هەوڵێکی چڕو پڕ هەبوو بۆ جیابوونەوەی باڵی (م.عەلی باپیر ) ئەگەرچی هەوڵێك دراو یەکگرتنێکیان کرد، بەڵام ساڵێکی نەخایاندو دواتر جیابوونەوە،

پاشان لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕووبەڕووی دوو دابەشبوونی گەورە بویەوە لە مێژووی خۆیدا ئەگەرچی هەوڵی زۆر درا ڕێگا لەو جیابوونەوانە بگیرێت، بەڵام دواجار هەر ڕوویداو بزوتنەوەی گۆڕان لە ساڵی (٢٠٠٩) خۆی ڕاگەیاند و ساڵی (٢٠١٧) (د. بەرهەم ساڵح) خۆی لە یەکێتی جیاکردەوە. ئەوەی گرنگە بگوترێت، کە لە هەر یەکە لەم دابەشبوون و جیابوونەوانەدا نزیك بووە کارەسات و شەڕ و کوشتن ڕووبدات، چونکە ئایدیۆلۆجیای باڵادەست توانای قبوڵکردنی ئەو دابەشبوونەی نییە. لە لایەکی ترەوە لە ئێستادا ئیسلامییەکانی کوردستانیش بەدەرنین لەم دابەشکاری و ڕاجیاییە لەگەڵ ئەوەی ئایدیۆلۆجیای خاوەن دەسەڵاتیش نین، بۆیە دەبینین ڕەوت و ئاڕاستەی نیگەران و ناڕازی لە دۆخی سیاسیان تێدا دەرکەوتووە، بەڵام دۆخی ئایدیولۆجی حیزبەکانیان هێندە زاڵ و بە هێزە لە ئێستادا ڕێگا بە دابەشبوون نادات، یاخود لە فۆڕمێکی فەرامۆشکراودا وێنایان دەکات. یەکێك لە وەزیفەکانی ئایدیولۆجیا داهێنانی تەرزێکی بیری تایبەتمەندە بۆ هەوادارانی و بیرکردنەوەیە لە جیاتی ئەوان، هەڵبەتە لە دوای شەڕی برا کوژی و پرۆسەی ئاشتی نێوان پارتە سیاسییەکان کەشێکی نیمچە ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاتە کایەوە، بۆیە بۆ داپۆشینی هەموو ئەو نەهامەتی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییە ناسازەی، کە شەڕی براکان هێنای بۆ کۆمەڵگا، ئەو ئایدیولۆجیایانەی ناچارکرد، کە ڕوو لە گەورەکردنی سەرکردەو فیگەری سیاسی و خەباتکار بکەن، تا لە ڕێگەیەوە گرەنتی مانەوەی هەیمەنە بکەن. لە لایەکی ترەوە مێژوو لە بیری خەڵك ببەنەوە، لێرەوە سەردەمی سەرکردەی پاڵەوان سەریهەڵدا، کە هەموو ئایدیولۆجیا جیاوازەکان بە دوای سەرکردەی ڕزگارکەری نیشتیمانی و ئایینی خۆیاندا دەگەڕان. ئەم دیاردەیە ناوەڕۆکی ئایینیشی هەیە، چونکە لە سەردەمی کەوتنی کلتورو شارستانییەتی کۆمەڵگادا، ئاین ئەو هێزەیە، کە توانای پێدانی مژدەی هەستانەوەی هەیە. بۆیە ئاساییە دیاردەی بەهێمابوونی سەرکردە لەم دۆخەدا ببینین و بە دەیان سەرۆکی فریادڕەس دەربکەون، کە زۆرینەی خەڵك ئینتیمایان بۆ بکەن ( عەلی،٢٠١٩ :٧٣).

ئەگەر لەسەر ئاستی پێکهاتەی سەرەوە ئایدیولۆجیایەك، یان چەند ئایدیولۆجیایەك ئاڕاستەی کۆمەڵگا بکەن ڕووەو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، ئەوا لەسەر بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاش دیاردەیەك هاوکارو پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ ئەو جۆرە ئاڕاستە و گۆڕانکارییە تایبەتمەندە، ئەویش بنیادی خێڵە، دامەزراوەی خێڵە (قانیع،٢٠١٣:٦١-٦٧). دیارە ئەگەرچی لەسەردەمی نوێدا حوکمەت و پەرلەمانی و دامەزراوە دادی و کارگێڕیەکان بوونی هەیە، بەڵام بە ئاشکرا هەیمەنەی خێڵ بەسەر کۆی سروشتی پەیوەندی سیاسی و کاری دامەزراوەیی هەیە. کۆمەڵگا نەیتوانیوە لەسنوری خێڵ ڕزگاری ببێت، واتە هێندە هێزی سایکۆلۆجی و ڕووحی بەهێزە لەگەڵ هاتنی هەر دیاردە و گۆڕانێکدا بەردەوام توانای نوێکردنەوەی پێکهاتەی خۆیی لەگەڵ شتە نوێکاندا هەیە.

# بەشی پێنجەم:- ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە

دووەم : کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە

سێیەم : ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری

چوارەم : بوارەکانی توێژینەوەکە

پێنجەم: ئاکاری توێژینەوەکە

## باسی دووەم : خستنەڕووی زانیاری چاوپێکەوتنەکان وشیکردنەوەیان

## بەشی پێنجەم:- ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### یەکەم : میتۆدی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا بە گشتی پشت بە دوو میتۆدی سەرەکی بەستراوە ئەوانیش میتۆدی میتۆدی میتۆدی دیالێکتیکیی و چۆنایەتییە ، کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

یەکەم/ میتۆدی دیالێکتیکی: هەرچەندە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لە توێژینەوە کۆمەڵناسیەکاندا کەمە، بەڵام میتۆدێکی تەواو گشتگیرو دەوڵەمەندە و لە نێو هەموو میتۆدەکانی تردا تەواوترینیانە بۆ شیکاریی لە کۆمەڵناسیدا، کە بە بنکۆڵکاری بۆ دژێکییەتیەکانی، کە دەوری داوین دەست پێدەکات، کە ئایا ئەو دژیەکێتیانە لە کەمی بیرەکانمانەوەیە؟ و ئایا واقیع یەکێکە ( واحد)؟ یان ئایا دژیەکێتی دیدگاکانی ئێمەیە لەبەرئەوەی تەنها لە یەک ڕووکارەوە درکی بابەتەکان دەکەین؟ بۆیە دەڵێین میتۆدێکی گشتگیرە لەبەرئەوەی گونجاوە لەگەڵ پێداویستییە بنەڕەتییەکان بۆ چەمکی میتۆد، چونکە هەلوێستی بەرانبەر بابەتەکان هەواڵی و ئەنجامگیریانەیە، کە بە ئاراستەی کۆکردنەوەی پێدراوە مادییەکان جوڵە دەکات، پاشان وەکو هەوڵێک بۆ ڕاڤەی واقیعە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەوێت.(غراویتز،١٩٩٣ :١٢٥)

**(جی واڵ)**دەڵێت: دیالێکتیک لەلایەکەوە ڕێڕەو(ممر)ە و لەلایەکی ترەوە بیرێکی نمایشکراوە( العرضیة )، دیالێکتیک زیاتر ڕێگایەکە وەک لەوەی خاڵی دەستپێک و خاڵی سەرەتا بێت. لە ڕاستیدا هەموو (واقیع)ێک ملکەچە بۆ دیالێکتیک بە هۆی بەشداری و دەستوەردان(تدخل)ی بیری مرۆییەوە، کە دەرکی دەکات.( غراویتز، ١٢٥:١٩٩٣)

دووەم/ میتۆدی چۆنایەتی: ئەم نموونە میتۆدیە هاوکێشەیەکی هزری حوکمی دەکات: میتود ڕێگایەکی مەنهەجیە، وێستگە و پرۆگرام و تەقەنییاتە، بەجەختکردنە سەر ئەم هاوکێشەیە، ڕێگایەکی میتۆدی زانستی بەرجەستە دەبێت، کە وێستگە و میتۆدو تەقەنییاتی تێدایە، پێوەرێکە بۆ پۆلێنکردنی میتۆدەکان. لەگەڵ ئەم پێوەرەدا و لەسەر تەختی میتۆدی چۆنایەتی کۆمەڵناسی ( توێژینەوەی حاڵەت ، توێژینەوەی یەکە ، سیستمی لۆژیکی ) دەردەکەون( إبراهیم ،٢٠١٣ : ١٤٢ )، کە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سیستمی لۆژیکی بەکارهێناوە:

سیستمی لۆژیکی( الأنساق المنطقیة )

توێژەر ڕووبەڕووی گروپێکی زۆر لە زانیاری وردەکاری بەش بەش و ئاڵۆزو پێکداچوو دەبێتەوە، لە چەند ئاراستەیەکی جیاوازەوە، هەموو شتێک هەبووە لە مەوداو بوونە کۆمەڵگاییەکەیدا، تەنانەت دەتوانین بڵێین نادیاریکراوو تەواو ئاڵۆزە، کە ناتوانین بیناسین یان تێبیگەین لە ڕێگەی درککردنی هەستی ڕاستەوخۆوە، لەبەر ئەوە پێویستە توێژینەوەی ڕێکخستنی عەقڵی بۆ بکەین بۆ دەستخستنی سیستمێک و یەکێتی نێوان بەشەکانی ئەمە لە لایەک. لە لایەکی ترەوە زانست تەنها ئامانجی کۆکردنەوەی حەقیقەتەکان نییە، یان گەیشتن بە دۆز و بابەتە لێکدابڕاوەکان لەیەکتری نییە، بەڵکو گەیشتنە بە کۆمەڵێکی ڕێکخراو لە حوکمدان، کە ڕاڤەی دیاردەکان بکات( إبراهیم، ٢٠١٣ : ١٤٤).

بۆ جێبەجێکردنی ئەو دوو ئامانجە، توێژەری کۆمەڵناسی ڕێگایەکی مەنهەجی، کە ناونیشانی سیستم( الأنساق ) ی هەڵگرتووە دەگرێتەبەر، کە سیستمەکە سێ جۆری هەیە ئەوانیش: سیستمی هۆیی ( النسق العلي) و سیستمی ئەرکەکی ( النسق الوظیفوي) و سیستمی واتا ( النسق المعنی ) یە.

- پاڵپشتی سیستمی هۆیی: وێنای پەیوەندییەکی کاتی جێگیرە لە دیاردەکان، بەشێوازێک، کە بوونی دیاردەیەک بە پێی پێویستی دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی دووەم، هەروەها ئاماژەشە بۆ پەیوەندییەکی هۆیی نێوان دوو دیاردە وەک پەیوەندییەکی پێویست، کە دیاردەیەکیان لە ڕرووی کاتەوە پێش ئەویتریان دەکەوێت، بۆیە ڕەهەندی کاتی گرنگییەکی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی پەیوەندییە هۆیی ( العلیة )ەکان.
- پاڵپشتی سیستمی ئەرکەکی: بیرۆکەی هەمەکی و بەشەکان لەلایەک و جێگیریی و بەردەوامی لە کات و شوێن لە لایەکی ترەوە. لەگەڵ بیرۆکەی هەمەکی و بەشەکاندا پەیوەندی هۆیی پشت بە فرەیی فاکتەرەکان وکاریگەری ئاڵوگۆری نێوانیان دەبەستێت، بە واتای ڕێڕەوی پەیوەندی هۆیی ئاراستە دەبێت لە فاکتەری ( أ ) ەوە بۆ فاکتەری ( ب ) و بە پێچەوانەشەوە.
- پاڵپشتی سیستمی واتا: یەکێتی واتا، لە هەمەجۆرێتی و فرەیی ڕەگەزە ئاشناکانی واقیعی کۆمەڵگاییدا هەیە، ئەگەر توێژەر کۆمەڵێک ڕەگەزی بینی و توانای دروستکردنی پەیوەندی لۆژیکی لە نێوانیاندا هەبوو، کەشفی هەبوونی یەک ئینتمای نێوانیانی کردو ئەو بیرە یەکگرتووەی دیاریکرد کە هەموو ڕەگەزەکان لە دەوری کۆبونەتەوە. لێرەوە توێژەر دەتوانێت ڕێگایەکی میتۆدی بۆ گەیشتن بە واتا و بیرە بنەڕەتییەکان بدۆزێتەوە، کە هەموو ڕەگەزەکان

تێیدا بەشدارن و هەروەها توانای دۆزینەوەی پەیوەندی ئەو ڕەگەزانە و ئاوێتەکردنیان لە گشتێکی پێکەویدا هەیە ( إبراهیم، ٢٠١٣ : ١٤٤-١٤٥).

## دووەم : کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوەکە

١- کۆمەڵگای توێژینەوەکە :

دیاریکردنی ؟ۆمەڵگای توێژینەوە یەکێکە لە گرنگترین ئەو ڕێگایانەی، کە لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا بەکاردەهێنرێت، وا لە توێژەر دەکات لە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی توێژینەوەکەدا ورد بێت(شفيق،١٩٩٨ :١١٢) کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە هەرێمی کوردستان بەهەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانەوە( هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە).

٢- نموونەی توێژینەوەکە :

نموونەی توێژینەوەکە لە جۆری نموونە نائەگەرییەکانە ( العينة غير الإحتمالية )، کە نموونە چوار جۆرن، توێژەر نموونەی مەبەستداری بەکارهێناوە، کە هەڵبژاردنێکی چۆنایەتییە و توێژەر پێی هەڵدەستێت بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکەی و هەڵبژاردنی ئەو نمونانە بە پێی خشتە و قورعە نییە ، کە ئەمەش وادەکات توێژەر نەتوانێت هەلی یەکسان بداتە هەموو یەکە کۆمەڵایەتییەکان( عمر، ١٩٩٦: ٢٠٨ ). توێژەر لەسەر بنەمای ناسین و شارەزایی کەسەکان لە هەموو شارەکاندا نموونەی توێژینەوەکەی هەڵدەبژێرێت. نموونەی توێژینەوەکەمان بریتین لە ( ١٨ ) کەس لەو کەسانەی، کە ئەکادیمین، یاخود کەسانی ئایدیۆلۆجی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانن، یاخود کەسانی ڕۆشنبیرو نوسەرن، کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا ئەنجامداون.

## سێیەم : ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری

ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەدا جۆراوجۆرن، لەسەر توێژەر پێویستە، کە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە پێویستەکانی تایبەت بە توێژینەوەکەی ڕێگایەکی ساز و گونجاو دیاری بکات، واتە توانایەکی عەقڵی زیاتر سەرف بکات لە پرۆسەی گونجان و تەواوکردنی کاری توێژینەوەکە لە ڕێی ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیارییەکەوە، کە دەبێت لەگەڵ میتۆد و شێوازی توێژینەوەکە بگونجێت،

جۆری نموونەکە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگاکە و توانا مادی و مرۆییەکانیش ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان دیاری دەکەن( حافظ،١٩٨١ :٦٢). بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم توێژینەوەیە پشت بە فۆرمی چاوپێکەوتن، وەک ئامرازێکی کارا لە دەستخستنی زانیاری ورد دەبەستێت.

## چاوپێکەوتن : The Interview

چاوپێکەوتنی قوڵ، کە بە چاوپێکەوتنی چڕیش دەناسرێتەوە، یەکێکە لە ڕێگا هەرە بڵاوەکانی توێژینەوە، کە توێژەر لە توێژینەوەی جۆری( البحث الكيفي )دا بەکاری دێنێت. لە چاوپێکەوتنی قوڵدا کەسەکان وەک سەرچاوەی پرۆسەی توێژینەوە وەردەگیرێن، چونکە وا گریمان دەکرێت، کە ئەو کەسانە زانیاریی ناوازە( متفرد) و گرنگی تایبەت بەتوێژینەوەکە و جیهانی کۆمەڵایەتییان لایە و دەتوانرێت لە ڕێگەی پەیوەندی زارەکیی و گفتوگۆوە لێیان وەربگیرێت، چاوپێکەوتنی قوڵ دادەنرێت بە یەکێک لەو گفتوگۆیانەی، کە پێویستی بە پرسیاری کارا و گوێگرتنی کارایە. ( بيبر و ليڤی،٢٠١١ :٢١١) دەتوانرێت چاوپێکەوتنی قوڵ بۆ دەستخستنی زانیاری دۆزەرەوەیی( الإستكشافية) و وەسفی و بەکاربهێنرێت. لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی چاوپێکەوتن ئەوەیە، کە ئاڵوگۆڕێکی زارەکی ڕێکخراوە لە نێوان دوو کەسی کارلێککراودا( توێژەرو لێتوێژراو )، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دیاریکراو لەسەر توێژینەوەکە ، واتە چاوپێکەوتن ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە ڕووەو مەبەستێکی تایبەت( شفيق،٢٠١١ :١١١). بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە سوود لە ئامرازی چاوپێکەوتنی قوڵ وەربگیرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریە پەیوەندیدارەکان، هەروەها جۆری چاوپێکەوتنەکەشمان نیمچە ڕێکخراوە،(Semi Structured)کە ڕێگایەکی کۆکردنەوەی زانیاریی و گفتوگۆیە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو،بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری ( المعرفة )و دۆزینەوەی جیهانی خودی کەسی لێتوێژراو، کە تێیدا گفتوگۆی وردو قوڵ لەسەر هەندێک بابەتی دیارکراو دەکرێت(Wengraf,2001: 109).

هەروەها توێژەر میتۆدی شیکردنەوەی باس (Themantic Analysis)ی وەک یەکێک لە میتۆدەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی بۆ پۆلێنکردن و بنیادنانی تەوەرەکانی چاوپێکەوتنەکە، و بابەتەکان و زانیارییەکان کە لە توێژینەوەدا کۆکراونەتەوە بەکارهێناوە، کە تێیدا زانیارییەکان بەشێوەیەکی وورد نمایشکراو و پاشان شیکردنەوەیان بۆ کراوە(Boyatzis, 1998: 27).

## چوارەم : بوارەکانی توێژینەوەکە

١- بواری شوێنی : مەبەست لە بواری شوێنی ئەو ناوچە جوگرافیەیە، کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیە هەرێمی کوردستانە، واتە ئەو کەسانەی هەڵبژێردراون بۆ چاوپێکەوتن هەڵهێنجراوی هەرچوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانن. بەو مەرجەی یەکێک لەو پسپۆڕی و پێگانە بیانگرێتەوە، کە توێژینەوەکە مەبەستێتی.

٢- بواری مرۆیی : هەریەکێک لە کەسانی ڕۆشنبیرو ئەکادیمی و خاوەن بڕوانامانەی ناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و کەسایەتیەکانی ناو پارتە سیاسییەکان ڕۆشنبیرو نوسەرانە دەگرێتەوە، کە خەڵکی هەرێمی کوردستانن، کە ژمارەیان ( ١٨ ) کەسێتی بووە.

٣- بواری کاتی : مەبەست لە بواری کاتی ئەو ماوە پێویستەیە، کە توێژەر بۆ ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی (چاوپێکەوتنەکان) کاری تێداکردووە، کە لەماوەی ٩/١٥ بۆ ٢٠١٩/١٢/١٥ بووە.

## پێنجەم : ئاکاری توێژینەوەکە

سەرەتا توێژەر بە هاوکاری سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە هەستان بە ئامادەکردنی لیستێک لە ناوی ئەو کەسانەی، کە وەکو نموونەی توێژینەوەکەی ئێمە بوون، لە هەرچوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، توێژەر بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی نموونەی توێژینەوەکەی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرجەمیاندا ئەنجامداوە و مەبەستی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکەی بۆ ڕوونکردونەتەوە، کە مەبەست لێی ئامادەکردنی نامەیەکی ماستەرە لە بواری کۆمەڵناسیدا، بۆیە بەشێکی زۆر لەوان ڕەزامەندییان دەربڕی بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکە و توانیمان کارەکە بەسەرکەوتوویی ئەنجامبدەین.ئەگەرچی بەشێک لە نموونەی توێژینەوەکە ڕەتیانکردەوە کە چاوپێکەوتنەکە ئەنجامبدەن بە هۆکاری تایبەتی و کەسی خۆیان، هەروەها کۆی چاوپێکەوتنەکان بنە شێوازی دەنگی تۆمارکراون ، تەنها چوار نموونەی توێژینەوەکەمان نەبێت کە پێیان باش بوو توێژەر پرسیارەکانیان ئاڕاستە بکات و ئەوانیش وەڵامی نوسراو بدەنەوە کە دوان، لەنەوانە لەشاری هەولێرو دوانەکەی تریش لەشاری سلێمانی بوون.

## باسی دووەم : خستنەڕووی زانیاری چاوپێکەوتنەکان و شیکردنەوەیان

لە چوارچێوەی ئەو پرسیارانەی، کە ئاڕاستەی کەسایەتی وئەکادیمی و سیاسی و ڕۆشنبیران کراوە، هەوڵدراوە وەڵامی پرسیارەکان، بە چەند تەوەرێک بخرێتەڕوو، کە وەڵامی پرسیارەکان و هەندێک ئامانجی زانستیش لە نێو لایەنە تیۆری و ناوەڕۆکە زانستییەکانی پرسیارەکاندا بپێکێت.

### تەوەری یەکەم: پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی

لەگەڵ ئەوەی ئایدیۆلۆجیا پێکهاتووی واقیعێکی دیاریکراوی کاتی و شوێنییە، لەگەل ئەوەشدا دابڕاو نییە لە جۆری بیرکردنەوە و عەقڵی تاکەکان، واتە ڕەهەندێکی پەیوەست بە هەردوو چەمکی ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانەوە بریتییە لە عەقڵ، یان (خودی بیرکەرەوە)، کە هەر ئەم خودە بیرکەرەوە پێوەرە بابەتییەکان دادەمەزرێنێت، عەقڵ پێوەرێکی گۆڕاوی هەمیشەییە بۆ بابەتە جۆراوجۆرەکانی بوون، واتە هەموو وێنایەکی فەلسەفی دەربارەی واقیع پێویستی بە میتۆدێکی بیرکردنەوەی پێشوەختە، دەربارەی ئەو واقیعە هەیە، ئەو خودە ڕەگ داکوتاوە، کە بەشێوەی پلەبەندی یەکسان دەکرێت بە هۆشیاری مێژووی لای زۆرینەی بیریاران، بە تایبەت (هیگل)، کە پێیوابوو ئێمە تەنها بەسروشتە مرۆییە گشتییەکەمان بیرناکەینەوە، بەڵکو بەعەقڵیش وەکو بابەتێکی پەرەسەندوو لە مێژوودا بیردەکەینەوە و بەردەوامیش کاریگەر دەبێت بە مەرجە گۆڕاوەکانی ژیانی کەسی و کۆمەڵایەتی (ایکن ،١٩٧١ : ١٣) . ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە عەقڵ پرنسیپێکی گشتگیری هەمیشەیی نییە لە هەموو تێگەیشتنە مرۆیی و سروشتییەکان، بەڵکو شێوەیەکی مێژوویی پەرەسەندووە لە بیر (الفکر)، کە پێوەرەکانی ڕاستێتی ئەو عەقڵە ملکەچە بۆ گۆڕان بە پێی بارودۆخ و پێداویستییە گۆڕاوەکانی ژیانی مرۆیی .

پاشان فەیلەسوفی سەدەی هەژدە (هۆڵباخ) لە یەککاتدا پێیوایە، کە ڕێگا و شێوازی بوون (طریقة فی الوجود) دیاریکەری تەرزی بیری مرۆڤەکانە، لەهەمانکاتدا پێشیوایە بۆ تێکشکاندنی ئەو وەهمە نەسەقییەی، کە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە لەسەری پەروەردە کراوە و وەکو نەریتێك لەسەری ڕاهاتووە و دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە، تەنها لە ڕێگەی پەروەردەکردنەوە لاواز دەکرێت (هوکس،٢٠٠٠ :٣٩ ). بۆیە لەگەڵ مادی بوونی (هوڵباخ) هێشتا ڕۆڵی بیرو تێڕوانین بۆ گۆڕانکاری نادیدە ناگرێت، بۆیە هەر لە چوارچێوەی ئەو چاوپێکەوتنانەدا، کە ئەنجاممانداوە لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەو ڕاستییەی، کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی و ڕاستەوخۆ لە نێوان چەمکەکانی (ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی)دا هەیە، هەربۆیە ( م. ح. م)وەک یەکێک لە نموونەی توێژینەوەکەمان دەڵێت: **(پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، چونکە ئایدیۆلۆجیا هەوڵی**

**گـۆڕان دەدات و دەیەوێـت ڕەنــگ و نـەخشـی بیـری خـۆی بە هەمـوو بەش و پێکهـاتەی کۆمەڵگـا ببەخشێت، هەروەهـا کاتێـك ئایـدیۆلۆجیا دەیەوێت گۆڕانکـاری دروست بکـات ( کلتـورو بیـرو داب و نەریت و بەهاکان) وەکو بەربەستێك وان، کە ڕووبەڕووی ئایدیۆلۆجیاکە دەبنەوە، جا هەنـدێك جار قبوڵی دەکەن و کاتی تریش گۆڕانکـاری لەو ئایدیۆلۆجیایەدا دروست دەکەن).** هەر ( م. ح. م) دەڵێت: ( **ڕەنــگە لەبەر پێداویسـتی کۆمەڵگـا پێیـان هەنـدێکجار خێـرا ئایـدیۆلۆجیاکان بـڵاو ببـنەوە، یـاخود لەکۆمەڵگـادا گۆڕانکـارییەك ڕوودەدات زەمینـەی بڵاوبـونەوەکە خێراتـر دەکـات بـۆ نمـوونە بیـری کۆمەڵەی برایانی موسوڵمان (الإخوان المسلمین)لە پێش ڕاپەڕین بواری گەشەکردنی نەبوو، بەڵام دوای ڕاپەڕیــن تــوانی بــازدانێکی گەورە بــدات لە گەشــەکردن، کەواتە هەنــدێ کــات گــۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان ئایدیۆلۆجیا بەهێز دەکەن و بە پێچەوانەشەوە).**

هەروەهـا ( ف. ص. ق) یـش پێیـوایە ( **مەرج نیـیە ئایـدیۆلۆجیا هەمیشــە لە خزمەتــی گــۆڕانی کۆمەڵایەتیـدا بێت، چـونکە ئایـدیۆلۆجیا ڕەهەنـدی نێگەتیڤیشـی تێـدایە** ) ، پاشـان ( ف. ص. ق ) دوو مەرج بۆکـاریگەربوونی ئایـدیۆلۆجیا لە کۆمەڵگـادا دادەنێـت ئەوانـیش: **(١- پێویســت بــوون بەو ئایدیۆلۆجیایە و ٢- ڕەسـەن بوونی ئایدیۆلۆجیا (واتە هـاوردە نەبێت ) بۆیە کاتێك لەسـەدەی بیست داگیرکاری ئیمپریالیزم لە کوردستان دەبێت زەرورەتی بیری ناسیۆنالیستی دێتە پێشێ لە کاتێکدا پێشتر بیری چەپ لە کوردستان هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، هەروەها ئەوەش زیاد دەکات هەر ئایدیۆلۆجیایەك بەرجەستەی ڕەهەندی سیاسی و ئابووری بکات؛ ئەوا زیاتر قبوڵدەکرێت لەلایەن کۆمەڵگـاوە، هەروەهـا بە کـارتێکردنی ئایـدیۆلۆجیای ناسیۆنـالیسـتی و خـۆ بەجیـاواز زانینــی کـورد بەرانبەر داگیرکاری بەریتانی، (شێخ محمود) حکومەتی دروستکرد (ئیدارە)، کە ئەمەش بوویە هۆی گۆڕانی کـۆمەڵایەتی لەسـەرجەم کایەکـانی ژیانـدا، هەروەهـا لەدوای دامەزرانـدنی (پـارتی دیمـوکراتی کـورد) لە سـاڵی (١٩٤٦) و دواتـر لەژێـر گەشــەکردنی ئایـدیۆلۆجیا و بیـری ناسیۆنالیسـتیدا و لە کۆنگرەی سێی هەمان حیزبدا ناوی حیزبەکە دەگۆڕێت بۆ (پـارتی دیمـوکراتی کوردستـان) هەنگاونـان لە وشەی (کورد)ەوە بۆ (کوردستان) گەشەکردنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بیری گەورە بوو، چونکە هەنگاونان بوو لە چەمکی (گەل) ەوە بۆ چەمکی (نیشتیمان) ).**

لەلایەکـی تـرەوە ( ئــ. ع. م) هێـزی ئایدیۆلۆجیا بـۆ گۆڕانکـاری لە سـێ ڕووەوە دەخـاتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێت، ( **ئەوانیش <u>یەکەم</u> ، هەنـدێکجار ئایـدیۆلۆجیا ڕۆڵـی شۆڕشـگێڕانە دەگێڕێت بـۆ ڕێبەرایەتیکردنـی شۆڕشـێك کە ئـاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بەدوادا دێت، <u>دووەم</u> ، ئایـدیۆلۆجیا هەنـدێك کـاتی تـر فشـار دەخـاتە سـەر سیسـتمی کـۆنی فەرهەنگی و ئەخلاقی و سیاسی لە پێناو پێشکەشکردنی جێگرەوەی فۆڕمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا، واتە گواستنەوە لە قۆنـاغێکەوە بـۆ قۆنـاغێکیتر، <u>سێیەم</u> ، ئایـدیۆلۆجیا لە کـاتی گەیشـتن بە دەسـەڵات**

**دەیەوێت فۆڕمێکی تایبەت بە کۆمەڵگا بداتەوە، کە دەیەوێت لە دیدگای ئایدیۆلۆجیاکەوە بونیادی کۆمەڵایەتی دابڕێژێتەوە، کەواتە پەوەندییەکی نزیك لە نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە** ). هەروەها کاتێك باسی کاریگەری گۆڕان دەکەین لەسەر ئایدیۆلۆجیا پێویستە دوو ڕاستی بە هەند بگرین ( __یەکەم__ **: مەرج نییە ئەو گۆڕانەی ئایدیۆلۆجیا کردویەتی پۆزەتیڤ بێت.** __دووەم__ **: پێویستە دوو قۆناغ لە ژیانی ئایدیۆلۆجیا دیاری بکەین؛ ئەوانیش: أ- قۆناغی مژدە بەخشینەوەو شۆڕشگێرانەیە، کە هێشتا ئەزموونێکی تاقی نەکراوەیە و بارگەیەکی گەورەی بانگەشە بۆ گۆڕان و دونیایەکی جیاوازترە، ب-قۆناغی گەیشتنە بە دەسەلات، کە تێیدا تاقی دەکرێتەوە وزە شۆڕشگێریەکەی ماوەیەك بڕ دەکات بۆ کۆنترۆلی کۆمەڵگا، بەلام دواتر وردە وردە لە تۆباوییەتی کەمدەبێتەوە، وردە وردە دەردەکەوێت کە تێگەیشتنی بۆ گۆڕان و دەسەلات و کۆمەڵگا و مرۆڤ بۆشایی زۆر گەورەی تێدایە، ئەمە لە بکەرێکی گۆڕانکارەوە دەیگۆڕێت بۆ بابەتێك بۆ گۆڕانکاری. ئەمەش دابڕان لە نێوان ئایدیۆلۆجیا لەلایەك و کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی لەلایەکی ترەوە دروست دەکات، ئینجا هێزەکانی دەرەوەی ئایدیۆلۆجیاکە کار لەسەر خۆبنیادنان دەکەن بۆ پرسیار خستنە سەر ئایدیۆلۆجیاکە و گۆڕانکاری کردن تێیدا** ). ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە ،کاتێک دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بە گشتی لای تەریقەتی قادری بووە و لەبەر ئەوەی ماوەی دەسەڵاتەکەیان درێژبۆتەوە و تێکەڵاوی پێگە سیاسی و ئیدارییەکان بوون ئیدی جۆرێک لە دابڕانی دەسەڵاتەکە لە کۆمەڵگا هەستی پێدەکرێت و پەرستش و نەریتە ئاینییەکانی قادری تووشی جۆرێک لە وەستان دەبێت و توانای وەڵامدانەوەی ئەو گۆڕانکاریی و پێشکەوتنەی نییە کە کۆمەڵگای کوردی بەخۆیەوە بینی بووی، بۆیە سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لە سلێمانی تەنانەت کوردستانیش سەر هەڵدەدات، کە ئەویش تەریقەتی نەقشبەندییە و بە ڕۆحێکی نوێوە دێتە سلێمانی و پایەکانی تەریقەتی قادری لەق دەکات. ئەوەش بۆ ئەو خواستە مرۆییە گشتگیرە دەگەڕێتەوە، کە هەموو بیرێک تەنها سەردەمێک توانای ئاراستەکردنی کۆمەڵگای هەیە بەردەوام بەهۆی گۆڕانە بەردەوامەکانی ژیانەوە کۆمەڵگا و تاکەکانی چاویان لە داهاتنی بیرو تەوژمێکی نوێیە، کە بەڵێنی باشترکردنی ژیانیان بداتێ.

دواتر ( ك. م. أ) ( **پێیوایە پەیوەندی بەهێز لە نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، چونکە جیهانبینی یەکە بۆ بوون و مرۆڤ و جیهان ، بۆیە ئایدیۆلۆجیا کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بزوتنەوە بیری وسیاسییەکان هەروەها لە کاتی دەسەلاتداریتیشدا، بۆ نموونە، سەیری مێژووی بزوتنەوە چەپەکان بکەین، بە تایبەت(پەکەکە) یەك جۆر لە مرۆڤ دروست دەکەن، دەبینین ئەندامێکیان لە (سلێمانی( و(سنە)و (قامیشلۆ) و (ئامەد) یەکجۆرن، یەك بیرکردنەوە و یەك چارەسەریان هەیە بۆ کێشە بیری و سیاسییەکان، ئەمە بۆ هێزە ئیسلامییەکانیش ڕاستە، چونکە ئەم ئایدیۆلۆجیانە زۆر سەرکەوتوون لە یەکخستنی بیرو مامەڵەی ئەو کەسانەی لایەنگریانن** ).هەروەها

کـاریگەری گـۆڕانە کۆمەڵایەتییەکـان لەسـەرئایدیۆلۆجیا دەگەڕێنێـتەوە بـۆ ئەو خـاڵە میحـوەرییەی کە لە خـودی ئایـدیۆلۆجیادا هەیە، کە ئەویش ( **دیـاریکردنی دوا مـیچ و وەڵامە بـۆ پرسـەکان بێگومـان ئـەوەش لەگەڵ سیرورەی گەشەی عەقڵدا ناگونجێت، بۆیە بەناچاری ئایدیۆلۆجیاکان یان لاواز دەبن یان خۆیـان دەگـۆڕن، نمـوونەی ئەمەش دۆخـی وڵاتـی (چین)و(ڤیتنـام)ە، کەلە ئێسـتادا لە ڕووی سیاسـی و ئابوورییەوە لە سەردەمی (ماوتسی تۆنـگ) ناچێت چونکە گۆڕانی گەورە لە ئایدیۆلۆجیاکەیانـدا ڕوویداوە** ).

پاشـان ( م. ح. م )یش دەڵێت: ( **دەکرێـت وەك تیۆرێـك بـۆ گۆڕانکـاری سـەیری ئایـدیۆلۆجیا بکەیـن، چـونکە ئەگەر ئایـدیۆلۆجیا بـۆ بیرکـردنەوە لە دونیـایەکی باشـتر بێـت، ئەوا هەمـوو ئەو تیـۆرانەی کۆمەڵناسـی، کە هـزر بە هەوێنـی پرۆسـە مێژووییەکـان و هۆکـاری سـەرەکی گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی دادەنێت، ئایدیۆلۆجیاش وەك ئامرازێکی سەرەکی گۆڕان دەبینن، بۆیە ئایدیۆلۆجیا سەرەتا و هەنگـاوی یەکەمی گۆڕانکارییەکان لە زیهن و لێکدانەوەی مێشکی مرۆڤەکاندا دەست پێدەکات** ).هەروەها دەشڵێت : ( **پەیوەنـدییەکی تەواو دیـالێکتیکی لەنێـوان واقیـع و مەعـریفەدا هەیە، چـونکە سـەرەتا زەمینـەی کۆمەڵایەتی هەوێن و بناغەیە بـۆ سـەرهەڵدانی ئەو بیروبـاوەڕ و ئایـدیۆلۆجیایەی، کە دروست دەبن، هیچیان لە بۆشایی دروست نـابن، کاتێك ئایـدیۆلۆجیاکان دەبنـە هۆکارێـك بـۆ تێشکخسـتنە سەر واقیعی کـۆمەڵایەتی و گـۆڕینی ڕەوشـەکە بەرەو باشـتر، بێگومـان ئەو واقیعە کـۆمەڵایەتییە گـۆڕاوە دووبـارە دەبێتەوە هەوێن بۆ دروست بوونی جۆرێکی تری مەعریفە** ). کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت ڕەهەنـدی مادی بوون و کۆمەڵایەتی بوونی ئایدیۆلۆجیا دەسەلمێنرێت، مادام ئایدیۆلۆجیا پایەکـانی خـۆی لەسـەر ئەو مەعـریفە گەشـەکردووە دادەمەزرێنێـت، کە کۆمەڵگـا لەو چـرکە سـاتەدا پێـی گەیشـتووە کەواتە بە تێپەڕبـوونی کـات ئەم مەعریفەیە و تێگەیشـتنی کۆمەڵگـاش دەگـۆڕێت. بەم پێیە مەعریفەکەش گـۆڕانی بەسـەردا دێـت، کە ئەم گـۆڕانە ڕاسـتەوخۆ دەبێـتە پاسـاوی ڕەخنەگـردن و پێویسـت نەبـوونی ئەو ئایدیۆلۆجیایەی، کە لە واقیعدا بەرجەستە بووە ، بۆیە مەرجی درێژبوونەوەی هەر ئایدیۆلۆجیایەک توانـا و بە کێشـمانییەتی لەگەڵ ئەو دۆخە نـوێیەی، کە دێـتە پێشـەوە. ئەمەش کـارێکی ئاسـان نییە و دەسـتەی سیاسـی و دەسـەڵاتداران ڕووبەڕووی ئەم داوا کـۆمەڵگەییە دەبـنەوە. هەر ئەم ڕاسـتییەش ( بەرزان مەلا تەهـا ) دەخـاتە سـەر ئەو بـڕوایەی، کە بڵێـت: ( کۆمەڵگـا بە هەمیشـەی لە یەک دۆخـی کۆمەڵایەتیـدا نامێنێتەوە و چاوی لە هاتنی ئایدیۆلۆجیا و بیری نـوێیە بۆ ئەوەی ژیـانی پێشبخات) ( مەلا تەها ، ٢٠١٨ :٣٩).

هەروەهـا (ك. م. ن )یـش، پێیـوایە: ( **پەیوەنـدی پـتەو و بەهێـز لە نێـوان ئایـدیۆلۆجیا و گـۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، چونکە بە درێژایی مێژوو هەر کۆمەڵگایەك گۆڕانکاری تێدا کرابێت؛ ئەوا ئەنجامی پەیـدا بـوونی ئایـدیۆلۆجیایەکی تـازەیە، بـۆ نمـوونە ئایـدیۆلۆجیا ئایینییەکـان بـونەتە هـۆی گـۆڕانی**

**کۆمەڵایەتی زۆر گەورە، ئایدیا تازەکانیش بەهەمان شێوە وەکو وڵاتە دیموکراتی و سۆسیالیستەکان ، چ مارکس و لینین و ئەنگلز، چ ماوتسی تۆنگ و جەواهر لال نەهرۆ و گاندی ، پاشان لە وڵاتانی عەرەبیش بە هەمان شێوە وەك ئایدیۆلۆجیای بەعس، هەروەها لە کوردستانیش ئایدیۆلۆجیای (پەکەکە) دروست بوو، کە ئەمەش دەستپێکێکی گۆڕانکاریە لە کۆمەڵگای کوردیدا، پاشان لە ئەنجامی بەسەرچوونی چەمکی دەوڵەت- نەتەوە و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە هەموو ڕەهەندەکانەوە ڕوویداوە حیزبەکانی خستۆتە بەردەم دوو ئەگەر ئەویش یان گۆرانی ڕادیکاڵی لە خۆیاندا بکەن یان خۆیان هەڵوەشێننەوە ).**

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەو بڕوایەی، کە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە و بەشێوەیەك ئایدیۆلۆجیا وەك بەرهەمهاتووی واقیعێکی دیاریکراو لە ئەنجامی پێداویستی کۆمەڵگا و خواستی واقیعێك بۆ گەیشتن بە قۆناغێکی نوێ کاردەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆجیاش سەر بەکات و شوێنێکی دیاریکراوە لەگەڵ گەیشتنی، بە دەسەڵات و دووبارە گەشەکردنی عەقڵی کۆمەڵگا ئەو ئایدیایە وەك بەشێك لە مێژوو و کلتوری لێدێت و تێپەڕاندن، یان نوێکردنەوەی دەبێتە زەروورەت. بۆیە دەتوانین گۆڕانی کۆمەڵایەتیش وەك حەقیقەتێکی حەتمی ژیان بە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆجیا نوێکان و ئەو گۆڕانانەش بزانین، کە لە خودی ئایدیۆلۆجیاکاندا ڕوودەدەن.

## تەوەری دووەم: ئایدیۆلۆجیا وەک بنەمای گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

ئایدیۆلۆجیا وەك فاکتەرێکی بنەڕەتی سەیردەکرێت لە دروستکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا و بەشێك لە کۆمەڵناسان لەم بابەتە دواون، بۆ نموونە (ماکس ڤیبر) زۆر بە ڕوونی ڕۆڵی ئایین و بیرکردنەوەی پرۆتستانتی نیشاندەدات، لە گەشەکردنی سیستمی سەرمایەداری لە ئەوروپا. لە هەمانکاتدا مەرج نییە ئایدیۆلۆجیا لە هەموو کۆمەڵگایەکیشدا بزوێنەری گۆڕانکاری بێت، بە تایبەت کومەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان ، کە زیاتر پابەندن بە نەریتەوە، وەکو (عەلی شەریعەتی) دەڵێت: کۆمەڵگا پابەندەکان بە داب و نەریتەوە گۆڕانکاری تێیاندا مەحاڵە و بچوکترین گۆڕان دەبێتە هۆی ترس و توقین( شەریعەتی، ٢٠٠٩ : ٣٢ ).

لە هەمانکاتدا بە شێك لەو نموونانەی توێژینەوەکەی ئێمە پێیانوایە ئایدیۆلۆجیا بەربەست نییە لەبەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەروەك ( ش. ی. خ ) دەڵێت: (**ئایدیۆلۆجیا بەربەستی بەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئەو گۆڕانە دروست دەکات، کە لەگەڵ میتۆد و سیاسەتی ئەو بگونجێت)**. لەلایەکی ترەوە ( م. ح. م) پێیوایە: ( **هەموو ئایدیۆلۆجیایەك بۆخۆی گۆڕانکاری دروست دەکات، بەڵام ئایدیۆلۆجیای چینەکانی تر زۆرجار ڕێگر دەبن لە بەرانبەریدا)**، ئەو نموونەی ئەو ململانێ توندەی

نێوان پارتییەکان و شیوعیەکان دەهێنێتەوە، کە لە ساڵەکانی (١٩٥٠) بەدواوە لە شاری سلێمانی لە نێوان ئەو دوو ئایدیۆلۆجیایەدا سەریهەڵدا، ( م. ح. م) **( زیاتر دەدوێت و ململانێی دوو ئایدیۆلۆجیا لەیەك كۆمەڵگادا بەمەترسی بۆ سەر پرۆسەی گۆڕانكاری دەزانێت، چونكە لە ئەنجامدا هەموو دەبنە بەربەست لە بەردەم گۆڕانی كۆمەڵایەتیدا، یاخود ڕەنگە كومەڵگا بخەنە دۆخێكی گۆڕانكاری نەخوازراوەوە، كە نەخواستی ئەوئایدیۆلۆجیایانە و نەخواستی كۆمەڵگاش بێت )**، لە دۆخێکی وەهادا ئامانجە پوختە ئایدیۆلۆجیەکان جێگای ئامانجە کۆمەڵگەییەکان دەگرێتەوە. ( **پاشان بەڵگە بۆ كاریگەری ئایدیۆلۆجیا دێنێتەوە كاتێك لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) ی كوردستان، كە زەمینەی كاركردن لە بەردەم ئایدیۆلۆجیای ئیسلامیدا فەراهەم بوو، گۆڕانێكی گەورەیان دروستكرد لە نێو كۆمەڵگادا، چونكە گۆڕانیان لەگۆرانی و هونەری كوردیدا دروست كرد، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیان بە شێوازێكی دیاریكراو دارشتەوە، پەرستشە ئاینییەكان لای زۆرێك لە كۆمەڵگا بووبە كاری یەكەمین (ألاولویة) تەنانەت ناولێنانە ئاینییەكان زۆر زیادی كرد لە كاتێكدا پێشتر ناوەكوردیەكان زاڵتربوون).**

هەربۆیە ( ڕیمۆن ئارۆن ) پێگەیەکی ستراتیجی دەداتە بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیا لە ژیاندا و دەڵێت: بیروباوەڕ لەسەرو تاکەکانەوەیە ڕووەو ئامانجەکان و دەربڕی بیرو هەستەکانە، بەشێوەیەکی ئاسایی و بەبێ زۆرلێکردنێکی دەرەکی، بەڵکو بەرجەستەکردنی ئەو بیرانە بەپاڵنەری خواستی کەسی و بیرە هاوبەشەکانی نێوان کەسەکانە بەشێوەیەک، کە هەست بە خودی خۆیان دەکەن و هەروەها بەو هۆیەوە درکی ڕابردوو و ئێستاو ئاییندەیان دەکەن( العمر ، ٢٠١٥ :٢٤٦). لە لایەکی ترەوە ( ف. إ. و) پێیوایە: **( هێزی گۆڕانكاری لای ئایدیۆلۆجیاو هەڵگرانی بیرە ئایدیۆلۆجیەكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میتۆدە باوەی پشتی پێدەبەستن، ئەویش بڕوابوونی هەڵگرانی ئەو ئایدیۆلۆجیایە بە خاوەندارێتی حەقیقەت، واتە حەقیقەت لای ئەوان شتێكی تەواو ڕوون و ئاشكرایە و پێویست بە بەڵگەسازی و ئارگومێنت ناكات بۆ نمایشكردنی )**، هەروەها هەڵگرانی ئایدیۆلۆجیەکە هیچ گومانێکیان لەو حەقیقەتە نییە و خۆشیان بە خاوەنی ڕەهای دەزانن، واتە بەپێی بۆچوونی ( ف. إ. و) ( **كەسانی ئایدیۆلۆجیست خوازیاری تێگەیشتنی حەقیقەت نین، بەڵكو ئەوان خۆیان بە خاوەنی حەقیقەت دەزانن، كە ئەم دڵنیاییە بیرییە وایانلێدەكات پشتڕاست بن لە هەنگاونانی مكوڕانە و بێ دوودڵی بۆ گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی، بەپێچەوانەی كەسی ئارگومێنتسازوعەقڵانییەوە كە هەمیشە گومان لەسەر قەناعەتەكانی خۆی دروست دەكات و تواناو جوڵەی یەكلاییكەرەوەی نییە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانكاری** )، بۆیە ئەنجامگیرییەک بۆ ئەو هێزە ئایدیۆلۆجیانەی کە لە ڕابردوودا لە کوردستان کاریان کردوە دەکات ، کە توانیویانە بەپێی ئەو تێگەیشتن و دونیابینییەی، کە هەیانە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بهێننە ئاراوە، بەڵام مەرج نییە ئەم گۆڕانە بەپێی خواستی هێزەکانی تری کوردستان بوبێت.

هەروەها ( م. ع. أ ) دەڵێت : ( **لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا دەگۆڕێت، دەکرێت لە قۆناغێکدا بزوێنەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی بێت و لە قۆناغێکی تردا ڕێگربێت** ). پێش ڕاپەڕین ئایدیۆلۆجیا جۆرێك لە گۆڕانی دروست کردووە و دوای ڕاپەڕین و ساڵانی نەوەدەکان گۆڕانێکی تری کردووە. ( **دەتوانین بڵێین ئایدیۆلۆجیایەك لە دووکاتی جیاوازدا دوو جۆر گۆڕانکاری جیاواز بەرهەم دەهێنێت**). ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات، کە ئایدیۆلۆجیا هەمیشە دوو خولی نمایشکردنی هەیە یەکەمیان لەسەردەمی یۆتۆپی بونیایەتی، کە بەڵێنی دروستکردنی دونیایەکی خەیاڵی بێ کێشە بۆ هەموو کۆمەڵگا دەدات و بێگومان ئەم تێزەش لەسەر ئاستی تیۆری ڕاستە، چونکە هیچ قورسییەک بۆ دەربڕو هەوادارەکەی دروست ناکات. هەرچی خولی دووەمی ئایدیۆلۆجیایە ئەویش سەردەمی دەسەڵات و جێبەجێکردنی بیرو بەڵێنەکانییەتی، کاتێک خواستی وێنە بەرجەستەکراوەکەی ئایدیۆلۆجیا بەر واقیع دەکەوێت؛ ئەوا توشی کێشەی گەورە دەبێت و بۆشایی و ناسازییەکانی ئەو ئایدیۆلۆجیایە لەکاتی دابەزاندنی بۆ کۆمەڵگا دەردەکەوێت. لێرەدایە ئیتر زۆرینەی ئایدیۆلۆجیا گەورەکانی جیهان ناتوانن پابەندبن بە هێڵە گشتییەکانی بیرو ئایدیۆلۆجیاکەوە و زۆرێک لە سنورەکانی بیرو تێگەیشتنە بیرییەکە تێدەپەڕێنن، وەک ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە، ناتوانیت هێزێکی ئایدیۆلۆجی ببینێت ڕاستگۆبێت لەگەڵ بیرەکەی خۆی بە تەواوی .

دواتریش ( ڕ. ح. أ. ح) دەڵێت: ( **لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ئایدیۆلۆجیاکان نەك هەر بەربەست نەبوون لەبەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵکو بزوێنەری هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیش بوون، بەڵام وردە وردە لەگەڵ سەرهەڵدانی پارتە سیاسییەکاندا ئایدیۆلۆجیا دەبێتە چەمکێکی ڕەقهەڵاتوو بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕی حیزبی و گشتاندنی سەرکردەی سیاسی** ) .

لەلایەکی ترەوە ( م. ح. م)، پێیوایە: ( **بە شێوەیەکی گشتی ئایدیۆلۆجیاکان گۆڕانیان دروست کردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئایدیۆلۆجیاکان خاوەنی ئیشکالیەتی شەرعیەتن و بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ واقیع نەیانتوانیوە گۆڕان دروست بکەن، هەندێکیان بە هۆی فاکتەری دەرەکییەوە کاریان لەسەرکراوە، بۆیە نەیانتوانیوە لەگەڵ واقیعی ڕەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا تەباو گونجاوبن( واتە بەرهەمهێنراوی واقیعی کوردستان نەبوون)** ) ( **بۆ نموونە وێنەی مارکسییەت دێنێتەوە، کە لە کوردستان تواناای گەشەکردنی نەبووە، چونکە کۆمەڵگای ئێمە دەرەبەگایەتی بووە و ئەو کێشانەی سیستمی سەرمایەداری نەبووە کە لە ئەوروپا پیشەسازی دروستی کردووە** )، پاشان بڕوای وایە (**بەهۆی ناسروشتی گەشەکردنی کۆمەڵگا و زۆری داگیرکاری و درەنگ دەرکەوتنی شار و سەختی ژینگەکەی وایکردووە ئایدیۆلۆجیاکان ڕەوشێکی ناسروشتی لە کۆمەڵگادا دروست بکەن، بۆیە هەموو ئایدیۆلۆجیاکان پێکەوە نەیانتوانیوە جۆرێك لە یەکبووی بیر دروست بکەن** ).

ئەوەی جێگای سەرنجە زۆرێك لەو ئەكادیمی و ڕۆشنبیر و سیاسیانەی چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا كراوە بۆچونێكی نێگەتیڤیان لەسەر ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا و پەیوەندی بە گۆڕانی كۆمەڵایەتییەوە لە كوردستان هەیە، بۆ نموونە(ص. م. ع) و( ع. ف. ع)، دەڵێن:( **ئایدیۆلۆجیا ڕۆڵی نەرێنی و خراپی بینیوە و كۆسپبووە لە بەردەم گۆڕانی كۆمەڵایەتیدا، چونكە هەمیشە هۆكاری ناكۆكی و پێكدادانی كۆمەڵایەتی بووە و ڕۆڵی هەبووە لە دروستكردنی ناسەقامگیریدا، بۆیە زەمینەی پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی شێواندووە** ). ئەمەش دەمانخاتە بەردەم حەقیقەتێكی بیری دیالێكتیكیانە كە ئەوەیش ئەوەیە ئایا هێزە سیاسییەكان لەهەمبەر گۆڕانی كۆمەڵایەتی دەبێت پشت بە داخوازی واقیعی گۆڕدراوی كۆمەڵگا ببەستن، یاخود ڕاستەخۆ ئیلهام لە پنتە بیری و ئایدیۆلۆجیەكەی خۆیانەوە وەربگرن، كە لە ڕاستیدا چارەسەركردنی ئەم كێشمەكێشە توانایەكی ئێجگار گەورەی بیری و ڕۆشنبیری و سیاسی ورد و پێگەیشتووی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت سازان لە نێوان ئەم دوو سەرچاوە ئاڕاستەیەی هەوڵدان بۆ گۆڕانكاری بكات، لە هەمانكاتدا بتوانێت بەڵێنی گۆڕانكاری ئەرێنی بدات و كۆمەڵگا بخاتە دۆخێكی خوازراوی گۆڕدراوەوە.

پاشان (هـ. ع. س)، وایدەبینێت: (**سەرەتای سەدەی بیستەم دەستپێكی هاتنە ناوەوەی ئایدیۆلۆجیاكان بوو بۆ كوردستان**)، لەلایەن ئەو دەستەبژێرەی كەلە هەریەكە لەدەوڵەتی عوسمانی و ئێران باڵیۆز و خاوەن بەرپرسیارێتی بوون و دۆخی لێبوردەیی لە ناو ئایدیۆلۆجیاكاندا زاڵبووە، ( **بۆیە دەكرێت بڵێین لەم سەرەتایەوە ئایدیۆلۆجیاكان دەروازەیەكی باش بوون بۆ گۆڕانی عەقڵی كوردی و ئاشنابوون بە كۆی تێڕوانینە گشتییە باوەكەی دونیا، بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست كاتێك ململانێی ئایدیۆلۆجیا بە شێوازە خراپەكەی دەست پێدەكات، پاشان بە حوكمی بونیادی كۆمەڵگای كوردی و نزمی ئاستی هۆشیاری تاكەكەسەكان و توندی حەماسەت بۆ ئایدیۆلۆجیا وایكرد ئەو ئایدیۆلۆجیایانە نەتوانن پێكهاتەی كۆمەڵگا ببینن، بۆیە بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵدا كرد** ). هەر (هـ. ع. س)، پێیوایە (**ئایدیۆلۆجیاكان گرفتی تێپەڕاندنی دیدە گشتگیرەكەی خۆیان هەیە لە دابەزاندنی ئایدیۆلۆجیاكە بۆ واقیع، بۆیە نەیانتوانیوە جارێكی تر تیۆریزەی ئەو ئایدیۆلۆجیایە بە پێی خواست و ویستی كۆمەڵگا بكەن** ).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەی پێشوو دەگەینە ئەو بڕوایەی، كە جۆر و دۆخی گەشەسەندویی بیریی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا پەیوەندییەكی ڕاستەوانەی لەگەڵ ئەو گۆڕانەی، كە ئایدیۆلۆجیا دروستی دەكات هەیە، ئایدیۆلۆجیا هەرچەندە واقیعیی و خاوەن دیدێكی ڕوون و فراوان بێت ئەگەر كۆمەڵگا و پێكهاتەكەی بەپێی سەرچاوە شوێن و كاتییەكەی ئایدیۆلۆجیاكە گەشەی نەكردبێت، ئەوا دۆخێكی نەخوازراو دروست دەكات و هەندێك جار هۆكاری پشێویی و نائارامی كۆمەڵگاشی لێدەكەوێتەوە.

ئەگەرچی ئەمەش ئەو ڕاستییەمان لێدەخوازێت ئەگەر کۆمەڵگایەك پێ بە پێی ئایدیۆلۆجیایەك گەشەی نەکردبوو، ئەوا پێویستە ئایدیۆلۆجیاکە گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات، تا بتوانێت دابەزێت بۆ ئەرزی واقیع. بەڵگەشمان ئەو وتەی ( ئـ. ع. م )یە، کە دەڵێت :( **لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێك مارکسییەت زانی خۆی شیانی خۆتەرحکردنی بە بێ پەردە نییە بۆیە تێکەڵاوی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی دەبێت وەك هێزێکی پەیوەست بە گۆڕانکاری** )، کەواتە کاتێك ئایدیۆلۆجیا دەتوانێت لە کۆمەڵگایەکدا گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست بکات، کە زەمینەی دابەزینی بۆ ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە هەبێت و بە ئاسانی بچێتە ناو پانتایی بیریی و پەیوەندی و چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

لەلایەکی ترەوە (ك. م. ح) بۆچونێکی جیاوازتری لەسەر ناکارایی ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان لە پرۆسەی گۆڕانکاریدا هەیە، چونکە، پێیوایە:( **کاتێك بیری بەشداری سیاسی هاتە مەیدانەوە لە کوردستان ئیدی هەردوو ئایدیۆلۆجیای مارکسی و ئیسلامی سیاسی تەنها یەك ئیشیان کرد ئەویش بە حوکمی ئەوەی واتێگەیشتن تەنها مۆدێل لە بەشداری سیاسی، بەشداری ڕاستەخۆیە لە سیاسەتدا، بۆیە زۆرێك لە فۆڕمەکانی تری کاریگەرییان نەناسی لە ئەوروپا و فۆڕمەکانی تری کۆمەڵگای کوردیشیان نەبینی، بۆیە ئەم میتۆدی کارکردنە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا وایکرد، کە بیرەکان بە دۆگمایی دەربکەون، کە قابیلیەتی گۆڕانی تێدا نییە و دابەشکارییان کرد لە سەر ئاستی هەموو ڕەهەندەکان، تەنانەت دەرکەوتنی بیری توندڕەو لە کوردستان وەکو داعش و هاوشێوەکانی دواهاتێکی ئەو شێوازە ئیشکردنە تەقلیدیەی ئایدیۆلۆجیاکان بووە لە کوردستان** ) ( واتە زەمینەی ڕەخساندووە) . هەر (ک. م. ح)، دەڵێت:( **ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان ئیشی لەسەر (هەموو یان هیچ ) دەکرد. ئەمەش بێگومان بوبە هۆی لەدەستدانی هەموو هەلەکانی گۆڕانکاری لە کوردستان، هەروەها یەکێك لە مەترسییەکانی ئەم میتۆدە ئایدیۆلۆجیە ئەوەیە، کە لەپێناو هێشتنەوەی حیزبی زاڵ و دەسەڵاتداری تاکڕەودا هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە بە ئایدیۆلۆجی دەکرێت، بوارێك بۆ بیرکردنەوە و هەڵبژاردە خۆکردەکانی دەستەو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ناهێڵرێتەوە لە بوارە ناسیاسیەکانیشدا، بۆیە لە ئەنجامدا کۆمەڵگا لە دۆخی وەستاودا دەمێنێتەوە** )، هەر (ک. م. ح)، دەڵێت:( **لە کوردستاندا هەندێك لە لادان و تێکەڵاوی لە نێو ئایدیۆلۆجیاکاندا دەبینین بۆ نموونە شیوعییە و نوێژ دەکات، عەلمانییە و پشتگیری خێڵ دەکات و تەکیە دەکاتەوە، یان ئیسلامییە و بەدوای دەستەوارە (صفقات) ی ئیمتیازەوەیە** ). کەواتە بەپێی ئەم تێگەیشتنەی ( ک. م. ح ) بێت یەکێکی تر لە کێشەکانی ئایدیۆلۆجیا ئەوەیە، کە خۆی وەک دارێکی پەرجویی( سحري ) نمایش دەکات و دەیەوێت بەیەکجار گۆڕانی تەواوەتی لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگادا بکات، ئەم تێڕوانینە لەگەڵ ئەوەی کورت بینە، هەروەها بێئاگاشە لەوەی هیچ بیرێک توانای نییە بە شێوەی یەکسان و تەواو گۆڕان لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگادا بهێنێتەدی، چونکە کۆمەڵگا بەبێ

وچان و ڕۆژانە و تەنانەت سات لەدوای سات گۆڕان لە بونیادەکەیدا دروست دەبێت و پێکهاتە و بیرو نەریت و کلتوری نوێ دادەهێنێت. ئیدی ئەم ئایدیۆلۆجیایە تووشی نامۆبوون دەبێتەوە، ڕەنگە هەر ئەم ڕاستییەش بێت، کە زۆرێک لە ئایدیۆلۆجیاکان پەلکێشی گرتنبەری ڕێککار و میکانیزمی توندوتیژ لەکاتی کارکردنیدا بکات.

پاشان ( ك. م. أ) ( **ناکارایی ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان هەر لە بنەڕەتەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سروشتە خێڵەکییەی کۆمەڵگای کوردی و هەرهەوڵێکیش بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگا لە دەرەوەی تێگەیشتن لە عەقڵ و مێنتاڵیەتی خێڵ بە بێ هوودە ناو دەبات**)، ئەو پێیوایە:( **لە هەرێمی کوردستان ئایدیۆلۆجیا بوونی نییە، چونکە کورد بە شێوازی زانستی و لەسەر بنەڕەتی بیرکردنەوە هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی وەرنەگرتووە، تەنانەت ئایینی ئیسلامیش، بۆیە هێندە ئایین و ئایدیۆلۆجیای وەرگرتووە، کە لەگەڵ داب و نەریت و حەزەکانی خۆیدا گونجاو بێت، خۆ ئەگەر کەوتبێتە نێوان دوو هەڵبژاردنی وەکو ( نەریت و کلتور) لەلایەك ( ئایین ) لەلایەك؛ ئەوا هەزار بیانوو دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی ئایین و ئایدیۆلۆجیا بخاتە لاوە و لایەنی کلتورو نەریتەکە هەڵبژێرێت** ). لە لایەکی ترەوە ( ص. م. ع)، پێیوایە: ( **لەسەرەتاوە کورد وەکو سیستمێکی بیریی و بۆ سەربەخۆبوون ئایدیۆلۆجیای وەرنەگرتووە، بەڵکو وەکو لاساییکردنەوەیەک وەریگرتووە، لەگەڵ ئەوەی هەموو سیستمێکی سیاسی دەبێت پەنا بۆ ئایدیۆلۆجیایەک ببات بۆ ئەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروست بکات، بەڵام بزوتنەوەی کوردایەتی نەیتوانیوە ئایدیۆلۆجیایەکی واقیعی بەرجەستە بکات لە کاتی مامەڵە و سیاسەتکردن، بۆیە هەموو ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی، کە لە دەرەوە هاتوون شکستیان هێناوە** )، بۆیە ( ص. م. ع)، پێیوایە: ( **دەبوایە هەر لە سەرەتاوە سەرکردایەتی کورد بیری لە ئایدیۆلۆجیایەکی واقیعی بکردایەتەوە**).بۆیە ئایدیۆلۆجیاکان بوونەتە بەربەستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵایەتیش.

پاشان (ف. ص. ق) لە هەڵسەنگاندنی بۆسەرەتای بیری ناسیۆنالیستی، کەوەك بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی ئینگلیز لە چوارچێوەی شۆڕش و ئیدارەکەی (شێخ محمود)دا سەریهەڵدا، پێیوایە:( **بیری ناسیۆنالیستی نەیتوانیوە گۆڕانی گەورە بکات، چونکە ئەوانەی لەگەڵ (شێخ محمود) بوون زەویدار بوون و پەیوەندییان لەگەڵ دۆخی واقیعی کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی کورد گرژبوو کە ئەو کات ٨٠% ی کورد لە لادێ ژیاوە** ). یەکێکی تر لەو ئاریشانەی ڕووبەڕووی ئایدیۆلۆجیا دەبێتەوە بەهێزی و دەستڕۆیشتوویی گروپە خاوەن بەرژەوەندییەکانە، کە دیارە ئەم چینە ناتوانێت بەئاسانی تەسلیمی خواستە دادگەرییەکانی ئایدیۆلۆجیا ببێت، بۆیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم واقیعە ڕەنگە ئایدیۆلۆجیا هانا بۆ سازان بەرێت لە پێناوی ئەوەی بتوانێت چ وەک دەستەو تاقمێکی نوێ بمێننەوە و هەروەها بتوانن نەک هەموو بەشێک

لە ئایدیۆلۆجیاکە دابەزێنن بۆ ئەرزی واقیع. دیارە لە مێژووی ئایدیۆلۆجیاکانی هەرێمی کوردستاندا بە ئاشکرا ئەم سازشکردنە بۆ بەشێک لە خەڵکە کاریگەرو دەسترۆیشتووەکانی کوردستان هەست پێدەکرێت، بۆ نموونە زۆرێک لە ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان بنەمایەکی مارکسییان هەبووە، بەڵام بە درێژایی مێژوو نەیانتوانیوە کێشەی خێڵایەتی تێپەڕێنن و هەردەم وەک واقیع مامەڵەیان لە گەڵدا کردووە، یان زۆرجار پشتیوانی شیخ و مەلا و تەکێکانی کوردستانیان کردووە، ئەمە بۆ هێزە ئایینییەکانیش ڕاستە.

پاشان (ق. م. ح)، وای دەبینێت: ( **ئەو گۆڕنکارییانەی لە کوردستان ڕوودەدەن زۆر هێواشن و گۆڕانەکەش هێندەی زادەی عەقڵ و بەهای خێڵە هێندە زادەی ئەو ئایدیۆلۆجیایانە نییە، کە لە سەدەی بیست سەریانهەڵداوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی بەراورد بە ئایدیۆلۆجیای چەپ و ئیسلامی بۆ ئەو لێکچوونەی پەیوەستیان بە کۆکردنەوەی کۆمەڵگا لەدەوری یەك گوتار دەگەڕێنێتەوە ، کە خۆی لە ئاڕاستەیەکی ( هاو ڕەگەز) و ( هاوزمان) و ( هاو ئابووری) و ( هاوکلتوور) دەبینێتەوە، ئەمە مۆدێلێکی گونجاوتری ئەو گووتەزایانەیە، کە لەناو خێڵدا هەیە وەك (هاوخوێنی) و (هەستکردن بە خزمایەتی)** )، بۆیە ئەم هۆکارەش وەك زیاتر کارابوونی ناسیۆنالیستی دەزانێت بەبەراورد بە ئایدیاکانی تر. هەروەها ئەم کاریگەرییەش زیاتر لەسەر چینی دەستەبژێر بووەو کەمتر کاریگەری بەسەر چینەکانی خوارەوە هەبووە چونکە ئەگەر کاریگەرییەکەی گشتگیر بوایە دەبوو کۆمەڵگەی کوردی لە دۆخێکی باشتردا بوایە و سەردەمی عەشیرەتگەرایی، بۆنموونە تێپەڕاندایە و ئاقاری هەستکردنی کوردایەتیی و بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی زاڵ ببوایە. دەتوانین بڵێین یەکێکیتر لەو هۆکارانەی، کە ئایدیۆلۆجیا ناکارا بووە لە کوردستان بریتییە لەو دۆخی بەرخۆدان و بەرگرییەی کە بە درێژای مێژوو بەهۆی نەبوونی کیانی سەربەخۆوە لە گیان و هەست و بیرکردنەوەی کورددا هەبووەو پتر بەرگەی کارتێکەرە بیری و مادییەکانی دەرەوەی خۆی گرتووەو هەردەم شتە نوێکانی بە گومانەوە وەرگرتووە، بۆیە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و زمانەکەی توانیویانە شوناسەکەی بپارێزن.

## تەوەری سێیەم: ئێستا و ئایندەی بانگەشە ئایدیۆلۆجییەکان و ئەگەرەکانی گۆڕانکاری لە کوردستان:

دیارە ئایدیۆلۆجیاکان ژیانێکی بازنەییان هەیە سەرەتا پێداویستی واقیعێك دروستی دەکات بۆ گواستنەوەی کۆمەڵگا لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر، پاشان کاتێك ئایدیۆلۆجیا دەبێتە سەردەست و زاڵ هێواش هێواش ڕوو لە دۆگمایی دەکات و توانای هەڵکردنی لەگەڵ پێداویستی واقیعەکە لاوازدەبێت( ئەم ڕاستییەش بەپێی کۆمەڵگاکان و کات و شوێنی جیاواز دەگۆڕێت)، ئایدیۆلۆجیاکان لە کوردستان ئێستا لە

دۆخی کەوتن و فەرامۆشکردندان، بەڵام ئەمەش واتای وانییە کۆمەڵگا بێنیاز بێت لە ئایدیۆلۆجیا، هەروەکو (ك. م. ن)، دەڵێت:( **هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆمەڵگایەك بەبێ ئایدیۆلۆجیا ناژی، ئەگەر میللەتێك بەبێ ئایدیۆلۆجیا بوو، ئەوا کۆتایی هاتنی ئەو میللەتەیە** )، بەڵام لە پەیوەندیدا بە باشووری کوردستانەوە، دەڵێت:( **ئەوانەی بە ناوی ئایدیۆلۆجیای عەلمانی و ئیسلامی و چەپەوە کاردەکەن، ئایدیۆلۆجیاکەیان تەواو بووە و بەکەڵکی خۆیان و کۆمەڵگای کوردستانیش نایەت** )، پاساویش بۆ ئەم بڕوایەی ئەوەیە**( کە هەڵگرانی ئەم ئایدیۆلۆجیانە و ڕێبەرەکانیان لە گەڵ بیرەکانی خۆیان و کۆمەڵگاشدا ڕاستگۆ نین)**. هەروەها ( ف. إ. و) یش هەمان بیروڕای هەیەو دەڵێت: ( **ناکرێت ئایدیۆلۆجیا لە ژیانی کۆمەڵگاکان بکەینە دەرەوە** )، چونکە هەمیشە مرۆڤ بە دوای فۆڕمێکی دیاریکراودا دەگەڕێت بۆ واتاپێدان بە ژیان و مامەڵە وبیرکردنەوەکانی

وەك پاڵپشتییەك بۆ تێڕوانینی (ك. م. ن) و بۆ سەلماندنی پێداویستی ئایدیۆلۆجیا (پرنسیپ) (ك. م. ح)، پێی وایە: ( **هەموو کاتێك کۆمەڵێك هەلو مەرج و دۆخ هەیە بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆجیای نوێ لە دایك ببێت**)، (**هەروەها لە بەرانبەر کەوتنی ئایدیۆلۆجیای چەپ و ئیسلامیدا بوونی ئایدیۆلۆجیایەکی نەرم، کە بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە بە پێویست دەزانێت**) ( **لە حاڵەتی دروست بوونی دۆخی بێ ئایدیۆلۆجی؛ ئەوا هەموو هێزەکانی کۆمەڵگا دەکەونە دامێنی دۆخێکی بێ پرنسیپی توندوتیژەوە، چونکە خراپترین شت ئەوەیە مرۆڤەکان بێ پرنسیپ بژین، کە ڕەنگە بێ پرنسیپی هەندێك مرۆڤ تەحەمولی بکات، بەڵام خەڵکێکی زۆر هەیە تەحەمولی ناکات**) پێشیوایە (داعش) بۆیە هەیە و ڕەنگە لە داهاتوودا لە فۆڕمی توندتردا سەرهەڵبدات، چونکە بە دوای پرنسیپدا دەگەڕێت، کە ئەگەر پرنسیپ هەبێت ئەوا توندو تیژی ڕوو نادات. هەروەها هەر (ک. م. ح ) پێیوایە( **دۆخی ئایدیۆلۆجی لە کوردستان زۆر ناسازەو کۆمەڵگا ناخاتە سەر هێڵی جوڵان و گەشەکردن و وەچەرخانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی، چونکە فیگەرە دیارەکانی هێزە ئایدیۆلۆجییەکان بە ئاسانی پرنسیپ و هێڵە سوورەکانی ئایدیۆلۆجیاکەیان تێکدەشکێنن)**. ئەمەش وادەکات هەوادارانی ئایدیۆلۆجیاکە بە گومانبن و لێی دوور بکەونەوە، یاخود توشی دووڕویی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببن، کە لە ئێستادا بیرێکی بەرژەوەندیخواز بەسەر کۆی پەیوەندییە بیری و سیاسی و ئابورییەکاندا زاڵە، وەکو (ك. م. ح ) دەڵێت:( **خەڵك ئەڵێت: ئەگەر پرنسیپ نەمێنێت با لایەنی کەم بەرژەوەندیم دەست دەکەوێت ئەم دۆخە ناسازە ئایدیۆلۆجیەش، کە پارت و ئایدیۆلۆجییەکان دروستیان کردووە نوخبەی سیاسی و ئایدیای کۆمەڵگای لەلای خەڵکی ئاسایی ناشرین و بێئەرزش کردووە** ) .

هەروەها (ڕ. ح. أ. ح )یش، پێیوایە: ( **نەبوونی هۆشیاری بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەواتای ئەوەیە ئایدیۆلۆجیا کۆنەکان باڵادەستن و کۆمەڵگەو بکەرەکانی ناتوانن وەرگرتنی بیرۆکە و ئایدیای نوێ**

**بکەنە تەوەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بەواتایەکی دی هەرکاتێك کۆمەڵگا لە بارێکدا بوو نەیتوانی ئایدیای نوێ پێشکەش بکات و بیانگشتێنێت بەسەر تاکەکاندا ئەوە واتای وایە ئەم کۆمەڵگایە گیرۆدەی تەقلیدکردنەوەو چەقبەستوییە** ). هەروەها (ف. إ. و ) یش، پێیوایە:( **یەکێک لە پایە بەهێزەکانی گەشەکردن و کاریگەربوونی ئایدیۆلۆجیا کەمی هۆشیاری کۆمەڵایەتیە، بەواتایەکی تر ئایدیۆلۆجیا خۆی لەسەر جەستەی نائاگایی و لاوازی هۆشیاری کۆمەڵگا بینادەکات** )، بۆیە بەڵگەی ڕەخنەیەکی ( عبدالله ئۆجەلان ) دەهێنێتەوە، کە لە خوێندنەوەی ( ماکس فیبر )دا ڕەخنەی سیستمی سەرمایەداری دەکات و بە زمانی ئۆجەلانەوە دەڵێت: ( **سەرمایەداری کاتێک گەشە دەکات، کە عەقڵ لە خوارەوە بێت، بۆیە یەکێک لەو شتانەی سەرمایەداری دەیەوێت لێی بدات ئایینە، چونکە ئایین یەکێکە لەسەرچاوەکانی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و تاکەکانی و سەرمایەداریش لە ژینگەیەکدا گەشە دەکات کە هۆشیاری کەم بێت، بۆیە ژینگەیەک، کە کەمترین ئامادەگی عەقڵی تێدابێت، ئەوا ئەو ژینگەیە تەواو لەبارە بۆ گەشەکردنی ئایدیۆلۆجیاو لەخۆگرتنی تاک و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا و ئاڕاستەکردنیان** ) بۆیە لە کاتی جەنگ و پێکدادانی وڵاتان و سەرهەڵدانی قەیرانەکاندا ئایدیۆلۆجیا زۆر سەرکەوتووە لە ڕەنگرێژی بیرو ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا و دروستکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. لەگەڵ ئەوەی ئەم تێگەیشتنەی ( ف. إ. و )، تا رادەیەکی زۆر یەکانگیرە لەگەڵ تێگەیشتنی مارکس بۆ ئایدیۆلۆجیا و تێڕوانینێکی کۆمەڵناسیانەیە، بەڵام ئێمە ناتوانین نکوڵی لە پێشکەوتن و گۆڕانکارییە سیستماتیکیەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بکەین، کە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیای ( لیبڕاڵ )دا هێناویەتیە کایەوە، ڕاستە سەرمایەداری بەهۆی ئەو کێشە و ئازارە دەرونی و ژیانییەی کە بۆ تاک و کۆمەڵگای ئەورپی هێناوەتە کایەوە روبەڕووی ڕەخنەی ڕاستەقینە بۆتەوە و بەتایبەت قوتابخانەی فرانکۆرت چەندین تێزو تێگەیشتنی عەقڵانی بۆ ڕەخنەگرتن لەو سیستمە هێناوەتە ئاراوە، بەڵام هەموو ئەم ڕاستیانەش ناتوانن ئەو بەرجەستە بوونە عەقڵانیی و ئازادییە مرۆڤی و پێشکەوتنە بەرچاوەی ئەو سیستمە نادیدە بگرن، تەنانەت شێوازی بیریی و ئەو داهێنانە تەکنەلۆجیی و پیشەسازییانەی کە لە سیستمەوە بەرهەمهاتووە توانیویەتی تەواوی ژیانی هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان دەستکاری بکات و بگۆڕێت. ئەوەتا (بریجینسکی) لە نرخاندنی بیروباوەڕی لیبڕاڵی( العقیدة اللیبرالیة )دا دەڵێت:( بیری لیبرالی فاکتەرێکی کۆنکریتی کۆمەڵایەتی گرنگە، هەروەها پێیوایە ئەو کۆمەڵگایەی بڕوای بە هیچ شتێک نییە، ئەوا لەسەر رێی هەڵوەشانە، بە نسبەتی لیبرالییەتیشەوە، کە وەک هێزێکی پێشکەوتووخۆی دەناسێنێت بیروباوەڕێکە پێویستە بۆ نموونەیەکی کۆمەڵایەتی کارا بۆ گۆڕانکاری ( قراملکي ، ٢٠٢٠ :١٥٣ ).

کەواتە ئایدیۆلۆجیایەك، کە توانای خۆنوێکردنەوە ڕەخنە گرتنی لە خۆ هەیە شیانی ئەوەی تێدایە بتوانێت ئینتیمای کۆمەڵگە بۆخۆی ڕابکێشێت، هەروەها هەلی گۆڕانکاریکردن لە کۆمەڵگادا لە بەردەمیدا زۆر و فرە چەشن دەبێت، کە ئەم تێگەیشتنە بۆ ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان زۆر لاوازە و ئومێدێك بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی تێیاندا کارێکی قورسە، چونکە هەمیشە دەست بە ڕابردووەوە دەگرن و خۆیان لەسەر داروپەردوی بەهای کۆن و شەرعییەتی شۆڕشگێری بنیات دەنێنەوە. ئەمەش نامۆیە بەو گۆڕانە عەقڵی و خواستە کۆمەڵگایەی، کە دۆخی کوردستانی ئێستامانی پێدا تێپەڕدەبێت . پاشان ( ص.م. ع )یش پێیوایە:( **ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان توانای خۆڕاگرتنیان نییە لەبەرانبەر ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە گەورەیەی، کە بە گشتی جیهانگیری ڕووبەڕووی وڵاتانی کردۆتەوەو بە تایبەت کوردستانیش، بۆیە نەوەی نوێ نائومێدبووە لە هەمبەر ئایدیۆلۆجیاکان، چونکە لە ڕابردودا کە بێگانە حوکمی کوردستانی کردووە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری لە ترۆپکدا بووە، بەڵام ئێستاو دوای نزیکەی ٢٨ ساڵ حوکمی خۆبەڕێوەبەری کەچی ئینتمای بەشێکی زۆری کۆمەڵگا لاوازە ئەمە نیشانەی خاڵی بوونەوەی ئایدیۆلۆجیاکانە لە بیرو هزر)**. لە ڕاستیدا ڕەنگە ئەو دۆخە چەقبەستووییە سیاسی و ئابوریی و دواکەوتوییە دامەزراوەییەی، کەلە کوردستان هاتۆتە ئاراوە و هەروەها کۆچکردنی بەردەوامی لاوان و خێزانەکان بۆ هەندەران ئاماژەیەکی ڕوون بێت، بۆ ئەو قسەی ( ص. م. ع )، کە دەڵێت: ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان خاڵی بوونەتەوە لە هزرو بیرو زیاتر شوێن دابینکردنی خواستە حیزبی و ناوچەییەکانی خۆیانن .

بەڵام نابێت ئەو ڕاستییەش نادیدە بگرین، کە کۆمەڵگای کەم گەشەکردوو هەروەك ( ش. ی. خ) و ( ع. ف. ع ) و (ك. م. ن )، دەڵێن: ( **تاکەکەس و گرووپەکانی کۆمەڵگا بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجیاوە چونکە بە ئاسانی ڕکێف دەکرێن و بە دوای بەرژەوەندی گرووپی باڵادەستدا کێش دەکرێن)**، دیارە کۆمەڵگای کەم گەشەسەندوو کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی لە ڕووی بیرو تێگەیشتن و گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە ئەویش بەوە ناسراوە، کە نەیتوانیوە بگاتە پلەی گەیشتن و کامڵبوون( نضج )، بەئاسانی لە لایەن نوخبەی سیاسیەوە دەخەڵەتێنرێن و کۆنترۆڵ دەکرێن و خێرا بڕوا بەو بەڵێنانە دەدەن، کە دەسەڵاتداران لەکاتی بۆنە جیاوازەکانی وەک ڕۆژانی هەڵبژاردن و بۆنە نەتەوەیی نیشتمانییەکان دەیدەن، هەروەها نزمی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسێسە، پاشان وەک لویس ئاڵتۆسێریش دەڵێت: دەسەڵات چەندین دەزگای سەرکوتکاری هەیە، کە ئیشی ئەمانە ترساندن و ئازاردانی هەر کەس و گروپێکە، کە لە کۆمەڵگادا بیەوێت دەنگ هەڵبڕێت و داوای مافەکانی خۆی بکات. لەلایەکی ترەوە لە ئەنجامی ئەو گەشەکردنە بیری و کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان و جیهان ڕوویداوە ئایدیۆلۆجیاکانی ڕووبەڕووی

قەیران کردۆتەوە، بۆیە ئایدیاکان بەشێوەی جاران پەسەند نین چونکە گۆشەنیگاکان فراوانن و بیری خەڵك لەناو یەك جوغزی بیریدا قەتیس ناکرێت، وەکو( م. ح. م)، دەڵێت: ( **بەڵێ چیدی کوردستان کۆمەڵگایەك نییە، کە خۆی بە ڕەوتێکی بیری و هزری دیاریکراوو کۆمەڵە کەسێکی ئایدیۆلۆجیستی تایبەتەوە ببەستێتەوە، بۆیە شوێن پێی ئایدیۆلۆجیاکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو بەرتەسك بوونەوە دەڕوات لە هەرێمی کوردستان**). ئەمەش بەواتای نەمانی تەواوەتی ئایدیۆلۆجیا نایەت. بۆیە لەم حاڵەتەدا ئایدیۆلۆجیاکان بەدەست بەستراوی دانانیشن، بەڵکو بەدوای بەکارهێنانی میکانیزمی خۆچەسپاندنی تردان، بۆیە( م. ع ) نموونەی پاڵپشتی کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) دەهێنێتەوە بۆ کاندیدەکانی (نەوەی نوێ) لە کوردستان لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ساڵی ( ٢٠١٨ )ی ئەنجومونی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان، (**هەروەها نموونەی ( علی باپیر) دێنێتەوە، کە لە سەردەمێکدا تەکفیری بەشداری پەرلەمانیی دەکات، بەڵام ئێستا لەناو چەقی سیستمەکەدا سیاسەت دەکات**) ، پاشان باسی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەکات، کە لەگەڵ ئەوەی شەڕی ئایدیۆلۆجیان هەیە، بەڵام هاوپەیمانی لەگەڵ هێزی جیاواز بۆخۆیان دەکەن، بەمەبەستی هەندێك جووڵە و بەشداری سیاسی بۆیە بەرژەوەندی سیاسی ڕێگایان پێنادات ئایدیۆلۆجیایانە مامەڵەبکەن.کەواتە ئایدیۆلۆجیاکان ئەگەر گۆڕانکاری لە خۆیاندا نەکەن هەم بواری بەشداری سیاسیان لێ تەسك دەبێتەوە و هەم کۆمەڵگاش بەجێیان دەهێڵێت.

ئەم هەوڵی خۆگۆڕینەی ئایدیۆلۆجیا وایانلێدەکات کە نەتوانن هەر بەیەکگرتویی بمێننەوە و توشی شەق بوون و دابەشبوونیان دەکات، بۆیە وەك (م. ع )، دەڵێت :( **باڵباڵێنی حیزبەکان لە ساڵی ١٩٧٥ و (٨٠) کان و نەوەدەکان چ لەناو بزوتنەوە ئیسلامییەکان و بزوتنەوە نەتەوەییەکان هەمووی ئاماژەن بۆ کرانەوەی کۆمەڵگاو ئاگاداربوون لە دونیای دەرەوە، هەروەها دروست بوونی بزوتنەوەی گۆڕانیش، کە لەبەشێکی یەکێتی و ئیسلامییەکان پێکدەهات وەك ئەنجامێك بوو بۆ ئەو بڕوایەی چیتر ئایدیۆلۆجیا وەڵامدەرەوەی خواست و جیهانبینی و داواکاریەکانی ئەوان نییە، بۆیە پاش دروست بوونی پرسیاری ڕاستەقینە لەسەر ئایدیۆلۆجیاکان ئیدی ئەوان پێگەی خۆیان بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکان بۆ دروست کردنی کاریگەری جێدەهێڵن** ).

دواتر( م. ح. م )یش، پێیوایە: ( **کۆی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی لە کوردستاندا هەن و بە تایبەت ئەوانەی لە دەسەڵاتدان( باڵادەست) وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی قۆناغەکە نین، وەك بڵێیت بەرگێکمان لەبەرکردووە بەبەری ئێستامان نابێت، چونکە کرانەوە گەورەکانی جیهان و ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستانی لەگەڵ ئەو گووتە ئایدیۆلۆجیە نەتەوەییەی بانگەشەی بۆ دەکرێت پڕبە پێستی داخوازییە نەتەوەییەکەمان نییە، بەهەمان شێوە بۆ ئیسلامییەکان و چەپەکانیش وەڵامدەرەوەی**

**داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان نین، بۆ نموونە نوسینەوەی دەستورێك ، پێناسەکردنی سیستمێکی بەڕێوەبردن، دروستکردنی لەشکرێکی نیشتیمانی لە ئایدیۆلۆجیای کام لەو گرووپانەی، کە هەیەو داوای دەکەن بێکاریگەرترن لەوانەی، کەلەسەر واقیعەکە داوای ئەم پێویستیە سەرەکی و هەنووکەییانەی کۆمەڵگا ناکەن و باڵادەستیشن ).**

لە ڕاستیدا ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان ناتوانن بەدەربن لەکاریگەری سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگا، کە خێڵەکی بووە لە ڕابردوودا. ئەم ئایدیۆلۆجیایانەش بۆ خۆهێشتنەوەیان بەسەر دەستی و کاریگەری بەردەوام پەیوەندییان لەگەڵ بەها و دیدی خێڵ هەبووە، بۆیە ناکارابوونی ئایدیۆلۆجیا دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو دەستە زاڵەی ئێستا، کە پێشتر تێیدا ژیاون و بیرو باوەڕو ئایدیۆلۆجیایان وەك بۆماوە بۆماوەتەوە. بۆیە پێداچوونەوە بە ئایدیا و گۆڕان و وازهێنان لە بەشێك لە بیرو ڕاو قەناعەتەکان زۆرقورسە و هەندێك جار وەك کفر سەیر دەکرێت. پاشان بەرژەوەندی حیزبی وایکردووە ئایدیۆلۆجیا تێکەڵ بەلایەنی ئابوری و بژێوی ژیانی خەڵکی و کارکردن بووە، بۆیە دەستبەرداربوونی ئایدیۆلۆجیا کارێکی مەحاڵە.

**<u>(ئەگەری ئاوابوونی ئایدیۆلۆجیا سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان)</u>**

ئایدیۆلۆجیا وەك نەسەقێکی بیری و هەڵقوڵاوی زەمینەی واقیعێکی دیاریکراو بەدەر نییە لەو ئاڵنگاری و بەربەستانەی مۆدێلی ژیانی دونیای نوێ بۆ مرۆڤایەتی هێناوە. کرانەوەی گەورەو زۆر خێرا هەموو کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە، دەستڕاگەیشتن و تێگەیشتن لە تێزە بیرییە نوێکان ئاسان بووە، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەو بیرانەش، پاشان زاڵبوونی جیهانی ماددی و بڵاوبوونەوەی بیری تاکگەرایی و ستایلی بەرژەوەندی کەسی و مەیلی خۆشگوزەرانی پێگەی بیر و ئایدیا و بەهاکانی خستۆتە بەردەم هەڕەشەی لاواز بوون، تەنانەت فۆرم و نەریتە لۆکاڵییەکان بەرەو نەمان دەچن، لە ئێستا فۆرمێکی نوێی بیرو بەها خۆی دەسەپێنێت، کە زیاتر لەگەڵ ئامانج و خواستە تاکییەکاندا سازاوە، بۆیە پێگەی ئایدیۆلۆجیا سەراپاگیرەکان لەق بووە، ئایدیۆلۆجیا زۆر بەگران دەتوانێت پابەندبێت بە پرنسیپە بیرییەکانی خۆیەوە، ئەم ڕاستییە بۆ کوردستانیش زیاتر ڕوونە، هەڵبەتە دوای ڕاپەڕین و سەردەمی ئازادی عێراقیش ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان توانیان پێگەی خۆیان بچەسپێنن، بەڵام وردە وردە و دوای کرانەوەی کوردستان و تاقی بوونەوەی ئایدیۆلۆجیاکان دەرکەوت، کە ئەم ئایدیۆلۆجیایانە لە ئاست پێداویستی دۆخەکەدا نین. بۆیە وەکو (ع. خ. ع)، دەڵێت: **(ئایدیۆلۆجیا لە کوردستاندا لە قەیرانێکی گەورەدایە، چونکە بانگەشەکارانی ئایدیۆلۆجیا ڕاستگۆنین لەگەڵ خۆیان و خەڵکیشدا).**

دەتوانین بڵێین دوای ڕەوینەوەی پەرجوە بیری و پیرۆزیەکەی ئایدیۆلۆجیا ئیتر وردە وردە ڕەهەندە کۆمەڵگایی و کاتی و شوێنی و واقیعییەکەی دەردەکەوێت، کە زیاتر هێنانەدی بەرژەوەندی و ئامانجی سیاسی و ئابوریيە بۆ چینێکی دیاریکراو یاخود بۆ کۆمەڵگا، بۆیە (م. ح. م )، دەڵێت: (**هێزە باڵادەستەکانی کوردستان هێزی ئایدیۆلۆجی نین وئەوەی لە ئێستادا کێشەیە لە پێکەوە کارکردنی ئەو هێزانە ئایدیۆلۆجیا نییە، بەڵکو زیاتر بابەتە بەرژەوەندییەکانن و لەسەر پرنسیپی ئایدیۆلۆجی کێشەیان نییە، بەڵکو تەماشای بەرژەوەندی خۆیان کردووە و چی لە قازانجی خۆیاندا بوبێت بەرگرییان لەو ڕاستییە کردوە** ).

زیاد لە دەیەیەکە ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان لاوازبووە، چونکە بە پراکتیکی دەرکەوت بابەتە ئایدیۆلۆجیاکان زیاتر بانگەشەن وەك لەوەی میتۆدێك بن بۆ گۆڕانی ئەرێنی، هەروەکو (ف. ص. ق )، دەڵێت:( **مەرج نییە هەمیشە ئایدیۆلۆجیا لە خزمەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بێت بە شێوازی ئەرێنی**). هەڵبەتە ئەم کێشەیەش بۆ ئەو میچە( سقف) دیاریکراوەی دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە ئایدیۆلۆجیا بۆ خۆی دادەنێت و پرسیارەکانی هەمووان وەڵام دەداتەوە و ناتوانێت ئاسۆیەکی کراوەی هەبێت و دەرگا بە ڕووی گۆڕانکارییەکانی واقیعدا بکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئایدیۆلۆجیا، کەسەرچاوەکانی بیری و بەهای خۆی لە دونیایەکی کۆنتر وەردەگرێت و توانای نوێبوونەوەی نابێت زیاتر شیاوی فەرامۆشکردن دەبێت، مەگەر ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی دەستبەرداری پرنسیپە بیرییەکانی خۆیان دەبن و ڕەهەند و بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوریەکانی کۆمەڵگا تەبەننی بکەن، چونکە بە ئاشکرا هەست بە چەقبەستووی ئایدیۆلۆجیاکان لە بەرانبەر گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردستانیدا دەکەین، ململانێیەکی توند لە نێوان نەوەی پێشوو و ئێستادا هەیە. ئەگەرچی ئەو ململانێیە زۆرجار شاراوەش بێت(دەردەکەوێت) نەوەی کۆن بەئاسانی ناتوانێت بێتە ژێرباری داخوازی نەوەی نوێی کۆمەڵگا، بۆیە کۆششی هێماو کارەکتەرەکانی ناو ئایدیۆلۆجیا باڵادەستەکان بۆ دیسپلینکردنی کۆمەڵگا زیاتر لە هەوڵێکی سەپاندنی فۆڕمێکی دیاریکراوی ژیانکردن زیاتر نییە، کە سیستمە گشتگیرەکانی جیهانی گەشەسەندو و بەرجەستەی دەکەن، هەروەکو (م. ع )، دەڵێت:( **ئەو وڵاتانەی کە تۆتالیتارن خاوەنی ئایدیۆلۆجیان، کە سیستەمەکەیان زۆر بە شێوەی بەرتەسك و دیاریکراو پەیڕەوی لە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو دەکەن** ).

پاشان (م. ح. م ) لە پەیوەندیدا بەگەشەی خێرای کۆمەڵگا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرانبەر سستی بەرەو پێشچوونی ئایدیۆلۆجیا دەڵێت: ( **لەم قۆناغەی کە کوردی تێدایە واقیعە کۆمەڵایەتیەکەی ئێمە زیاتر گەشەی کردووە وەک لە ئایدیۆلۆجیا، ئەگەر لە هەموو مەسەلەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا ئایدیۆلۆجیا وەك چراو پێشەنگی گۆڕانکارییەکان بوبێت وەك خەیاڵ و ئایدیایەك بۆ دروستکردنی مۆدێلێکی نوێی کۆمەڵایەتی پێشڕەوایەتی کۆمەڵگای کردبێت، بە پێچەوانەوە لە ئێستا واقیعێکی**

**کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمە (لایەنە بابەتیەکە) پێشکەوتووترە و ئایدیۆلۆجیاکانمان زۆر دواکەوتووترن ).**

واتە سەرەتای جیهێشتنی ئایدیۆلۆجیا گشتگیرەکان لە کوردستان دەستی پێکردووەو خەڵك زیاتر لە خەمی دابینکردنی ئەرك و مافە مادییەکانییەتی نەك بیرە ئایدیۆلۆجیەکان، تەنانەت لە دەساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستاندا وەك پەرچە کردارێکی بیری و کۆمەڵایەتی بۆ ئایدیۆلۆجیای سەراپاگیر سێ هێزی سیاسی و مەدەنی نوێ دروست بوون، کە چەقی کاروبیریان زامنکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگایە و کەمتر بانگەشەی ئایدیۆلۆجی دەکەن ئەوانیش( بزوتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانی دیموکراتی ونەوەی نوێ)بوون چونکە چاوەڕوانی کۆمەڵگا زیاتربۆ مەبەستەماددی وئابوری و کۆمەڵایەتییەکانە و کەمترگرنگی بەبیرکردنەوەکان دراوە.

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی ئایدیۆلۆجیاکان لە هەرێمی کوردستان کەمتر توانای خۆنوێکردنەوەیان هەیەو پرۆسەی خۆگونجاندن و فەراهەمکردنی پێداویستی وخواستەکانی کۆمەڵگایان زۆر لاوازە ، ئەمەش دەیانخاتە بەردەم مەترسی جێهێشتن و فەرامۆشکردن و پاشان ئەم میتۆدی کارکردنەش توانای ئەو ئایدیۆلۆجیایانە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لاوازدەکات و تەنانەت دەبنە بەربەبەست لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا. بۆیە دوور نییە بە توندی دەستگرتن بە ئایدیۆلۆجیاوە لەلایەن ئایدیۆلۆجیای زاڵەوە ئایندەی کۆمەڵگا بخاتە بەردەمی شەڕی توندی ئایدیۆلۆجی و بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا. بەم پێیەش هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و دڵنیای پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا تووشی هەڵوەشان دەبێت، هەرچەندە ئەم دۆخەش دەبێتە هۆی بزاوتنێکی نوێی کۆمەڵایەتی، بەڵام دیار نییە لەم ململانێی ئایدیۆلۆجیەدا، کە هاوسەنگی هێزە ئایدیۆلۆجیەکان بوونی نییە دۆخی پێکهاتە کۆمەڵایەتیە، کە چ فۆڕمێکی تر وەردەگرێت.

## تەوەری چوارەم: پیرۆزکردنی ئایدیۆلۆجیا و ململانێکان لە کوردستان؟

بەپیرۆزکردن ئەدگارێکی جیانەکراوەیە لە ئایدیۆلۆجیا، چونکە ئایدیۆلۆجیا دونیا بینییەکە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك بیروباوەڕ و تێگەیشتن دروست دەبێت. ئەمەش ڕووەو پیرۆزی و خۆبەڕاست زانینی ڕەهای دەبات، کێشەی ئایدیۆلۆجیا لێرەدا سەرهەڵدەدات و لە بابەتیکەوە بۆ گۆڕانکاری و خۆشبەختی مرۆڤ دەبێتە میکانیزمێك بۆ تۆقاندن و چەوسانەوەی کۆمەڵگا، ئایدیۆلۆجیاکانیش لە کوردستان لەم پرۆسەیە بەدەرنەبوون. ئەمەش ئازارو کێشەی گەورەی بۆ کۆمەڵگا هێناوە، دیارە ئەم بابەتەش پەیوەندی بە جۆری ئەو کلتورەوە هەیە، کە کۆمەڵگا بەرجەستەی کردووە، چونکە وەک( رینهارد بندکس )دەڵێت:

سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆجیا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەردەمی هەڵوەشاندنی ڕێکخستنی سیستمی دەرەبەگایەتی، واتە خواستی بەرجەستەکردنی بیری ئازاد و سەربەخۆبوونی مرۆڤەکان وای کرد کە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی چەندین ئایدۆلۆجیای جیاواز لە ئەورپا بسازێت، کە بێگومان جۆری کلتوری کۆمەڵگاکانیش جۆری ئەو مامەڵەکردنە لەگەڵ ئایدیۆلۆجیاکاندا دیاریدەکات( السمالوطي ، ١٩٧٥ : ٢٠٦ ). بۆیە ( برگرو تۆماس لۆکمان ) جیاوازی دەکەن لە نێوان ئەو کلتورەی کە ڕێگا بە ئازادی بیری و سەربەخۆیی دەدات و ئەو کلتورەش، کە هەمیشە ڕووە و قۆرخکاری و چەوساندنەوە دەڕوات،بۆیە نموونەی ئەورپا بۆ کلتوری یەکەمیان دێننەوە، کە هەلی بیرکردنەوەی جیاواز و قبوڵکردنی ئایدیۆلۆجیای جیاواز فەراهەم دەکات، نموونەی کلتوری یەکێتی سۆڤێتی جاران بۆ دووەمیان دێننەوە، کە هەمیشە دەیویست یەک جۆر بیرکردنەوەو ئایدیۆلۆجیا بەسەر نەوەکانی وڵاتدا بسەپێنێت( السمالوطي ، ١٩٧٥ : ٢٠٧ ). بۆیە لە چوارچێوەی خوێندنەوە بۆ دۆخی کلتوری و کۆمەڵایەتی کوردستان و جۆری ئایدیۆلۆجیەکەی (ڕ. ح. أ ح) دەڵێت: (**هیچ ئایدیۆلۆجیایەك لە کوردستان نەبووە بە پیرۆز نەکرابێت، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە ئاڵۆزکان و شڵەقاندنی کۆمەڵایەتی و نەبوونی سەقامگیریدا خۆی بەدیار خستووە و شەڕی نێوخۆیش یەکێك بووە لە لێکەوتەکانی**). پاشان (ك. س. س) یش، بڕوایوایە ( **پیرۆزکردنی بیر لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگای بۆ چەند کۆمەڵەو پارتێکی سیاسی ململانێکار دابەشکردووە، کە ئەم پیرۆزکردنەش هەستی نەرێنی لای مرۆڤ بەرامبەر بیروباوەڕەکانیتر دروست دەکات، ئەمەش زۆربەی جار بە ڕەتکردنەوەی بیری بەرانبەر و هەڵوەشاندنەوەو دژایەتیکردنی کۆتایی دێت، ئەم بەپیرۆزکردنەش لە ڕابردوودا بوبە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لە کوردستان لە نێوان ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکاندا** ) .

لەلایەکی ترەوە (ع. ف. ع ) دەڵێت: ( **ئایدیۆلۆجیا لە جەوهەردا و بە پێی سروشتی پێکهاتەکەی بارگاوییە یە بە خواستی ڕەگەزەکانی بە پیرۆزسەیرکردن** ). هەروەها، پێیوایە: ( **هەموو بە پیرۆزکردنێکیش بریتی یە لە بەلاوەنان یا پاسیڤکردنی ئەوانی تر، ئەمەش واتای زەمینە خۆشکردنە بۆ ململانێ و ناکۆکی نالۆجیکانە** )، لە کوردستانیش بە کاریگەری باری دواکەوتن و بوونی تاکە ڕوانین، کە ئایدیۆلۆجیای حیزبیش ڕۆڵی نەرێنی هەبووە لە تەسککردنەوەی ئاسۆی بینین و بیرکردنەوەدا و هەمیشە بانگەشەی بۆ پیرۆزی و یەکەمی خۆی کردووە بە بانگەشەی دوور لە کردار. بۆیە ئەگەر کۆمەڵگا هۆشیار نەبێت و هەمیشە پرسیاری ڕاستەقینەی لەسەر بنەما عەقڵییەکان و دیدە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ئایدیۆلۆجیایانە نەبێت، ئەوا هەموو چرکەساتێك ئێمە لەبەردەمی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەی بە دیکتاتۆربوونی ئەم ئایدیۆلۆجیایانەدایین، چونکە کاتێك ئایدیۆلۆجیا لەلایەن خەڵکەوە

ڕەهاکراو تاقینەکرایەوە و ڕەخنەی ئاڕاستە نەکرا، ئەوا بەئاسانی بەناوو دیدگای هەموانەوە بڕیار دەدات و هیچ کات بیر لە ئەنجامی هەڵوێست و کردارەکانی ناکاتەوە .

پاشان ( أ. ع. م ) لەبارەی ئایدیۆلۆجیاوە دەڵێت: ( **ئایدیۆلۆجیا فۆڕمێکە لە ئاینی ساختە، ئاینی سەرزەمینە و دروستکراوی مرۆڤە، لەبەرئەوەی مرۆڤەکانیش پیرۆزن هێڵی حەرام و حەڵاڵ دەکێشن و خۆی وادەنوێنێت کە قسەی کۆتاییە دەربارەی هەموو شتەکان و هەمیشە پیرۆزیش بەرهەم دێنێتەوە، دروستبوونی پیرۆزیش(دۆگمابوون) لەسەرحسابی سیاسەتە، جا کاتێك گرووپێك تێگەیشتنێکی جێگیری هەیە لەسەر ئەوانی ترئیدی ناتوانێت خوێندنەوەکانی بۆ ئەوهێزەی بەرانبەری نوێ بکاتەوە و بەردەوام لە فرسەتێك دەگەڕێت، تا ئەوهێزە بکاتە دەرەوەی گەمەی سیاسی** )، بۆیە هەر ئەم بە پیرۆزکردنە بووشەڕی ناوخۆی بە هێزەکان سیاسییەکان کرد، هەروەها هەمان میتۆدە وای کردووە ئایدیۆلۆجیا ببێتە هۆی شێواندنی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی شەڕی نەزۆك و ساختەکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی.

هەروەها(هـ. ع. س)، پێیوایە: ( **پرۆسەی بەپیرۆزکردن کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر سروشتی ململانێی نێوان ئایدیۆلۆجیاکان داناوە، چونکە سەرەتا قۆرخی حەقیقەت دەکات و ئەمەش واتای ئەوەیە هەموو ئەوانیتر لە هەڵەدان و دەبێت ئێمە چارەسەریان بکەین، پاشان مۆدێلی ڕەخنەگرتن لەیەکتر لاواز دەبێت، کە ئەم بەپیرۆزکردنە لە خێڵەوە گواستراوەتەوە بۆ نێو ئایدیۆلۆجیا و پارتی سیاسی، پاشان گرفتێکیتر ئەوەیە، کە خۆ پیرۆزکردن دەبێتە هۆی جۆرێکی دیاریکراو لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، دابەشبوونی ناوچەیشی بەرهەمهێناوە و بەمەش لێکتێگەیشتنی هێزەکانی قورسکردووە**). کێشەی ئەم پیرۆزکردنە ئەوەیە کە لەیەك زەمکانی دیاریکراو و مێژوو و کۆمەڵگا و کلتووری دیاریکراودا گرووپێك بانگەشەی ئەم خاوەندارێتی حەقیقەتە ڕەهایە بکات و ئەوانیتر فەرامۆش بکات، ئەمە زەوتکردن و سەندنەوەی مافی ژیان و بیرکردنەوەو جیاواز بوونە لەوانی دیکە، واتە ئەم بابەتە پێشێلکردنی تەواوی مافی مرۆڤەکانە .

بەڵام ( م. ح. م )، پێیوایە: ( **ئەو کاتەی ( پاسۆك و پارتی و یەکێتی )، کە هێزی ئایدیۆلۆجی بوون و لەسەر ئایدیۆلۆجیا کاریان دەکرد بواری کارکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتیان پێکەوە قورس بووە، بەڵام ئێستا ئەو هێزانە بواری کارکردنیان پێکەوە زیاترە، چونکە هێزی نائایدیۆلۆجین و ئەوەی کێشەیە لە ئێستادا لە پێکەوە کارکردنی ئەو هێزە نائایدیۆلۆجیانە، مەسەلە ئایدیۆلۆجیەکان نییە هێندەی ئەوەی بابەتە بەرژەوەند ئامێزەکانن** ). هەروەها ( م. ع. )یش هەمان بۆچوونی هەیە لەسەر هێزە ئایدیۆلۆجیەکانی کوردستان و پیرۆزکردن بە فاکتەرێکی کاریگەری تەواو لای ئایدیۆلۆجیاکان نابینێت و ڕایدەگەیەنێت، کە:( **هێزەکان موجامەلەی یەکتری دەکەن، چەپ و ئیسلامییەکان ئەو بابەتانە**

**ناوروژێنن، کە جێگای گرنگپێدانی هەریەك لەو ئایدیۆلۆجیایانەن، بۆماوەیەکی دوورودرێژ دەست بۆ پیرۆزییەکانی یەکتر نابەن، هەروەها هێزێکی وەکو (کۆمەڵی ئیسلامی) هەرچەندە هێزێکی ئایدیۆلۆجیە بەڵام لەگەڵ هێزی چەپدا هاوپەیمانی سیاسی دەکات ( لێرەدا پیرۆزی ونە) )**، ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان هێندە کاڵبۆتەوە چاوەڕێ ناکرێت ببێتە سەرچاوەی ململانێ و هێزەکان قەناعەتیان بەوە کردووە کە کوردستان فرە کلتورە .

بە پێچەوانەی بیروڕای دوو کەسی پێشوو (م. ح. م )، بڕوایوایە( **بەپیرۆزکردن پەیوەندی بە سروشتی کەسێتی تاکی کوردەوە هەیە، ئەم سروشتەش بەرهەمی کەناڵەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە، پاشان کلتورێك پەرەی پێدراوە، کە وازهێنان لە بیرو ئایدیۆلۆجیاو ڕۆیشتن بەلای ئایدیای تر بە سوکایەتی زانراوە، ئەمەش وایکردووە تاك تاڕادەیەکی زۆر سووربزانێت هەڵەیە و وەڵامی پێ نییە, ئەگەرێت بە دوای بیانویەکدا بۆ قەناعەت بە خۆکردن و ئەوانی تریش کە ئەو لەسەر بیرێکی ڕاستە. بۆیە زۆر بە گرانی دەتوانێت وازبهێنێت لە ئایدیۆلۆجیایەك کەلە قۆنانغێکی تەمەنیدا بڕوای پێ بووە و بانگەشەی بۆکردووە، ئیتر لێرەوە سەیری ئامانج ناکات، بەڵکو سەیری میکانیزم دەکات ).**

دواتریش (ك. م. ن )، بڕوایوایە: ( **پیرۆزکردنی ئایدیۆلۆجیا لە بنەڕەتدا کوشتنی ئەو ئایدیۆلۆجیایانەیە، ئایدیۆلۆجیا گرنگ و پێویستە، بەڵام هەرگیز پیرۆز نییە، نابێت ئایدیۆلۆجیا لە چوارچێوەیەکدا لە قاڵب بدەین چونکە ئایدیۆلۆجیای لەقاڵبدراو ئەنجامی لەناوچوونە، ئەگەر ئایدیۆلۆجیا ماوەیەك بەردەوام بوو و نەیتوانی گۆڕانکاری بکات، ئەوە هەوادارانی دێن کەس و لایەن و کتێب پیرۆز دەکەن، یاخود شێخ و (پاپا) یە، کە جێگای بیرەکە دەگرێتەوە، ئایدیۆلۆجیا ئەم میکانیزمە بۆ خۆپاراستن بەکاردێنێت، لەبەر ئەوە ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان، کە خۆیان بە پیرۆزکردووە بوونەتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی لە باشوری کوردستان ).**

## تەوەری پێنجەم: جیاوازی بیرو بەرژەوەندی ودۆخی یەکتر قبوڵ کردن لە هەرێمی کوردستان

لە کۆمەڵگای گەشەسەندودا جیاوازییەکان دەبنە هەوێنی نزیك بوونەوەو ئەنجامدانی کاری هاوبەش بۆ ئەوەی گرەنتی هێمنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پاراستنی جیاوازییەکان بکرێت و هەم مەبەستی

پێشکەوتن و گەشەکردنی بەردەوامیش فەراهەم بکرێت ، بۆیە جیاوازی بیر و بەرژەوەندی سیاسی دەبێتە فاکتەرێکی بنەڕەتی بۆ مامەڵە و گەمەی عەقڵانی لە سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگاداو هارمۆنییەتی سیاسی و فرەیی وهەلی بەشداریکردن دەهێنێتە دی، هەروەکو (ك. س. س ) ئاماژەی پێدەکات، کە ( **ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە ٩٨% ی گەلانی جیهان لە گروپ و ڕەگەزی جیاواز پێکدێن و باشترین خاڵی جیاکاری ئەم جیاوازییەش ئەوەیە، کە هەڵگری هەموو جۆرە دید و خواست و ئایندە بینییەکی تایبەتە** )، بۆیە جیاواز بوون تەواوکاری کۆمەڵگا فەراهەم دەکات، کە زۆرێك لە کۆمەڵگاکانی جیهان بە قبوڵکردنی ئەم جیاوازییە گەیشتوونەتە گۆڕانێکی مەبەستدار و پێشکەوتوو، بەڵام جیاوازی دید و بیرو ئاڕاستە سیاسییەکان لە کوردستان ئەم ئەنجامە خوازراوەمان ناداتێ . بۆیە ( ڕ. ح. أ. ح ) پێی وایە(**جیاوازی-یش لە کوردستان بنەمایەکی شەڕەنگێزانەی هەیەو شوێن و پێگەی خۆی نەچەسپاندووە. جیاوازی واتای لە دەرەوە بوون و چوونە بەرەی نەیارەوە ، ئەم تێگەیشتنە وایکردووە جیاوازی ببێتە هۆی تەنگ هەڵچنین بەیەکتر قبوڵکردن و تەسکبوونەوەی دۆخی فرەیی** ).

لەڕاستیدا ڕەوشی کۆمەڵگای کوردی بە هەموو ئەو دۆخە جیاوازو هەڵبەزو دابەزە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، کە تێی پەڕاندووە، هێشتا نەیتوانیوە دۆخێکی هاوسەنگ و هێمن بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی دابین بکات، بۆیە ئەگەرچی لە مۆدێلی سیاسی و گوتاری دەسەڵات و لە چوارچێوەی دامەزراوە مەدەنییەکاندا بانگەشە بۆ بوونی جیاوازی و فرەیی دەکرێت، بەڵام ئەم بابەتە هێشتا لە چوارچێوەی گوتار تێنەپەڕیوە، وەکو(ع. ف. ع )، دەڵێت: ( **قسەکردن لە جیاوازیی بیر و بەرژەوەندی سیاسی وەکو خواستن و تەنها لە گوتاردا بوونیان هەیە و هەبووە و لە ڕووی واقیعییەوەو لەسەر زەمینەی واقیع بونێکی ئەوتۆیان نییە، بۆیە دیاردە و دامەزراوەیەکی دەوڵەتی مەدەنی، کە حیزب و پارتە سیاسییەکانە و کاریان جێگیرکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەشداری سیاسی و بە دامەزراوەیی کردنە، نەیانتوانیووە بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن** ). لە تێڕوانینی(ع. ف. ع) دا ( **حیزب بەرهەمی کۆمەڵگای شار و چینی ناوەندە، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیدا حیزب یان بە کاریگەری دەوروبەر دروست بووە ، یان لە ئەنجامی کاردانەوە بەرانبەر بە زەبرو زەنگی داگیرکەران بۆ بەرگریکردن دروست بووە** )، واتە حیزبی کوردی دەمەزراوەیەکە سروشتی نییە و سیاسەتیش لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ناسروشتییەیە. دواتر(ص. م. ع )، پێیوایە: ( **هێزەکانی کوردستان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی کە نەسەقی بیریە ململانێ ناکەن، چونکە ئایدیۆلۆجیا لەسەر ئاستی نەسەق کاردەکات، بۆیە هەرگیز نابنە هۆی تێکدان و شێواندنی کۆمەڵگا ، بۆ نموونە ئایدیالیزم و ریالیزم لە مێژوودا لە ململانێیەکی دورودرێژدان، بەڵام ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەپارێزن، چونکە لەسەر بنەمای بیر ململانێ دەکەن، بەڵام ناتوانین ئەم ڕاستیە بەسەر ئایدیۆلۆجیاو هێزەکانی**

**هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنین، چونکە تا ئێستاش پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای یاسایی و دامەزراوەیی نییە و هەموو کاتێک ئەگەری بەریەککەوتنی توندی ئەم هێزانە هەیە )**. بۆیە دەتوانین سێبەرو هەژموونی کەسی سەرکردە لە ناو هێزە سیاسییەکاندا زۆر بە کاریگەرو یەکلایکەرەوە ببینین، چونکە لە ناو هەموو پارتە سیاسییەکاندا کەسی یەکەم کاریگەری گەورەی هەیە لە کاتی بڕیارداندا. یەکێک لەو ئاماژانەی دەریدەخات، کە پارت و هێزە کوردستانییەکان هێشتا لە قۆناغی سەرەتادان و نەیانتوانیوە خۆیان بە دامەزراوەیی بکەن، ئەوەیە لە دوای نزیکەی ٣٠ساڵی مێژووی چالاکیی سیاسی و مەدەنی ئەو هێزانە نەیانتوانیوە کەسی یەکەمی حیزبەکانیان بگۆڕن و بەردەوام ئومێدو خەونی سەرکەوتن و مانەوەیان تەنانەت پاراستنی ڕاستەقینەی کیانی هەرێمی کوردستان دەدەنە پاڵ سەرکردە یەکەمینەکانیان. لە کاتێکدا ئەمە سروشتی کۆمەڵگا تیۆکراتییەکانی مێژووە، کە هێشتا کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان نەیانتوانیوە تێیپەڕێنن، هەروەها بە ئاشکرا دروستکردنی بڕیاری سیاسی کۆتایی لە ناو ئەو پارتانەدا بە ڕەهایی لە دەستی کەسی یەکەمدایە و سەرکردە توانای هەیە کێی بوێت لە ناو حیزب و کۆمەڵگاشدا بیهێنیتە پێشەوە و بە پێچەوانەشەوە، لە کاتێکدا ئەم هێزانە هەمیشە خۆیان بە هێزی دیموکراسی و خاوەن ڕای گروپ و دروستکردنی بڕیار بە دەستەجەمعی ناوزەد دەکەن.

لەلایەکی ترەوە (أ. ع. م ) ( **هۆکاری سەراپاگیر (شمولی) بوونی ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان بۆ نەبوونی دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە لە مێژوودا، کاتێك کوردستان لە قۆناغی بەربەرەکانێ و شۆڕشگێڕیدا بووە، ئەم دۆخەش بە سروشتی حاڵ حیزبی پێشڕەو دەخوازێت، بۆیە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دروشمی (پێشڕەوی کورد پارتییە، سەرۆکمان بارزانییە) بەرزدەکرایەوە )**، هەروەها ڕایدەگەیەنێت، کە: ( **یەکێتی نیشتیمانی لەسەر نەفیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەبێت، وا ناوزەدی دەکات، کە هێزێکی سازشکەرو بۆرجوازییە** )، پاشان دەڵێت:( **لەبەر ئەوەی ئەم هێزانە خواستی ڕێبەرایەتیکردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە لەلای ئەوان ڕاستی کەمتر دابەش دەبێت و هەموو لای خۆی کۆدەکاتەوە، بەتایبەت کاتێك ئایدیۆلۆجیایەك نەبووبێتە دەوڵەت و چەکداربێت ئیدی فرە دەسەڵاتی دروست دەبێت، کە ئەمەش مەسەلەی پێکەوەژیان قورستر دەکات** )، هەرچەندە لەماوەی ( ١٠ بۆ ١٥ ) ساڵی ڕابردوو ئایدیۆلۆجیا ڕۆڵی نەماوە، هێندەی کەس و گرووپ و ئیمتیازو خواستی ڕێبەرایەتیکردنی کۆمەڵگا بەدەر لە ئایدیۆلۆجیا هەیە. بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستانی و کرانەوە بە ڕووی دونیای نوێ بە کارتێکردنی تەکنەلۆجیا و ململانێ سیاسییەکانی جیهان، تاڕادەیەکی زۆر ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان پاشەکشەی کردووە، ئەمەش هێزو لایەنە سیاسییەکانی ناچار بەیەکترقبوڵکردن کردووە، وەکو (ش. ی. خ) دەڵێت:( **زۆرجار بەرژەوەندییەکان حیزبەکان ناچار دەکەن یەکتر قبوڵ بکەن، ڕەنگە ئەم یەکتر قبوڵکردنەش ناچاری بێت**).

نەمانی ئایدیۆلۆجیا جۆرێك لە بێ بەندو باری سیاسی و ئابوری دروست کردووە ، ئێستا گەیشتوین بە دۆخێك لە ژیانکردن، یان ئایدیۆلۆجیا لە قاڵبمان بدات، یان هیچ مۆڕاڵێکی ئەخلاقی و مەدەنی بۆ یەکتر قبوڵکردن و مامەڵەی سیاسی یەکتر نەمێنێت. کەواتە ئاڵوگۆڕێك لەنێوان ئایدیۆلۆجیا و بەرژەوەندی سیاسیدا ڕوویداوە، ڕەنگە هێزەکان پاساوی مامەڵە سیاسیەکان بدەنەپاڵ پرنسیپە ئایدیۆلۆجیەکانیان، بەڵام بەئاشکرا هەست دەکەیت هێزەکان زیاتر بەرژەوەندی ئابوری و نفوزی سیاسی کردەی سیاسی ڕۆژانەیان پێدەکات. ئایدیۆلۆجیا لەدوای دروست بوونی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری گەورە پاشەکشەی کردووە، بۆیە بۆ مسۆگەرکردنی زۆرترین بەرژەوەندی هەموو میکانیزمێك بۆمانەوەی هێزە ئایدیۆلۆجیەکان گیراوەتە بەر، بۆیە وەك (هـ. ع. س)، دەڵێت:( **ئەم ئاڵوگۆڕەش پەرتەوازەیی دروست کردووە نەك فرەیی، چونکە فرەیی ئەنجامی باگراوندێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە، کە پرۆژەی هەیە بۆ وەرچەرخانی کۆمەڵگا، بۆیە ناتوانین پرۆژەیەکی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و یەکترقبوڵکردنی ڕاستەقینە لەناو گوتارەکانی ئەم هێزە ئایدیۆلۆجیانەدا بدۆزیتەوە** ). لەلایەکی ترەوە ( ك. م. ح ): ( **ئاماژە بەو تاکڕەوی و یەك تێڕوانینە دەکات لەناو ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستاندا و بەهۆکاری لاوازبوونی بیری فرەیی و یەکترقبوڵکردنی دەزانێت، چونکە هێزەکان واتێدەگەن یاخود ڕایدەگەیەنن لەکاتێکدا ئەوان خاوەنی پرۆژەیەکن بۆ گۆڕان و پێشخستنی کۆمەڵگا؛ ئەوا هەرکەس لەگەڵیدا بێت شۆڕشگێڕەو ئەوەش لەگەڵ نەبێت خیانەتکارو نانەتەوەییە** ). یەکێک لەو سروشتە ڕەهاییەی کە لە کاتی خۆنمایشکردندا ئایدیۆلۆجیا بەرجەستەی دەکات ئەم خۆبەڕاست زانینەیە، کە ئەم تێڕوانینە تاکڕەهەندییە کێشەی گەورەی کۆمەڵگا دواکەوتوەکانە و زۆر بە گرانی دەتوانن لێی بێنە دەرەوە، بۆیە هێزێکی ئایدیۆلۆجی کاتێک خاوەنی نفوز و دەسەڵاتە، ئەوا شەرعیەتی سیاسی و مێژوویی و عەقڵانی دەداتە سەرجەم بڕیارو هەڵوێستەکانی خۆی و وەک ڕاستەقینەیەک وەسفیان دەکات، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ئەو هێزە شەڕکەرانە لە پێناو مانەوەی خۆیان پەنایان بۆ هەندێک بڕیارو هەڵوێستی نانیشتمانی برد بەوەی، کە هێزی دەرەوەی کوردستانیان بەکارهێنا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان و دواتر ئەم هەڵوێستەشیان بە پێویست و نیشتمانیانە وەسف کرد، کەچی هەمان هەڵوێستی حیزبە نەیارەکانیان بە خیانەت وەسف دەکرد، ئەمە ئیشی ئایدیۆلۆجیایە، کە وادەکات جۆرێک چاویلکەی تایبەت دەکاتە چاوی، کە تەنها لەوێوە ڕاستیەکان دەبینێت و دان بە ڕاستیەکانی تری دەرەوەی خۆیدا نانێت.

بەڵام ئەم تێگەیشتنە بەلای بەشێك لە نموونەی توێژینەوەکەوە تەواو نەپێکاوە هەروەك (ق. م. ح) دەڵێت:( **ئەو ئاڕاستەی کارکردنەی، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە باشتر بووەو گەشەی کردووەو ئەوانەی، کە ڕۆژێك زۆر دژی یەکتربوون ئێستا یەکتر قبوڵدەکەن، ئەمەش وەك بەشێك لە**

**گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت )**. بەپێچەوانەوە (م. ح. م )یش، پێیوایە ( **جیاوازیی بیرو بەرژەوەندی سیاسی کاریگەرییەکی خراپی هەبووە لەسەر پرسی نەتەوە، پرسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پرسی پێشکەوتن، جا ئەو بەرژەوەندییە تاکەکەسی یان خێزانی و بنەماڵەیی بێت، بەتایبەت بگاتە ئاستێك، کە هەموو شتێك لە پێناو مانەوەی خۆی و بەرژەوەندییەکانیدا ئەنجام بدات** )، بۆیە دەمارگیری و بەرژەوەندی سیاسی بە گەورەترین بەربەستی بەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دۆخی فرەیی دەزانێت

## تەوەری شەشەم:ڕۆڵی خێڵ لە ناو ئایدیۆلۆجیاکان و دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا لە هەرێمی کوردستان

پەیوەندی نێوان عەقڵی (خێڵ و ئایدیۆلۆجیا) پەیوەندییەکی ئاڵۆزە، چونکە لەیەککاتدا خاڵی جیاوازی و خاڵی هاوبەشیشیان هەیە، لەڕووی مێژووییەوە خێڵ زۆر کۆنە و بەسەدان ساڵ پێش هاتنی ئایدیۆلۆجیا خێڵ بوونی هەبووە، لە ڕووی پراکتیکییەوە سنوری جوگرافی خۆی هەبووەو بەهاو یاسای تایبەت بەخۆی هەبووە، بەڵام ئایدیۆلۆجیا بابەتێکی نوێیە، تەنانەت (ف. ص. ق )، پێیوایە: ( **سەرەتای ئایدیۆلۆجیا لە کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی بیستەم** )، چونکە پێیوایە پێش ئەو وادەیە کورد لە سەردەمی خەملاندن بووە و وەکو کۆمەڵگا هەبووە، بەڵام وەك نەتەوە نەبووە، یەکەی کاریگەر و کارلەسەرکراو (خێڵە) لە ڕووی ماددی و جوگرافییەوە، پێشیوایە ( **ئایدیۆلۆجیا زیاتر لەسەر (بیر و تێڕوانین) جەخت دەکاتەوە** ). هەروەها ( **خاڵی هاوبەشی خێڵ و ئایدیۆلۆجیاش ئەوەیە هەردووکیان کار لەسەر پاراستن و برەوپێدانی سنوری خێڵ و نفوزی سیاسی دەکەن، وهەریەکەیان وەك دامەزراوە و ناوەڕۆکێکی بیری پاراستنی ئەوانەی ئینتیمایان بۆ دەکەن لەکارە یەکەمینەکانیانە** )، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نۆزدە و ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی کە هاتوونەتە کوردستان زۆرینەیان وەسفی کۆمەڵگای کوردستانیان وەک کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و خاوەن ئینمای توند بۆ عەشیرەت وەسف کردووە. لەم نێوەندەشدا چەندین سیفاتی باش و ناباشی خێڵیان خستۆتەڕوو، پاشان مێژوونووس( مینۆرسکی )یش لەو ماوەی، کە تێیدا ژیاوە ڕایگەیاندووە، کە کۆمەڵگای کوردی هەستێکی توندیان ڕووەو خێزان و هۆز هەیە، کە بەهێزترە لەو هەستەی بەرانبەر مرۆڤایەتی و برایەتی دامەزراو لەسەر ئایین وهەستی فراوانی نەتەوەیی هەیەتی( السندي، ٢٠٠٧ : ٦٧ ). هەروەها لە پەیوەندیدا بە حزوری خێڵ و عەقڵیەتەکەی لە فۆڕمەلەبوونی ئایدیۆلۆجیا نموونەی توێژینەوەکەمان بەسەر دووبەرەدا دابەش بوون بەرەیەکیان پێیانوایە خێڵ وەکو کات و وەکو مێنتالێتی بەسەرچووە و زۆر بەکاڵی هەستی پێدەکرێت، بەرەکەی تریش پێیانوایە عەقڵیەتی خێڵ بوونێکی کاریگەری هەیە لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا

و بەتایبەت لە فۆرمەلەبوونی ئایدیۆلۆجیادا. ( ف. ص. ق )، پێیوایە: ( **ئەم سەردەمە سەردەمی خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی نەماوە، چونکە دەرەبەگایەتی وەکو سیستم هەرەسی هێنا، سەرمایەداری جێگای گرتەوە، بەڵام هەموو سەرمایەدارەکان سەربەخێڵ و سیستمەکەی بوون** ). هەروەها (ك. م. ح ) دەڵێت:( **ڕۆژهەڵاتناسەکان بە خراپ کۆمەڵگای کوردییان ناساند، کاتێک لە شوێنێک خێڵێکیان بینیوە حوکمی کردووە ئیدی هەموو کۆمەڵگایان وانیشانداوە، ئەو پێیوایە سێ جۆر دەرکەوتنی خێڵ هەیە( زۆر، لاواز، نەبوون). بۆیە هەندێك ناوچەی کوردستان ڕۆڵی خێڵ تێیدا زۆر لاوازەو لە هەندێك ناوچە هەرنەبووە، بۆیە کاتێك ئایدیۆلۆجیاکان هاتوون دژایەتی ئەو خێڵەکیەیان کردووە** )، بۆ نموونە ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ) هەروەها پێشتریش، کە باڵی مەکتەبی سیاسی لە پارتی جیادەبێتەوە، پاساو بەوە دێنێتەوە، کە پارتی خێڵەکی مامەڵە دەکات، بەڵام دواتر و پاش تێپەڕبوونی چەند دەیەیەك هەست دەکرێت هەموو پارتە سیاسییەکان ڕوو لە خێڵ دەکەن. دەتوانین بڵێین ڕەهەندی خێڵەکی هێندە بەهێز لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا ڕەگی داکوتاوە بەئاسانی دەتوانێت هەر بابەت و مۆدێلێکی نوێی بیری و بەهای و کردەیی ڕەنگ بکات، هەر (ك. م. ح )، دەڵێت:( **هێزە ئایدیۆلۆجییەکان لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگی ئەوان وازیان لە زۆرێك لە پرنسیپەکانی خۆیان هێناوە** )، لەلایەکی ترەوە(ق. م. ح ) پێیوایە( **لە کۆمەڵگادا دوو ئاراستەی ئیشکردن لەگەڵ خێڵ هەیە، ئاراستەیەکیان دەیەوێت خێڵ بەکاربهێنێت لە بواری سیاسەت و دەنگدان، بەڵام ئاراستەی دووەم کار لەسەر کاڵکردنەوەی کاریگەری خێڵ دەکات لە هەرێمی کوردستان** )، ئەم ڕاستییەش بە پێی جیاوازی جوگرافی لە هەرێمی کوردستان دەگۆڕێت، بەڵام پێشی وایە لە داهاتوودا خێڵ و کاریگەرییەکەی کاڵ دەبێتەوە، چونکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

لەلایەکی ترەوە ( م. ع )، پێی وایە: ( **هەرچەندە تا ئێستاش بونیادی عەشیرەتگەری لە کوردستان بوونی هەیە، بەڵام خەڵك وەکو شوناس سەیری ئینتیمای عەشیرەتگەری دەکەن و عەشیرەتەکان زیاتر مەراسیمی کۆمەڵایەتیان هەیە و لەهەمانکاتدا پەیوەندییەك لە نێوان عەشایەرو ئایدیۆلۆجیدا نابینێت، هەروەها ئایدیۆلۆجیا لەسەروو سیستمی خێڵەوە دەبینێت و ململانێیەکیش لە نێوانیاندا نابینێت، ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی کێشەی لەگەڵ عەشیرەت نییە و ناسیۆنالیستەکانیش توانیویانە عەشیرەتگەری تێپەڕێنن، بەڵام بیری چەپ کەمێك ڕادیکاڵترە بەرانبەر عەشایەرو بەبەرهەمی فیوداڵیزمی دەزانن** ). هەر لەم میانەیەشدا (م. ح. م ) باسی ناکاریگەری خێڵ دەکات لەسەر ئایدیۆلۆجیاو عەقڵی خێڵ بە عەقڵێکی نەریتی دادەنێت، پێیوایە( **عەقڵی خێڵ عەقڵێکی کۆنەو بەرگری لە پاشکەوتن و کۆنەپارێزی دەکات، ڕێك بە پێچەوانەی ئایدیۆلۆجیاوە، چونکە تەنانەت ئایدیۆلۆجیای ڕاسترەوی پارێزکاریش دەیەوێت کۆمەڵگا بە شێوازێکی نوێ دابڕێژێتەوە و پێشیوایە ئایدیۆلۆجیای**

**ئیسلامی و چەپ و ناسیۆنالیستی هەموویان لە عەقڵی خێڵ دەدەن )**، کەوایە نەک عەقڵی خێڵ لەفۆڕمەڵەبوونی ئایدیۆلۆجیادا بوونی نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆجیاکان بە ڕێگریشی دەزانن لەپەرەسەندنی خۆیاندا. کەواتە بەپێی تێگەیشتنی ئەم گرووپە بێت کۆمەڵگای کوردستانی، تا ڕادەیەکی زۆر ناخێڵەکییەو توانیویەتی سنورەکانی بیرکردنەوەی عەشایەری و پاشکەوتووی جێبهێڵێت چونکە گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەم و بەجیهانی بوون و کرانەوە بەڕووی بەهاو مۆڕاڵە مەدەنییە جیهانییەکاندا بەتەواوی بیری خێڵەکی لاوازکردووە. بەم پێیەش ئایدیۆلۆجیا زیاتر توانیویەتی جێ پێی خۆی پتەوبکات لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام ئەگەر بە دیدێکی بێلایەنانەوە سەیری دۆخی سیاسەت و حیزبایەتی و پەیوەندییەکانی چەند دەیەی ڕابردوو بکەین، هەست دەکەین خێڵ وەک دونیابینی و وەک بونێکی واقیعی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کۆی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا هەیە، هەروەها بەهێزبوونی خێڵ وەک ئەنجامێکە بۆ لاوازی دەزگاکانی دروستکردنی بڕیارو یاسادانان و جێبەجێکردنی یاسا، کە ناتوانین تائێستاش دڵنیابین لەوەی، کە هەژموونی خێڵ دەستکۆتایە بەسەر کۆی دەزگاکانی بەڕێوەبردنەوە لە هەرێمی کوردستان.

بەڵام هەرچی بەرەی دووەمی نموونەی توێژینەوەکەیە، پێیانوایە، کە خێڵ هێشتا پنتێکی گەورەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی داگیرکردووە و ئامادەگییەکی کاریگەری لەسەرجەم سێکتەرەکاندا هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ( عەتا قەرەداخی ) لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکیدا بۆ کۆمەڵگەی کوردی سەرەڕای ئەوەی خێزان بە پێکهێنەری سەرەکی کۆمەڵگەی کوردی دادەنێت لە هەمانکاتدا دەڵێت: خێڵ و عەشیرەت ئەو بنەمایانەن، کە وەکو پێکهێنەری سەرەکی و دیاردەی کۆمەڵگەی کوردی ئامادەبوونی تەواویان لە ڕووی پێکهاتن و عەقڵ و ستراتیژو دابونەریتی کۆمەڵایەتی کوردیەوە هەیە( قەرەداخی ، ٢٠١١ : ١٤٧). بۆیە یەکێک لە نموونەی توێژینەوەکە بەناوی (ك. م. ن )، پێی وایە: ( **عەقڵیەتی خێڵ لە باشووری کوردستان ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە گۆڕانی ئایدیۆلۆجیای دیموکراتییەت و سۆسیالیزم بۆ ئایدیۆلۆجیایەکی خێڵایەتی بەرتەسك، هەروەها ڕاشیدەگەیەنێت کۆمەڵگای کوردی پێش ساڵی (١٩٩١) لە ڕووی عەشایەرییەوە زۆر باشتر بووە لە دوای ڕاپەڕین، چونکە ئێستا کۆمەڵگای باشوری کوردستان (٨٠%) بەرەو ئینتیمای خێڵەکی و بنەماڵەیی و حیزبی ڕۆیشتووە، ئەمەش مەترسیە لەسەر ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ لە کوردستان** ). پاشان (ع. ف. ع )، دەڵێت:( **هاوشێوە بوونێکی تەواو لە نێوان عەقڵی خێڵ و ئایدیۆلۆجیادا هەیە، دامەزراوەی خێڵ وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی قۆناغێکی دیاریکراو و سەرخانی خۆیی هەیە و بەو پێیەش ئایدیۆلۆجیای خێڵایەتی بەرهەم دەهێنێت، لەم ڕووەوە خێڵ تائێستاش بەردەوامە و هەژموونی لەسەر کۆی کۆمەڵگا بە هەموو دامەزراوەکانییەوە هەیە** )، دواتر (ش. ی. خ )یش، ڕایدەگەیەنێت: ( **کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی خێڵەکییە و هەر ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسی لەم ناوچەیە باڵادەست بووبێت؛ ئەوا بە**

**هاوكاری خێڵەكان بووە، چونكە بەرژەوەندی خێڵ وایخواستووە، كە هاوپشتی لەگەڵ دەسەڵات بكەن و شەرعییەت بەو ئایدیۆلۆجیایە بدەن )**، نموونەی بەشێك لە خێڵە كوردییەكان دەهێنێتەوە، كە بەبێ تێگەیشتن لە ماهییەتی ئایدیۆلۆجیای (حیزبی بەعسی عێراقی)، بەڵام هاوكاری بوون، بەهەمان شێوە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا چەندین هۆز و خێڵ خۆیاندایە پاڵ دەوڵەتەكە، كە بێگومان ئەم سیاسەت و كلتورە دەگوێزرێتەوە بۆ سەدەكانی دوای خۆی. كەواتە بەپێی بۆچوونی (ش. ی. خ ) بێت (**خێڵ توانایی زیاتری هەیە لە بەكاربردنی ئایدیۆلۆجیای سەردەم بە پێی بەرژەوەندی خۆی**)، كەواتە هەر بەپێی ئەم تێڕوانینە ئامادەگی عەقڵانی لە ناوەڕۆک و پێكهاتەی خێڵدا هەیە، بۆیە وادەتوانێت خۆی بگۆڕێت (مۆبیلیزەی)و خۆی بكات و ڕووبەڕی كاریگەرییەكانی، تا ئەوپەڕی سنور درێژبكاتەوە،دەكرێت یەكێكی تر لە كاریگەری خێڵ بەسەر سیستم و ئایدیۆلۆجیاو پێكهاتەی كۆمەڵایەتیدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو بوونە واقیعی وپراكتیكیەی، كە بەدرێژایی مێژوو لەسەر جوگرافیایەكی دیاریكراو هەبووە و توانای ڕاهاتن و سازاندنی خێرای لەگەڵ هەلومەرجە جیاوازەكان هەیە، زیاتر لەوانەی پێشوو (هـ. ع. س) و (ص. م. ع ) هێندە جەخت لە ڕۆڵ و كاریگەری خێڵ دەكەن لەناو ئایدیۆلۆجیاكان و پێكهاتەی كۆمەڵایەتیدا، كە پێیانوایە: ( **ئەوە خێڵە هێزو واتا دەداتە هەر بیرو فۆرمێكی نوێی بەها ئەگەر بیەوێت، تەنانەت ئایین و حیزبیشی لەبەرژەوەندی خۆی بەكاربردووە** )، خێڵ هێندە ئایینی وەرگرتووە، كە پێویستیەتی بۆیە بەدرێژایی مێژووی كورد پیاوانی ئایینی نەیانتوانیوە لە بڕیاری سەرۆك هۆزێك و ئاغایەك دەربچن، عەقڵی خێڵ زۆر بەهێزەو ئیش دەكات، چونكە كەسێك گەورەترین تاوانی ئابووری و كۆمەڵایەتی ئەنجامبدات، دەتوانێت لە ڕێگەی ڕێككەوتنی (صلح) عەشایەرییەوە چارەسەری بكات. واتە یەكێک لە دەركەوتە هەرە گەورەكانی خێڵ لە ناو ئایدیۆلۆجیاو سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردنی كوردستاندا ئەوەیە، كە ڕوبەڕووی یاسا دەوەستێتەوە. لە كۆتاییدا ( ڕ. ح. أ. ح ) ئاماژە بە تێڕوانینی خانمە توێژەری رووسی (ڤاسیلەڤیا) دەكات، كە دەڵێت: (**هەموو میرنشینە كوردییەكان دەكەون، بەڵام خێڵ وەك پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتی، تا ئەم ساتە وەختەش بەردەوامە**) هەروەها دەڵێت( **لەم ڕوانگەوە خێڵ ڕوانگەو بۆچوون و ڕێكخستن و كۆنترۆڵ و بەرزەفتكردنی پێش ئایدیۆلۆجیانەی هەیە و ناكرێت ئایدیۆلۆجیا بكرێتە بەرهەمی عەقڵیەتی خێڵ، چونكە عەقڵیەتی خێڵ لە ئایدیۆلۆجیا كۆنترەو ڕەنگە فراوانتریش بێت، ئەمە جگە لەوەی دیسپلینەكانی خێڵ بۆ كۆمەڵگا زۆر كاریگەرترن لە مەرجە ئایدیۆلۆجییەكان بۆ دابینكردنی تاكەكان و ڕێكخستنەوەی كۆمەڵگا، ڕاستە هەندێك ڕەنگدانەوەی بۆچوونی خێڵەكیانە لە ئایدیۆلۆجیادا دەبینرێت، بەڵام پێویستە ئەوەمان لە بیربێت، كە ئایدیۆلۆجیا هەمیشە بنەمایەكی تیۆری هەیە و تیۆر دەكاتە پێوەر بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ كۆمەڵگا، كەچی هەمیشە بنەماكانی خێڵ كردەیی و پراكتیكین** ). لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو بروایەی خێڵ پێكهێنەرێكی ڕاستەوخۆی كۆمەڵگا و دامەزراوەكانییەتی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ درەنگ دەركەوتنی

شار لە کوردستان، کە بەواتا مۆدێرنەکەی کەمترە لە سەدساڵ، کەواتە بە درێژایی مێژوو خێڵ خاوەنی دەسەڵات و نفوزێکی سیاسی -ئابوری- کۆمەڵایەتی گەورە بووە لەناو کۆمەڵگاداو بە قوڵی ڕۆچووەتە نێو ئاوەزمەندێتی و دونیابینی و تێگەیشتنی تاکی کوردییەوە، بۆیە ئەگەر لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا هەست بە لاوازی و بێکاریگەری خێڵ بکەین، ئەوا لە چرکەساتێکدا، کە تووشی کێشە دێین ڕاستەوخۆ بۆی دەگەڕێینەوە، واتە هەستی خێڵەکیمان لە دۆخی بێئاگایدایە و ڕوداو و پێشهاتە گەورەکان ئەو بێئاگاییە بەخەبەر دێینەوە.

# بەشی شەشەم

## یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

## دووەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

## سێیەم: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە چوارچێوەی دانانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا توێژەر تێبینی بوونی جیاوازییەک دەکات لە نێوان ئەو ئەنجامانەی، کە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە پێی گەیشتووە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە لە لایەنی پراکتیکیدا پێی گەیشتووە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی ئایدیۆلۆجیا لە ڕەهەندی میتۆدیدا بابەتێکە کاتێکیش لە واقیعدا بەرجەستە دەبێت کاریگەرییەکی تری هەیە، هەروەها بە پێی گۆڕانی کات و شوێن وەزیفەی ئایدیۆلۆجیا گۆڕانی بەسەردا دێت و ناتوانێت ئەو ئەرکە جێبەجێبکات کە بانگەشەی بۆ دەکات. لێرەدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە دەخەینەڕوو:

١- پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی دیالێکتیکیە، ئایدیۆلۆجیا وەک سیستمێکی بیری گۆڕانی کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکات و بەپێچەوانەشەوە گۆڕانە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان دەبێتە هۆی گۆڕان و نوێبوونەوە لە پێکهاتەی ئایدیۆلۆجیا.

٢- ئایدیۆلۆجیا لە ڕووی بونیادییەوە هەڵگری خەسڵەتێکی ڕێژەییە چ لە ڕووی دید و تێڕوانین و چ لە ڕووی مامەڵەوە، بەو پێیەی دروستبووی کات و شوینێکی دیاریکراوە و لە ژێر کاریگەری پێداویستی واقیعێکی جێگیردا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لە کاتی دابەزینی ئایدیۆلۆجیاکە بۆ دۆخی واقیع ئەو توانایە لەدەستدەدات.

٣- دۆخی کەم گەشەسەندوویی کۆمەڵکا هاندەرێکی پاڵپشتە بۆ بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆجیای تاکڕەو و خۆسەپێن، چونکە توانای کەمەندکێشکردنی هەواداری هەیە ، بەڵام کەمتر توانای گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەیە.

٤- هەر ئایدیۆلۆجیایەک بۆ ئەوەی بیەوێت ببێتە ئایدیۆلۆجیای باوی کۆمەڵگایەک و ئینتمای بۆ بکرێت، ئەوا دەبێت ئایدیۆلۆجیایەکی نەرم بێت و پەڕگیرنەبێت و بەردەوام لە پرۆسەی خۆنوێکردنەوەی بەردەوامدا بێت و گۆڕانکارییەکان بکاتە هەوێنی پێکهاتنی ئایدیۆلۆجیەکەی.

٥- لە لایەنی تیۆریدا پێویستبوونی ئایدیۆلۆجیا وەک پرنسیپێک بۆ ڕێکخستنی ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان مامەڵە ئابووری و ئاڵوگۆڕە سیاسیەکان چەسپیووە و وەرچەرخانی هەرکۆمەڵگایەک بەبێ ئایدیۆلۆجیا وەک مەحاڵ دەبینرێت.

٦- ڕەسەنبوون و واقیعی بوونی ئایدیۆلۆجیا یەکێکە لەسەرچاوەکانی کاریگەربوونی ئایدیۆلۆجیاو دروستکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

٧- بەرژەوەندی ئابوری و نفوزی سیاسی ئاڕاستەی ململانێ و کێبڕکێی هێزە ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و پرنسیپە بیری و ئایدیۆلۆجییەکان لە بەرانبەردا پاشەکشەی کردووە.

٨- عەقڵ و مێنتاڵیتی خێڵ لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و دامەزراوەکان و میتۆدی بەڕێوەبردندا بوونێکی کاریگەری هەیە و نەتوانراوە پاشەکشە بەو هەژموونە مێژووییەی بکرێت.

٩-هێزە ئایدیۆلۆجییەکانی کوردستان پرۆسەی خۆبە پیرۆزکردنیان ئەنجامداوە و خۆیان وەک هێزی خاوەن حەقیقەتی ڕەها نمایشکردووە.

١٠- هێزە ئایدیۆلۆجییەکانی کوردستان توانای وەڵامدانەوەی پرسیارو پێداویستییەکانی کۆمەڵگای کوردستانیان پێ نییە و بە پێی گۆڕانکارییەکانی سەردەم توانای خۆنوێکردنەوەیان نییە، بۆیە بوونەتە بەربەست لەبەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا.

١١- کۆمەڵگای کوردستانی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە ڕووی کرانەوە بە رووی جیهان و ئاستی بیری و داخوازی و چاوەڕوانییەکان زۆر زیاتر لە هێزە ئایدیۆلۆجیەکانی کوردستان گەشەی کردووە،چونکە ئایدیۆلۆجیا دروستبووی بەرجەستەبووی کات و شوێنێکی دیاریکراوە و بە گۆڕانی یەکێک لەو دوو گۆڕدراوە دەکرێت ئایدیۆلۆجیا شیاوی وەلانان بێت.

١٢- سەرکردە و کەسە دیارو یەکەمینەکانی ئایدیۆلۆجیا دیارەکانی کوردستان بە ئاسانی بنەماو هێڵە سوورەکانی ئایدیۆلۆجیاکانیان تێدەپەڕێنن و لە ژێر فشاری واقیعدا مامەڵەیەکی پێچەوانە بە ئاڕاستەی ئایدیۆلۆجیاکانیان دەکەن.

١٣- گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکان وایکردووە ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان هەندێک لە شوناس و پێکهاتەی سروشتی خۆیان بگۆڕن لە پێناو دوانەکەوتن لە گەمەی سیاسی و بەرژەوندییەکان.

١٤- یەکترقبوڵکردن و فرەیی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان هێشتا لە چوارچێوەی تیۆری و گوتاردایە و نەتوانراوە ئەم خواستە مەدەنییە نێوخۆیی و جیهانییە بە دامەزراوەیی بکرێت، واتە زیاتر یەکترقبوڵکردنێکی ناچارییانە هەیە لە هەرێمی کوردستان.

## دووەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

توێژەر ئەم ڕاسپاردانە ئاڕاستەی چەند دامەزراوە و ڕێکخراوەو خوێندکارانی خوێندنی باڵادەکات لە پێناو خزمەتکردنێکی زیاتری زانست لە بواری ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، ئەوانیش:

١- سەنتەرەکانی توێژینەوەو ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان هەڵبستن بە پێوانەکردنی دیدو بۆچوونی ئەندامانی کۆمەڵگا لەسەر رادەی بەدەمەوەهاتنیان بەدەم پرس و کێشە سیاسییەکانی کۆمەڵگاوە و هەوڵی گێرانەوەی متمانە لە نێوان هاولاتیان و هێزە سیاسەکانی کوردستاندا بدەن.

٢- سەنتەرەکانی توێژینەوەو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵبستن بە هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی بیرو ڕاو ئاستی نائومێدی ئاڕاستەکانی کۆچکردن و دورکەوتنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا لە پێناو دانانی ڕێگاچارەی گونجاو بە ئاوێتەکردنەوەیان و دورخستنەوەیان لە بیری کۆچکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات و تێوەگلان لەگەڵ کەس و گروپی پەرگیرو توندڕەو و پاڕاستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی .

٣- بۆ خوێندکارانی دکتۆرا و ماستەر لە زانکۆکانی هەریمی کوردستان هەڵبستن بە ئەنجامدانی تویژینەوە لەم ناونیشانانەی خوارەوە لە پێناو دەوڵەمەندکردن و زیاتر تیشکخستنە سەر بابەتی ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەلایەتی وەک:

أ. ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیا لە گەشەپێدانی بیری سیاسی لە هەریمی کوردستان
ب. ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیای ناسیۆنالیستی لە پێشخستنی دۆزی نەتەوایەتی کوردیدا.
ت. پەیوەندی نێوان ئایدیۆجیاو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان.
ث. ڕۆڵی ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی کلتوری پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن.
ج. ڕۆڵی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە بەهێزکردنی کلتوری فرەیی لە هەرێمی کوردستان.
ح. کاریگەری ئایدیۆلۆجیا لە گەشەکردنی تیۆرەکانی کۆمەڵناسیدا.
خ. کاریگەری ئایدیۆلۆجیای زاڵ لەسەر ڕۆڵ و ئەدای ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان.
د. جێکەوتی خێڵ لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

دوای ئەنجامدان و تەواوکردنی توێژینەوەکە ، توێژەر کۆمەڵێک پێشنیاز ئاراستەی بەشێک لە دامەزراوەکان و کۆمەڵە و سەنتەرەکانی توێژینەوە دەکات بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەوانیش:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردی بناغەی پرۆژەیەکی نیشتمانی ستراتیجی بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم بیرو بۆچوون و ئایدیۆلۆجیا و نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان لەسەر یەک مێزی گفتوگۆ دابڕێژێت لە پێناوی فەراهەمکردنی هەلی دەربڕلەخۆکردن و بەشداریکردن بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی خوازراوی بەرنامە بۆ داڕێژراو، کە لەگەڵ پێداویستی واقیعی کۆمەڵگای کوردیدا سازو تەبا بێت.

٢- بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەڵبسێت، بە کردنەوەی سەنتەری توێژینەوەو ڕاپرسی لەسەرجەم زانکۆو پەیمانگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، تایبەت بە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی بیروئایدیۆلۆجیا و هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا.

٣- پەرلەمانی کوردستان بتوانێت لە ڕێگای پرۆژە یاساییەکانییەوە دۆخی هۆشیاری سیاسی و مەدەنی هاونیشتمانیانی کوردستان پێشبخات و زەمینەی مومارەسەکردنی مافە سیاسی و یاساییەکانی هاوڵاتیان لە بەشداری سیاسی و هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕادەربڕین زامن بکات.

٤- حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی حکومەت فرسەتی یەکسان بۆ وەرگرتنی پرۆژە پێشنیازو ڕەخنەگردنی ئەدا و هەڵسەنگاندنیان دابین بکەن لە پێناو کاڵکردنەوەی بیرو ئایدیۆلۆجیای زاڵ لە کوردستان.

٥- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێم هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەی لاوان و هاوڵاتیان بە جۆری سیاسەتکردن لە هەرێم دابڕێژێت و بۆ ئەم مەبەستەش توانای هەڵسەنگاندنی ئایدیۆلۆجیاکانی کوردستان لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پێشخستنی کۆمەڵگادا لە کارە یەکەمینەکانیان بێت .

٦- پارتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی هەرێم لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی جیهان و کوردستان پێداچونەوەیەکی گشتی لە دیدو تێڕوانین بۆ دونیا بینی و میتۆدی بەشداری سیاسی و دروستکردنی

گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردستانی بکەن بۆ ئەوەی ببنە هەوێنی گۆڕانێکی سیستماتیکی لە هەرێم و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی فەراهەمبکەن.

٧- حیزب و هێزە ئایدیۆلۆجییەکانی کوردستان لە کاتی مامەڵە سیاسی و مەدەنییەکانیاندا ستراتیج و ئامانجە نیشتمانییەکان بخەنە پێش ئامانج و داخوازییە ئایدیۆلۆجییە پەتییەکان.

٨- هێزە ئایدیۆلۆجییەکانی کوردستان تێگەیشتنیان بۆ خاوەندارێتی ڕاستی، ڕێژەیی بێت و پرۆسەی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی و کێبڕکێ و ململانێکانیان لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا بێت، لە پێناو هێنانەدی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گونجاو لەگەڵ داخوازی کۆمەڵگا، بەدەر لە هەر توندوتیژی و سڕینەوەیەکی یەکتر.

٩- پارت و هێزەئایدیۆلۆجیەکانی کوردستان لەسەر پاشەکشە پێکردنی هەژموونی خێڵ لە نێو دیدو تێڕوانینیاندا کاربکەن، هەروەها لە نێو دامەزراوە حیزبی و حکومیەکانیاندا و کێبڕکێیەکی سیاسی و مەدەنیانەی سەردەمیانە بکەن، کە وەڵامدەرەوەی ئەو داخوازی و گۆڕانە بێت، کە واقیعی کوردستان دەیخوازێت.

١٠- بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان، کار لەسەر پشتیوانیکردنی ڕێکخراوەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و مەدەنی و بەهێزکردنی ئینتمای لاوان بۆ دامەزراوەکان و هاندانیان بۆ بنیادنانی پەیوەندییەکی دروست لە نێو سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان بە هەموو دیدو ئایدیا و ئایین و نەتەوەو پێکهاتەکانەوە بکەن.

١١- بۆ هەموو پارت و هێزە ئایدیۆلۆجییەکانی کوردستان، ئایدیۆلۆجیا یەکێکە لەسەرچاوەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری و میکانیزمێکە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ، دەبێت ئەم میکانیزمە گۆڕانی خوازراو دروستبکات و نەبێتە هۆکاری تێکچونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و شڵەژانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.

## سەرچاوەکان:

### کتێبەکان: کوردی


١.ئامێدیان ،فەخرەدین(٢٠٠١) فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەڵناسی، چاپی شەمیمی سنه .

٢.برونەسن، مارتین خان(١٩٩٩)،ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە کوردۆ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٣.پور، کریم قادر(٢٠٠٩) نوخبە و گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکان، نامەی ماستەر بڵاوکراوە، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٤.تۆفیق، محمد حمە ساڵح(٢٠٠٩) ڕێبازی سۆفیگەری نەقشەندیی- خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی،لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانی مەولانا خالید،بەرگی یەکەم، هەولێر .

٥.حەکیم، هەڵکەوت(٢٠٠٩) ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی – خالیدی ، مەولانا خالید و تەڕیقەتی خالیدی، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهاننی مەولانا خالید، بەرگی دووەم، هەولێر.

٦.ژیژەك، سلاڤۆی (٢٠١٨) ئۆبێکتی باڵای ئایدیولوژیا، وەرگێرانی :وەلید عومەر ،چاپخانەی مێخەك، تاران.

٧.صادق، ئاری أنور(٢٠١٧) ڕۆڵی دەستە بژێری ڕۆشنبیران لە گۆرانی کۆمەڵایەتیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە سەنتەری شاری هەولێر، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە ،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨. شەریعەتی، علی(٢٠٠٩) مرۆڤ و ئیسلام، وەرگێرانی سەعید بەشیر خەرپانەیی، سلیمانی.

٩. عومەر، مەعن خەلیل(٢٠١١) ڕێبازەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، وەرگێرانی : زیرەک ئەحمەد ڕەحمان، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

١٠.عەزیز ، حمید(٢٠٠٩) بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، زنجیرە کتێبە کۆمەڵایەتیەکان،چاپخانەی خانی- دهۆك .

١١.علی، بەختیار(٢٠١٩) ئایدیولوژیست، چاپخانەی کارۆ،سلێمانی .

١٢.قەرەداغی، عەتا(٢٠١١) کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، چاپخانەی یاد،سلێمانی .

١٣.قانیع، مەریوان وریا(٢٠١٣) دەسەڵات و جیاوازی، کۆمەڵە وتار، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە، سلێمانی، چاپی سێیەم.

١٤.لاشون , رەیدار (٢٠١٠) ئایدیۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ، وەرگێرانی لە سویدیەوە ئاسۆس شەفیق، چاپی دووەم، چاپخانەی کتێبی هەرزان، سولەیمانی .

١٥.مارکس و ئەنگلز، کارل و فردریك(٢٠١٧) ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی، وەرگێرانی عومەر رسول شینکی، دواڕۆژ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

١٦.ملاعزت، محمود (١٩٧٣) دیپلۆماسێتی بزوتنەوەی کوردایەتی، چاپخانەی ڕاپەڕین، بڵاوکراوەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لقی سلێمانی، سلێمانی .

١٧.مەلا تەها، بەرزان(٢٠١٩) ئایین و مەزهەب لە کێشمەکێشی سیاسەت و ئایدۆلۆژیادا، سلێمانی .

١٨.مەلا تەها، بەرزان(٢٠١٨) سۆفیزم و شۆڕش ، دەربارەی (شێخ عوسمان سیراجەدین مەقشبەندی ) و مێژووی خەباتی ( سوپای ڕزگاری کوردستانی ئێران) توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسی بەڵگەنامەییە، سلێمانی .

١٩. ميران، رەشاد(٢٠١٧) ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپی سێیەم، هەولێر .
٢٠. ناصر ، ئیبراهیم(٢٠١٣) زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی، وەرگێرانی دانا نادر محمد، چاپخانەی چوارچرا، کوردستان .

کتێبەکان: عەرەبی

٢١. الأنصاري ، عبدالله عبدالوهاب محمد(٢٠٠٨) الايديولوجيا و اليوتوبيا فى الانساق المعرفية المعاصرة، دراسة مقارنة بين كارل مانهايم و توماس كون، جامعة الاسكندرية، قسم الفلسفة، ٢٠٠٠.
٢٢. الاستغراب(٢٠١٧) مجلة دورية فكرية تعني بدراسة الغرب و فهمه معريفيا و نقدياً ، تصدر عن المركز الإسلامي للدراسات الإستراتيجية، بيروت ، العدد السادس- السنة الثانية- شتاء.
٢٣. إسماعيل، محمد أحمد(١٩٩٠) الايديولوجيا العددية والقيمية، مجلة الوحدة، الرباط، المجلس القومي للثقافة، عدد: ديسمبر .
٢٤. آستيتية، دلال ملحس(٢٠٠٩) التغير الإجتماعي و الثقافي، دار وائل للنشر والتوزيع، الاردن –عمّان، الطبعة الثانية، عمان.
٢٥. آستيتية، دلال ملحس(٢٠١٤) التغير الاجتماعي و الثقافي، ، دار وائل للنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، عمّان .
٢٦. أ.ك. ئوليدوف(١٩٧٨) الوعى الإجتماعى (الوعي الاخلاقي، السياسي، الحقوقي، الديني، الجمالي، الفلسفي)، ترجمة : ميشيل كيلو، دار ابن خلدون، بيروت.
٢٧. أ.ك. ئوليدوف(١٩٧٨) الوعي الإجتماعي، ترجمة : ميشيل كيلو، دار ابن خلدون، بيروت .
٢٨. ألتوسير، لويس(٢٠١٩) أن تكون ماركسيا فى الفلسفة، ترجمة : إلياس شاكر، دار الفارابي، بيروت- لبنان.
٢٩. ألتوسير، لويس (٢٠١٧ ) تأهيل الى الفلسفة للذين ليسوا بفلاسفة، ترجمة: إلياس شاكر، دار الفارابي، بيروت- لبنان.
٣٠. أيوب ، سمير(١٩٨٣) تأثير الايديولوجيات فى علم الإجتماع، معهد الإنماء العربي، بيروت.
٣١. إبراهيم مصطفى و آخرون(١٩٦١) المعجم الوسيط، الجزء الثاني ، مطبعة مصر، القاهرة .
٣٢. إبراهيم، الدسوقي عبده(٢٠٠٤) التغير الإجتماعي و الوعي الطبقي ((تحليل النظري))، الناشر : دار الوفاء لدنيا الطباعة و النشر، الاسكندرية، مصر.
٣٣. إبراهيم، عبدالله(٢٠١٣) علم الإجتماع( السوسيولوجيا) ، المركز الثقافي العربي، الطبعة الرابعة، بيروت- لبنان.
٣٤. إسماعيل، قباري(١٩٧٩) علم الإجتماع و الايديولوجيات، ـ ، المكتبة العربية الحديثة للطباعة و النشر، جامعة الاسكندرية.
٣٥. باترسون، توماس(٢٠٠٥) التغير و التنمية فى القرن العشرين، ترجمة: عزة الخميسي ، المجلس الاعلى للثقافة، قاهرة .
٣٦. باريون، ياكوب(١٩٧١) ماهي الايديولوجيا : دراسة لمفهوم الايديولوجية ومعضلاتها. تعريب أسعد رزوق ، : الدار العلمية للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت .

٣٧. بايه، بوزعاية(٢٠١٦- ٢٠١٧) ، محاضرات مقياس ، التغير الإجتماعي للسنة الثانية علم الإجتماع، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،جامعة- قاصدي مرباح ورقلة–كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية- قسم علم الإجتماع و الديمغرافيا.
٣٨. البيطار، نديم(١٩٨٢) حدود اليسار الثوري، ، دار الوحدة ،بيروت .
٣٩. بلقيز، عبدالاله(١٩٩٢) ، نهاية الايديولوجيا، مجلة الفكر العربي، العدد الثامن و الستون، بيروت .
٤٠.
٤١. بورلاتسكي، فيودور(١٩٨٥) اصول الفلسفية الماركسية اللينينية المادية الدياليكتيكيه، دار التقدم موسكو، ، موسكو.
٤٢. بن نبي، مالك(١٩٨١) مشكلة الثقافة، طرابلس، لبنان .
٤٣. بولنتزاس، نيوكس(١٩٧٩) الايديولوجية نموذج الدولة الفاشية، ترجمة: نهلة الشهال، دار ابن خلدون.
٤٤. بيبر و ليفي ، شارلين هس و باتريشيا (٢٠١١) البحوث الكيفية فى العلوم الإجتماعية، ترجمة: هناء الجوهري، مراجعة وتقديم، محمد الجوهري، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
٤٥. الجاسور ، ناظم عبدالواحد(٢٠٠٨) موسوعة المصطلحات السياسية و الفلسفية والدولية، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان .
٤٦. الجوهري ،محمد(٢٠٠٠) التغير الإجتماعي، دار المعرفة الجامعية للنشر و التوزيع،القاهرة.
٤٧. الجوهري و زملائه(٢٠١١)، د.محمد محمود، تأريخ التفكير الإجتماعي (الرواد) ، دار الميسرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمّان.
٤٨. جيمس، وليم(١٩٤٩) إرادة الإعتقاد، الجزء الثاني، العقل و الدين، ترجمة محمود حسب الله، القاهره، دار إحياء .
٤٩. حامد ، عبدالناصر سليم(٢٠١٢) معجم مصطلحات الخدمة الإجتماعية، دار أسامة للنشر و التوزيع، عمّان- الاردن.
٥٠. حجاب محمد منير(٢٠٠٤) المعجم الإعلامي،دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة.
٥١. حسن، عبدالباسط محمد(١٩٨٢) أصول البحث الإجتماعي ، مكتبة وهبة، الطبعة الثامنة، القاهرة.
٥٢. حسانين، سيد أبوبكر(١٩٨٩) طريقة الخدمة الإجتماعية فى تنظيم المجتمع، مكتبة الأنجلو المصرية، الطبعة الخامسة، القاهرة.
٥٣. حسن ، عبدالباسط محمد(١٩٨٢) التنمية الإجتماعية، مكتبة وهبة، القاهرة.
٥٤. الحناوي ، رؤوف سعيد(٢٠٠٩) اللاوعي الجمعي و أثره فى الذاكرة الشعبية و أنماط السلوك، دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت-لبنان .
٥٥. حافظ، ناهدة عبدالكريم(١٩٨١) تصميم البحوث الإجتماعية، مطبعة المعارف، بغداد .
٥٦. خليل، بكري(٢٠٠٢) الايديولوجيا و المعرفة ، دار الشروق ،عمّان .
٥٧. خمش، مجدالدين عمر خيري(١٩٩٩) علم لإجتماع الموضوع و المنهج، دار المجدلاوي للنشر و التوزيع، عمّان، الاردن .
٥٨. خزار، وسيلة(٢٠١٣) الايديولوجيا وعلم الإجتماع –جدلية الإنفصال والإتصال، منتدى المعارف ، بيروت- لبنان.

٥٩. الدقس، محمد(١٩٨٢) التغير الإجتماعي بين النظرية و التطبيق، دار المجدلاوي للنشر و التوزيع، عمّان .

٦٠. دوران وويل، جان بير و روبرت(٢٠١٩) علم الإجتماع المعاصر، ترجمة: الدكتور طواهري ميلود ، دار النديم ، دار الثقافية – ناشرون، وهران، الجزائر .

٦١. دورتييه، جان فرانسوا(بدون سنة الطبع) لماذا لا تموت الايديولوجيا أبداً؟ ترجمة: محمد الحاج سالم، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات و الابحاث ، ترجمات ، قسم الفلسفة و العلوم الإنسانية.بدون السنة.

٦٢. رشوان ، حسين عبدالحميد أحمد(٢٠٠٩) الايديولوجيا و المجتمع، كلية آداب، ، سلسلة كتب علم الإجتماع، جامعة أسيوط .

٦٣. رشوان، حسين عبدالحميد أحمد (٢٠٠٨) التغير الإجتماعي و المجتمع، المكتب الجامعي الحديث، سلسلة كتب علم الإجتماع- جامعة أسيوط.

٦٤. ربيع، محمد(١٩٨٩) الايديولوجيات السياسية المعاصرة، ، كاظمة للنشر، الكويت.

٦٥. روشيه، غى(٢٠١٦) مقدمة فى علم الإجتماع العام، ثلاثة أجزاء، التغير الإجتماعي تعريب: محمد نعمة فقيه، مكتبة الفقيه، بيروت، لبنان .

٦٦. زامل، يوسف عناد()، سوسيولوجيا التغير قراءة مفاهيمية ( فى ماهية التغيّر و إتجاهاته الفكرية، كلية الاداب، جامعة واسط.

٦٧. زراقة ، فيروز(٢٠١١) الاسرة وعلاقتها بإنحراف الحدث المراهق، جامعة سطيف.

٦٨. الزعبي،محمد أحمد(١٩٨٢) التغير الإجتماعي بين علم الإجتماع البرجوازي و علم الإجتماع الاشتراكي، الطبعة الثالثة، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، لبنان.

٦٩. زايد ، أحمد(٢٠٠٨) علم الإجتماع و دراسة المجتمع، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، مصر.

٧٠. زيدان، محمود(١٩٧٧) مناهج البحث الفلسفي ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية .

٧١. الزيباري، دكتور طاهر حسو(٢٠١٩)،دراسات فى علم الإجتماع و الإعلام، دار وائل للنشر و التوزيع، الطبعه الاولى، الاردن- عمّان .

٧٢. السديس، عبدالعزيز على(٢٠٠٠) ،التحيز الايديولوجي، جامعة الملك سعود .

٧٣. سبيلا ، محمد(١٩٩٢) الايديولوجيا نحو نظرة تكاملية، المركز الثقافي العربي، الحمراء –شارع جان دارك ، بيروت .

٧٤. السمالوطي، نبيل محمد توفيق(١٩٧٥) الايديولوجيا و أزمة علم الإجتماع المعاصر –دراسة تحليلية للمشكلات النظرية و المنهجية ، تقديم د. عبدالباسط محمد حسن- الهيئة المصرية العامة للكتاب –فرع الاسكندرية.

٧٥. سليتر ، فيل(٢٠٠٤) مدرسة فرانكفورت، نشأتها و مغزاتها- وجهة نظر ماركسية، ترجمة خليل كلفت،المجلس الأعلى للثقافة، طبعة الثانية .

٧٦. السندي، بدرخان(٢٠٠٧) المجتمع الكردي فى المنظور الإستشراقي، مطبعة حاجي هاشم، الطبعة الثانية، أربيل .

٧٧. شفيق، محمد(٢٠١٠) البحث العلمي مع تطبيقات فى مجال الدراسات الإجتماعية، المكتب الجامعي الحديث.

٧٨. شفيق،محمد(١٩٩٨) الخطوات المنهجية لإعداد البحوث الإجتماعيه، المكتب الجامعي الحديث، الأسكندرية.

٧٩. شفيق، محمد(٢٠١١)، البحث العلمي مع تطبيقات فى مجال الدراسات الإجتماعية، المبادئ – المكتب الجامعي الحديث، الطبعة الثانية .

٨٠. شكاره، عادل عبدالحسين(١٩٧٥) نظرية هوبهاوس فى التنمية اللاإجتماعية، مطبعة دارالسلام، بغداد.
٨١. شد
عيبي، عماد فوزي، الايديولوجيا عند فرويد، محاضرة منشورة فى اليوتيوب،
https://www.youtube.com/watch?v=suzwblskpoA.16/11/2016.
٨٢. الطالباني، جلال(١٩٧١) كردستان و الحركة القومية الكردية، الطبعة الثانية، دارالطليعة، بيروت.
٨٣. عبدالجواد ، مصطفى خلف (٢٠١٦) النظرية المعاصرة، دار المسيرة، الطبعة الثالثة، عمّان .
٨٤. على ليلة و آخرون(٢٠١٠) التغير الإجتماعي و الثقافي، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمّان .
٨٥. عفيفي، محمد الهادي(١٩٧٢) التربية و التغيّر الثقافي، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة .
٨٦. العروي ، عبدالله(١٩٩٣) مفهوم الايديولوجيا، المركز الثقافي العربي، طبعة الخامسة، بيروت .
٨٧. العمر،معن خليل(٢٠٠٤) التغير الإجتماعي، دار الشروق للنشر و التوزيع، الإصدار الاول، عمّان .
٨٨. العمر، معن خليل(١٩٩٦) مناهج البحث فى علم الإجتماع، دار الشروق للنشر و التوزيع، عمّان.
٨٩. عبدالفتاح، على(١٩٨٤) تطور الجدل بعد هيجل – جدل الطبيعة، ، دار التنوير، بيروت .
٩٠. إمام، إمام عبد الفتاح (٢٠١٠) المنهج الجدلي عند هيجل، بيروت ، دار التنوير، الطبعة الثانية، ١٩٨٢.
٩١. عقيل، عقيل حسين، خطوات البحث العلمي (من تحديد المشكلة الى تفسير النتيجة) دار ابن كثير للطباعة و النشر و التوزيع، دمشق .
٩٢. العمر، معن خليل(٢٠١٥) علم الإجتماع المعرفة، دار الشروق للنشر و التوزيع، الإصدار الثانى ، عمّان .
٩٣. على، حيدر إبراهيم(١٩٨٢) التغير الإجتماعي و التنمية، مدخل نظري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة.
٩٤. عبدون، على(٢٠١٨) الماركسية و الإسلام المعاصر، على شريعتي، نموذجاً، دار الفارابى، بيروت .
٩٥. عبداللطيف، كمال(٢٠١٢) (المعرفي، الأيديولوجي، الشبكي) تقاطعات و رهانات، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت .
٩٦. غيث، محمد عاطف( بدون سنه الطبع ) دراسات فى علم الإجتماع التطبيقي، دارالنهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت.
٩٧. غراوتيز، مادلين(١٩٩٣) مناهج العلوم الاجتماعية، الكتاب الثاني منطق البحث فى العلوم الإجتماعية، ترجمة : الدكتور سام عمار، مطبعة طربين، دمشق .
٩٨. فتاح، ميديا إبراهيم(٢٠١٢) ، التغيّر الإجتماعي وعلاقته بالتدين- دراسة ميدانية فى مدينة أربيل، غير منشورة جامعة صلاح الدين- أربيل .
٩٩. قراملكي، محمد رضا خاكي(٢٠٢٠) الإيديولوجيا دراسة في المصطلح والمفهوم وحقول الإستعمال مدخل تحليلي: محمود حيدر، المركز الإسلامي للدراسات الإستراتيجية، النجف- العراق.
١٠٠. فيلالي، صالح(٢٠١١) منهجية البحث في الايديولوجيا،عند مؤسسي علم الإجتماع و اليسار الجديد، جامعة الشارقة، الشارقه .
١٠١. فينسينت ، أندرو(٢٠١٧) الايديولوجيات السياسية الحديثة، ترجمة: خليل كلفت، الجزء الاول، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

١٠٢. قنوص،صبحي محمد(٢٠٠٠) دراسات فى علم الإجتماع، دار النهظة العربية للطباعة والنشر، بيروت .

١٠٣. الكحلاني، حسن محمد(١٩٩٧) فلسفة التقدم –دراسة فى اتجاهات التقدم و القوى الفاعلة فى تأريخ، مركز اسكندرية للكتاب، الاسكندرية.

١٠٤. لطفي و الزيات ،طلعت إبراهيم و كمال عبدالحميد(٢٠٠٠) النظرية المعاصرة فى علم الإجتماع، دارغريب للطباعة و النشر و التوزيع،قاهرة .

١٠٥. لوفيفر، هنري(٢٠٠٢) نهاية التأريخ، ترجمة: د. فاطمة الجيوشي، منشورات وزارة الثقافة فى الجمهورية العربية السورية، دمشق .

١٠٦. المختار، على(١٩٨٤) إشكالية العلاقة بين الايديولوجيا و العلوم الإجتماعية "إشكالية العلوم الإجتماعية فى الوطن العربي " تحرير خليفة، سهير لطفي، دار التنوير للطباعة و النشر، بيروت .

١٠٧. محمد و بنعبد العالي، سبيلا وعبدالسلام(١٩٩٩) ،الايديولوجيا، إعداد و ترجمة، الدارالبيضاء: دار توبقال ، (دفاتر فلسفية : نصوص مختارة؛٨).

١٠٨. ماركس(١٩٨٦) بؤس الفلسفة، ترجمة اندروية بازجي، دار اليقظة العربية،بيروت .

١٠٩. ماركيوز، هربرت(١٩٧٠) العقل والثورة، هيجل و نشأة النظرية الاجتماعية، ترجمة " فؤاد زكريا" ، الهيئة المصرية العامة للتأليف و النشر .

١١٠. مانهايم، كارل(١٩٨٠) الايديولوجيا و اليوتوبيا مقدمة فى سوسيولوجيا المعرفة، ترجمة د.محمد رجا الديريني، الكويت .

١١١. ماكيفر و بيدج ، ر. م و شارلز(١٩٧١) المجتمع، الجزء الثالث، ترجمة: د. سمير نعيم أحمد، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة .

١١٢. مسعود، رشيد ، ملاحظات حول الفهم الفلسفي للأيديولوجيا، الفكر العربي، مجلة دواوين ٢٠١٥.Docs.google.com/viewering/viewe.

١١٣. نصار ، ناصيف(١٩٨٦) مطارحات العقل الملتزم – فى بعض مشكلات السياسية و الدين و الايديولوجيا، – دار الطليعة، بيروت .

١١٤. هيود ، أندرو(٢٠١٢) مدخل الى الايديولوجيات السياسية، ترجمة:محمد صفار، المركز القومي للترجمة.

١١٥. هابرماس، يورغن(١٩٩٩) العلم و التقنية كأيديولوجيا، ترجمة إلياس حاجوح، منشورات وزارة الثقافة، دمشق .

١١٦. هوكس، ديفيد(٢٠٠٠) الايديولوجية، ترجمة : إبراهيم فتحي، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة .

١١٧. وردي، على(١٩٩٦) خوارق اللاشعور أو أسرار الشخصية الناجحة، دار الورّاق للنشر، الطبعة الثانية، لندن .

١١٨. الويفي، سمير(٢٠١٠)، دور المؤسسة الدينية فى التغير الإجتماعي ، رسالة ماجستير ، غير منشورة، جامعة الحاج لخضر، الجزائر .

١١٩. وسيله ، يعيش حرم خراز(٢٠٠١) : تدريس علم الإجتماع بين العلوم و الايديولوجيا، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة منتورى –قسنطينة .

١٢٠. يفريموفا و سلوم، نتاليا و توفيق(١٩٩٢) معجم العلوم الإجتماعية، دار التقدم، موسكو .

١٢١. يونس، الفاروق زكي(١٩٧٨) الخدمة الإجتماعية و التغير الإجتماعي، الناشر-عالم الكتب، الطبعة الثانية، القاهرة .

١٢٢. يونس، الفاروق زكي(١٩٧٤) التغير الإجتماعى، دار النهضة العربية، بيروت .


**كتێبەكان :ئینـگلیزی:**


123- Buhm, Million, (1974) Ideologies and Attitudes, NewJercy, USA.

124. Freeden, Michael, (2006) Ideology and political theory,A Conseptual Approach Jornal of political Ideology, Vo.11(1): 3- 22.

125- Pence, Gregory,(2000) A Dictionary of common philosophical Terms,

University of Alabama , Birmingham, McGraw – Hill, 1221 Avenne of the America, New York.

126- Scotterd, Marshall, John, Gvovdon, (2009), Dictionary of Sociology, Oxford university press.

127- . Wilbert. E Moore, "Social change" In the International Encyclopedia of Social Seince.

128- Weis, McCarthy & Dimitriadis, Lois, Cameron, & Greg, (2006) Ideology curriculum, & The New Sociology of Education. Published by Routledge, taylor & Francis Group.

129- Wengraft, T ( 2001) Qualitative Research Interviewing. California: Sage Publication.

130- Boyatzis, R.E, 1998. Thematic analysis and code development: Transforming Qualititave information. London and New Delhi: sage publication.

# پاشکۆی (١)

## فۆڕمی چاوپێکەوتن

ناوی توێژینەوە:

پەیوەندیی نێوان ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتی

توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیی شیکارییە لە هەرێمی کوردستان

پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی توێژینەوە:

١. چ پەیوەندییەك لە نێوان ئایدیۆلۆجیاو گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە؟
٢. ئایدیۆلۆجیاکان بەربەست یان بزوێنەری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتین لە هەرێمی کوردستان؟
٣. دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر وەڵامدانەوە بۆ بانگەشە ئایدیۆلۆجییەکان؟
٤. بە پیرۆز (مقدس) کردنی ئایدیۆلۆجیا چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر سروشتی ململانێ هەبووە لە کوردستان؟

٥. جیاوازی بیرو بەرژەوەندی سیاسی چ ڕەنگدانەوەیەکی هەبووە لەسەر دۆخی فرەیی و یەکترقبوڵکردن لە کوردستان؟

٦. عەقڵییەتی خێڵ چ ڕۆڵێکی لە فۆرمەڵەبوونی ئایدیۆلۆجیاکان هەیە لە کوردستان؟

حكومة إقليم كوردستان

وزارة التعليم العالي والبحث العلمى

جامعة السليمانية

كلية العلوم الإنسانية- قسم علم الإجتماع

# العلاقة بين الأيديولوجيا والتغير الإجتماعي

## دراسة سوسيولوجية تحليلية في إقليم كوردستان

رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية العلوم الإنسانية في الجامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل الشهادة الماجستير في علم الإجتماع

من قبل

توانا خسرو عبدالله

إشراف

أ.م.د.كەژاڵ حسين محمد

٢٧٢٠ك ٢٠٢٠م ١٤٤١هـ

# الملخص

يشغل الأيديولوجيا مكانا بارزا فى العلوم الإنسانية و منها علم الإجتماع وبالأخص فى علم الإجتماع السياسى إذ يؤدى الايديولوجيا بارزا في إحداث تغيرات بنائية على الصعيد المجتمعات المختلفة وهناك أكثر من تعريف لها وتناولتها العلماء من وجهات نظر مختلفة. تكمن أهمية هذا البحث في كونه محاولة للتعرف على مفهوم الأيديولوجيا ودورها في المجتمع بصورة عامة، وكذلك دورها في التغيرات التي تشهدها إقليم كوردستان. وتعد احداث التغيير نقطة أساسية ومهمة تركز عليها الأيديولوجيا بشكل عام ومن ثم الإنتقال بالمجتمع من حالة الى حالة أخرى مرغوبة فيها عن طريق ربط الماضي بالحاضر وصولا الى المستقبل.

والسؤال الرئيسي الذي يحاول البحث الإجابة عنها يدور حول ماهية الأيديولوجيا والكيفية التي تعمل من خلالها تغير المجتمع، وتجسيد هذه التغيرات في المنهج والفكر والعمل ، ضل بالإمكان أن تكون بديلا عن المجتمع في كافة القرارات والتغيرات المتعلقة بالمجتمع، وماهو دورالمجتمع في تشكيل الأيديولوجيا وسير عملها، وبالرجوع الى تأريخ المجتمعات البشرية نجد آيديولوجيات معينة أثرت بشكل مباشر على تطوره وتقدمه وأخرى أدت من خلال قياداتها المتطرفة والدكتاتورية حيث أشعلوا حروبا تسببت في مآسي وكوارث و تخلف المجتمعات.

وتناول الباحث في بحثه هذا الأيديولوجيا من خلال بعدها الحياتي و الحضاري معا كونه موضوعا حيويا في مجالات السياسة وحضارة وثقافة المجتمع من جهة، ومن جهة أخرى تكتسب دراسة موضوع الأيديولوجيا في عصر التغيرات السريعة التي تشهدها المجتمعات أهمية العلمية ، فالتغيرات التي تهدف الأيديولوجيا إحداثها في المجتمع تنعكس في الوقت ذاته على الأيديولوجيا نفسها، حيث أن الأيديولوجيا هي وليدة مكانها وزمانها وتؤثران بدورها على نوع الأيديولوجيا في المجتمع وبنائه الإجتماعي، ولكون التغير عملية حتمية فيدور السؤال حول ماهية الأيديولوجيا وهويتها، وهذا ما يجعل للبحث أهمية أخرى حيث يكشف العلاقة بين الأيديولوجيا والتغير الإجتماعي وفهم هذه التغيرات التي تؤثر بدوره على الأيديولوجيا في المجتمع الكوردستاني ، وهل أثرت تلك التغيرات بدورها على الظروف المحيطة بالأيديولوجيات المختلفة الموجودة في المجتمع الكوردستاني، وهل إستطاعت أن تكيف نفسها مع واقعها الجديد أو بدلا من ذلك أصبحت حجر عثرة في طريق نمو وتقدم المجتمع وتلبية إحتياجات أبناءه ، وهل بأمكان

هذه الأيديولوجيات التعايش مع بعضها وتقبل الإتجاهات المختلفة عنها، وهل ساعدت على بناء أنظمة حديثة تلائم هذه التغيرات وتلبي متطلباتها وتحل المشاكل التي تترتب عليها. ويعد هذه البحث من البحوث النوعية يهدف الى معرفة طبيعة العلاقة بين الأيديولوجيا والتغير الإجتماعي بأستخدام ( المنهج الوصفي والمنهج الكيفي والمنهج الدياليكتيكي ) ومناقشتها في الإطار النظري والميداني وصولا الى إستنتاجات ومقترحات من شأنها خدمة المجتمع.

يتكون مجتمع البحث من أربيل ، والسلميانية ، ودهوك ، وحلبجة ، وعينة البحث هي من بين العينات غير المحتملة التي تم فيها اختيار أمثلة هادفة. هنا ، اختار الباحث ١٨ شخصًا من المجموعات الأكاديمية ، ومدرسي الجامعات ، والكتاب ، والمثقفين ، وجزء من الشخصيات الإيديولوجية للأحزاب السياسية في إقليم كوردستان.

أهم الاستنتاجات البحثية هي؛ ان العلاقة بين الأيديولوجيا والتغيرات الاجتماعية هي علاقة جدلية ، حيث توفر الأيديولوجيا تغييرات اجتماعية كنظام من الأفكار، في حين أن التغييرات الاجتماعية المتنوعة لجميع قطاعات الحياة ستتسبب تغيرًا وتجديدًا في بنية الأيديولوجيا. المصالح الاقتصادية والنفوذ السياسي توجه الصراعات والتنافس بين القوى الأيديولوجية والسياسية في إقليم كوردستان ، بينما انسحبت المبادئ الفكرية والأيديولوجية. فقدت الأحزاب السياسية في كردستان قوتها للاستجابة لطلبات واحتياجات مجتمع كوردستان ، ولا يمكنها تجديد نفسها وفقًا للتغيرات المعاصرة. لهذا السبب أصبحت هذه الأحزاب عقبة أمام التغييرات الاجتماعية.

أهم التوصيات البحثية هي؛ انه يجب على مراكز البحث والمسح في كوردستان قياس وجهات نظر وآراء أفراد المجتمع (المواطنين) فيما يتعلق بمدى استجابتهم للمهام والاحتياجات السياسية في المجتمع ، في محاولة لاستعادة الثقة بين الناس والسلطات السياسية في كوردستان.

من اوضح الاقتراحات البحثية هي؛ ان يكون برلمان كوردستان قادرًا من خلال مقترحات تشريعية على تطوير حالة الوعي السياسي والمدني للمواطنين في كوردستان ، وضمان أرضية ممارسة الحقوق السياسية والقانونية للناس، مثل المشاركة السياسية ، والانتخاب ، والتصويت ، والتظاهر ، والمقاطعة ، وحرية التعبير. ان تقوم الأحزاب السياسية في إقليم كوردستان بإجراء مراجعة عامة لوجهات نظرهم ورؤيتهم ونظرتهم العالمية وأساليب المشاركة السياسية

وصنع التغيير وتنمية مجتمع كوردستان في ظل التغيرات في العالم وكوردستان ، كعامل محفز للتغييرات المنهجية في إقليم كوردستان ، توفير التنمية الاجتماعية.

فتتكون البحث من ( خمسة فصول ) تتضمن جانبين ( النظري والميداني ) ويشمل الفصل الأول الإطار العام للبحث ويقسم الى أربعة مباحث ، المبحث الأول تشمل موضوع البحث وأهميته وأهدافه، وتعريف المفاهيم والمصطلحات العلمية ، وعرضا للدراسات السابقة المتعلقة بموضوع البحث.

أما الفصل الثاني فتناول الباحث فيه الأدبيات التنظيرية لمفهوم الايديولوجيا وتطورها عبر التأريخ في الحضارات المختلفة( اليونانية والإسلامية وعصر النهضة الأوروبية ) وكذلك عرض لإتجاهات علماء الإجتماع وتصنيف الأيديولوجية مع بيان أهم خصائصها و وظائفها.

وفي الفصل الثالث تطرق الباحث الى الأدبيات التنظيرية المتعلقة التغير الإجتماعي ونظريات التغير الإجتماعي ( نظرية التطور، ونظرية المادية التأريخية، والبراغماتية) وأخيرا، عوامل التغير الإجتماعي .

أما الفصل الرابع تناول فيه الباحث مبررات تجسيد الأيديولوجيا وتحليلا دقيقا لموضوع ( مطلقية ونهاية الأيديولوجيا) وكذلك كشف العلاقة الجدلية بين كل من الأيديلوجيا والتغير الإجتماعي، ودراسة واقع الأيديولوجيا في ظل التغيرات التي تشهدها إقليم كوردستان.

والجانب الثاني ( الميداني ) للبحث يتضمن منهجية البحث ومجتمع البحث ، وإختيار العينة و وسائل جمع المعلومات ، وأهم مجالات البحث ، ثم قام الباحث بعرض المقابلات وتحليلها، وفي النهاية البحث توصل الباحث الى مجموعة من الإستنتاجات والمقترحات والتوصيات.

# Abstract

Ideology is distinguished by occupying a prominent position in the field of cognitive and political sociology. It plays a prominent role in bringing about important structural changes at the level of different societies, and there is more than one definition by scholars to define it and deal with it from different points of view. The importance of this research lies in being an attempt to get to know the concept of ideology and its role in society in general and on the other hand its role in the changes taking place in the Kurdistan Region. The events of change are essential and important points on which the ideology focuses in general, and then the transition of society from one situation to another desirable one by linking the past with the present and reaching into the future.

The main questions the researcher tries to answer are about what ideology is, how it works to change society, the embodiment of these changes in programs, thoughts and actions, can it be a substitute for society in decisions and changes related to society, and what is the role of society in shaping ideology and its functioning and role. Going back to the history of human societies, we find certain ideologies that directly affected their development and progress, and other ideologies that led, through their extremist and dictatorial leaderships, to ignite wars that caused tragedies and disasters caused societies to fall back.

In his research, the researcher discussed ideology through its life and civilizational dimensions together, as it is a vital topic in the fields of politics, civilization, society and culture. On the other hand the study of the ideology topic acquires scientific importance in the era of rapid changes taking place in societies, the changes that the ideology aims to bring about in society, and at the same time they reflect on ideology itself, as ideology is a product of its place and time and in turn they affect the type of ideology in society and its social construction. As change is an inevitable process, the question revolves around what is ideology and its identity, and this makes this research important as it reveals the relationship between ideology and social change and an understanding of the changes that in turn affect the ideology and its role in Kurdistan society. Was it able to adapt itself to its new reality, or instead became a stumbling block in the way of the growth and progress of society and the needs of its citizens? Could these ideologies coexist with each other and accept directions that oppose them, and did it help in building modern systems suited to these changes, meet the requirements and solve the problems that entail.

This research is considered to be a qualitative research aiming at knowing nature of the relationship between ideology and social changes, using the (Descriptive, Qualitative, & dialectical approach) and discussing both theoretical and field frameworks, leading to conclusions and proposals that would serve the community.

The research community consists of Erbil, Slemani, Duhok, and Halabja, and the research sample is among the improbable ones in which purposeful examples have been chosen. Here, the researcher has chosen 18 people from the academic groups, university instructors, writers, elites, and a portion of ideological personnel of political parties in Kurdistan Region.

The most significant research conclusions contain that; the relationship between ideology and social changes is a dialectic one, in which ideology would provide social changes as a system of thoughts, while reversely the diverse social changes of all sectors of life would cause change and renovation in the structure of ideology. Economic interests and political influence would direct conflicts and rivalry among ideological and political powers in Kurdistan Region, while intellectual and ideological principles have withdrawn. The political parties in Kurdistan have lost power to respond to quests and needs of Kurdistan community, and cannot renew themselves according to the contemporary changes. That's why they have become hurdles in front of social changes.

The most significant research recommendations contain that; the researching and survey centers in Kurdistan should measure perspectives and opinions of community members (citizens) concerning the extent to which they respond to the political quests and needs in community, trying to restore trust among people and political powers in Kurdistan.

The most apparent research suggestions contain that; the Kurdistan Parliament would be able through legislative proposals to develop political and civic awareness situation of citizens in Kurdistan, guaranteeing the practicing ground of political and legal rights of people, such as political participation, election, voting, demonstration, boycotting, and free speech. The political parties in Kurdistan Region to conduct a general revision for their perspectives, views, worldview and methods of political engagement, change making, and development of Kurdistan society under the light of changes in the world and Kurdistan, as a catalyst for systematic changes in Kurdistan region, providing social development.

The research consists of (five chapters) that include the two sides (theoretical and practical). The first chapter includes the general framework of the research and is divided into four topics. The first topic includes the research topic, its importance and objectives, the definition of scientific concepts and terms, and the presentation of previous studies related to the subject of the research.

As for the second chapter, the researcher discusses the theoretical literature on the concept of ideology and its development through history in different civilizations (Greek, Islamic and European Renaissance), presenting the trends of sociologists and classifying ideology with an indication of its most important characteristics and functions.

In the third chapter, the researcher discusses the theoretical literature related to social change, theories of social change (the theory of evolution, the theory of historical materialism, and pragmatism) and finally the factors of social change.

As for the fourth chapter, the researcher deals with the justifications for ideology embodiment and a careful analysis of the topic (its absolutism and the end of ideology), revealing the dialectical relationship between ideology and social change, and studying the reality of ideology in light of the changes taking place in the Kurdistan Region.

The second (practical) aspect of the research includes the research methodology and the research community, sample selection and means of data collection, and the most important fields of research. Then, the researcher presents the interviews and their analyses, and at the end of the research the researcher gets into a set of conclusions, suggestions and recommendations.

Kurdistan Regional Government- Iraq

Ministry of Higher Education & scientific Research

University of Sulaimani

Faculty of Humanities Science

Sociology of Department

# The Relationship Between Ideology and Social Change

## An analytical sociological study In Kurdistan Region

A thesis presented to the Council of the College of Humanities Science of the University of Sulaimani in partial fulfillment of the requirements for the Masters, Degree in Sociology of Literature

By

TWANA KHASRAW ABDULLAH

Supervisor

Asst. Prof. Dr. Kazhal Husain Muhammad

2720k 2020ad 1441h